# بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی
# ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی
# (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا

# بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا

## لێکۆڵینەوەیەکی (ڕەخنەیی، پراکتیکی، بەراوردکاری) یە

سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلیدا**

**لێکۆڵینەوەیەکی (ڕەخنەیی، پراکتیکی، بەراوردکاری)یە**

- **نووسینی:** سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی
- **بابەت:** لێکۆڵینەوە
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** موراد بەهرامیان
- **چاپ:** یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٩٠٩
- **نرخ:** ٢٥٠٠
- **تیراژ:** ٥٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆک)

**زنجیرەی کتێب (٣٩٥)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## سوپاسنامە

- زۆر سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتیاری نامەکەم (د. نەجم ئەڵوەنی) دەکەم کە بە پێشنیارەکانی مامۆستایانە رێی بە ئەنجام گەیاندنی نامەکەی بۆ رۆشن کردمەوە.
- زۆر سوپاس بۆ تەواوی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی کە لە قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەردا وانەیان پێ وتووم و لەگەڵمدا ماندووبوون.



## پێشکەشە

بەو دەستانەی لە قڵشەکانیانەوە فێری جیاکردنەوەی رێگا راست و چەوتەکانی ژیان بووم...دایکم و باوکم

## ناوەرۆك


- **پێشەکی** .......... ٩
**بەشی یەکەم:** بنیاتی گێڕانەوە لە داستان و رۆماندا .......... ١٣
تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسە: .......... ١٥
أ- چەمك و پێناسەی داستان .......... ١٥
ب- چەمك و پێناسەی رۆمان .......... ٢٢
تەوەری دووەم: مێژوو و ژینگەی سەرهەڵدانی داستان و رۆمان: .......... ٣٤
أ- مێژوو و ژینگەی سەرهەڵدانی داستان و رۆمان لە جیهاندا .......... ٣٤
ب- مێژوو و ژینگەی سەرهەڵدانی داستان و رۆمان لەناو کورددا: .......... ٤٩
تەوەری سێیەم: شێوازی گێڕانەوە لە داستان و رۆماندا: ٥٥
أ- شێوازی گێڕانەوە لە رووی تیۆرییەوە: .......... ٥٥
ب- شێوازی گێڕانەوە لە رووی پراکتیکەوە: .......... ٦٩

**بەشی دووەم:** توخمەکانی گێڕانەوە لە داستان و رۆماندا: ٨١
تەوەری یەکەم: توخمی زمان لەداستان و رۆماندا: .......... ٨٣
أ- توخمی زمان لە رووی تیۆرییەوە: .......... ٨٣
ب- توخمی زمان لە رووی پراکتیکەوە: .......... ٩٧
تەوەری دووەم: توخمی کات لە داستان و رۆماندا: .......... ١٠٩
أ- توخمی کات لە رووی تیۆرییەوە: .......... ١٠٩
ب- توخمی کات لەرووی پراکتیکەوە: .......... ١٢١
تەوەری سێیەم: توخمی شوێن لە داستان و رۆماندا: .......... ١٣٣
أ- توخمی شوێن لە رووی تیۆرییەوە: .......... ١٣٣
ب- توخمی شوێن لە رووی پراکتیکەوە: .......... ١٤٢





تەوەری چوارەم: توخمی رووداو لە داستان و رۆماندا: .......... ١٥٣
أ- توخمی رووداو لە رووی تیۆرییەوە: .......... ١٥٣
ب- توخمی رووداو لە رووی پراکتیکەوە: .......... ١٦٢
تەوەری پێنجەم: توخمی کارەکتەر لە داستان و رۆماندا: .......... ١٧٣
أ- توخمی کارەکتەر لە رووی تیۆرییەوە: .......... ١٧٣
ب- توخمی کارەکتەر لە رووی پراکتیکەوە: .......... ١٨٤

**بەشی سێیەم:** هونەرەکانی گێڕانەوە لە داستان و رۆماندا .......... ١٩٣
تەوەری یەکەم: هونەری وەسف لە داستان و رۆماندا: .......... ١٩٥
أ- هونەری وەسف لە رووی تیۆرییەوە: .......... ١٩٥
ب- هونەری وەسف لە رووی پراکتیکەوە: .......... ٢٠٦
تەوەری دووەم: هونەری دایەلۆگ لە داستان و رۆماندا: .......... ٢١٩
أ- هونەری دایەلۆگ لە رووی تیۆرییەوە: .......... ٢١٩
ب- هونەری دایەلۆگ لە رووی پراکتیکەوە: .......... ٢٣٠
تەوەری سێیەم: هونەری مۆنۆلۆگ لە داستان و رۆماندا: .......... ٢٤١
أ- هونەری مۆنۆلۆگ لە رووی تیۆرییەوە: .......... ٢٤١
ب- هونەری مۆنۆلۆگ لە رووی پراکتیکەوە: .......... ٢٥٢
- **ئەنجام** .......... ٢٦٢
- **سەرچاوەکان** .......... ٢٦٥
- **کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی** .......... ٢٧٧
- **کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی** .......... ٢٧٩

# پێشەکی

مێژووی داستانی کۆن و نووسراو لەناو میللەتاندا بەتایبەت سۆمەری، هیندی، بۆ چەند هەزارساڵێك بەر لە زایین و لای گریکەکانیش بۆ چەند سەدەیەك بەر لەزایین دەگەڕێتەوە کە هەردوو مێژووەکە مێژووی دێرینن و بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو مێژووانەدا ئەوەمان لا روون دەبێتەوەکە مێژووی داستانی نووسراوی کوردی ئەوەندە کۆن و دێرین نییە.

رۆمانی کوردیش لەچاو رۆمانی جیهانی درەنگ سەری هەڵداوە، بەلام جیاوازی مەودای سەرهەڵدانی رۆمانی کوردی لەگەڵ رۆمانی جیهانی زۆر کەمترە لەو جیاوازییەی کە لە نێوان سەرهەڵدانی داستانی نووسراوی جیهانی و داستانی نووسراوی کوردیدا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی دەروازەکانی ئەورووپا لەبەردەم خەڵکی رۆژهەلات کە کوردیش بە شێکە لێیان و کاریگەربوونی ئەدەبی کوردی بەشێوەی راستەوخۆ و یان ناراستەوخۆ بە ئەدەبی ئەورووپی کە بناغەی سەرهەڵدانی رۆمانە، بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە.

درەنگ سەرهەڵدانی هەریەك لە داستانی نووسراو و رۆمان لەناو کورددا، بووەتە هۆی ئەوەی رەخنەی کوردیش لەبەرانبەر هەریەك لەو دوو ژانرەدا درەنگ سەرهەڵبدات . دەتوانین بڵێین لەبواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا بەتایبەتی رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی  رۆمان پشکی شێری بەرکەوتووە ئەگەرچی مەودای نێوان سەرهەڵدانی داستان و رۆمانی کوردی زۆرە و داستان بە چەند سەدەیەك بەر لە رۆمان سەری هەڵداوەو دەبووایە ئەو رەخنانەی لەسەر داستان نووسراون زۆر زیاتر بن لەوانەی لەسەر رۆمان نووسراون، بەلام  ئەگەر سەیری ئەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمیانە بکەین کە لەسەر رۆمان نووسراون رێژەیان زۆربووە و تارادەیەکی باش رەخنەی ئەکادیمی لەو بوارەدا پەرەی سەندووە و لێکۆڵەرەوەیەکی زۆر خەریکی لێکۆڵینەوەن لەم بوارەدا، بەلام ئەگەر سەیری رەخنەی ئەکادیمی بکەین لە بواری داستانەوە ئەوا تەواوی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە هەرێمی کوردستان و لە بەغداش لەسەر داستان نووسراون لە پەنجەکانی دەستێك تێناپەڕن.*

* لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە ژێر ناونیشانی  (ڕەگەزەکانی چیرۆك لە داستانی (مەم وزین) ی خانی دا، نامەی دکتۆرا،کۆلیژی پەروەردە (ابن الرشد) ی زانکۆی بەغدا،١٩٩٩ ز) لەلایەن (نەوزەت ئەحمەد عوسمان



تاکە کێشەیەك لەکاتی نووسینی لێکۆڵینەوەکەمدا هاتبێتە بەرم نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بووە بە داستان کە جگە لە چەند سەرچاوەیەکی فارسی، ئەوانیش رێژەیان کەمە، سەرچاوەی دیکەم دەست نەکەوتووە، بەلام بەهۆی هەندێ زانیاری کە بەشێوەیەکی پەرت و بلاو لە کون و قوژبنی سەرچاوەی دیکەی فارسی و عەرەبی بەرچاوم کەوتوون  توانیم زانیارییەکی باش لەسەر داستان و توخم و هونەرەکانی داستان کۆ بکەمەوە و وەکو پاڵپشت بۆ بۆچوونەکانی خۆم بەکاریان بێنم و سوودیان لێوەربگرم.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە گوێرەی میتۆدی (رەخنەیی پراکتیکی بەراوردکاری) ئەنجام دراوە. خەسلەتی بەرچاوی ئەم میتۆدەش ئەوەیە کە سەرەتا لە رووی تیۆرییەوە گرنگترین زاراوە و بنەما هونەرییەکانی بابەتەکە روون دەکاتەوە و پاشان ئەو لایەنانە لەسەر دەقە هەڵبژێردراوەکە پراکتیزە دەکات. دوای ئەوە لەگەڵ یەکدا بەراوردیان دەکات و گرنگترین خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی ئەو بابەتانە لە رووی تیۆری و پراکتیکییەوە دەخاتە بەرچاو.

یەکێك لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە مەودای جیاوازی و وێکچوونی هەریەك لەداستان و رۆمان بخاتە روو، و ئەو خالانە دەستنیشان بکات کە رۆمان لە داستانی وەرگرتوون و لەوانەش بدوێ کە رۆمان بەدەستکارییەوە لە ژانری داستانەوە گواستوونەتییەوە ناو خۆی، بەلام گۆڕانی بەرچاوی تێدا ئەنجامداون، لەگەڵ باسکردنی ئەو خالانەی کە تایبەتن بە هەریەك لە داستان و رۆمان کە لەیەکێکیان بەرچاو دەکەون بەلام لە ئەویتردا نین.

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە (بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا). گرنگی هەڵبژاردن و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە لەچەند خاڵێك دایە کە یەکەمیان بۆ گرنگی بنیاتی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو لایەنەکانی بنیاتی هەر

زێباری) نووسراوە. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی دیکە بەناوی (خوسرەو و شیرینی خانای قوبادی لە نێوان وەرگێڕان و داهێناندا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین،٢٠٠٥) لە لایەن (عەلی عەونی نیعمەت) نووسراوە.

دەقێك دەگرێتەوە و یارمەتی دەر دەبێ تا لێكۆڵەر بتوانێ لەسەر تەواوی لایەنـەكانی دەقێك ئیش بكات و وردەكارییەكانی بخاتە روو، و لەو سۆنگەیەوە بنیـاتی گێڕانـەوە یارمەتی دەری من بووە تا بتوانم ئەم كارە لەبەرانبەر ئەم دوو دەقە ئەنجام بدەم. خاڵی دووەم ئەوەیە كە سـەرەڕای گرنگـی و بایـەخی مێـژوویی داسـتانی (مـەم و زیـن) ی ئەحمەدی خانی، تا ئێستا یەك لێكۆڵینەوە لەسەر رەگەزەكانی چیرۆك لـەم داسـتانەدا نووسراوە كە ئەویش دكتۆرا نامەكەی (نەوزەت ئەحمـەد عوسمـان زێبـاری) یـە، بۆیـە بەلای منەوە ئەم داستانە شـایەنی ئەوەیـە لێكۆڵینـەوەی زیـاتری لەسـەر بكرێـت ، بەتایبەتی ئەگەر لە بواری بەراوردكردن لەگەڵ رۆماندا ئەنجام بدرێ، چونكە بە بـڕوای كۆمـەڵێ لە رەخنەگرانی جیهانی كە (كۆژینۆڤ) و (باختین) لە پێش هەموویانەوە دێن، رۆمان، وەچەزادەی داستانەو ئێمەش هـەمان بۆچـوونمان لـەم لێكۆڵینەوەیـەدا رەچـاو كردووە . خاڵی سێیەمیش ئەوەیە لەبارەی رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەكان) هیچ لێكۆڵینەوەیەكی ئەكادیمی ئەنجام نەدراوە و ئەمە یەكەمین لێكۆڵینـەوەی ئەكادیمییـە لەبارەی بنیـاتی گێڕانـەوە و تـەواوی بابەتـەكانی دیكـەی نـاو ئـەم رۆمانـە. خـاڵی چوارەمیشیان ئەو بەراورد(هەمبەر) كردنەیە كە چ لـە لایـەنی تیـۆری و چ لەلایـەنی پراكتیكـی لـە نێـوان داسـتان و رۆمـان ئەنجامـدراون كـە ئەمـەش لـەناو كـورددا و بەتایبەتیش لەبواری ئەكادیمیدا كارێكە پێشینی نییە، بۆیە تەواوی ئەو خاڵانە بوونـە هۆی ئەوەی ئەو ناونیشانە هەڵبژێرین.

# بەشی یەکەم

## بنیاتی گێڕانەوە لە داستان و ڕۆماندا

# تەوەری یەکەم
# چەمك و پێناسە

## أ- چەمك و پێناسەی داستان:

ئەگەر دیارکردن و پۆلینکردنی ژانرە ئەدەبییەکان بۆ ئەوە بێ تا لە یەکیان جیا بکەینەوە و تێکەڵیان نەکەین و هەریەکەیان وەکو رەگەزێکی سەربەخۆی ئەدەبی بناسین، ئەوا تێگەیشتن لە چەمك و مانای ئەم رەگەزانە یارمەتیدەری چاکمان دەبن بۆ ئەوەی قوڵتر و وردتر لێیان بڕوانین و تێگەیشتنی دروستمان لە هەمبەریان هەبێ.

ئیپۆس ((epos کە بە یۆنانی مانای وشە و چیرۆکە))[1] وەکو خوازەش مانای ئەفسانە دەدات[2] کە بووە بە بنچینەی وشەی ئیپیك (epic). وەکو ئاوەڵناویش ((مانای گێڕانەوە دەدات بەدەستەوە، واتا بەرهەمێك کەدەکرێ بگێڕدرێتەوە))[3].

بێگومان لەسەرەتادا ئەم گێڕانەوەیە سەرزارەکی بووە، واتا رووداوێك بووە و کەسێك گێڕاویەتیەوە، ئەم رووداوە سادە و ساکار نەبووە، و ئەگەر لە واتای زمانەوانی وشەکە بڕوانین دەبینین داستان بە مانای((کوشتارگە))[4] بەکارهاتووە شوێنێکیش کەبەم جۆرە بێت دیارە شەڕ و کوشتاری گەورەی تێدا رووداوە.

وشەی (لحم) یش کە چاوگی (ملحمە)یە مانای ((حوکم بە سەر دان))[5] دەگەیەنێ. فارسەکانیش بۆ داستان وشەی (حەماسە) یان بە کارهێناوە، چونکە (حماسە) بەمانای ((شوێنی سەخت و دژوار بۆ پاراستنی ئایین و دلێری لەشەڕدا))[6] بە کارهاتووە. لە شانامەی

---

(١) دکتۆر عیزەدین مصطفی رسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٢٤.

(٢) دکتر سیروس شمیسا، انواع ادبی، ویرایش چهارم، نشر میترا، تهران، ١٣٨٣، ص٤٠.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

(٤) مجدالدین یعقوب فیروزابادی، القاموس المحیط، رتبە و وثقە خلیل مأمون شیحا، دار المعرفة، الطبعة الاولی ٢٠٠٥م، ص١١٦٩.

(٥) علی بو ملحم، في الأدب وفنونە، المطبعة العصریة للطباعة والنشر، صیدا –لبنان، ١٩٧٠، ص٢٢.

(٦) دکتر ذبیح الله صفا، حماسە سرایی در ایران، انتشارات فردوس، چاپ هفتم، تهران، ١٣٧٨، ص٢٦.



فردەوسیشدا ((بەمانای داستان بەکارهێنراوە))[7].بە واتای هەر کارێك کە ((ئازایەتی و نەبەردی و دلێری))[8] تێدا هەبێ. حەماسەش لە بنچینەدا وشەیەکی عەرەبییە.

لەشیعریشدا (ملحمە) بەمانای رێکخستن دێ[9]. زۆربەی داستانەکان بە شیعر دەنووسرێن و، رێکخستنیش چ لە رووی روخسارەوە و چ لە رووی رێکخستنی رووداوەکانەوە بێ پێویستی بە کارامییەکی زۆر هەیە.

لە کوردیش دا بۆ داستان چیرۆکی شیعری و بەیت بەکاردێن، بەڵام بەکارهێنانی وشەی داستان

لەوانەی دیکە باوترە. داستان بە مانای ((بەسەرهات و سەرگوزشتە))[10] یە، بەڵام لە ناو کورداندا کارێك پێی دەگوترێ داستان کە ئازایی و چەلەنگییەکی زۆر لە لایەن رۆڵەکانی میللەت نوێنرابێت، بەو واتایەی هەموو کارێکی سادەو ئاسایی پێی ناوترێ داستان. تا ئەم دواییانەش لە باشووری کوردستان گەلێك لەو رووبەروو بوونەوانەی پێشمەرگەکانی کوردستان دژی دوژمن ئەنجامیاندەدا بە داستان و قارەمانییەتی ناوزەد دەکرا، کە مانای نەمری ئەو وشەیەیە بە تایبەتی لە ناو نەتەوە شۆرشگێڕەکاندا.

هەروەها لە کوردیدا وشەگەلی وەك ((چیرۆك، چێچەڕۆك، چڕچڕۆك، رێزك، بەسەرهات، قەواتی، سەربردە، کەڤنە شۆپ، خەبرۆشك))[11] یش بۆ داستان بە کارهێنراون. هەروەها بەیتیش کە مانای((چیرۆکی بە شیعر))[12] دەدات هەڵبەست و گۆرانییەکی درێژە، بەڵام من

---

(٧) دکتر سیروس شمیسا، انواع ادبی، ص٦٠.

(٨) حسن عمید، فرهنگ فارسی عمید، موعسسە انتشارات امیرکبیر، تهران، چاپ بیست و چهارم -١٣٨١، ص٥٧٢.

(٩) علی بو ملحم، فی الأدب وفنونە، ص٢٣.

(١٠) شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر -٢٠٠٥، ل١٧٥.

(١١) گیوی موکریانی، کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر- ١٩٩٩، ل ٤٠٣.

(١٢) عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، هنبانە بۆرینە فرهنگ کوردی فارسی، انتشارات سروش، چاپ دوم، جمهوری اسلامی ایران، ١٣٧٤، ص٨٧.

پێموایە بەیت زیاتر بۆ ئەو داستانانە بەکاردێ کە نە نووسراونەتەوە و بە شێوەیەکی زارەکی و نەوە بە نەوە بۆ یەکتریان گوتووە، بەو هۆیەی خەسڵەتی بەیت وایە دەبێ بە زار بگوترێ کە هەمان خەسڵەت لە داستانی فۆلکلۆریدا هەیە، هەرچی داستانی نووسراوە ئەوا پێویستی بە گێڕانەوەی بەیت یا داستانەکە نییە بە شێوەی گۆرانی، ئەگەرچی گێڕانەوە بە شێوەی گۆرانی لە لایەك یارمەتی حیکایەتخوان یا بەیت خوێن دەدات تا رووداوی داستانەکەی بیر نەچێتەوە، لە لایەکی دیکەوە چێژی زیاتر بە گوێگر دەبەخشێ و گوێگر سەرەڕای چێژی رووداوەکان چێژێکی دیکە وەردەگرێ کە چێژی گۆرانییە، بەڵام ئەمە لە داستانی نووسراودا پێویستییەکەی بەو شێوەیە نییە، لە لایەك شاعیر پێویستی بە بەبیر هاتنەوەی رووداوەکان نییە و رووداوەکان دەنووسێتەوە، لەلایەکی دیکەوە خوێنەر ئەو چێژەی پێشتر گوێگر لە گۆرانییەکەی وەردەگرت ئەو ئێستا لەو وشە ئارایی و جوانکارییە وەری دەگرێ کە شاعیر لەناو داستانەکەی دا ئەنجامی دەدا.

پێناسەکردنی بابەتە مرۆڤایەتییەکان و لە ناویشیاندا بابەتە ئەدەبیەکان لە وانەیە کارێکی زۆر سوك و سانا نەبێ. هەر ژانرێکی ئەدەبی خاوەنی چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندییە و بە هۆی ئەوانیشەوە لە بابەتەکانی دیکە جیا دەبێتەوە. لە بارەی تاکە ژانرێکیشەوە دەکرێ بیر و رای جیاواز هەبن و هەر نووسەرێك یا رەخنەگرێك بەو شێوەیەی کە پێی چاکە دەتوانێ پێناسەیەك بۆ بابەتەکە دیاریبکات.

داستان کۆمەڵێك پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژانرێکی سنوور دارە و بۆ نووسینی پێویستەپەیڕەوی کۆمەڵێ رێسا بکرێ، بۆیە ئەمە وای کردووە لەگەڵ زۆری رێژەی ئەو پێناسانە، کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبێت.

داستان ((چیرۆکی پاڵەوانێکە لە رێگای شیعرەوە دەگێڕدرێتەوە، لە دوو تویێ دا کرداری سەمەرەو ناوازە دەبینرێن کە خوداوەندەکان و پاڵەوانە میللیەکان و پیاوانی ئایینی لە شارستانییەتی کۆن ئەنجامی دەدەن، ئامانجیشی بەرز راگرتنی پاڵەوانەکان و سەرکەوتنە لە رادەبەدەرەکانیانە))[13].ئەم پێناسەیە ئەوە دەگەیەنێ کە داستان باسی بەسەرهاتی چەند پاڵەوانێك بەشیعر دەگێڕێتەوە. پاڵەوانەکانیش هەندێکیان خواوەند و هەندێکی دیکەیان پاڵەوانی میللی و

(١٣) الدكتور محمد حسن عبدا لله، فنون الأدب (أصول، نصوص، قراءات)، الطبعة الثانية، دار الكتب الثقافية، الكويت، ١٩٧٨م، ص١٧.



پیاوی ئایینی شارستانییە کۆنەکانن. کردارەکانیشیان سەیر و سەرسوڕهێنەر و توانابەدەرن. گێڕانەوەی ئەو بەرهەمانە بۆ ئەوەیە کە نەوەکانی دوای خۆیان ئاگاداری توانا و دەسەڵاتی ئەوان بن. لێرەدا داستان هەمان ئەو رۆڵە دەگێڕێ کە مێژوو دەیگێڕێ، ئەگەرچی داستان نابێ بە مێژوو، و ((داستان چیرۆکێکی شیعرییە وخەیاڵ رۆڵێکی گرنگی تێدا دەگێڕێ))[14]، سەرەڕای ئەوەی ئەو رەهەندانەی مێژوونووسێك لەگێڕانەوەی رووداوێکی راستەقینە پەیڕەویان دەکات، جیاوازە لەو رەهەندانەی کە شاعیرێك لەگێڕانەوەی رووداوێکی راستەقینەی ئاوێتە بەخەیاڵ، دەبێ پەیڕەوی بکات. خەیاڵیش بناغەی دەقی ئەدەبی پێکدەهێنێت و بەبێ ئەو هیچ شاعیرێك ناتوانێت داستانێکی شیعری کاریگەر و پڕ چێژ پێشکەش بکات.

((داستان یادگاری رووداوێك یا کۆمەڵە رووداوێکی واقیعە (بەڵام بەر لە مێژوو) سینەبەسینە و لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر گواستراوەتەوە))[15] . ئەگەر دوای پەیدابوونی نووسین مێژوو، و داستان بە تەواوی لە یەکتر جیاببنەوە ئەوا لە پێش مێژوو داستان ((وای لێهاتبوو جێگای مێژوو بگرێتەوە))[16]، چونکە داستان بریتییە لە((شیعری میللەتانی ساوا))[17] وەك ئەوەی (لامارتین) (Lamatine) پێناسەی دەکات و هەموو رووداوە گرنگ و مەزنەکانی ئەو میللەتە سەرەتاییانە لە داستاندا بەدی دەکرێن.(کارل مارکس) یش پێیوایە: ((ئەدەبی داستانی لە شێوە کلاسیکییەکەیدا سەردەمێکی تەواوی مێژووی جیهانە))[18]. ئەو کاتانەی نووسین لەناودا نەبووە داستان سەرەڕای ئەرکە ئەدەبییەکەی ئەرکێکی دیکەی لەسەر بووە کە ئەرکی گێڕانەوەی مێژوو بووە.

(١٤) الدكتور محمد غنيمى هلال، النقد الأدبي الحديث، نهضة مصر للطباعة، طبع بمطابع شركة سادس من أكتوبر، مصر، ابريل ١٩٩٦، ص٩١.

(١٥) عربعلى رضايى، واژگان توصيفى ادبيات، چاپ اول، فرهنگ معاصر، تهران، ١٣٨٣، ص٩٥.

(١٦) الدكتور محمد مندور، الأدب وفنونه، دار نهضة مصر للطبع والنشر، مطبعة نهضة مصر، القاهرة، ١٩٧٤، ص٤٢.

(١٧) الدكتور انطونيوس بطرس، الأدب (تعريفة، أنواعه، مذاهبه)، المؤسسة الحديثة للكتاب، دارالتراث للتجليد والتجارة، طرابلس -لبنان، ٢٠٠٥، ص٥٢.

(١٨) عدد من الباحثين السوفييت، نظرية الأدب، ترجمة الدكتور جميل نصيف التكريتي، دار الرشيد للنشر- المركز العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الجمهورية العراقية، ١٩٨٠، ص١٤١.

((داستان زاراوەیەکە بۆ جۆرە داهێنانێکی هونەری بەکاردێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بابەتەکەی لە پاڵنەرێکی بابەتی وەردەگرێت و واقیعی ژیان لە ڕێگای ویژدان و ناخی هونەرمەند ڕەنگ دەداتەوە))[19]، ئەم پێناسەیە لە دوو لایەنەوە لە داستان دەدوێ: لایەنێکیان وەرگرتنی بابەتی داستانە لە هەڵکەوتی ژیان، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ ئەو بابەت و ڕووداوانەی لە داستاندا باسیان دەکرێ، کۆمەڵە ڕووداوێکن لە واقیعی ژیاندا هەن و لەوانەیە خەڵکانێك هەبووبن ئەو ڕووداوانەیان بەسەردا هاتبێت ، بەڵام لە داستاندا ((ڕاستییەکان لەگەڵ ئەفسانەکان تێکەڵ دەکرێن و باوەڕە ئایینی و ڕوحیەکانی تێ دەئاخنرێن))[20]، بەو واتایەی شاعیر ڕووداوگەلی ڕاستەقینەی ژیانی لەبەر چاو بوونە، بەڵام تا شێوەیەك لە نەمری و زیندوویەتی بە دەقەکان ببەخشێ هاتووە لەگەڵ خەیاڵ و ئەفسانەدا تێکەڵی کردوون و، خەیاڵەکەش لەهزری ئەودا سەرچاوەی گرتووە و هی ئەو بووە، بۆیە دەبێ ئەوە بڵێین کەئەرکی شاعیر لەداستاندا تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوێك نییە کە ڕوویداوە، بەڵکو شاعیر لە چۆنیەتی گێڕانەوەی داستان و دواتریش لە خودی داستانەکەدا داهێنانێکی گەورە ئەنجام دەدا، ئەمەش لایەنی دووەمی گرنگی ئەم پێناسەیەیە.

داستان ((چیرۆکێکی شیعری، میللی، پاڵەوانییە.ڕووداوی لەتوانابەدەر دەگێڕێتەوە کە کەسانی ئاسایی ناتوانن ئەنجامی بدەن، گرنگترین شتیش لەو جۆرە شیعرەدا توخمی خەیاڵە کە درێژ دادڕی دەکا لە داهێنانی وێنەی جۆراو جۆر و، گەورەتر پیشاندانی جەنگەکان، و ئەوەی نامۆ و سەر سوڕهێنەر بێ، ڕووداوە لە ڕادە بەدەرەکەش ڕووداوێکی ڕۆژانەیە کە خەڵکی پێی ئاشنان))[21]، ئەم پێناسەیە سەرەڕای ئەوەی هەبوونی خەیاڵ لە داستاندا دووپات دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك کە شاعیر دەیەوێ ڕووداو و پاڵەوانەکان وێنا بکات. ئەوەش ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو ڕووداوانەی لە ناو داستاندا باسیان دەکرێ ڕووداوی ئاسایی نین و خەڵکانی ئاسایی ناتوانن ئەو کارانە ئەنجام بدەن، ئەگەرچی خەڵکی بەو ڕووداوو، و کارانە ئاشنان و لایان نامۆ نین، ئەوەی بەم کارەش هەڵدەستێ پاڵەوانێکی مەزنە و بە ئەنجامدانی کارەکەشی

(١٩) نوری یاسین هرزاني، مقدمة في الفلكلور الكردي دراسة انثروبولوجية اجتماعية، مطبعة شهيد ازاد هورامی، کرکوك، ٢٠٠٦، ص٢١.

(٢٠) الدكتور محمد مندور، الأدب وفنونه، ص٤٤.

(٢١) الدكتور انطونيوس بطرس، الأدب (تعريفه، أنواعه، مذاهبه)، ص٥١.



ناوی لە نێو مێژووی میللەتەکەیدا بە نەمری دەمێنێتەوە، و بە هۆی خەیاڵیشەوە شاعیر هەوڵی پتر زەقکردنەوەو گەورەترکردنی ڕووداوەکان دەدات، تا گوێگران و خوێنەران زیاتر لەگەڵی تێکەڵ بن و کاریگەری زیاتری بەسەر یانەوە هەبێ، بەڵام دەبێ شاعیر ئاگاداری ئەوە بێ کە هەموو درێژ دادڕیەك یا لە توانا بەدەرکردنی کارێك، مانای بەرزترکردن و سەرکەوتنی هەر بەرهەمێك ناگەیەنێ، بەڵکو هەر کارێکی لەتوانا بەدەر پێویستی بە بەهانەیەك هەیە بۆ ئەوەی گوێگر یا خوێنەر باوەڕی پێ بکات و لای ناوازە نەکەوێتەوە ((ئەو ڕووداو، و کەسانە باوەڕی ئێمە بە گرنگی داهێنانی مرۆیی و ڕێز و بەخشندەیی مرۆڤ پتردەکەن لە ڕێی باسکردنی ئەو کارەساتە گەورانەی لە ژیان و سروشتدا ڕووبەرووی مرۆڤ دەبنەوە))[22]. کە مرۆڤ هیچ کاتێك دەستە وەستان نەبووە بەرامبەر بە ژیان و سروشت و هەموو ئەوکارەساتە گەورانەی لە ژیان و سروشتدا بەسەری هاتوون.

لە ڕووی تەکنیکیشەوە پێناسە بۆ داستان کراون ((داستان چیرۆکە شیعرێکی تەواوە بە ڕووداو، و پاڵەوان و بە شەکانی و شێوازەکەیەوە، کە تێیدا بە شێوەیەکی گشتی بەیەك بەستنەوە لە نێوان هەواڵ و دایەلۆگ و وەسف و تەواوی هونەرە چیرۆکییەکانی دیکە و تەکنیکەکانی ئەنجام دەدات))[23].کە مانای کاملی و بێ کەم و کوڕی داستان دەگەیەنێ، بەرهەمی ئەدەبی کاتێ بێ کەم و کوڕی دەبێ ئەگەر هەردوو لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆك بە شێوەیەکی دروست و وەستایانە مامەڵەیان لەگەڵ دا کرابێ. پێشتر لە بارەی ناوەرۆکی داستان هەندێ پێناسەمان خستە بەر چاو، لە بارەی تەکنیکیشەوە هەردوو تەکنیکی دایەلۆگ و وەسف زۆر بە ڕوونی و بەرچاوی لە ناو داستاندا دەبینرێن کە شاعیر لەکاتی دایەلۆگدا واز لە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی لە گێڕانەوە دێنێ و، لێ دەگەڕێ کەسایەتیەکانی ناو داستان بەیەکەوە بئاخڤن و لەو ڕێیەشەوە ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیە، بەڵام وادەکات پاڵەوانەکان خۆیان بە خوێنەر بناسێنن.

لە داستان دا وەسفیش زۆرە، (د. زەبیحوڵڵاهی سەفا) وەسف بەبناغەی دروست بوونی داستان دادەنێت و دەڵێت: ((داستان جۆرێکە لە شیعری وەسفی کە لەسەر وەسفکردنی کرداری

(٢٢) مايكل كرانت، الملحمة الرومانسية، ترجمة سعيد احمد حسن، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد (٤)، السنة الخامسة ١٩٨٥، ص١٠٣.

(٢٣) الدكتور ميشال عاصي، الفن والأدب، مؤسسة نوفل، الطبعة الثالثة، بيروت- لبنان، ١٩٨٠، ص١٧٠.

پاڵەوانان و پیاوەتی و شانازی کردن و گەورەییەکانی میللەت یا تاکێك بنیات نراوە، بە شێوەیەك تەواوی دیاردە جیاوازەکانی ژیانی ئەمانە لەخۆ بگرێ))[24]، ئەم دوو تەکنیکەش دەبنەهۆی درێژکردنەوەی داستانەکە و ئاشناکردنی پتری خوێنەر بە توخمە پێکهێنەرەکانی داستان.

(دکتۆر مارف خەزنەدار) پێناسەیەکی گشتی و هەمەلایەن بۆ داستانی نووسراوی رۆژهەڵاتی دەکات و دەڵێ: ((داستان چیرۆکی شیعری بە قەوارە درێژە، زمانی سفت و پتەو (کلاسیکیە) یە، زیاتر پەیوەندی بە خوێندەوار و رۆشەنبیرەوە هەیە، لە رووی کێشەوە عەرووزی سیلابی یە، لە رووی قافیەشەوە جووت قافیە (موزدەوەج)ە))[25]، داستان کۆمەڵێ رووداوی مەزن و پاڵەوانان لە خۆ دەگرێ و وەسف و خەیاڵیشی تێدایە کە یارمەتی درێژبوونەوەی رووداوەکان و داستانەکە بە گشتی دەدەن و دەبنە هۆکار بۆ درێژبوونەوەی داستان. جا بۆ ئەوەی خوێنەری داستان دوچاری بێزاری نەبێ داستانەکان دابەشی سەر چەند بەشێك دەکرێن کەهەر بەشەی ناونیشانێکی هەیە و باس لە رووداوێك دەکات و بە شێوازێکی جوان هەموو بەشەکان بە یەکەوە بەستراونەتەوە تا خوێنەر هەست بە پچڕانی زنجیرەی رووە و پێشچوونی رووداوەکان نەکات.

ئەو زمانەی کە بۆ نووسینی داستانی نووسراو بەکاردێت زمانێکی کلاسیکییە. عەرەبی و فارسی و تورکی لەگەڵ کوردییەکەدا تێکەڵ کراون و زمانێکە چینی خوێندەوار و رۆشنبیر لێی تێ دەگەن.

لەسەرکێشی شیعری داستان کێشە هەیە و (دکتۆر مارف) وای دەبینێ کە کێشی داستان عەرووزی سیلابییە، بەڵام (عەلی فەتاح دزەیی) پێی وایە کێشی داستان ((هیچ پەیوەندیەکی بە کێشی (عەرووزی) یەوە نییە و هەتا لە کێشەکانی بەستە و گۆرانی فۆلکلۆریش جودان))[26]. بەڵام ئەوەی (مەم و زین) ی (خانی) بخوێنێتەوە و وەکو بەڵگەیەك بۆ پشت

(٢٤) حماسه سرایی در ایران، ص٢٥.

(٢٥) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر - ٢٠٠٢، ل١٦٩.

(٢٦) مەم و زین (لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن)، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل٢١.



راستکردنەوەی یەکێك لەو دوو رایانە پشتی پێ ببەستێ، دەزانێ کە کێشەکە کێشی عەرووزی عەرەبییە و لەسەر شێوەی جووت قافیە هۆنراوەتەوە.

**ب- چەمك و پێناسەی رۆمان:**

ناو و چەمکی زاراوە ئەدەبییەکان پێویستییان بە سەردەمێك و ماوەیەك هەیە تا جێی خۆیان دەگرن و بە تەواوی دەچەسپێن، ئەگەرچی چەسپانی ناوەکە مەرج نییە چەسپینێکی رەها بێ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێ کەس هەر ئەو ناوە بەکاردێنن کە خۆیان باوەڕیان پێی هەیە، بەڵام مەبەستمان لە چەسپان ئەوەیە کاتێك کە زاراوە یا چەمکەکە زۆر باو دەبێ و زۆرینەی خەڵکی بەکاری دێنن ((رۆمانیش بە هەمان ئەو تاقیکردنەوەیەدا تێپەڕیوە کە زۆرێك لە زاراوەی تایبەت بە رەگەزە ئەدەبییەکان دوچاری دەبن، رۆمان بەر لەو دیاردەیەوە پەیدابوو کە ئێستا بە هێزەوە پێیەوە نووساوە))[27]، واتە دەتوانین بڵێین وشەی رۆمان بۆ زیاتر لە رەگەزێکی ئەدەبی بەکارهاتووە و ((لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وشەی (Roman)هاو واتای وشەی چیرۆك بووە لەزمانی میللی رۆمانی))[28]. بناغەی وشەکەش لە وشەی ((ROMANCE) هاتووەکە مانای بەرهەمی چیرۆك ئامێز))[29] چیرۆکی شاسواری دەگەیەنێ. کەچی ئاشکرایە وشەی رۆمانس بۆ قۆناغێك لە قۆناغەکانی ئەدەبیات بەکار دەهات کە دەکەوێتە پێش سەردەمی سەرهەڵدانی رۆمان یا روونتر بیڵێین دەکەوێتە سەردەمی بەر لەسەرهەڵدانی بۆرژوازیەت و بیری تاکگەرایی. دواتر وشەی رۆمان بۆ بەرهەم گەلێك بەکارهات کە بەتەواوی دژی رۆمانس بوو کە بە هاو واتای ((ئەدەبی رۆمانتیکی دادەنرا))٤قق[30]. ئەوەشە وای لە (دیدرۆ) کردووە لەساڵی (١٧٦١) دا بڵێ: ((دەمەوێ

(٢٧) ف.ف. كوزينوف، الرواية ملحمة عصر الحديث، ترجمة جميل نصيف التكريتي، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة.افاق عربية، بغداد- ١٩٨٦، ص٣٧.

(٢٨) L.M ،Abbèci.vincent، نظرية الانواع الادبية، ترجمة الدكتور حسن عون، منشأة المعارف، مطبعة مصنع اسكندرية، الاسكندرية-١٩٧٨، ص٤١١.

(٢٩) ف.ف. كوزينوف، الرواية ملحمة عصر الحديث، ص٣٧.

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

ناوێکی نوێ بۆ بەرهەمەکانی ریچاردسۆن بدۆزینەوە))[٣١]. بەلای ئەوەوە بەرهەمەکانی (ریچاردسۆن) نوێنەرایەتی کاری چاکیان دەکرد و دوور بوون لە رووداوی ئەفسانەیی و لە رادەبەدەر.

بۆ ژانری رۆمان ((ئەڵمانەکان Roman، و فەرەنسییەکان Roman، و ئیتالییەکانیش Romanzo بەکاردێنن))[٣٢] ئینگلیزەکانیش وشەی نۆڤل بۆ رۆمان بەکار دێنن ((ئەم وشەیەش بەزمانی ئینگلیزی مانای شتێکی نوێ دەدات))[٣٣]، بناغەکەشی لە ((سەرەتادا لە وشەی (Novella) ی ئیتالییەوە وەرگیراوە))[٣٤]، بۆ کاشیو لە ((ناونیشانی دووەمی چیرۆکەکەیدا))[٣٥] بەکاری هێناوە، بەڵام ئەم وشەیە((لەزمانی ئینگلیزی جێگیرنەبووە تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم)) [٣٦]، لەو سەردەمەشدا، بۆیە بەتەواوی چەسپا، ئەدەبیاتێك پەیدابوو بەتەواوی لەگەڵ مانای ئەم وشەیە دەگونجا، ئەویش رۆمان بوو بەو شێواز و فۆرمەی ئێستا ئێمە دەیبینین.

((ئینگلیز و ئەمریکاییەکان وشەی (Fiction) یش بۆ رۆمان بە کاردێنن))[٣٧] کە بە مانای وەهم دێ، هەمان زاراوە ((بە واتای ئەدەبی وەهمی لە سەدەی هەژدەیەمەوە تا

(٣١) ر. م.البيريس، تاريخ الرواية الحديثة، ترجمة جورج سالم، منشورات بحر المتوسط و منشورات عويدات، بيروت-باريس، الطبعة الثانية-١٩٨٢، ص٢٨.

(٣٢) اسكل بلوك-هيرمان سالنجر، الرؤية الإبداعية، ترجمة اسعد حليم، مكتبة نهضة مصر، دار نهضة مصر للطبع والنشر، مصر، ١٩٦٦، ص١١٥.

(٣٣) ايان وات، ظهور الرواية الانكليزية، ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز، منشورات دار الجاحظ للنشر، الجمهورية العراقية، بغداد-١٩٨٠، ص١٣.

(٣٤) سیامەند هادی، مێژووی سەرهەڵدانی رۆمان، چاپی یەکەم، بێ دەزگای چاپ، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٦٩.

(٣٥) ئەدوارد بلشن — دایانداو بتفاید، رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی سامی محمد، ئەژی گۆران لە عەرەبییەوە کردویەتی بە کوردی، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٢، ل٩.

(٣٦) ايان وات، ظهور الرواية الانكليزية، ص٧.

(٣٧) رولان برنوف — ريال اوئيلية، عالم الرواية، ترجمة نهاد التكرلي، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة، طبع في الدار الشؤون الثقافية العامة، العراق- بغداد، ١٩٩١، ص٥.



نیوەڕاستی سەدەی پاشتر لە ئەوروپادا بەکاردەهێنرا))[٣٨]. وەك ئاشکراشە رۆمان وەك ژانرێکی ئەدەبی نوێ پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ خەیاڵدا هەیە و کەم رۆمان هەن خەیاڵیان تێدا نەبێ ئەگەر بێت و بەتەواوی رۆمانی واقیعیش بن.

لە زمانی فارسیشدا هەردوو وشەی داستان کە بە مانای ((ئەفسانە، بەسەرهات، چیرۆك، حیکایەت))[٣٩] دێ و وشەی رۆمان کە بەمانای ((داستان، ئەفسانە، داستانی خەیاڵی کە بە پەخشان دەنووسرێ))[٤٠] دێ، بەکاردەهێنرێن بەڵام وشە باوەکەیان داستانە.

لە عەرەبیشدا وشەکە لە (روى) وەرگیراوە کە بە مانای ((گێڕانەوەی رووداوێك دێ))[٤١]. عەرەبەکان پێیان وایە کە ئەم جۆرەی ئەدەب ((لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا زۆر لە مێژە هەیە، لە ژێر هەندێ شێوەی گێڕانەوە بەڵام بەبێ ناو))[٤٢]، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە عەرەبەکان داهێنەری رۆمان بن. ئەگەرچی رەنگە هەندێك بەرهەم لە ئەدەبی عەرەبیدا هەبن کە بە کاڵی هونەری رۆمانی ئەوروپیان تێدا بەدی بکرێ.

نووسەران و ئەدیبانی عەرەب تا سەرەتای ساڵی سی سەدەی بیستەم وشەی (الرواية) یان بۆ رەگەزی شانۆ بەکارهێناوە و لە هەندێ وڵاتدا بۆ نموونە لە جەزائیر تا دەستپێکردنی شۆڕشی رزگاری لەساڵی چل و پێنجی هەمان سەدەدا بە هەموو شانۆیەکیان دەگوت (الرواية)[٤٣](٥). واتا لای ئەوان تا ئەو کاتە وشەکە بەمانای گێڕانەوە و بەسەرهات بەکارهاتبوو نەك بەو مانا هونەرییەی کە رۆمانی پێ دەناسرێتەوە وەك ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ.

لە ئەدەبی کوردیشدا، وشەی رۆمان بۆ ئەو ژانرە نوێیە بەکاردێت کە راستەوخۆ لە ئەدەبیاتی ئەوروپییەوە وەرگیراوە. زاراوەکە زیاتر لە رۆمانی (Roman) ی ئەڵمانییەوە نزیکە

(٣٨) عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی پەروەردە-ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا، ، ١٩٩٦، ل١١.

(٣٩) حسن عمید، فرهنگ عمید، ص٦٢٧.

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٧.

(٤١) لويس معلوف، المنجد، كتابخانه ملى ايران، چاپخانه منفرد، ١٣٧٩، ص٢٨٩.

(٤٢) الدكتورعبدالملك مرتاض، الرواية جنسا ادبيا، مجلة الاقلام، العددان ١١-١٢، تشرين ٢-كانون ١، ١٩٨٦، ص١٢٦.

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

بەتایبەتی لە رووی گوتن و دەنگەوە[٤٤]. هەرچۆنێك بێت ئەم زاراوەیە لەئەدەبی کوردیدا جێی خۆی گرتووە و هیچ کێشەیەکمان لەسەر ناوەکە نییە.

لە دەسپێکی پێناسەکردنی داستاندا گوتمان، داستان بەرهەمێکە بەر لەوەی دەست بە نووسینی بکەی، پێویستە پەیڕەوی کۆمەڵێ ڕێسا بکەی کە زووتر بۆی دانراوە ، ئەمە وای کردووە پێناسەی زۆر هەڵنەگرێ، یا ئەگەر پێناسەی زۆریشی بۆ کرابن — وەك ئەوەی خستمانە بەر چاو — ئەوا پێناسەکان زۆر لە یەك تر دوور ناکەونەوە.بەڵام لە رۆماندا بابەتەکە بەتەواوی جیاوازە، نە هیچ کۆت و بەندێك هەیە و نە بەر لە نووسینی رۆمان لە سەر رۆماننووس دەسەپێنرێ دەبێ وا بکات یا وا بنووسێت. دەتوانین بڵێین لە نووسینی رۆماندا جۆرە ئازادییەکی فراوان هەیە، ئەم ئازادییە وای کردووە، هەر نووسەرێك لە رووی ناوەرۆك و روخسارەوە لە نووسەرانی دیکە جیاواز بێت، ئەم جیاوازبوونەش بۆتە هۆی ئەوەی بگوترێ ((رۆمان ئەوڕۆکە هێندە زۆر بووە کە پیاو ناتوانێ شێوازە جۆراو جۆرەکانی دیاربکا و هەروا سوك و هاسان لێکیان جیا بکاتەوە))[٤٥]. پێناسەی رۆمان لەو جیاوازی و شێوازە جۆراو جۆرانەوە هەڵدەهێنجرێ، وەنەبێ جۆر و ژمارەی رۆمانیش لە وەستاندا بن، بەڵکو هەر لە زیاد بووندان و بە شێواز و تەکنیکی جیاواز دەخرێنە روو. (میخایل باختین) دەڵێ: ((رۆمان تاکە ژانرێکی ئەدەبییە کە تا ئێستا کامڵ نەبووە))[٤٦] کامڵ نەبوونیشی بەو مانایە نا کە تا ئێستا رۆمانێکی بێ کەم و کوڕی نە نووسرابێ، بەڵکو بەوە مانایەی رۆمان ((شێوازێکی ئەدەبی هەمیشە گۆڕاو، و ئاڵ و گۆڕ کراوە، بە شێوەیەك دڵە راوکێیەتی بە هیچ بارێك جێگیر نابێ))[٤٧].سەرچاوەی ئەو دڵەراوکێیەی لە گومان کردنەوە دێت. رۆمان زادەی سەردەمێکە کە فەلسەفەی تاکگەرایی و گومان تێیدا باڵادەست بوو بە پێی ئەم فەلسەفەیەش هیچ شتێکی ئەم دونیایە بەدەر نییە لەوەی کە ئێمە گومانمان لێی نەبێ.(رێنییە دیکارت) دەڵێ: هەموو

(٤٤) عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، ل١٠.

(٤٥) ئیڤور ئیڤانس، رۆمانی ئینگلیزی لەسەرەتاوە تازەمانی دانیال دیڤۆ، وەرگێڕانی محمود رەمەزانی، گۆڤاری سەردەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە (٢)، ساڵی یەکەم، نیسانی ١٩٩٩، ل٨٩.

(٤٦) الدکتور جهاد عطا نعیسة، في مشکلات السرد الروائی قراءة خلافیة في عدد من النصوص والتجارب الروائیة العربیة و العربیة السوریة المعاصرة، منشورات اتحاد الکتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢، www.awu-dam.org

(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، www.awu-dam.org



ئەو بۆچوونانەی من پێشتر بەرانبەر بەژیان هەمبوون دەکرێ هەموویان رەتبکەمەوە ئەگەر لە هەر یەکێکیاندا هۆیەکی گومانلێکردن بدۆزمەوە.[٤٨] هەر دیاردەیەك یا هەر رووداوێك یا هەر شتێکی دەوروبەرمان کە دەیبینین یا هەست پێ دەکەین، ناکرێ نە بەتەواوی رەتی بکەینەوە و نە بە رەهاییش باوەڕمان پێی هەبێ، ئەگەر بەم شێوەیە کارمان کرد ئەوا لەسەر هەر شتێك پرسیارمان بۆ دروست دەبێ و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە یا کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە کە لەو جیادەبنەوە دەگەڕێین و دەگەین بە مەعریفە و وەڵامێکی باش لەبارەی هەر شتێك یا هەر رووداوێك کە دەکرێ ببێتە بابەتی رۆمان. رۆمانیش هەروەك(ه. ج. وێڵز) دەڵێ: ((ئەتوانی هەموو ئەو شتانەی تێ بخەی کە لات پەسندە))[٤٩].لێرەوە دەکرێ پرسیار بخەینە سەر هەموو ئەو شتانەی کە دەمانەوێ لێیان تێبگەین یا شتیان لە بارەوە بزانین.

(ئابل شورالی) بەم جۆرە پێناسەی رۆمان دەکات: ((رۆمان داستانێکە بە پەخشان دەنووسرێ و قەبارەیەکی دیاریکراوی هەیە))[٥٠].ئەو زمانەی کە لەنێو رۆمان بەکار دێت زمانی شیعر نییە و زمانی پەخشانە، بەڵام دەکرێ لە ناو رۆماندا شیعر ببینینەوە وەك ئەوەی دەکرێ زۆرێك لە توخمە ئەدەبییەکانی دیکە دابمەزرێنرێن. هەرچی لە بارەی قەوارەی دیاریکراوی رۆمانە ئەوا واقیعی رۆمان پێچەوانەی ئەوەمان پێدەڵێ((بەزۆری رۆمان قەوارە ئەندازەیەکی دیاریکراوی نییە))[٥١]، ئەمە ئازادی نووسینی رۆمان پتر دەکات، بەڵام (ئارنۆلد کیتل) لە پێناسەکەی خۆی بۆ رۆمان پێداگیری لەسەر هەمان رای (ئابل شورالی) دەکات و دەڵێ: ((رۆمان چیرۆکێکی پەخشانی واقیعییە، لە خۆیدا کامڵە و درێژییەکی دیاریکراوی هەیە))[٥٢]، بەڵام هیچ کامیان ئەوەمان پێ ناڵێن ئاخۆ سنووری ئەو قەبارە دیاریکراوە چەندە.

(٤٨) چەند وردبوونەوەیەك لەبارەی میتافیزیکا، وەرگێڕانی د.حەمید عەزیز، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی-٢٠٠٥، ل٢٦.

(٤٩) ئەدوارد بلْشن — دایانداو بتفاید، رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، ل٩.

(٥٠) ادوارد مورگان فورستر، جنبەهای رمان، ترجمە ابراهیم یونسی، چاپ پنجم، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٤، ص١٣.

(٥١) جمال میر صادقی، ادبیاتی داستانی، انتشارات علمی، چاپ چهارم، چاپخانە بهمن، تهران، ١٣٨٣، ص٤١٣.

(٥٢) الدکتور جهاد عطا نعیسة، في مشکلات السرد الروائی، www.awu-dam.org

ئەوەی ئێستا ئێمە لە قەوارەی ڕۆمان دا دەیبینین، قەوارەی جیاوازمان هەن کە ژمارەی لاپەڕەکانیان زۆر لە یەکتری دوورە.لە ڕووی فۆرمیشەوە (میشال بوتور) ڕۆمان بە ((جۆرێکی تایبەت لە جۆرەکانی چیرۆك دادەنێ))[٥٣]، پەیوەندی ڕۆمانیش لەگەڵ چیرۆك سەرەڕای ئەوەی تۆخمە پێکهێنەرەکانیان زۆر لە یەکەوە نزیکن، خەسڵەتێکی هاوبەشیشیان لە نێواندا هەیە کە زیاتر لە یەکیان نزیك دەکاتەوە ئەویش گێڕانەوەیە.ڕۆمان ((ڕەگەزێکی گێڕانەوەیی پەخشان ئامێزە))[٥٤] و چیرۆکیش هەر لە ڕێگای گێڕانەوەوە ئەنجام دەدرێ، بۆیە ڕۆمان و تەواوی ئەو بەرهەمانەی چیرۆك ئامێزن و بە هۆی گێڕانەوەوە دەخرێنە ڕوو، زۆر لە یەکەوە نزیکن.

(ئێدوین مۆیەر) دەڵێ: ((ڕۆمان شێوەیەکە لە شێوەکانی هونەر، وەکو شانۆگەری و داستان ئەگەر نا هیچ شتێك نییە))[٥٥] لەم پێناسەیەدا تەنیا شتێك کە بە قازانجی ڕۆمان بکەوێتەوە ئەوەیە ڕۆمان وەکو شێوە و ڕەگەزێکی ئەدەبی دیاریکراو دەناسێنرێ و تەبا لە گەڵ ڕەگەزە ئەدەبییەکانی دیکە هەژمار دەکرێ. ئەمەش وا لە ڕۆمان دەکات ببێتە خاوەنی خەسڵەت گەلێکی تایبەت بە خۆی و لە بەرهەمی دیکە جیاواز بێ.

(کلۆد دۆرا) ڕۆمان بە ((حیکایەتێکی ئاشنا، حیکایەتی سوودمەند و، حیکایەتی ساتی ئێستا دەناسێنێ))[٥٦][٦]. ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە ڕۆمان لێیان دەدوێ، بابەتێك نین خەڵکی پێیان ئاشنا نەبن و لایان نامۆ بن. ڕۆمان باس لەکۆمەڵێك ڕووداو دەکات کە لەوانەیە لەناو کۆمەڵگەدا ڕوویاندابێ یا ڕووبدەن و هەموومان تاکی ئەو کۆمەڵگایەین کە ڕۆمانی لێ دەنووسرێ، بۆیە دەکرێ ئەو بابەت و ڕووداوانەی لە ڕۆمان باسیان دەکرێ، بابەت و ڕووداوێك بن بەسەر خودی خۆمان یا نزیکەکانمان هاتبن، بۆیە هەمیشە بابەتی ڕۆمان لای خوێنەرانی ڕوونن و پێی ئاشنان. خستنە ڕووی ئەو بابەتانە پێویستی بە ئامانجێك هەیە و ناکرێ تەنیا ڕیزکردنی ڕووداو بە ڕۆمان دابنرێ.

(٥٣) بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة فريد انطونيوس، منشورات عويدات، الطبعة الاولى، المطبعة التجارية، بيروت- لبنان، ١٩٧١، ص٥.

(٥٤) الدكتورعبدالملك مرتاض، الرواية جنسا ادبيا، ص١٢٦.

(٥٥) ر. م. البيريس، تاريخ الرواية الحديثة ، ص٢٥٤.

(٥٦) رولان برنوف — ريال اوئيلية، عالم الرواية، ص٢٠.



پێویستە ڕۆمان سوودێك بگەیەنێ و سوودەکەی بۆ سەردەمی ئێستا بێت، واتە ئەگەر ڕووداوەکە باس لە هەر سەردەمێك بکات یا لە هەر سەردەمێك بدوێ گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ڕووداو و بابەت و ڕۆمانەکە بە گشتی بخرێنە خزمەتی تاك و تاکی ئێستا سوودی لێ ببینێ. کەواتە ڕووداو و کات لە ڕۆماندا زۆر گرنگن و تەبان لە گەڵ یەکدا.

(ئەدوارد مۆرگان فۆرستر) دەڵێ: ((من ڕۆمانم بەگوێزانەوەی بەشێك لە چەند ڕووداوێك پێناسە کردووە کە بە پێی بە دوای یەك دا هاتنە کاتییەکان ڕێك دەخرێن))[٥٧]، بەڵام ئەم بەدوای یەکداهاتن و ڕێکخستنە بە پێی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەبێ، بەوهۆیەی لە ڕۆماندا ئەمڕۆ تێکشکانی کاتی باوەو ئەم تێکشکان و پچڕاندنەش لەرێی تێکشکاندنی کاتی بە هۆی چەند تەکنیکێکەوە ئەنجام دەدرێ، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم پێناسەیە بۆ ڕۆمانە بەراییەکانی سەدەی هەژدەهەم ڕاستە. کە بەشێوەی حیکایەت ڕووداوەکان بە دوای یەك دا دەهاتن.

لە ڕووی پەیوەندی بوون یا نەبوونی ڕۆمانیش بە واقیعی ئەو کۆمەڵگایەی ڕۆمانی تێدا لە دایك بووە، پێناسەی جۆراو جۆر کراون. هەیانە ڕۆمان بە هەڵاتن لەواقیع دادەنێن و هەیانە تەواو دەیبەستێتەوە بە واقیعی کۆمەڵایەتی و لایەنی سێیەمیش لە نێوان هەردوو بۆچووندا خۆی دەنوێنێ.

(دانیال هیسە) دەڵێ: ((ئەوەی بە تەواوی پێی دەڵێین ڕۆمان خەیاڵکردنە لە سەرەڕۆیی خۆشەویستی بە شێوەیەکی هونەری و بە پەخشان دەنووسرێ، بۆ وروژاندنی چێژی مرۆڤ و ڕۆشنبیرکردنی))[٥٨]، لەم پێناسەیەدا دەکرێ خەیاڵکردن وا بخوێنینەوە کە ڕۆماننووس ئەو تۆخمانەی لە ناو ڕۆمانەکەی بەکاریاندێنێ لە ژیان و دەوروبەری خۆی وەریان دەگرێ، بەڵام چۆنیەتی خستنە ڕوویان و داڕشتنەوەیان بە خەیاڵی ڕۆماننووس دەبێ، تا بتوانێ لە لایەکەوە ڕۆمانەکەی هەست بزوێن و سەرنج ڕاکێش بێت و لەلایەکی دیکەشەوە سوود بە خەڵك و خوێنەرانی بگەیەنێ و ژیانیان بە شێوەیەکی تر پێ بناسێنێ. بەڵام (د. عیزەدین ئیسماعیل) تاڕادەیەك بیرکردنەوە و تێگەیشتنمان دەربارەی چەمکی خەیاڵ دەگۆڕێ، کاتێك کە پێناسەی ڕۆمانمان بۆ دەکات دەڵێ: ((ڕۆمان گەورەترین جۆری بەرهەمە چیرۆك ئامێزەکانە لە ڕووی

(٥٧) جنبەهای رمان، ص١١٨.

(٥٨) رولان برنوف — ريال اوئيلية، عالم الرواية، ص٢٠.

قەبارەوە، خۆی دەبەستێتەوە بە کێشەی رۆمانتیکی و هەڵاتن لە واقیع و وێناکردنی پاڵەوانێتی خەیاڵی))[٥٩]، لێرەدا چەمکی خەیاڵ بە تەواوی دژە لەگەڵ واقیع. کارەکتەری رۆمان کە خۆی خەیاڵییە، لە و واقیعە رادەکا کە هەر تاکێکی کۆمەڵگەکەی تێیدایە، ئەم کاراکتەرە دەیەوێ زەمین و جیهانێکی خەیاڵی بە تەواوی بۆ خۆی دروست بکات، کە هیچی لە و واقیعە نەچێ کە هەر تاکێك لە واقیعدا هەیەتی((رۆمان هەر لە سەرەتاوە دەربڕی چیرۆکێك بوو کە رووداوی دروستکراوی لە لایەن نووسەرەوە لە خۆ دەگرت و هیچ پەیوەندیەکی بە واقیعەوە نییە))[٦٠]، رەنگە لێرەدا ئەم پرسیارە خۆی رەپێش بکات، ئەگەر رۆمان بە تەواوی لەواقیع دابڕاوە و چ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵگەوە دەبێ، یا پێویستی سەرهەڵدان و دروست بوونی رۆمان لە چی دایە؟ ئایا بەر تەسك کردنەوەی ئەرکی رۆمان لە تەنیا ئەرکێك، ئەویش بوونی ئەرکە ستاتیکیەکەی نابێتە هۆی لە دەست دانی کۆمەڵێك ئەرك کە پێویستە رۆمان لە نێو کۆمەڵگەدا پێیان هەڵسێ و چارەسەری بۆ کۆمەڵێك کێشە بخاتە روو؟

بێگومان خەڵکی دیکە هەن بە جۆر و شێوازی دیکە لە رۆمان دەڕوانن و بە شێوەی دیکەی جیاواز بە ئێمەی دەناسێنن.(هێنری جێمس) رەخنە گر و رۆماننووسی ئینگلیزی لە وانەیەك دا بە ناونیشانی ((هونەری رۆمان)) بەم جۆرە پێناسەی رۆمانی کردووە: ((رۆمان لە فراوانترین پێناسەی دا ئینتباعێکی راستەو خۆی تایبەتمەندە لە ژیان دا، بەهای خۆی لەوە وەردەگرێ. کە بە پێی هێزی وەرگێرانەکە زیاد و کەم دەکات))[٦١]. تا هێزی وەرگرتن و لاسایی و سوود وەرگرتن لە ژیان دا زیاتر بێت، نرخی رۆمانەکە زیاتر دەبێت و کەم بایەخیشی پەیوەستەبە پشت نەبەستن بە ژیانەوە. پەیوەست نەبوونیشی بە ژیان تەنیا لە نرخ و بایەخی کەم ناکاتەوە و ((رۆمان تەنیا کاتێك بە ئازادیەکی تەواو هەناسە هەڵدەمژێ، ئەویش لەو کاتەیە کە رەگەکانی لەناو کۆمەڵگە دان))[٦٢] ئەگەر خەڵکانێك هەبن ئازادی رۆمان بە بوونی ئەو خەیاڵە ببەستنەوە کە لە رۆماندا هەیە، ئەوا لەم پێناسەیەدا ئازادی رۆمان

(٥٩) الأدب وفنونه، دار الفكر العربى، مطبعة السعادة، الطبعة السادسة، القاهرة- ١٩٧٦، ص١٩٩.

(٦٠) Abbèci.vincent، L.M، نظرية الانواع الادبية، ص٤١٢.

(٦١) الدكتور جهاد عطا نعيسة، في مشكلات السرد الروائى، www.awu-dam.org

(٦٢) بول ويست، الرواية الحديثة الانكليزية والفرنسية — الجزء الاول -، ترجمة عبدالواحد محمد، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق-بغداد، الطبعة الثانية، ص٦٣.



بەستراوەتەوە بە کۆمەڵگەوە. ئەگەر رۆمان بتوانێ سوود لە کۆمەڵگە ببینێت و لێی دوور نە کەوێتەوە ئەوا ئازادی پتر بە دەست دێنێ و دەتوانێ هەر رووداو و بابەت و کونج و کەلێنێکی ژیان بکات بە بابەتی رۆمانەکەی و بیئاخنێتە دوو توێی بەرهەمەکەی.

(کلارا ریف) لەپێناسەی رۆماندا دەڵێت: ((رۆمان وێنەیەکە لە ژیانی واقیع و دابوو نەریتی خەڵك و ئەو سەردەمەی کە رۆمانەکەی لێ نووسراوە))[٦٣]. رۆمان پەیوەندییەکی راستەو خۆی هەیە بەو سەردەمەی لێی دەنووسرێ و ئەگەر بابەتی رۆمان بابەتێکی مێژوویی بێت، یا بابەتێك بێت باس لە داهاتوو بکات، هەر دەبێ پەیوەندییەکی لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا هەبێت. بەو هۆیەی ئامانجی رۆمان تیشك خستنە سەر ژیانی ئەم سەردەمەیە کە لێی دەنووسرێ. جا ئەو سەردەمە وەکو ئەو سەردەمە بێت کە (لوسیان گۆڵدمان) ئێمەی پێ ئاشنا دەکات و دەڵێ: ((رۆمان چیرۆکی بە دوا دا گەڕانی دابی رەسەنە لە جیهانێکی دا تەپیو کە تاکێکی دا تەپیو ئەنجامی دەدات))[٦٤][٥].یا سەردەمەکە پێچەوانەی ئەوە بێت. گرنگ ئەوەیە مەرج نییە ئەو جیهانەی رۆمان باسی دەکات جیهانێکی داتەپیو بێت، مەرجیش نییە ئەو شتانەی کە لەرۆماندا باس دەکرێن داب و نەریتی رەسەن و بێ کەم و کوڕی بن و لە رۆماندا هێندەی باسی کەس و بابەت و شتە پەراوێز خراوەکان دەکرێ، هێندە باس لە شتە بەرچاو، و دیارەکان ناکرێ کە بە جۆرێك لە جۆرەکان رەنگە لای کۆمەڵگە بە رەسەن دانرابن. ئەمەش مانای ئەوە نییە هیچ شتێکی رەسەن لە رۆمان دا نییە، بەڵکو رۆمان دێ شتە پەراوێز خراوەکانی کۆمەڵگە دەکات بە شتی رەسەن یا رەسەنایەتییان بۆ دەگێڕێتەوە. هەروەك مەرجیش نییە ئەو تاکەی دەبێتە کاراکتەری رۆمانەکان، تاکێکی داروخاو، و داهێزراو، و داتەپیو بێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە گرنگی بەو تاکە نادات و هەموو ئەو ئەرکانەی ئەو تاکە لە کۆمەڵگە پێیان هەڵدەستێ لەلایەن کۆمەڵگەوە بە بێ بایەخ سەیر دەکرێن، بۆیە ئەو تاکە لە نێو کۆمەڵ دا بە تاکێکی دا تەپیو دادەنرێت و دەخرێتە پەراوێزەوە. بەڵام رۆمان دێ تاك لە پەراوێز خستن رزگار دەکات و ئەرکەکەشی لە بێ بایەخییەوە دەکات بە ئەرکێکی رەسەن و گرنگ.

(٦٣) الدكتور جهاد عطا نعيسة، في مشكلات السرد الروائى، www.awu-dam.org

(٦٤) الدكتور جميل حمداوى، مدخل الى نظرية الرواية، مجلة الاقلام الثقافية ، www.aklaam.net

((ڕۆمان هونەری جوگرافیایەکی دژە، هونەری وشەی وێنەییە و هونەری زەمەنێکی چڕە لەو شوێنانەی کە بە مەبەستەوە هەڵبژێردراون))[٦٥]. لەم پێناسەیەدا شوێن، کات، زمان هەرسێکیان باس کراون ئەو شوێنەی لە نێو ڕۆمان دا باسی دەکرێ زۆرینەی کات شوێنێکی ئاڵۆز و جەنجاڵ و دژە بەرانبەر بە کارەکتەر، زۆرینەی کات لە خزمەتی ئەودا نییە و لە دژی دەوەستێ. شوێنەکان بە مەبەست هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی ڕووداوەکان درێژە بکێشن لەخزمەتی کارەکتەر دا نەبن، ئەگەر چی جار ناجارێك لە هەندێ هەڵوێست دا دەبن بە ڕزگار کەری کارەکتەر.

ئەو سەردەم و کاتەی کە ڕۆمانی لێوە دەست پێ دەکات لەسەرەتادا (لە هەندێك ڕۆمان) بە سادەیی دەبێ، دواتر وردە وردە ڕووە و گرژبوون و چڕبوون دەڕوات و جار ناجارێکیش خاو دەبێتەوە. کت و مت وەك کاتی ئاسایی کە هەندێ جار کات لە ژیان دا وا تەنگ بە تاك هەڵ دەچنێ کە نازانێ لە بەرانبەری چی بکات و هەندێ جاریش کات بە ئاسانی دەگوزەرێ و یارمەتی دەری تاك دەبێ تا بتوانێ بەسەر هەندێ کێشە و گرفت زاڵ بێت. ئەم کۆکردنەوەیەش لە نێوان کات و شوێن لە ڕۆمان دا وای کردووە هەندێك بکەونە سەر ئەو باوەڕەی کە ((ڕۆمان هونەرێکی لێکدراوبێ))[٦٦]، چونکە ڕۆمان توانای کۆکردنەوەی دژەکانی هەیە لەگەڵ یەکدا. (ڕۆلان بارت) دەڵێ: ((ڕۆمان مەرگە، ژیان دەکات بە قەدەر و بیرەوەری دەکات بە کردارێکی سوود بەخش، لە درێژە کێشانیش کاتێکی نا دیاری مانا دار دروست دەکات))[٦٧] لەو بۆچوونەی (بارت) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەموو ئەو جیاوازیانە هیچ جیاوازیەکیان نابێت، ئەگەر هاتوو لە دەرەوەی کۆمەڵگە سەرچاوەیان گرتبێت. ئەو پێی وایە جیاوازییەکان بۆیە دروست دەبن تا ئێمە بتوانین لە ڕێگای تێکشکاندنی شتە خراپەکان شتی چاك دروست بکەین، واتە ڕۆمان مەرگێکە بۆ شتە خراپەکان و دروست کردنەوەی ژیانێکی

(٦٥) یاسین النصیر، الروایة والمکان، دار الشؤن الثقافیة العامة، دار الحریة للطباعة، العراق-بغداد، ١٩٨٦، ص١٩.

(٦٦) شجاع مسلم دغیم العانی، البناء الفني في الروایة العربیة في العراق، رسالة دکتوراه، کلیة الاداب – جامعة بغداد، ١٩٨٧م، ص٥٥.

(٦٧) الکتابة في درجة الصفر، ترجمة د. محمد ندیم خشفة، الطبعة الاولی، مرکز الانماء الحضاری، حلب - سوریة، ٢٠٠٢، ص٥٢.



دیکەیە لە مەرگی ئەوان. ئەمە مانای وایە ڕۆمان هەمیشە باس لەکۆمەڵە شتێك دەکات یا کۆمەڵە شتێك بنیات دەنێت کە بیری نوێکاری و ئەرێنی لەگەڵ خۆی دا هەڵگرتووە.

کەچی (ئەندرێ جید) بە پێچەوانەی (بارت) لە ڕۆمان دەڕوانێ و ئەو پێی وایە ڕۆمان ((مێژوویەکە دەکرا ڕوو بدا))[٦٨].(ئەندریەجید) بە تەواوی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو، چونکە ئەگەرچی ڕووداوی ڕۆمان لە ڕابردوودا ڕووی نەداوە، بەڵام دەکرا ڕووبدات، ئەمەش مانای وایە ڕۆماننوس لە کۆمەڵە ڕووداوێك دەدوێ کە زەمەنەکەی بەسەرچووە و کاتەکەی کاتێکی ڕابردووەو جگە لەو سوودەی کە دەتوانین لە مێژوو ببینین ناتوانین هیچ سوودێکی دیکە لە ڕۆمان ببینین، چونکە بە پێی ئەم پێناسەیە ڕۆمان بنیات نان نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە.

وەك گوتمان پێناسەی جیاواز و بۆ چوونی جیاواز لە هەمبەر ڕۆمان هەن، بابەتی ڕۆمان ژیانە، لە بچووکترین شتییەوە بۆ گەورەترین و لە سادەترین بیرۆکەیەوە بۆ ئاڵۆزترینیان. زۆر بوون ئەوانەی ڕۆمانیان دادەبڕی لە کۆمەڵگا و ئەوانەشی ڕۆمانیان بە کۆمەڵگا دەبەستەوە زیاتر بوون. هەشیانە بەدەر لەو بۆچونانە لە ڕۆمان دەڕوانێ و پێی وایە ڕۆمان ڕەگەزێکی ئەدەبی دیاریکراو نییە، تەنیا درێژکراوەی ژانرێکی کۆنی ئەدەبییە، کە ئەویش داستانە.

(هیگل) ی فەیلەسوف لە بەرایی ئەو کەسانەیە کە پێی وایە ڕۆمان ((دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕۆحی داستان))[٦٩]، بەڵام چۆنیەتی دەربڕین و بەدیارخستنی ئەو دیاردانە جیاوازن، یا ئەو پاڵەوان و کارەکتەرانەی لە نێو دەقەکان دا بەشدارن لە یەکتری جیاوازن ((ڕۆمان داستانێکی جیهانی بێ خواوەندە، کەچی لە ناو داستان دا لە وانەیەی ململانێ لەگەڵ خواوەندێك بەدی بکرێ))[٧٠]. لە هەردوو ژانرەکەدا ململانێ هەیە، هەروەك بنیاتی ژیان لەسەر ئەو ململانێیە دامەزراوە و هەموو شتە زیندووەکانی ژیان ململانێ لەگەڵ یەك دەکەن و بەردەوامی ئەو ململانێیەیان بەردەوامی بە ژیان دەبەخشێ.بوونی خواوەند لە داستان دا و دەسەڵات شکانی خواوەند بەسەر هەموو شتێك وا لە داستان دەکات ببێتە بەرهەمێکی ئەدەبی و قەدەر دەسەڵاتی بەسەر تەواوی تۆخمەکانی ناو داستان دا بشکێ و دروست بوون و

(٦٨) سلیمان حسین، الطریق الی النص، منشورات اتحاد کتاب العرب، دمشق، ١٩٩٧، www.awu-dam.org

(٦٩) ایان وات، ظهور الروایة الانکلیزیة، ص١٣٣.

(٧٠) عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ دا، ل٣٢.

کۆتایی چارەسەری رووداوەکانیش لە ڕێگەی قەدەرەوە دەبێت. کەچی لە ڕۆماندا خواوەند نییە و قەدەریش دەگۆڕدرێتەوە بە چارەسەرکردنی عەقڵی رووداوەکان و تەواوی ڕۆمانەکە.

(بەلزاك) یش پێی وایە ڕۆمان ((بەردەوامییەکی مەزنی ئەدەبی داستانی دیاری ڕۆژانی گریك و سەدەکانی ناوەڕاستە و، بە شێوەیەکی داستانی گشتگیر دادەنرێت))[71]، گشتگیرتر لەو ڕوانگەیەوە کە بابەت و پاڵەوان و ڕووداوی ناو داستان سنووردارن، بەڵام لە ناو ڕۆمان دا ئەو سنوورداریە نییە و ڕۆماننووس ئازادە لە مامەڵەکردن لە گەڵ هەر یەك لەو توخمانە و ئەوەش وای کردووە ڕۆمان ئەو بەردەوامییە مەزنەی هەبێ کە (بەلزاك) باسی دەکات.

کەچی (میخایل باختین) بە پێچەوانەی ڕای (بەلزاك) ڕۆمان بە ((ڕەگەزێکی ئاست نزم و چەڵەمە تێکەوتوو intercalaire genre هەڵقوڵاو لە ڕەگەزی ئەدەبی دیکە دادەنێ))[72]، بەڵام ئایا ئەگەر بەرهەمێك لە دایك بووی ناو بەرهەمێکی دیکە بێ ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو بەرهەمە ئاست نزمە؟ یا ئایا ئەگەر بەرهەمێك لە چینی زەحمەتکێشان و نێوەندە میللییەکانی نێو کۆمەڵگا بدوێ مانای وایە ئەم بەرهەمە نزمە؟

بێگومان مێژووی ڕۆمان و بەرهەمەکانی ڕۆمان وەڵامی ئەم پرسیارەمان بە نەخێر دەدەنەوە و پێمان دەڵێن ئەو بەرهەمانەی باس لە کەسانی چینی هەژار دەکەن کاریگەریان زۆر زیاترە لەوەی باس لە چینی سەرەوە و دەسەڵاتداران دەکەن. ئەگەر بێت و باسکردنی دەسەڵاتداران لە رووی پێ هەڵ دانبێ کە ئەمە لە ڕۆماندا کەمە.

ڤیلیماین (Villemain) دەڵێ: ((ڕۆمان هیچ نییە جگە لە چیرۆکی شیعری یا داستانی میللەتان))[73]، ئەم میللەتە نوێیانەش بیرکردنەوە و تێڕوانین و شێوازی ژیان و تەواوی شتەکانی تایبەت بە ژیانیان گۆڕانکاریان بەسەر داهاتووە، بۆیە هەموو ئەو گۆڕانانە کاریگەری ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆیان بەسەر ئەدەب دا هەبووە و لە ناویشیان دا ڕۆمان بە تایبەت، چونکە ڕۆمان زادەی ئەو گۆڕانکاریانەیە.

(٧١) ف.ف. کوزینوف، الرواية ملحمة عصر الحديث، ص١٠١.

(٧٢) الدكتور جميل حمداوي، مدخل الى نظرية الرواية ، www.aklaam.net

(٧٣) Abbèci.vincent، L.M، نظرية الانواع الادبية، ترجمة الدكتور حسن عون، منشأة المعارف، مطبعة مصنع اسكندرية، الاسكندرية-١٩٧٨، ص٤١١.



## تەوەری دووەم

## مێژوو و ژینگەی سەرهەڵدانی داستان و ڕۆمان

### أ- مێژوو، و ژینگەی سەرهەڵدانی داستان و ڕۆمان لە جیهاندا:

بۆ دیارکردنی ژینگەی سەرهەڵدانی داستان و ڕۆمان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمانەی ئەم بەرهەمە ئەدەبیانە تیایاندا سەریانهەڵداوە، بە گەڕانەوەشمان بۆ ئەو سەردەمانە تووشی گرفت دەبین، چونکە ئەو بابەتانەی ئێمە دەمانەوێ ژینگەی سەرهەڵدان و مێژووی سەرهەڵدانیان بزانین، ژانری ئەدەبین و ژانری ئەدەبیش بە ڕۆژێك و دووان سەرهەڵنادات و دروست نابێ، بەڵکو پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە تا سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات، وەك ڕەگەزێکی ئەدەبی سەربەخۆ دێتە مەیدان.

### ١- مێژوو، و ژینگەی سەرهەڵدانی داستان:

داستان پەیوەندی بە دەسەڵاتی ئۆرستۆکراتییەوە هەیە وجیهانەکەی لەسەردۆخێکی ئەفسانەیی چەسپاوی کۆن و پەیوەست بەخورافاتەکان بنیات نراوە.[1] ئەم بەستنەوەیە بۆ ئەوە بووە کە خەڵکی سادە، چینی دەسەڵاتدار بە گەورە و مەزن دابنێن و بە پیرۆزیان بزانن.

داستان ((لە کۆتایی چەرخی تیۆکراتی پیرۆز دەرکەوتووە و بەر لە هەر شتێك چەمکی ئایینی تێدا ڕەنگیداوەتەوە.ئەم ئەدەبە لەپەرستگاکان هۆنراوەتەوە و بەشێك بووە لە ڕێورەسمە ئایینییەکان))[2].

لە داستاندا ئایین خراوەتە خزمەت دەسەڵات و هەربۆ ئەمەش ئەفسانەی تێدا بەکارهاتووە. کەواتە لە رووی هزرەوە ئەم ئەدەبە لەسەر سێکوچکەی (ئایین، ئەفسانە، دەسەڵات) دامەزراوە.

(١) میخائیل باختین، الملحمة و الرواية، ترجمة د. جمال شحيد، الطبعة لاولى، معهد الانماء العربي بيروت – الهيئة القومية للبحث العلمي الجماهيرية العربية الليبية الشعبية الاشتراكية- طرابلس، بيروت، ١٩٨٢، ص١٤.

(٢) عدد من الباحثين السوفييت، نظرية الأدب، ص١٣٤.

لەبارەی سەردەم و کاتی سەرهەڵدانیشەوە، کۆمەڵێ بۆچوونی جیاواز خراوەتە روو. هەندێ بۆچوون بۆ مێژوویەکی زۆر دێرین و هەندێکی دیکە کەمێك مێژووەکەی نزیکتر دەکەنەوە. هەشیانە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئەو سەردەمە بەکارێکی زەحمەت دەزانن.

(دکتۆر مارف خەزنەدار) دەڵێ: ((چیرۆکی شیعری (ئیپیك) وەك بەرهەمێکی ئەدەبی مێژوویەکی گەلێ کۆنی هەیە، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هونەرە میللیە لەگەڵ ژیانی ئادەمیزادی ناو ئەشکەوت پەیدا بووە))[3].

دەکرێ سەرەداو و سەرەتاکانی دروستبوونی داستان بگەڕێنینەوە بۆ ئەو سەردەمەی گۆرانی تێیدا سەریهەڵداوە، چونکە ((لە بنچینە و بنەڕەت دا داستان لە شیعری گۆرانی پەیدا بووە))[4] و ئاشکراشە گۆرانی کۆنترین جۆری هونەرەو لە سەرەتای سەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە، هەر لەو کاتەی دایك خەریکی راژاندنی منداڵەکەی بووە گۆرانی دروست بووە و گۆرانییش سەرەڕای ئەوەی ئاوازێکی خۆشی هەیە بە شیعر دەربڕاوە. ئاوازی خۆش لە شیعرەوە دروست دەبێ و ئەم شیعرەش ((شیعرێکی سەر زارەکی بووە))[5]. لەو سەردەمەدا نە نووسین هەبووە و نە هیچ هۆکارێکی دیکەی تۆمارکردن، تا بتوانرێ لە رێگەیانەوە ئەم بەرهەمانە بپارێزرێن دوای ئەوەی کە نووسین پەیدا بووە ئەم بەرهەمانە ((نە خوێنراونەتەوە و نەگێڕدراونەتەوە، بەڵکو بە سروود لەگەڵ ئامێرێکی ژێدار دەگوتران))[6]، ئەمەش ئەوبۆچوونە پتەوتر دەکات کە بناغەی داستان دەبەستێتەوە بە شیعری گۆرانی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە داستان نە گێڕدراوەتەوە. داستان لە رووداو پێکدێت و هەر کەسێکیش هەڵسێ بە گەیاندنی رووداوێك بە کەسێکی دیکە ئەوا مانای وایە ئەو رووداوەکەی بۆ گێڕاوەتەوە، کاتێکیش کە شاعیر رووداوی پاڵەوانێك یا میللەتێك بۆ خەڵکانی دیکە باس بکات، ئەوا راستەوخۆ دەچێتە ناو پرۆسەی گێڕانەوەوە جا گەیاندن و گێڕانەوەی رووداوەکان بە هەر شێوەیەك و لە رێی هەر ئامرازێکەوە بێ. رووداو و بابەتەکانیش تایبەتن بە ((قۆناغە

(٣) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر-٢٠٠٢، ل٣٢٨.

(٤) دکتر ذبیح الله صفا، حماسه سرایی در ایران، ص٣٤.

(٥) عدد من الباحثين السوفييت، نظرية الأدب، ص١٤٥.

(٦) اشرف على جمعها اسكل بلوك-هيرمان سالنجر، الرؤيا الابداعية، ل١٢٠.



سەرەتاییەکانی ئەو میللەتە، نەك بە قۆناغی پێشکەوتن وگەیشتنیان بە سەربەخۆیی و شارستانی بوونیان))[7]، بۆیە دەبینین سادەیی تێهزرین و باوەڕهێنان بە شتگەلی نا واقیعی و لە رادەبەدەر زۆر بە سادەیی لە ناو داستانەکان دا هەستی پێ دەکرێت و بگرە هەندێکیان بناغەی دروستبوونی داستانەکەیان لەسەر دامەزراوە.

سەردەمی باوەڕهێنان بەم جۆرە بیرانە و باوەڕهێنان بەوەی پاڵەوانی میللەتێك دەتوانێ هەموو کارێك بکات و میللەتەکەی لە هەموو جۆرە کێشە و گرفتێك رزگار بکات هاوکاتە لەگەڵ ((سەردەمی میکینی، واتە سەردەمی پێکهێنانی کۆمەڵە وڵاتێك لە سەر زەوی هیلاس (گریکی کۆن)))[8]، بە پێی ئەم بۆچوونە بێت سەرەتاکانی دروستبوونی وڵات بووە بە سەرەتا بۆ پەیدابوونی داستان، بەڵام دەبێ ئەوە بگوترێ ئەو رووداوانە لە داستان باس دەکرێن لەوانەیە زۆر بەر لە هۆنینەوەی داستانەکە روویاندابێ.

کەواتە دەتوانین بڵێین سەرەتاکانی پەیدابوونی داستان بە شێوەیەکی زارەکی بۆ سەردەمە زووەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەم و قۆناغانەی مرۆڤایەتی پیێدا تێپەڕ بووە، بۆمان روون بووەوە، ((ئەگەر چی ئاماژەکردن بە دەستە و رێکخستنە چینایەتییەکان و دەسەڵاتداری چەوسێنەرەوە، مێژوویەکی یەکلاکەرەوەمان ناداتێ سەبارەت بە بەرهەمهێنانی داستان))[9]، ئەمەش هەموو بیروبۆچوونەکانی پێشوو دەخاتە گومانەوە کە ئەگەر بەتەواویش رەتی بیروڕاکان نەکاتەوە، ئەوا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەم بیروڕایانە بیروڕای یەکلاکەرەوە و کۆتایی نین. چ داستان و چ خودی مێژووش هەڵکەوتی رەهایان تێدا نییە، یەکێکیان لەگەڵ خەیاڵ و ئەفسانەکان تێکەڵ دەبێت و ئەوەی تریشیان لەگەڵ دەسەڵاتە گەورە و براوەکان، ((زۆرجاریش لێکدانی مێژوو، و ئەفسانە))[10] دەبێتەهۆی دروستبوونی داستان. وەك گوتمان داستان پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە رووداوە مێژووییەکانەوە هەیە و لە رێگەی ئەوانیشەوە پەیوەندی بە مێژووەوە هەیە. مێژوو بریتییە لە

(٧) دكتر ذبيح الله صفا، حماسه سرايى در ايران، ص٣١.

(٨) عدد من الباحثين السوفييت، نظرية الادب، ص١٦٢.

(٩) لطفي الخوري، في علم التراث الشعبي الموسوعة الصغيرة، العدد (٤٠)، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ص٤٣.

(١٠) الد كتور ميشال عاصي، الفن والأدب، ص١٦٩.

مێژووی ڕووداوەکان، ئەو ڕووداوانەش لەگەڵ ئەفسانەکان تێکەڵ دەبن، کاتێکیش کە ((مێژوو و ئەفسانە لە داستانە سەرەتاییەکان دەچنە ناو یەك و تێکەڵ دەبن، ئەوەی لە هەرەمەکیەتی و سادەبییەکەیان بەدەست دێ، جادوو یەکە نە شێوەی هەیە و نە بەرگەشی دەگیرێ))[11].کەواتە داستان پێکهاتەیەکە لە لێکدانی مێژوو، و ئەفسانە دروست دەبێت. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەگەر داستان لە مێژوو — بەو چەمکەی ئێستای — دروست بووە، چۆن دەکرێ سەرهەڵدانی داستان بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمێك کە مرۆڤ هێشتا لە ناو ئەشکەوتەکاندا ژیاوە و بە سەردەمی پێش مێژوو ناو دەبرێت؟ لێرەدا دەبێ ئەمە ڕاست بکرێتەوە ئەگەر داستان لە تێکەڵییەك لە ئەفسانە و مێژوو پێکهاتبێ ئەوا مەبەست لە مێژوو بەم چەمکەی ئێستای نەبووە، و مەبەست لە ڕووداوە مێژووییەکانە و ئەو ڕووداوە مێژووییانەش بۆ ئەوەی بپارێزرێن ((زۆرینەی میللەتانی جیهانی کۆن داستانی شیعرییان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە یان گێڕاوەتەوە))[12].کەواتە ئەوە داستان نییە لە لێکدانی مێژوو، و ئەفسانە پێکهاتبێ، بەڵکو خودی مێژوو خۆی لە ناو داستان دا دەبینێتەوە و بەدەر لە داستان مێژوو ناتوانێ هیچ شتێکمان لەبارەی ڕووداوی سەردەمە کۆنەکانی پێش مێژوو بۆ باسبکات و بۆ هێنانەوەی هەر بەڵگەیەك سەبارەت بە ڕووداوەکانی پێش مێژوو دەبێ پشت بە داستان ببەستێ، لەبەرئەوەی ئەو سەردەمەی کەداستان باسی دەکات سەردەمی بەر لە پەیدابوونی مێژووە و ((ئەو کۆمەڵگایەی کە خوێندنەوە و نووسین نەزانێ پشت دەبەستێ بە کۆمەڵێ عەقڵی مەشق پێکراو بۆ پاراستنی مێژووی ڕابردوو))[13]. لێرەدا شاعیر دەبێتە ئەو کەسە مەشق پێکراوە و مێشکی دەبێتە ئەمبارێك بۆ پاراستنی مێژووی میللەتەکەی، بەڵام ئەی لایەنە ئەدەبییەکەی داستان چی بەسەر دێ؟ ئەی ئەو هەموو خەیاڵ و جوانکاری و هۆنینەوەیە بۆ چییە؟ ئەگەر مەبەست لە نووسینی داستان تەنیا پاراستنی لایەنە مێژووییەکەی بێ، ئەی بۆچی خەیاڵ تێیدا بەشێوەیەك باڵا دەستە نزیکی دەکاتەوە لە ئەفسانە؟

(١١) الدكتور انطونيوس بطرس، الادب (تعريفه، انواعه، مذاهبه)، ص٥٨.

(١٢) شوقى عبد الحكيم، دراسات في التراث الشعبي، جمعية الرعاية المتكاملة، مطابع هيئة مصرية عامة للكتاب، مصر، ٢٠٠٥، ص٢١١.

(١٣) لطفى الخوري، في علم التراث الشعبى، ص٨٥.



ئەم پرسیارانە ئەگەر بۆ داستانی فۆلکلۆری کەمێك گونجان و تەباییان هەبێ ئەوا بێگومان بۆ داستانی میللی و کلاسیکی ئەو گونجانەش نامێنێ، چونکە ((داستانی نوێ بەرهەمی تاکە شاعیرێکە، نەك کۆمەڵە شاعیرێك و لەوانەیە لەسەردەمێك دا هۆنرابێتەوە نەك لە چەند سەردەمێکی بەدوای یەکدا هاتوو: ئەوەی کە لە ڕابردوودا پەیامێك بووبێ ئێستا بووە بە کرۆکی مەبەست))[14] و ئەرك و پەیامی داستانیش لە گوێزانەوە و ئەمبارکردنی بابەت بۆ نەوەکانی دوای خۆی گۆڕاوە بۆ بەخشینی جوانی و چێژ بە هەمان نەوەی سەردەمەکەی. لێرەشدا داستان لەبری نێوەند دەبێتە خودی مەبەست.

ئەدەب بەدەر لە خەیاڵکردن هیچ مانایەکی نییە و هەر ژانرێك یا بەرهەمێکی ئەدەبی ئەگەر بەتەواوی ڕیالستی بێ، ئەوا بەدەر نییە لە خەیاڵ. ئەوەی وادەکات ئەدەبەکە بەزیندوویی بمێنێتەوە خەیاڵەکەیەتی، لە داستانیشدا ((خەیاڵ تەبایە لەگەڵ ئەو عەقڵەی کە هیچ شتێك نەکردە نابینێت و تێکەڵاوی ئەوەی دەکات کە دەیبینێ لەگەڵ ئەو خەیاڵەی کە بۆی دەچێت))[15].

لێرەدا ناکرێ بیری ئەوە بکەین، ئەو شتانەی لە داستاندا هاتوون و باسکراون کەسانی سەردەمی خۆی باوەڕیان پێی نەبووبێ، یا لەگەڵ عەقڵی ئەوان نەگونجاوبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە عەقڵیەتی کەسانی ئەو سەردەمە شتێکیان لە ژیان نەبینیوە کە ئاستەنگ لەبەر بێ و ئەوان نەتوانن تێی بگەن یا بیری لێ بکەنەوە. (نیچە) پێی وایە: ((ئەگەر ئەو خەڵکە باوەڕێکی تەواویان بەو سەردەمە نەبووایە نەیان دەتوانی ئەو بڕە گەورەیەی ژیان لە باوەڕەکانیان دا جێگا بکەنەوە و تواناکەشیان تا ئەو پەڕەکەی بەکار نەدەهێنا))[16].ئەمە ڕاستە، چونکە خەسڵەتی مرۆڤ وایە ئەگەر باوەڕی بە مەسەلەیەك نەبێت، هەرگیز ناتوانێ نرخ و بایەخی خۆی پێ بدات و بە ڕێکترین و ناوازە ترین شێوە بیگەیەنێتە ئەنجام. لەسەرەتادا مرۆڤ دەبێت بابەتەکە بکات بە پرەنسیپێك لە پرەنسیپەکانی ژیانی و ئومێدێکیشی بە مەسەلەکە هەبێ. ئەگەر گەشبین نەبی بەرانبەر ئەو مەسەلەیەی دەتەوێ لێی بدوێی، یا

(١٤) الدكتور انطونيوس بطرس، الأدب (تعريفه، انواعه، مذاهبه)، ص٥٨.

(١٥) الدكتور محمد حسن عبدالله، فنون الادب (اصول، نصوص، قراءات)، ص١٧.

(١٦) اى. م. تليارد، روح الملحمة، ترجمة فلاح رحيم، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد (٤) السنة الخامسة، ١٩٨٥، ص١١٦.

واهەست نەکەی ئەو بابەتە شتێك دەخاتە سەر ژیانی تۆ، و ئەرکێکت بۆ رادەپەڕێنێ ئەوا ناتوانی لەسەری بەردەوام بیت و خۆتی بۆ تەرخان بکەی.باوەڕبوونیش بە تەواوی ئەو رووداو، و بابەتانەی لە داستان دا هاتوون لەلایەن ئەو کەسانەی لەسەردەمی هۆنینەوەی داستانەکەدا ژیاون، باوەڕ پێبوونێکی رەها نییە، یا ئەگەر رەهاش بێ ئەوا خودی رووداوەکان رەهابوونیان تێدا نییە و ((تا ئەو رووداوانە بە ناخی مێژوودا روو بچن زیاتر لەگەڵ ناخی داستان دا دەگونجێن))[١٧] و توانای خەیاڵکردنیش تێیاندا زیاتر دەبێت، بەو هۆیەی رووداوەکان نە نووسراونەتەوە تا نەگۆڕێن، بەڵکو لە مێشکی کەسەکاندا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرانەوە و گۆڕانکاریان بەسەر دادەهات. بەم شێوەیە داستان بەشێکی زۆر لە رەهابوونی رووداوەکانی لە دەست دەدات و دواتر ((لەگەڵ پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤ و بەستنەوەی بە واقیع، داستانیش دەوەستێ))[١٨]، ئەو وەستانەش دەبێتەهۆی راگەیاندنی ژانرێکی ئەدەبی گەورە وەك ئەوەی (میخایل باختین) لێی دەدوێ و دەڵێ: ((داستان وەکو جۆرێکی ئەدەبی فۆرم تەواو دەمێنێتەوە...خاوەنی کەماڵێکی تەواوە))[١٩].هەر شتێکیش لە جیهان دا بگاتە پلەی کەماڵ ئەوا ئەگەر نەشمرێ دەوەستێ و، وەستانیش بەشێکە لە مردن، بەڵام ژیانی ئێمە لەسەر وەستان بنیات نەنراوە و بە وەستانیش بەردەوام نابێ، بۆیە ناچار شتەکان بە ناچاری دەگۆڕێن بۆ شت و کەرەسەی دیکە و ئەمەش فەلسەفەی ژیانە. داستان ((نەمردووە لەگەڵ ئەو قۆناغە سەرەتاییەی شارستانیەت کە تیایدا سەریهەڵدا))[٢٠]، بەڵکو گۆڕا بە بەرهەمێکی دیکە کە لە کات و سەردەمێکی دیکە و بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر سەرهەڵدەداتەوە، وەکو (کۆژینۆف) دەڵێت: ((لە شوێنی مەرگی ئەدەبی داستاندا لە ئەوروپای سەردەمی بوژانەوە، شێوەیەکی داستانی نوێ سەر هەڵدەدات کە نوێنەرەکەی رۆمانە))[٢١]، بەڵام ئەو دروست بوونەوەیە لە مەرگی ئەوی دیکە کاتێکی زۆری دەوێ. هەر ئاڵ و گۆڕێك ئەگەر لەناو خودی ژانرێکی ئەدەبی دیاریکراویش بێ پێویستی بە کاتێك دەبێ تا جێگای خۆی دەگرێ چ جای ئەوەی

(١٧) علي بو ملحم، في الأدب وفنونه، ص٣٤.

(١٨) الدكتور محمد حسن عبدالله، فنون الادب (اصول، نصوص، قراء ات)، ص١٧.

(١٩) الملحمة و الرواية ، ص٣٤.

(٢٠) الدكتور محمد مندور، الأدب وفنونه، ص٥٤.

(٢١) ف.ف. كوزينوف، الرواية ملحمة عصر الحديث، ص١١.



رەگەزێکی ئەدەبی بەتەواوی بگۆڕێ بە رەگەزێکی دیکەی ئەدەبی. لەم بارەیەوە (د.سیروس شمیسا) دەڵێت: ((دەتوانین بڵێین لە ئەنجام دا داستان لە کۆتایی مێژووەکەی دا لە ولاتێك دەبێتە رۆمانس و دەتوانین رۆمانس بە نێوەندی داستان و رۆمان دابنێین. رۆمانسە پەخشانیەکانیش دواتر لە کامڵ بوونی خۆیان بۆ رۆمان دەگۆڕێن))[٢٢]، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین یەکێك لە ماناکانی رۆمان ئەدەبی نوێ و ئەدەبی دژە رۆمانسە.

(تۆماس مان) بوونی پەیوەندی لەنێوان داستان و رۆمان رەت ناکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە لە بوونی ئەم پەیوەندییە دەدوێ و دەڵێ: ((ئەوە رۆمان نییە کە پێویستە وەکو بەروبوومی روخانی ئەدەبی داستانی سەیری بکرێ، بەڵکو ئەدەبی داستانی پێویستە وەکو نموونەیەکی پرپووچی رۆمان سەیر بکرێت))[٢٣]. ئەمەش هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوە و (تۆماس مان) وای دەبینێ رۆمان لە پاشماوەی داستان یا لەو گۆڕانکاریانە دروست نەبووە کە بەسەر داستان دا هاتوون، بەڵکو ریشەو تۆخمە پێکهێنەرەکانی رۆمان هەر لە بنچینەدا لە ناو داستان دا هەبوونە و داستانیان لەسەر دامەزراوە و دواتر رۆماننووسان هاتوون ئەو ریشانەی رۆمانیان وەرگرتۆتەوە و رەگەزێکی ئەدەبی تایبەتیان لێ دروست کردووە کە ئەویش رۆمانە.(د.عیزەدین مستەفا رەسول) یش سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێ: ((لەم دواییەدا پۆیەم بە تەواوی بوو بە ژانرێکی تازە، گەورەترین وێنەی رۆمانە))[٢٤].

## ٢- مێژوو، و ژینگەی سەرهەڵدانی رۆمان:

مێژوو، و ژینگەی سەرهەڵدانی رۆمان، لە مێژوو، و ژینگەی سەرهەڵدانی داستان جیاوازە. ئەگەر تۆخمە پێکهێنەرەکانی رۆمان لە زۆر رووەوە هەبووبن، ئەوا تا پەیدابوونی رۆمان بەم شێوەیە نەبوون و گۆڕانی زۆریان لە ناو رۆمان دا بەسەر دا هاتووە. کەواتە ئەو مێژووە دێرینەی داستان لێیەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەو کۆمەڵگە و بیرو باوەڕەی داستان لێیەوە پەیدا بووە زۆر کۆنترە لە ژینگەی سەرهەڵدانی رۆمان و ئەو کۆمەڵگەیەی رۆمانی لێ پەیدابووە.

(٢٢) دكتر سيروس شميسا، انواع ادبی، ص١٢٥.

(٢٣) ف.ف. كوزينوف، الرواية ملحمة عصر الحديث ، ص١٠٥.

(٢٤) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل٣٦.

ئەگەر پێمان وابێ تەنیا ((هیچ لە هیچەوە دێ))[٢٥]، ئەوا دەبێ دانیش بەوە دابنێین کە ((دیڤۆ بە تایبەتی —گۆچانە جادوییەکەی نەجولآندووە و رۆمانی لێ پەیدابووبێ))[٢٦] و کارێکی گەورەی وەك رۆماننووسێن رۆشنبیری و زانیاری و دونیابینییەکی فراوانی دەوێ و پێویستی بە ئامادەکاری هەیە، سەرچاوەی ئەو ئامادەکاریانەش لە بەرهەمەکانی پێشووترەوە دێن، واتە ناکرێ بڵێین (دیڤۆ) هیچ ئاگادارییەکی لە بەرهەمەکانی پێش خۆی یا لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە نەبووە و راستەوخۆ هاتووە دەستی بە رۆماننووسێن کردووە کە ئەمە گومانی تێدا نییە. بەڵام ئەوەی دەبێتە جێی پرسیار ئەوەیە ئایا کاردانەوەی ئەو کاریگەریانە ئەرێنی بووە یا نەرێنی؟

(دانیال دیڤۆ) زۆر بە چاوێکی سووك سەیری داستان دەکات ((لە ساڵی ١٧١١ نووسیویەتی گەمارۆدانی تەرواده بۆ رزگارکردنی ئافرەتێکی داوێن پیس بووە))[٢٧] باوەڕی (ریچاردسۆن) یش لە بارەی داستانەوە، زۆر لە بیرو بۆچوونی (دیڤۆ) دوور ناکەوێتەوە و ئەویش دژایەتی تەواوی خۆی بۆ ئەم ژانرە رادەگەیەنێ و لەبارەی (ئەلیادە) وە دەنووسێ ((دەترسم ئەم چیرۆکە لەگەڵ پیرۆزییەکەی، کە گومانی تێدا نییە پیرۆزە، مێژوویەکی دوور و درێژ زیانی بە خەڵك گەیاندبێ، چونکە لە کۆنەوە تا ئێستا روحی وەحشیگەری هانداوە))[٢٨]، کەواتە لای هەردوو نووسەری بەرایی رۆمان کاردانەوەکە نەرێنی بووە، بەڵام ئەنجامێکی ئەرێنی لێکەوتۆتەوە کە رۆمانە.

(هێنری فیلدینگ) ی رۆماننووسی هاوسەردەمیان پێچەوانەی ئەوان لە داستانی روانیوە ((چونکە پەروەردەکەی پەروەردەیەکی کلاسیکی بووە))[٢٩] و رێزیشی لە بەرهەمە کلاسیکیەکان گرتووە.

(٢٥) ارنولد کیتل، مدخل الی الروایة الانکلیزیة، ترجمة هانی الراهب، المجلد الاول، وزارة الثقافة والارشاد القومي، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق ١٩٧٧، ص٣٤.

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

(٢٧) ایان وات، ظهور الروایة الانکلیزیة، ص١٣٤.

(٢٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.



هەرچەندە ئەم سێ نووسەرە لەیەك سەردەمدا دەستیان بە نووسینی رۆمان کردووە، بەڵام ناتوانین ناویان بنێین قوتابخانەی رۆماننووسی، هەریەکەیان بە شێوەیەك و بە پێی بیر و بۆچوونێك و شێوازێك کە خۆی باوەڕی پێ بووە رۆمانی نووسیووە، بەڵام دەتوانین هەرسێکیان بە نووسەرە سەرەتاییەکانی رۆمان دابنێین. ئەگەرچی بەر لەوەی ئەم رۆماننووسانە دەست بە نووسینی رۆمان بکەن، هەندێ بەرهەمی دیکە هەبوون کە شێوازەکەیان لە شێوازی رۆمان نزیك بوو، وەکو (سیلستینا) (١٤٩٩) کە(کۆلن ولسن) بەیەکەم رۆمانی دادەنێت[٣٠].هەرچی (ئیڤۆر ئیڤانس) ە ئەوا پێیوایە کە ((رۆمانی ئینگلیسی لە سەدەی شازدە یانی حیکایەتی ئارکادیای نووسراوی سێر فیلیپ سیدنی بەرەو دواتر ناچێ))[٣١]. ئەگەر بەم پێیەش بێ ئەوا سەرهەڵدانی رۆمان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەم و سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەم، هەر لە هەمان سەدە بەرهەمێکی دیکە نووسراوە و نزیکە لە رۆمان بەناوی ((گەشتیاری بەدبەخت (١٥٩٤)کە بەرهەمی تامس ناشە))[٣٢]، بەڵام ئەوەی پێ داگیری زۆری لەسەر دەکرێ بۆ ئەوەی بە رۆمان دابنرێت رۆمانی ((دۆن کیشۆتی بەرهەمی سێر ڤانتس(نووسەرو شاعیری ئیسپانی) (١٦١٧-١٥٤٧)، کە لە ماوەی (١٦٠٥-١٦١٥)))[٣٣] نووسراوە. (دانیال دیڤۆ) ش لەساڵی ١٧١٩ رۆمانی رۆبنسۆن کرۆزۆی نووسیوە.[٣٤] کەچی جگە لە (رۆبنسۆن کرۆزۆ) بەرهەمەکانی دیکە هەموویان لە سەردەمانێك دا نووسراون کە بەسەردەمی رۆمانس دادەنرێ و دەربەگایەتی تێیدا باڵا دەست بووە، لە کاتێك دا خودی رۆمان ((وەکو کاردانەوەیەك لە دژی رۆمانس و ئەو نووسراوانەی لێی پەیدابوون لە سەدەکانی شازدەو هەڤدە دا))[٣٥] نووسراوە، بۆیە ناکرێ بەرهەم گەلێك بخرێنە ناو ژانرێکی ئەدەبییەوە

(٣٠) کولن ولسن، فن الروایة، ترجمة محمد درویش، منشورات دار المؤمون للترجمة والنشر، مطبعة دار الحریة، بغداد، ١٩٨٦، ص٢٤١.

(٣١) ئیڤۆر ئیڤانس، رۆمانی ئینگلیزی لەسەرەتاوە تا زەمانی دانیال دیڤۆ، ل٨٧.

(٣٢) عربعلی رضایی، واژگان توصیفی ادبیات، ص٢٣٥.

(٣٣) جمال میر صادقی، عناصر داستان، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٥، ص٢٣.

(٣٤) والتر الن، الروایة الانجلیزیة، ترجمة، صفوت عزیز جرجیس، دار الشؤون الثقافیة العامة، افاق العربیة (مشروع نشرمشترك)، مطابع دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد، ص٦.

(٣٥) ارنولد کیتل، مدخل الی الروایة الانکلیزیة، ص٣٧.

کە خەسڵەتەکانی ئەم ژانرەیان هەڵ نەگرتبێ و هەمان ئەو ئەرکانە ببینن کە ئەم ژانرە لە ناو ئەدەبیات و لە ژیانیش دا دەیبینێ. رۆمان خۆی لە دژایەتیکردن دروست بووە، بەڵام ئەو بەرهەمانەی تر بەرهەمی تەواوکەرین، بەو مانایەی رۆمان ((کرۆکی کارەکەی دژایەتیکردنی بەرهەمەکانی پێش خۆی بووە))[٣٦]، بەڵام ئەو بەرهەمانەی دیکە کە بە بەرهەمی سەرەتایی بۆ دەسپێکی رۆمان دادەنرێن کۆمەڵە بەرهەمێکن تەواوکەری هەمان ئەو کار و ئەرکەن کە بەرهەمەکانی پێش خۆیان ئەنجامیان دەدا و لە خزمەتی هەمان ئەو بیرۆکانە دابوون کە لەو سەردەمەدا باو بوون، ئەگەرچی مەرج نییە هەر بەرهەمێك لە هەر سەردەمێك دا بنووسرێ مانای وابێ دەبێ ئەم بەرهەمە تەواو خۆی پەیوەست بکا بە سەردەمەکەوە، هەندێ جار نووسەر هەن پێش سەردەمەکەی خۆیان دەکەون و باسی کۆمەڵێك بابەت دەکەن کە لەسەردەمەکەی ئەواندا باو نییە. دەکرێ ئەم بۆچوونە لە رۆمان دا بە شێوەیەکی تر بخوێنرێتەوە، رۆمان خۆی نابەستێتەوە بە هیچ کۆت و بەندێك و لە ناویشیان دا ئەو کۆت و بەندە هزری و کۆمەڵایەتیانەی کە لەو سەردەمدا هەن. لە هەمان کاتدا رۆمان هەرگیز بەدەر نییە لە هەڵکەوتی ئەو کۆمەڵگایەی کە رۆمانەکەی لێ دەنووسرێ، بۆیە کاتێك پرسیاری ئەوە لە (نەجیب مەحفوز) ی رۆماننووسی میسری دەکەن ((رۆمانی عەرەبی رووە و کوێ دەچێ؟))[٣٧]، لە وەڵامدا دەڵێ: ((پرسیارەکە ئەوەیە کۆمەڵگەی عەرەبی رووە و کوێ دەچێ؟))[٣٨]، کەواتە کۆمەڵگە بە گشتی رووەو کوێ بڕوا و چۆن بگۆڕێ رۆمانیش بە هەمان ئاراستە دەگۆڕێ، بەڵام گۆڕانی رۆمان وەکو گۆڕانی کۆمەڵگە هەموو شتێکی چاك و خراپ لە خۆ ناگرێ، بەو واتایەی رۆمان وەکو ژیان رێگەی چاك و خراپمان پێ نیشان نادات، بەڵکو رێگا خراپەکانمان پێ دەناسێنێ و خراپییەکانی هەڵبژاردنی ئەم رێگایەمان پێ دەڵێت، لە هەمان کاتیش دا هەوڵی ئەوەمان لەگەڵ دەدات ئێمە هەمیشە رێگا چاکەکە هەڵبژێرین، یا هەموو کات لە پاڵ جیهانە خراپەکە کە لە ژیان دا هەیە جیهانێکی دیکەی چاکترمان بۆ دروست دەکات و ئەوەشمان پێ دەڵێ کە ئێمە جیهانە خراپەکەی تیایدا دەژین دەبێ رووە و ئەو جیهانەی بەرین کە خراپییەکان تیای دا زۆر کەم دەبنەوە، بەو واتایەی رۆمان هێندەی لە خراپییەکان دەدوێ لە چاکییەکان نادوێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین دوان

(٣٦) الدكتور جهاد عطا نعيسة، في مشكلات السرد الروائي، www.awu-dam.org

(٣٧) عقل عويط، في حوار غير منشور مع نجيب محفوظ ٢٥، ٩، ٢٠٠٦. www.kikah.com

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو.



لە خراپی و چارەسەرکردنی خراپییەکانی کۆمەڵگە لە ئەنجام دا بە چاکی دەکەوێتەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین رۆمان بەرهەمێکە تەنیا لە چاکییەکان دەدوێ، ئەمەش روون تر ئەوە دەسەلمێنێ کە رۆمان بەرهەمی دژەکانە.

لێرەش دا رۆمان تەنیا بەوە ناوەستێ کە ((پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ رێبازی ریالیزمیدا هەبێ))[٣٩]، بەڵکو بە تەواوی لە ناو ناخی کۆمەڵگەدا رۆدەچێت و ئاشنای تەواوی کەم و کورییەکانی نێو قولایی کۆمەڵگە دەبێت، چونکە ((پەیوەندی رۆمان لەگەڵ واقیع، پەیوەندی بە روکار یا بەدەر کەوتنی گرفت و بابەتە زۆر گشتیەکانەوە نییە، پەیوەندییەکی تەواو پێچەوانەی ئەمە، رۆچوونی قووڵ بەناو واقیعدا و تێکشکانی توێکڵی رووکاری فریودەر و گەیشتن بەوەی کە کرۆك و هەمیشەیی و رەسەنە))[٤٠]، بەڵام رەسەنییەك کە رۆمان دیاری دەکات جیاوازە لە رەسەنییەك کە کۆمەڵگە پەسەندی دەکات. کۆمەڵگە کۆمەڵێ کۆت و بەند و سنووری بۆ هەر بابەت و شتێك داناون کە تاکی کۆمەڵگە ناتوانێ لەم سنورانە تێپەڕێ، بەڵام رۆمان ئەو سنوورانە و ئەوەی لە رێگای ئەو سنوورانەوە دەبینێت بە روکاریان دا دەنێت، بۆیە ئەو مامەڵەی لەگەڵ ئەوانەدا نییە، بەڵکو تێکیان دەشکێنێ بۆ ئەوەی بگات بەو شتە شاراوە و پەنهانانەی کە لەو دیوی ئەو سنوورانە دا هەن، کەواتە پەیوەندی رۆمان لەگەڵ کرۆکی واقیعدایە نەك لەگەڵ رووکارەکەی. لە ناو ئەم کرۆکەش دا مرۆڤ گرنگترین شتە، بۆیە ((بابەتی سەرەکی رۆمان مرۆڤی هاوچەرخە))[٤١] و لەو خەسڵەت و تایبەتمەندی و ئارەزوو، و جیهان بینییە تازەیە دەدوێ کە تاکی هاوچەرخ هەڵیگرتووە و ئەو تاکە دەیەوێ لە مەودوا ژیان بەو شێوەیە بێ و خۆی لەو کۆت و بەندانە رزگار بکات کە لە کۆمەڵگەدا هەن. (عەلی محەمەد حق شناس) پێیوایە: ((پەیدابوونی رۆمان بە هۆی کۆمەڵێك ئەنجامی تاکە مرۆڤێك بوو لە تێکشکاندنی کۆتی کۆن و دەست و پێ بەستی کۆمەڵگە کۆنەکان و هەوڵ و کۆششی ئازاد و بێ مەرجی ئەو تاکە مەبەستی بووە

(٣٩) الدكتور مكارم الغمرى، الرواية الروسية فى القرن التاسع عشر، سلسلة كتب عالم المعرفة، مطابع الانباء، الكويت، بدون سنة الطبع، ص٢٩٩.

(٤٠) الدكتور جهاد عطا نعيسة، في مشكلات السرد الروائي، www.awu-dam.org

(٤١) نصر الله پور جوادی، بیست وپنج مقاله در نقد کتاب، انتشارات مرکز نشر دانشگاهی، چاپ اول، چاپخانه نوبهار، تهران، ١٣٧٥، ص٣٠١.

پەیدابووە))[٤٢]، بۆیە رۆمان دەبێتە دەربڕی تەواوی ئەو ئارەزوانەی تاك لە کۆمەڵگەدا هەیەتی و هەوڵی بەدەست هێنانیان دەدات، لە هەمان کاتیش دا لە تێکشکاندنی ئەو سنوورانەی کە تاك دەیانشکێنێ، ئەو دێ هەڵوێستی نوێ و هاوچەرخیان لەسەر دروست دەکات، بەڵام ئەو تاکە هەمان ئەو تاکە نییە کە لەداستان دا بینیمان، چونکە لە داستان بەهۆی زاڵبوونی بیری گشتی تاك دەبێ بە نوێنەری تەواوی گەلەکەی خۆی، کەچی لەناو رۆمان دا و بەهۆی بیری تاکگەرایی تاك نوێنەرایەتی خۆی دەکات و دەکرێ خەڵکی تری وەکو ئەویش لە ناو کۆمەڵگەدا هەبن، بۆیە (هیگڵ) ((رۆمانی سەدەی هەژدەهەم بە داستانی نوێی بۆرژوازی دادەنێ))[٤٣] و گۆڕانێکی گەورەو ریشەیی لە مێژووی ئەدەبیات دا دروست دەبێت و ژانرێکی ئەدەبی دروست دەبێت کە خزمەتکاری دەسەڵاتداران و دەرەبەگەکان نییە، ئەگەرچی ئەوانیش وەکو ئەدەبیات دەتوانن سوودی لێ ببینن، بەڵام نەك ئەرکی خزمەتکردنی خۆیان و بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان بەکاری بێنن. رۆمان پارێزەری چینێکی دیکەیە ئەوەیش چینی بۆرژوایە و رۆمان وەکو ((ئامرازێك بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی دژی دەستەی دەرەبەگەکان و فریودەران و رقهەڵگران دانرا، هەروەها چەکێکی میللی مەترسیدار بوو بۆ تێکۆشان لە دژی چەوساندنەوە و پرۆتستۆکردنی ئەو واقیعەی کە هەبوو))[٤٤]. لە رۆمان دا گەل دەتوانێ قسە بکات و دەسەڵات گوێ بگرێ. تاك بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و لە خۆی دەدوێت.

(ئارنولد کیتل) پەیدابوونی رۆمان دەبەستێتەوە بە ((پاشەکشەی ستەمی دەرەبەگایەتی و جۆراو جۆریەتی ئەو شۆڕشانەی لە سەدەی شازدەهەم و هەڤدەهەم دا کراون))[٤٥] لێرەشدا لەگەڵ (میخایل باختین) هاوڕا دەبن هەرچەندە (باختین) بە شێوەیەکی دیکە دەیەوێ لە پەیدابوونی رۆمان بدوێ و پەیوەستی دەکات بە ((هەڵکشانی شەپۆلی میللەت بۆ شانۆی رووداوی مێژوویی، یا بە دەستهێنانی گەل بۆ ناسنامە و ئامادەبوونی لە مێژووی کۆمەڵگەدا))[٤٦]. بەر لە پەیدابوونی

(٤٢) زبان و ادبی فارسی در کذرگاه سنت و مدرنیته، مؤسسه انتشارات آگّاه، چاپ اول، تهران، ١٣٨٣، ص٤٠.

(٤٣) الدکتور عبدالملك مرتاض، الروایة جنسا ادبیا، ص١٢٦.

(٤٤) الدکتور جمیل حمداوی، مدخل الی نظریة الروایة، www.aklaam.net

(٤٥) علی محمد حق شناس، زبان و ادبی فارسی در کذرگاه سنت و مدرنیته، ص٥٩.

(٤٦) محمد کامل الخطیب، الروایة والیوتوبیا، دار المدی للثقافة والنشر، سوریا — دمشق، ١٩٩٥، ص٢١.



رۆمان، یا راستتر بڵێین بەر لەوەی چینی بۆرژوا یا میللەت خۆی بدۆزێتەوە و هەست بە بوونی خۆی بکات و دواتریش بێت بۆ سەپاندنی خۆی شۆڕش و تێکۆشان بکات، شتێك نەبوو بەناوی میللەت، وەك ئەوەی رێز لە بیروبۆچوونی بگیرێ یا مافی هەبێ لە دیارکردنی چارەنووسی خۆی، بەڵکو هەموو دەسەڵاتەکان دەسەڵاتی دەرەبەگ بوون و میللەتیش تەنیا ئەو کاتە مانایەکی دەبوو کە داردەستی چینی دەسەڵاتدار بووایە، بۆیە دەکرێ بڵێین هەموو ئەو هەوڵدان و جوڵانەوانەی لە سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەمدا هەبوون لە سەدەی هەژدەهەمدا گۆڕانیان بەسەر داهات، بەڵام گۆڕانەکان ریشەیی نەبوون، چونکە ((شارستانییەتی سەدەی هەژدەهەم شارستانیەتی ئۆرستۆکراتی و پیاو ماقوڵان بوو))[٤٧]، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەم دا و بەتایبەتی دوای شۆڕشی فەرەنسا، چینی ئۆرستۆکراتی بە تەواوی پاشەکشەی کردوو میللەت و بیروباوەڕی میللەت شوێنی ئەوی گرتۆتەوە، دەسەڵات کەوتە دەستی چینی بۆرژوا ((ئەگەریش لوتکەی پێشکەوتنی بۆرژوازیەت و مرۆڤ بە گشتی لە سەدەی نۆزدەهەم دا رووی دابێ، ئەوا رۆمان ئەم سەدەیەی بە هەموو لایەن و وردەکاری و گرفت و ململانێکان، بە هەموو سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانییەوە پێشکەش کرد))[٤٨] ئەمەش دووپاتی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان رۆمان و ئەو سەردەم و ژینگەیە دەکاتەوە رۆمان تیایدا سەری هەڵداوە، بۆیە کاتێك (جان فیل) لە بارەی رۆمانەوە دەدوێ، دەڵێ: ((سەرەکیترین هەڵە کە سەدەی گێلی نۆزدەهەم لە بواری ئەدەب تێیکەوتووە، ئەوەیە وای لە رۆمان کرد ببێتە بەرهەمێکی هونەری، یا تەنیا لایەنە هونەریەکەی رۆمانی بینی))[٤٩]، رۆمان سەرەڕای ئەوەی لەرووی ئەدەبییەوە بەرهەمێکی مەزنە، لە لایەنەکانی دیکەی ژیانیش کاریگەرییەکی زۆری هەیە، رۆمان لە بوارێك بدوێ بەسەر پێیی بەسەری دا ناڕوا، بەڵکو بە تەواوی رۆ دەچێتە ناو ناخی بابەتەکە و هەموو لایەنەکانمان بۆ باس دەکات، لەبەر ئەوەی رۆمان کۆت و بەربەستی وای لەسەر رێگا نین رێی ئەوەی لێ بگرن نەتوانێ بە وردی لە بابەتەکان بدوێ.

(٤٧) احمد ابراهیم هواری، البطل المعاصر في الروایة المصریة، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الحریة للطباعة بغداد- ١٩٧٦، ص٣٣.

(٤٨) کامل الخطیب، الروایة والیوتوبیا، ص٤٢.

(٤٩) ر. م. البیریس، تاریخ الروایة الحدیثة، ص٢٦٠.

(وليام ڤان ئوكونور) دەڵێ: ((رۆمان بەر لەوەی شێوەیەكی دیاری كراو بێت، دەربڕی سەردەمێكی دیاریكراو بوو))[٥٠]. لە تەواوی ئەو شتانە دەدوا كە حەزی دەكرد لێیان بدوێ، یان راستتر بڵێین هەر شتێك و دیاردەیەك لەو سەردەمەدا هەبووبێ دەكرا رۆمان وەكو بابەت بۆ خۆی هەڵبژێرێ و بە پێچەوانەش هەر بابەتێك دەكرا رۆمان بكا بە دەربڕی خۆی. كەواتە كۆمەڵگاو رۆمان تەباییەكی زۆریان لە نێوان دا هەیە، بە هەمان شێوەش هزری نوێ و رۆمانیش تەبان. ئەم دووانەش بوونە هۆی ئەو پەرەسەندنە گەورەیەی رۆمان. كۆمەڵێ هۆكاریش هەن وایان لە رۆمان كرد بگات بەو پلەیەی كە لە سەردەمەكەی خۆیی و ئێستاش پێی گەیشتووە. بێگومان ئەگەر ئەم هۆكارانە نەبوونایە رۆمان هەرگیز نە دەگەیشتە ئەو پلەیەی كە پێی گەیشتووە. لە وانە زیادبوونی رێژەی خوێندەواران بە تایبەتی ئافرەت و لە گەڵیشیدا زیادبوونی رێژەی ئەو كتێبانەی بڵاودەكرانەوە.لەم بارەیەوە (ئیان وات) دەڵێ: ((رێژەی ئەو كتێبانەی لە ماوەی ساڵێك دا بڵاو دەكرانەوە چوار هێندی ئەو كتێبانە بوون كەپێشتر لە ماوەی سەدەیەك دا بڵاو كرابوونەوە))[٥١]، ئەوەش روونە كە پەیوەندییەكی تۆكمە و دوو لایەنە هەیە لە نێوان رێژەی كتێب و رێژەی خوێندەواران، بەو واتایەی تا رێژەی خوێندەواران زۆر بێ رێژەی كتێب خوێندنەوە و كڕینی كتێبیش زۆر دەبێت. لێرەدا رێژەی ئەو كتێبانەی كە بڵاودەكرێنەوە زیاد دەكات. زیادبوونی رێژەی خوێندەواریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ((رۆمان لە سەدەی هەژدەهەم لە توانای ماددی چینی ناوەڕاست نزیكتر بوو لە چاو جۆرە ئەدەبییەكانی دیكە و نووسراوە هزریە رێزدار و باوەكانی ئەوسا))[٥٢]. رۆمان وەكو سەرچاوەیەكی زانیاری لەلایەن چینی ناوەڕاست بە كار دەهات، ئەوان توانای كڕینی كتێبی دیكەیان نەبوو كەنرخەكەی لە توانای ئەوان دا نەبوو، بۆیە پەنایان دەبردە بەر رۆمان. لەگەڵ زیاد بوونی رێژەی ئەو خوێندەوارانەش بێگومان داواكاری لە سەر زیادبوونی تیراژی كتێب زیادی كرد، دەركردنی ئەم رێژەیەش لە تیراژی كتێبەكان بە دەست نووس لە توانادا نەبووە، بۆیە بە ناچاری پەنا براوەتە بەر ئامێری چاپ و بەمەش رۆمان بووەتە ((تاكە نموونەی ئەدەبیی كە

(٥٠) وليام فان اوكونور، اشكال الرواية الحديثة، ترجمة نجيب المانع، دار الرشيد للنشر-دار الحرية للنشر، بغداد، ١٩٨٠، ص١٦٣.

(٥١) ظهور الرواية الانكليزية، ص٤٢.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.



بە شێوەیەكی جەوهەری بە هۆكاری چاپ بەستراوەتەوە))[٥٣]، بۆیە رۆمان بە ((پلەی یەكەم بە ئەنجامی ئامێری چاپ دادەنرێت))[٥٤]. قەبارەی رۆمان گەورەیە و، وەك گوتم پێویستیشی بە تیراژی زۆر هەبووە، بۆیە تاكە چارەسەرێك بۆ رۆمان ئامێری چاپكردن بووە. ئەوانەش كە رۆماننووس بوونە هەر لە سەرەتاوە ((رۆمانیان نووسی وایان دانا كە دەقاو دەق كارێكی ئەدەبییە و بۆ چاپكردن ئامادە كراوە))[٥٥]. كەواتە دەتوانین بڵێین بوونی رۆمان تا رادەیەكی زۆر بەسترابووەوە بە بوونی ئامێری چاپكردن و ئەگەر ئەو نەبووایە ئەمیش بەم شێوەیە نەدەبوو.

لایەنێكی دیكە كە یارمەتی چەسپاندنی رۆمانی دا وەكو ژانرێكی ئەدەبی، بوونی ئەو پەیوەندییە بوو كە لە نێوان رۆمان و بازرگانی دا هەبوو. وەكو گوتمان كە رۆمان رێژەیەكی زۆری خوێنەرانی هەبوو، چاپكردنی كتێبیش بۆ ئەم ژمارەیەی خەڵك لە رێگای ئامێری چاپەوە كارێك بوو ئاستەنگی زۆری لەبەر نەبوو. لە بەرانبەردا ئەو خەڵكەی ئەو رۆمانانەی دەكڕی، پارەكەی بۆ رۆماننووسان و خاوەن چاپخانەكان بوو ئەگەریش ((ریچاردسۆن كە یەكەمین رۆماننووسە لە ئەدەبی ئینگلیزی خاوەنی چاپخانە بووبێت))[٥٦] ئەوا كارەكە ئاسان تر دەبێت و رەوتی پێشكەوتنی رەگەزە ئەدەبییەكەش زیاتر دەبێت. ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لەلایەن هەندێك كەس خراپ خوێندراوەتەوە رۆمانیان بە ((ئارەزووی تاكە كەسی و سەرەڕۆیی لەخۆشەویستی))[٥٧] داناوە، و پێشیان وابووە كە رۆمان لە سەردەستی كەسانێك سەری هەڵداوە بە تایبەتی یەكێكی وەكو(ساموێل ریچاردسۆن) كە ((لای ئەو هونەر و تیۆرەكانی ئەدەب هیچ مانایەكیان نەبووە، ئەو بەرێزێك نەبووە، بەڵكو بازرگانێك بوو كاری لەگەڵ كاڵاكان بووە))[٥٨]، بەڵام ئەوەی بەرهەمی رۆماننووسە سەرەتاییەكان بخوێنێتەوە تێدەگات كە تاكە كێشەی ئەوان پارە پەیداكردن نەبووە، بەڵكو چارەسەركردنی كۆمەڵێك كێشە كۆمەڵایەتی یا كەسی بووە. ئەگەر چی ئەمە رەتی ئەوە ناكاتەوە كە رۆماننووسان

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

(٥٤) ف.ف. كوزينوف، الرواية ملحمة عصر الحديث، ص٨٥.

(٥٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

(٥٦) ايان وات، ظهور الرواية الانكليزية، ص١٢٢.

(٥٧) ياسين النصير، القاص والواقع، منشورات وزارة الاعلام، مطبعة دار الساعة، بغداد، ١٩٧٥، ص١٣٩.

(٥٨) والتر الن، الرواية الانجليزية، ص٣٠.

له ڕێگەی نووسینی ڕۆمانەکانیان پارەیان دەست کەوتووە ئەمەش وەك هەر کارێکی دیکە کە پارەی لێ دەست دەکەوێت کارێکی ئاسایی یە.

هەروەها پەیوەندی ڕۆمان لەگەڵ ڕۆژنامەدا هۆکارێکی دیکە بوو لە پێشکەوتنی ڕۆماندا و ((ڕۆمان لەگەڵ ڕۆژنامەگەری دا گەورە بووە))[٥٨] و لە سەرەتادا بەشەکانی ڕۆمانە سەرەتایی یەکان لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەبووە وە، ئەمەش یارمەتی دەرێك بوو بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی نەیان دەتوانی ڕۆمان بکڕن لە ڕێی ڕۆژنامەکانەوە  بە بەرهەمی نوێی ڕۆماننووسان ئاشنا بن.

کەواتە کۆمەڵێك لایەن کە ڕۆمان پەیوەندییەکی دروستی لەگەڵیاندا هەیە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆمان و ڕۆمانیان گەیاندە ئەم قۆناغەی ئێستای.

## ب- مێژوو و ژینگەی سەرهەڵدانی داستان و ڕۆمان لەناو کورددا:

### ١- مێژوو، و ژینگەی سەرهەڵدانی داستانی کوردی:

لە ئەدەبیاتی کوردیدا، کۆمەڵێ داستان هەیە کە دەکرێ بکرێن بە دوو جۆرەوە:  داستانی فۆلکلۆری و داستانی نووسراو.

لەرووی بابەت و ناوەرۆکەوە هەندێ داستان هەیەکە هاوبەشە لەنێوان چەندین نەتەوەدا، بەو واتایەی نەتەوەیەك خاوەنی سەرەکی داستانە ڕەسەنەکەیە و ڕووداوەکان لە ناو ئەو میللەتەو لەسەر خاکی ئەواندا ڕوو یداوە و نەتەوەکانی تری دەوروبەری لێیان وەرگرتووە.((سەرچاوەی چیرۆکە شیعرییەکان لای کورد و لای هاوسێکانی لە دوو جێگاوە هەڵدەقوڵێن، یەکێکیان لە ناوەوەیە، واتە خۆماڵی، ئەوی دیکەیان لە دەرەوەیە واتە بێگانە))[٥٩]، بەڵام هەردوو جۆرەکە بە ئەدەبیاتی داستانی ئەو نەتەوەیە دادەنرێن کە زمانی ئەوان بۆ داڕشتن یا داڕشتنەوەی داستانەکە بەکارهاتووە.

لە ناوکورداندا داستان ((بەرهەمی پاش ئەفسانە و قۆناغی بەرەو وردبوونەوەو ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی هەڵوێست و مرۆڤە پاڵەوانەکانیشی سەر بە هەواری بیری خۆیانن داستان ئەوەندەی بەرەو بە مرۆڤ دەدات ئەوەندە دینداری ناخاتە بەرکار و خەمی پێشەوەی))[٦٠]، ئەم  بۆچوونەش تا ڕادەیەك

(٥٨) ر. م. البيريس، تاريخ الرواية الحديثة، ص٨٦.

(٥٩) دوکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل٣٢٨.

(٦٠) خالید جوتیار و ئەوانی تر، فۆلکلۆر، بەشی یەکەم، چاپخانەی(الحوادث)، هەولێر — ١٩٨٤، ل٧.



ڕاستە، بەڵام لە لایەنی دینداریێەوە تەنانەت لای کوردیش ناکرێ ئەو گوتەیە پەسند بکەین.  لە ناو کورد دا داستان هەیە زۆر بە زەقی لایەنی ئایینی تێدا دیارە و باشترین نموونەش (مەم و زین) ی (ئەحمەدی خانی) یە کە ئایینی ئیسلام و تەسەوفی ئیسلامی زۆر بەڕونی تێدا دەرکەوتووە.

لایەنی دووەم ئەوەیە، داستانی (مەمی ئالان) کە بنچینەشە بۆ داستانی (مەم و زین) زۆر لەوە کۆن ترە کە هەندێك مێژووەکەی بۆ ((٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا))[٦١] دەگەڕێننەوە، چونکە ئەگەر ئەم داستانە لە بنچینەدا پەیوەندی بە ئایینی زەردەشتی یەوە هەبێ هەروەك لە ناوەڕۆکەکەی دا بەدیار دەکەوێت، ئەوا ئایینی زەردەشتی زۆر لەو چوار سەد ساڵە کۆنترە کە (ڕۆژەلیسکۆ) بناغەی (مەم و زین) ی بۆ دەگەڕێنێتەوە، بێگومان بوونی پەیوەندی ئەم داستانە بە ئاینی زەردەشتییەوە تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە ئەو داستانە چاکە و خراپەی تێدایە، ئەگەر وابێ ئەوا لە هەموو ژیان دا چاکەو خراپە بەدی دەکرێ (ئەگەر چی زەردەشت یەکەم کەس بووە ئەم دوو تومخەی بە بناغەی ژیان دابنێت)، بەڵام پەیوەندی ئەم داستانە بە ئایینی زەردەشتییەوە لە شێواز و چۆنیەتی ئەو ململانێیە دیارە کە لەداستانەکەدا لەنێوان خێر وشەڕدا بەرپابووە.

(خانی) ئەو فەلسەفەیەی زۆر قوڵتر کردووە و لەگەڵ ئایینی ئیسلام دا تێکەڵی کردووە و بۆ ئەمەش بەتەواوی سوودی لە (مەمی ئالان) ی فۆلکلۆری وەرگرتووە. (خانی) هەوڵی داوە لەڕێی ئەم داستانەوە بیری نەتەوایەتی بەناو خەڵکیدا بڵاوبکاتەوە و تێیان بگەیەنێ هەر نەتەوەیەك لە سەرەتادا پێویستی بە یەکگرتن و یەك پارچەیی هەیە و دواتر پێویستیان بە دروستکردنی دەوڵەت و ڕزگار بوون لە دەستی داگیرکەران هەیە، چونکە زیاتر لە سەدەیەك بەر لە لە دایك بوونی (خانی) ((عوسمانییەکان لە شەڕی چالدێرانی ساڵی ١٥١٤دا سەرکەوتن...یەکێك لە ئەنجامە هەرەگەورەکانی ئەم شەڕە، چوونی بەشی هەرە گەورەی کوردستان بوو بۆ ژێر دەسەڵاتی عوسمانی))[٦٢]. بۆ یەکەم جار خاکی کوردستان دەبێتە دوو بەش و لەگەڵیشی دا بە ناچاری میللەتی کورد دەبێتە دوو پارچە، پارچەیەکیان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فارسەکان و پارچەکەی

(٦١)  ڕۆژە لیسکو فەرانسەوی، ئەفسانەی مەمی ئالان ئەمیری کوردان، جلد ٢، وەرگێڕانی لەفەرەنسی بۆ زاری موکریانی —محەمەد ڕەیانی، وەرگێڕانی بادینی سەید جەلالی نیزامی، کتابخانەی ملی ایران، اینتشاراتی: آرویج، تاران ٢٧٠٣، بێ ژمارەی لاپەڕە.

(٦٢)  دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی عوسمانی دا، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی-٢٠٠٤، ل٢٣.

دیكەش دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەكان، ئەوانەی ((ژێر دەستی عوسمانیەكان ئۆتۆنۆمی، هێمنی و خۆش بژیەتیان هەبوو ئەوەش هەلی ئەوەی بۆ رەخساندن كە ببنە پشتیوان و هاندەری هونەر و زانست))[٦٣]. بێگومان ئەمەش لە سەرەتاكانی دابەشكردنی كوردستان دا بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێ ((قوتابخانەیەكی شیعری نوێ... لە سەر دەستی مەلای جزیری و فەقێ تەیران و عەلی حەریری دامەزرا))[٦٤] و زەمینەی سازكرد بۆ دروستبوونی زمانێكی ئەدەبی كە دوای ئەمانیش (خانی) هەمان زمانی لە(مەم و زین) دا بەكارهێنا.

(خانی) لە رێگای داستانەوە كۆمەڵێك بابەتی نەتەوەیی وروژاندووە كە ئەمە داستانەكەی ئەو بە تایبەتی و داستانی كوردیش بە گشتی لە داستانی نەتەوەكانی دیكە جیادەكاتەوە. داستانی گریكەكان و ئەوانەی دوای ئەوانیش باسیان لە پاڵەوانە نەتەوەییەكانیان دەكرد، بەڵام نەك لەو رووەوە كە بیانەوێ لەرێگەی ئەوانەوە بیری نەتەوەیی بخەنە بەر باس و خوێنەرانی خۆیانیان پێ ئاشنا بكەن، ((بەراستی بابەتی دەوڵەتی نەتەوەیی لەقۆناغەكانی سەرەتای پێشكەوتنی داستان و لە داستانە كۆنەكاندا باسی نەكراوە))[٦٥]، بەڵام (خانی) ئەم ئەركەی خستە ئەستۆی داستان. لەبری ئەوەی داستان بكات بە تۆمارێك بۆ پاراستنی بەسەرهاتی دڵدارییەك، بیری نەتەوەیی خستۆتە ناو داستانەكەی، تا لەرێگەی ئەم بیرەوە نەتەوەكەی بتوانێ مێژوویەك بۆ خۆی تۆمار بكات. هەروەها لایەنێكی دیكە كە وای لە (خانی) كردووە ئەم داستانە بەم شێوەیە بهۆنێتەوە مەسەلەی زمانە. وەك ئاشكرایە لە سەرەتادا زمانی فەرمی هەتا لەنێو خودی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا زمانی فارسی بووە، بەڵام ((لە ئەستەموڵ لەسەدەی ١٦ هەم بەم لایەوە وردە وردە زمانی توركی عوسمانی وەكو زمانی دەرباری و دەربڕینی زانایانە جێی فارسی دەگرێتەوە))[٦٦]، رەنگە ئەوەش وەكو

(٦٣) مارتین ڤان برادنێن، مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دەوری لە دەركەوتنی وشیاری نەتەوایەتی كورد دا، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، گۆڤاری ئێستا، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٩٧، ل٢٩.

(٦٤) الدكتور عزالدین مصطفى رسول، احمدي خاني(١٦٥٠-١٧٠٧) شاعرا و مفكرا فیلسوفا و متصوفا، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٩، ص٤٧٠.

(٦٥) ف.م.جیرمونوفسكی، الدراسات الادبیة المقارنة، ترجمة الدكتور عزالدین مصطفى رسول، الجزء الاول، السلیمانیة ٢٠٠٠، ص٢٨٧.

(٦٦) مارتین ڤان برادنێن، مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دەوری لە دەركەوتنی وشیاری نەتەوایەتی كورد دا، ل٢٨.



كاردانەوەیەك لای بیرمەند و شاعیرانی كورد كەوتبێتەوە، لە ناویشیان دا (خانی) كە ویستوویەتی پەرە بە زمانی كوردی بدات و وای لێ بكات شان بە شانی زمانی نەتەوەكانی دیكە بوەستێ و ئەوە بسەلمێنێ كە زمانی نەتەوەكەی ئەو هیچی كەمتر نییە لە زمانی نەتەوەكانی دیكە. (خانی) بەوەندە نەوەستاوە، بەڵكو لە رێی (مەم و زین) ەوە ئەوەشی سەلماندووە كە دەكرێ زمانی كوردی بۆ دەربڕینی هەموو هزر و بۆچوونێك بەكاربهێنرێت.

## ٢– مێژوو، و ژینگەی سەرهەڵدانی رۆمانی كوردی:

وەك ئەوەی كۆمەڵێك هۆكار بوونە هۆی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی رۆمان لە ئەدەبیاتی میللەتانی دونیادا، ئاواش كۆمەڵە هۆكارێك بوونەتە هۆی ئەوەی لە ئەدەبیاتی كوردیش دا رۆمان سەرهەڵبدات كە رەنگە لە زۆر شوێندا هۆكارەكان وەكو یەك بن لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازیدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیكی رۆمان لە واقیعی هەر كۆمەڵگایەك و ژیانی تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایە. ئەو هۆكارانەش خۆیان لە ((هۆكاری سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی كوردی و سەرهەڵدانی رێكخراو و بزوتنەوەی فیكری و بزوتنەوەی نەتەوایەتی دەدۆزنەوە))[٦٧] هەروەها پەیدابوونی گۆڤار و رۆژنامە بەزمانی كوردی و پەیدابوونی چیرۆكی هونەری و بوونی فۆلكلۆرێكی نەبڕاوەی كوردی.كەواتە سەرهەڵدانی رۆمان لەناوكورددا پەیوەستە بە نوێ بوونەوە یا هەوڵدان بۆ هێنانەكایەی گۆڕان و نوێكاری لە هەموو لایەنەكانی ژیان دا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ كە رۆمانی كوردی هیچ كاریگەریەكی فۆلكلۆری بەسەرەوە نییە((هونەری رۆماننووسین بەر لەوەی لە منداڵدانی چیرۆكەوە لەدایك ببێ و گەشەی كردبێ، هەوێنی سەرەكی لە داستان و سەرگوزشتە و حیكایەتی میللی و فۆلكلۆریەكاندا دەسگیر كردووە))[٦٨]، كە ئەمانەش هەندێكیان بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ كاریگەریان لە سەرسەرهەڵدانی رۆمان دا هەبووە بەوەی بوونەتە هۆی بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاری و فراوانكردنی فەرهەنگی وشەی رۆماننووس كە پێویستییەكی گرنگ و مەرجی سەرەكین بۆ بوون بە رۆماننووس، و داستان و لاوكیش بە شێوەیەكی راستەوخۆ كاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدان و دروست بوونی رۆمانی كوردی هەبووە. لەم بارەیەوە (عبدالرحمن پاشا) دەڵێ: ((بۆ رۆمان رەگمان لە حیكایەتی

(٦٧) دكتۆر موحسین ئەحمەد عومەر، شڤانێ كوردی وەك یەكەمین رۆمانی كوردی، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە(٣٣) تەمووزی٢٠٠٦، ل١٨.

(٦٨) تەها ئەحمەد رەسووڵ، رۆمان هەڵوێستی مرۆڤایەتی و كێشەی سەردەم، گۆڤاری رامان، ژمارە(٥)، ١٢ ی تەمموزی١٩٩٧، ل٤٩.

میللی و ئەفسانەیی و چیرۆکی شیعری وەکو لاوك و هەردوو داستانی مەم و زین و شیرین و فەرهادو ئەوانی تردا هەیە))[69] و بە سوود وەرگرتن لەوانە و ئەو تەکنیکانەی کە لە ڕۆمانی ئەوروپی دا هەبوون زەمینەیەکی لە بار ڕەخسا بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی.

هەروەها دەرچوونی ڕۆژنامەو لەرێی ئەویشەوە گەشەکردنی پەخشانی کوردی کاریگەریان لەسەر سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی هەبووە. زمانی ڕۆمان زمانی پەخشانە و پەخشان پێویستی بە ناوەندێك هەیە بۆ ئەوەی لێی بلاو بکرێتەوە، لە ئەدەبی کوردیدا ئەو ناوەندە ڕۆژنامە بووە.

ڕۆژنامەی کوردستان ((یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بووە لەساڵی ١٨٩٨ز لە قاهیرە دەردەچوو))[70] دەورێکی باشی بینیوە لە بلاو کردنەوە و چەسپاندنی پەخشانی کوردی. ئاشکرایە ڕۆژنامە بە پەخشان دەنووسرێ، هەرچەندە (کوردستان) لە خاکی وڵات دەرنەچووە، بەڵام هۆکار بوو بۆ دەرچوونی کۆمەڵێك ڕۆژنامە کە دوای ئەو دەرچوون. هەروەها((دامەزراندنی چاپخانەی بەلەدییە لە سلێمانی و زاری کرمانجی لە رەواندوز بۆ چاپەمەنی کوردی و دەرکردنی(١١) یانزە ڕۆژنامە و گۆڤار لەماوەی کەمتر لە دەساڵدا(١٩١٨-١٩٢٧ز)))[71] ئەمانەش مەودای بڵاوکردنەوە و چاپکردنی هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانیان فراوانتر کرد. هەروەك (عەرەبی شەمۆ) وەك یەکەمین ڕۆماننووسی کورد خۆی ((ڕۆژنامەی کوردی (رێیا تازە) دادەمەزرێنێ خۆشی یەکەم سەرنووسەربووە))[72]، دەرچوونی ئەو ڕێژە بەرچاوەی ڕۆژنامە لەلایەك کاریگەری هەبووە لەسەر ئاستی هۆشیاری خەڵك و لەلایەکی دیکەوە سنووری بەکارهێنانی پەخشانی وەك ئامرازێکی گەیاندنی زانیاری فراوانتر کرد.

یەکەمین ڕۆمانی کوردی لەکوردستانی باشوور کە (ژانی گەل) ی (ئیبراهیم ئەحمەد)ە ((لە ساڵی ١٩٦٩ بۆ یەکەم جار لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (رزگاری) کە لە سلێمانی دەر ئەچوو چەند بەشێکی لێ بڵاو کراوەتەوە))[73]. کەواتە ڕۆژنامەی کوردی کاریگەری هەبووە لەسەر سەرهەڵدانی ڕۆمان لەناو کورددا، دەورێکی باشی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە پەخشان دەنووسران.

(٦٩) الرواية الكردية، ص٤٣.

(٧٠) ئیبراهیم قادر محمد، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ئەیلول١٩٩٠، ل٣.

(٧١) سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

(٧٢) دکتۆر موحسین ئەحمەد عومەر، شڤانێ کوردی وەك یەکەمین ڕۆمانی کوردی، ل٢٩.

(٧٣) ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، بلاوکردنەوە و پێشەکی د.کمال فواد، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٧٣، ل٢٤٩.



هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی ئەو بارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە کە کورد لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوودا پێیدا تێپەڕیوە.

لێرەدا پرسیارێك خۆی بەرەو روومان دەکاتەوە، ئایا کۆمەڵگەی کوردی لە سەروبەندی نووسینی یەکەمین ڕۆمانی کوردی گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی ببێتە کۆمەڵگەیەکی بۆرژاوزی یا نیمچە بۆرژوا؟

دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بە بەڵێ بدەینەوە. لایەنە سیاسیەکە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ژیانی کوردانەوە هەبوو لەوانە کوردەکانی سۆڤیەت کە ((راستەوخۆ چەند ساڵێك دوای شۆڕشی(ئۆکتۆبەر) دەبنە خاوەنی ئۆتۆنۆمیەکی بەربلاو))[74] کە دەبێتە مایەی پتر هۆشیاری خەڵك و بوونی باوەڕی زیاتریان بەوەی کە کورد وەکو نەتەوەیەك شایەنی هەموو شتێکە و تاکەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردیش شایەنی ئەوەن وەکو تاك دەربکەون و بەبیری خۆیان کار بکەن و بژین نەك بە بیری کەسانی دیکەی وەکو ئاغا و دەرەبەگەکان.

دوای ئەو گۆڕانەی یەکیەتی سۆڤیەتیش لە پارچەکانی تری کوردستانیش گۆڕانکاری دروست بوو لەوانە((ئۆرگانیزە بوونی باشتری بزوتنەوەی سیاسی کورد کە ئەمەش ڕاپەرینەکەی شێخ مەحموودی حەفید و سمکۆو ڕاپەرینی ئارارات و سەرهەڵدانی حزبی خۆیبوون لە باکوری کوردستان و هیوا لە کوردستانی باشوور))[75] ی لێکەوتەوە. ئەمانەش هەموویان زیاتر پشتیان دەبەست بە تاکە ئاسایەکانی کۆمەڵگە. زۆربەی دەرەبەگەکان داردەستی حکومەتەکانی دژی ئەو شۆڕشانە بوونە بۆ ئەوەی موڵك و سامانیان پارێزراو بێت، لێرەشەوە سەنگ و قورسایی کرێکار و جوتیاری کورد و تاکی کورد بە گشتی بەدیار دەکەوێت کە بووە هۆی ((لاوازی دەسەڵاتی چینی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی چینی بۆرژوای بچووك))[76]، کەواتە بۆرژوازیەت وەك ئەوەی لەناو زۆرینەی میللەتان دا هۆکار بووە بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمان لە ناو ئێمەی کوردیش بە هەمان شێوە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕۆمانە و ڕۆمانی کوردی یەکێکە لەئەنجامەکانی بۆرژوازیەت.

(٧٤) دکتۆر موحسین ئەحمەد عومەر، شڤانێ کوردی وەك یەکەمین ڕۆمانی کوردی، ل٣٠.

(٧٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٧٦) عادل مەجید گەرمیانی، ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، ل٢٤.

## تەوەری سێیەم
## شێوازی گێڕانەوە لە داستان و ڕۆماندا

### أ- شێوازی گێڕانەوە لە ڕووی تیۆریەوە:

### ١– شێوازی گێڕانەوە لە داستاندا:

داستان ((شێوازێکی شیعرییە))[1]. بە شیعر دەنووسرێ و شیعریش کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندی هەن کە لە پەخشان جیای دەکەنەوە. یەکێك لەو خەسڵەتانەی شیعر هەیەتی بوونی کێشە کە لەلایەك جۆرە ئاوازێکی خۆش بە دەقەکە دەبەخشێ و لەلایەکی دیکەشەوە ڕێکخستنی وشە و ڕستەکان بە شێوەیەکی گونجاوی وەك یەك دەگرێتە ئەستۆ.((شیعر شێوازێکە پشت بە کێش دەبەستێ))[2] و کێشی داستانیش پێویستە کێشێکی زۆر درێژ و قورس نەبێ و شاعیر بتوانێ بە ئاسانی سەودای لەگەڵدا بکات. دەقی داستان دەقێکی درێژەو ئەگەر بەتەواوی لەگەڵ سروشتی ئەو زمانە و سروشتی ئەو بابەتە نەگونجێ کە لە داستان دا بەکاردێ، ئەوا ناتوانرێ داستان بنووسرێ یا شاعیر ناتوانێ داستانەکەی بهۆنێتەوە و هۆنینەوەی زیاتر لە دوو هەزار دێر کە جاری وا هەیە ئەم ژمارەیە زۆر زیاتریش دەبێ ئەگەر بەتەواوی کاری بۆ نەکرابێ و شاعیر زۆر لێهاتوو نەبێ ناتوانێ ئەم کارە بکات و داستانەکە بنووسێتەوە.

ڕووداوی داستان ڕووداوێکە تاڕادەیەك ئامادەیە و شاعیر لە گواستنەوەی ڕووداوەکەدا بۆ ناو داستان ڕەنگە ئاستەنگێکی زۆر نەبینێ، بەڵام ئەو زمان و شێوازەی بۆ گواستنەوەکە بەکاری دێنێ کارەکە قورس دەکات، ئەمەش شاعیر ناچار دەکات شێوازێکی سادە و ساکار بەکار بێنێت. بەڵام ئەو سادە و ساکارییە مانای ئەوە نییە کە خودی داستانەکە سادە و ساکارە، وەك دەزانین ڕووداوەکانی ناو داستان گەورەترین ڕووداون کە لەوانەیە لە مێژووی میللەتاندا ڕوویان دابێ، بۆیە هەرگیز ناکرێ داستان بە سادەو ساکار سەیر بکەین، بەڵکو

(١) ایان وات، ظهور الروایة الانکلیزیة، ص١٣٤.

(٢) دکتور محمد طاهر درویش، في النقد الادبی عند العرب، مکتبة الشباب، المنیرة- مصر، ١٩٧٨، ص١٧٦.



دەکرێ بڵێین ئەو شێوازەی داستانەکەی پێ هۆنراوەتەوە، شێوازێکی ڕوون و دوور لە ئاڵۆزییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو ئەرکەی کە داستان دەیگێڕێت، مەبەستی داستان گەیاندنی ڕووداوێکە بۆ ئەوەی لەلایەك ڕووداوەکە ون نەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگیرێ، بۆیە شاعیر نایەت ڕووداوەکان ئاڵۆز بکات و خۆی ببێتە بەربەست لە بەردەم ئەو پەیامەی دەیەوێ بیگەیەنێ. ئەگەر وا بکا ئەوا ((خوێنەر چێژ لە بەسەرهاتەکە نابینێ))[3] و لەلایەکی دیکەشەوە داستان مەبەستی خۆی نا پێکێ لەڕووی گەیاندنی پەند و ئامۆژگاری و سوود وەرگرتن لە داستانەکە، ئەو خەڵکانەی داستانیان بۆ نووسراوە خەڵکانێك بوونە لە ڕووی هزرییەوە زۆر ئاڵۆز نەبوونە و قووڵ بوونەوەی زۆریان لە بابەتە هزرییەکان نەبووە، بۆیە پێویستی نەکردووە داستان بە شێوەیەك ئاڵۆزی تێدابێ کە ئەوان لێی تێنەگەن. لەبەرامبەر ئەوەدا((شێوازی داستان پێویستە بە هێز بێت و ئەو بە هێزییەشی لە پتەوی شێوە و جوانی گێڕانەوەدا خۆی نواندووە))[4]، بۆیە لە داستان دا دابەشکردنی ڕووداوەکان و بە دوای یەکدا هێنانیان و دروستکردنی پەیوەندی گونجاو لە نێوان ڕووداوە سەرەکی و لاوەکییەکاندا، ئەمانە هەموویان ئەو شێوەیەن کە پێویستە شاعیر پەیڕەویان بکات و ئەمە سەرەڕای ئەوەی چۆنییەتی دەرخستن و پیشان دانی پاڵەوان و کەسانی دیکەی ناو داستان کارێکە ئەگەر شاعیر بتوانێ تیایان دا سەرکەوتوو بێ ئەوا لە شێوازی داستانەکە سەرکەوتووە و سەرەنجام داستانێکی سەرکەوتوو بەرهەم دێنێت.هەروەك دەسپێکردن و کۆتایی پێهێنانی داستانیش دەچێتە ناو ئەو شێوازەی کە شاعیر داستانەکەی پێ دەهۆنێتەوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی جۆرێ لە ڕێککەوتن یا چاکتر بڵێین جۆرە ڕێساییەکی هۆنینەوەی داستانە کە لەسەرەتادا شاعیر داوا لە خواوەندەکان دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن تا بتوانێ بەرهەمەکەی بە دروستی بگەیەنێتە ئەنجام.((لە داستان دا پرسیاری داستانی epic question هەیە، شاعیر لە یەکێك لە خواکانی شیعر داوای ڕێنیشان دان و سروش بەخشینی داستانی لێ دەکات و لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارە گەورەیە یارمەتی بدات))[5]، هەروەها لە کۆتاییش دا شاعیر سوپاسی خودا دەکات کە یارمەتی دا لە تەواوکردنی بەرهەمەکەی.

(٣) علی بو ملحم، في الأدب وفنونه، ص٢٦.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

(٥) دکتر سیروس شمیسا، انواع ادبی، ص١١١.

شاعیرانی رۆژهەڵاتی بەهەمان شێوە داوا لە خودا دەکەن کە پشت و پەناو لاگیریان بێت و هێزی ئەوەیان پێ ببەخشێ بۆ ئەوەی توانای تەواوکردنی بەرهەمەکەیان هەبێ و ئینجا دێنە سەر وەسفکردن و پێهەڵدانی پێغەمبەر دواتریش دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەکەن کەئەمە ((بەرنامەی چیرۆکی شیعری کلاسیکی لاسایی نەتەوە موسڵمانەکان))[٦] ە.

لە بارەی دەسپێکەوە شاعیر لە سەرەتای دەستپێکردنی رووداوەکان ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەو داستانەی ئەو دەیهۆنێتەوە لەکەسێکی تر گوێی لێ بووە و ئەویش بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە((ئەم شێوازەش، شێوازی حیکایەتخوانی Story telling یاخود ((Narration ی[٧] پێ دەڵێن، واتا شاعیر خۆی رووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام لە دەستپێکدا پێمان دەڵێ کە ئەو خۆی ئەم رووداوانەی نە دیووە و تیایاندا بەشدار نەبووە، بەڵام بۆیان گێڕاوەتەوە و ئەویش بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە ئەمەش جۆرێك لە راستگۆیی شاعیر بە دیار دەخات، ئەگینا ئەگەر شاعیر ئاماژەشی بەم لایەنە نەکردایە و خۆی رووداوەکەی بۆمان گێڕابووایەوە ئەوا داستانەکە هەر هەمان شێوەی وەردەگرت، بەڵام چونکە رووداوەکانی ناو داستان کۆمەڵە رووداوێکن زۆر لە مێژە روویانداوە، بۆیە شاعیر نایانکات بەو رووداوانەی کە خۆی گێڕاونەتیەوە، ئەمەش یەکێکە لە شێوازەکانی بڕوا پێهێنانی خوێنەران بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن ئەو رووداوانە راستەقینەن و روویان داوە. لەلایەکی دیکەشەوە نایەوێ خوێنەر هەست بەوە بکات کە شاعیر خۆی بەشداری کردووە لە داهێنانی دستانەکەدا، چونکە((بە هۆی بوونی داستان وەکو چیرۆکێك پێویستە لە سەر شاعیر ئەوەندەی لە توانایدایە خۆی بەشداری تێدا نەکات، ئەگەر وای کرد ئەوا نابێ بەحیکایەتخوان))[٨].کەواتە لە داستان دا حیکایەتخوان و شاعیر یەك شتن و شاعیر جگە لە گێڕانەوەی داستانەکە هیچ کارێکی دیکە ناکات و ((لە هەر هۆنراوەیەکی داستانی شاعیر هیچ کاتێك سۆزە کەسییەکانی خۆی لە بنەڕەتی داستانەکەدا ناهێنێتەوە))[٩] و باسیان ناکات، کە ئەمە مانای وانییە شاعیر بە هیچ جۆرێك بیر و تێڕوانینی خۆی ناخاتە ناو داستان، ئەم کارە دەکات، بەڵام بە لێزانییەوە. بۆنموونە (خانی)

(٦) دوکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل٣٤٣.

(٧) عەلی فەتاح دزەیی، مەم و زین، ل٨٠.

(٨) علی بو ملحم، في الادب وفنونه، ص٢٥.

(٩) دکتر ذبیح الله صفا، حماسه سرایی در ایران، ص٢٥.



بیری نەتەوەیی و کوردایەتی خستۆتە ناو (مەم و زین)ەوە، بەڵام لەناو کرۆکی (مەم وزین) دا باسیان ناکات، بەڵکو لە دوای دیباجە و لە خواو پێغەمبەر پاڕانەوە دێتە سەر ئەم مەسەلەیە و دەیخاتە روو، بگرە یەکێك لە مەبەستە هەرە سەرەکییەکانیشی لە هۆنینەوەی (مەم و زین) دەرخستن و پیشان دانی بیری نەتەوەیی بووە. دیسان لەناو خودی رووداوەکانیش دا شاعیر سۆز و هەستی خۆی هەر تێکەڵ دەکات، بەڵام نەك بە شێوەیەکی زۆر زەق و بەرچاو هەروەها شتی دیکەشی لەگەڵ تێکەڵ دەبن چونکە((هیچ بەرهەمێکی داستانی، ئەگەر گەیشتبێتە لووتکە کەماڵی هونەریش، ناتوانێ لە هزری گۆرانی و پیاهەڵدان بەدەر بێ))[١٠] ئەمانەش زیاتر پەیوەندییان بە ناخ و هەستی شاعیرەوە هەیە لەوەی پەیوەندییان بە رووداوگەلی دیکەی دەرەوەی شاعیر هەبێت، هەروەها خودی شیعریش کە داستانی پێ دەهۆنرێتەوە لە هەست و سۆز پێکدێت، بۆیە هەرگیز بەرەهایی ناتوانین بەشداری کردنی شاعیر لە ناو داستاندا رەت بکەینەوە، هەروەها داستان بە ((سرودێکی تاك دەنگ Monodie دادەنرێ))[١١]. جگە لە شاعیر کە هەر خۆشی حیکایەتخوانی داستانەکەیە هیچ دەنگێکی تر بەدی ناکرێت و شاعیر راناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاك بۆ گێڕانەوە بەکاردێنێت کە یارمەتی شاعیر دەدات تا زۆر بە ئازادانە و هەمەلایەنانە لە تەواوی کەسەکان و کەرەسەکانی ناو داستان بدوێ. تاك دەنگی وا لە شاعیر دەکات لەدەرەوەی بەرهەمەکە بووەستێ و خۆی بەشێك نەبێت لە دەقەکە لەهەمان کات دا توانای ئەوەی هەبێت چۆن بیەوێ بەو شێوازە دەقەکە بنووسێ، چونکە فرە دەنگی و بوونی حیکایەتخوانی جیاواز لەگەڵ سروشتی داستان دا ناگونجێن. لە فرە دەنگیدا تاك خۆی قسەدەکات و خۆی ئەو رووداوانەی بینیویەتی یا بەسەری داهاتوون دەگێڕێتەوە و زانیاری کەمی لایە لەبارەی رووداو گەلێك کە بەسەر کەسانی دیکەدا هاتوون، یا زانیاری لە بارەی باری دەروونی و ئەوهزرانە نییە کە لە هزری پاڵەوان یا کارەکتەرەکانی دیکەدا هەن، بەڵام داستان بە هۆی سروشتی هەمەلایەنیەکەی پێویستی بە حیکایەتخوانێکە تەواوی زانیاریەکانی لەبەر دەست دابێت و شارەزای وردو درشتی رووداوەکان بێت کە زۆر پێش ئەو سەردەمە روویان داوە.

(١٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

(١١) میخائیل باختین، الملحمة و الروایة، ص١٤.

لەرووی زمانییەوە ئەو شێوازەی کەلە داستاندا بەکاردێت، چونکە بە هۆی شیعرەوە دەهۆنرێتەوە، زمانێکە پڕە لەلایەنەکانی رەوانبێژی هەروەك تێیدا پەیڕەوی کێش و سەروا دەکرێت ((شێوازی داستانی، شێوازێکی گران بەها و پتەوە و دەبێ ئەم گەورەییەش هەم لەرووی قسەکردن و هەم لەرووی واتاوە لەبەر چاو بگیرێت))[١٢].

لەرووی واتاوە رەنگە داستان گرفتێکی وای نەبێت، رووداوەکانی رووداوی مەزنن و هەموو میللەت شانازیان پێوە دەکات، بەڵام ئەرکی شاعیر ئەوەیە لەپاڵ ئەو رووداوە مەزنانە زمان و وشەی وا بەکار بێنێ کە هاوتابن لەگەڵ گەورەیی رووداوەکان و زیاتر ببنە مایەی بەرچاو خستنی ئەو رووداوانە. هەرچەندە (دکتۆر شەمیسا) پێیوایە داستان((هەواڵی گرنگ لە خۆ دەگرێت، پێویستی بە لك و گەڵاو جوانکاری وشەیی و دروستکارییە رەوانبێژییەکان نییە))[١٣]، بەڵام (دیڤد دیچز) بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ پێویستی بەکارهێنانی وشە ئاراییە لەداستاندا و دەڵێ: ((رازاندنەوەی گوتەکان تەنیا لە شوێن گەلێك دا پێویستە کە رووداو و وەسفی رەفتار و هزری تێدا نەبێ))[١٤]، لێرەدا دەکرێ ئەوە بەدەست بێنین کە لەکاتی باسکردنی رووداوەکان دا ناکرێ شاعیر وشە ئارایی بکات. مەبەست لە وشە ئارایی بۆ سەرنج راکێشان و بایەخ پێدانی خوێنەرەو جۆرێك لە چێژ بە خوێنەر دەبەخشێ، بەڵام لەبەر ئەوەی خودی رووداوەکانی داستان کۆمەڵە رووداوێکی گەورە و سەرنج راکێش و چێژ بەخشن و سەرەڕای رووداو بوونیان هەمان ئەو ئەرکەش دەگێڕن کە شاعیر لە رێی وشە ئاراییەوە دەیکات، بۆیە لە کاتێکدا رووداو ئامادەبێ پێویستییەك بۆ وشە ئارایی لە ئارادا نامێنێ.

لە ناو جۆرەکانی رەوانبێژی دا ((خواستن تایبەتە بە داستان))[١٥] و زۆربە ئاسانی هەستی پێ دەکرێ، جۆرێکی تایبەتی لێکچواندنیش هەیە کە ((لێکچواندنی داستانیepic simile پێدەڵێن))[١٦] کە تێیدا (لێچو) بە چەندین (لەوچو) دەچوێنرێ و بەمەش لێکچونەکە زۆر درێژ

(١٢) انواع ادبی، ص١٠٩.

(١٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

(١٤) دیود دیچز، شیوەهای نقد ادبی، ترجمەدکتر غلامحسین یوسفی-محمد تقی صدقیانی، انتشارات محمد علی علمی، چاپ اول، چاپخانە بهمن، تهران-١٣٦٦، ص٨٧.

(١٥) دکتر سیروس شمیسا، انواع ادبی، ص١٠٩.

(١٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.



دەبێتەوە، ئەمە سەرەڕای بوونی جۆرەکانی دیکەی لێکچون لە داستان. هەروەها لە داستان دا دووبارە بوونەوە زۆر هەستی پێدەکرێ و هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە ((ئەگەر هاتوو سەیری باری زمانی شیعرمان کرد ئەوا بێگومان هەست بە دووبارە بوونەوەی وشەی دیاریکراو و کۆمەڵێك وشەی تریش دەکەین، لەگەڵ دووبارە بوونەوەی تیپ لە رستەدا))[١٧] ئەمە سەرەڕای دووبارە بوونەوەی کێشی شیعرەکە و دووبارە بوونەوەی سەرواو رەوی و پاشڕەوی و بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژی هەرهەموویان بە مەبەستی جوانکاری لە داستان دا بەکاردەهێنرێن.

سەرەڕای ئەوەی شێوازێك هەیە تایبەتە بەو شاعیرە یا نووسەرەی بەرهەمەکە دەنووسێ شێوازێکیش هەیە تایبەت بەو سەردەمەی کە شاعیر یا نووسەرەکەی تێدایە، بۆیە بە شێوازی خۆی پەیڕەوی ئەو شێوازە دەکات کە لەسەردەمی ئەودا باوە، بۆ نموونە لە رۆژهەڵات دا و لەژێر کاریگەری شیعری عەرەبی تەواوی نەتەوە موسڵمانەکانی دیکەی هاوسێی عەرەب لەسەر هەمان ئەو کێش و سەروا و رەوانبێژیە رۆیشتوون کە عەرەبەکان پەیڕەویان کردووە، داستانە نووسراوەکانیش زۆرینەیان لە دوای هاتنی ئیسلام بۆ ئەو ناوچانە بووە، بۆیە رەنگدانەوەی ئەو شێوازەی بە ئاشکرا پێوە دیارە، ئەگەرچی ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو داستانەکانی رۆژهەڵات یەك شێوازیان هەبێ، بەڵام لە شێوازە گشتییەکەیان دا یەك دەگرنەوە.

هەروەها((تایبەتمەندی دیکەی شێوازی داستان فراوانی و درێژ داڕی و زیادە ڕەوین.کە لێرەدا درێژدادڕی و زیادە رەوی کەرستەی رەوانبێژی نین، بەڵکو لە بنچینەکانی داستانن))[١٨] و ئەم تایبەتمەندیانەش دەبنە هۆی درێژبوونەوە و فراوان بوونی داستان.

کەواتە دەکرێ بڵێین بوونی رووداوی مێژوویی و سادەیی و نا ئاڵۆزی لە دەربڕین و درێژدادڕی و زیادەڕەوی و بە کارهێنانی زمانی شیعر و ئەو رەوانبێژیەی لە نێو شیعردا هەیە، لەگەڵ بوونی سەرەتا و کۆتایی لە داستان دا و دابەشکردنی رووداوەکان و تاك دەنگی و بەکارهێنانی راناوی(ئەو) ی (هەموو شتزان) لە گێڕانەوەدا ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی شێوازی داستانن.

(١٧) عدد من الباحثين السوفييت، نظرية الأدب ، ص١٩٥.

(١٨) دکتر سیروس شمیسا، انواع ادبی، ص١١٠.

## ٢– شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆماندا:

ڕەنگە دیارکردنی شێوازی گێڕانەوەی داستان لە چوارچێوەی ئەو ڕێسا گشتییانەی کە بۆی دیارکراوە کارێکی کەمێك ئاسانتر بێ لە دیارکردنی شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، ڕۆمان ژانرێکە بەر لە نووسین هیچ ڕێسایەکی بۆ دیارنەکراوە و ئەو کاتە دەتوانین ڕێسا بۆ ڕۆمان دیاری بکەین کاتێك کە ڕۆمانەکە نووسینی تەواو بووە، ڕۆمان ژانرێکە بە پێچەوانەی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە ڕێسای بۆ دانانرێ، بەڵکو لێی دەدۆزرێتەوە، ڕەنگە ئەو کاتە ئێمە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین و بڵێین، داستانیش لە سەرەتادا ژانرێك نەبووە ڕێسا بۆ هۆنینەوەی داڕێژرابێ، بەڵکو دوای ئەوەی (هۆمیرۆس) داستانەکانی بەرهەم دێنێت ئینجا (ئەرەستۆ) دێت و ڕێساکانی داستان لەسەر ئەو بەرهەمانەی (هۆمیرۆس) دادەنێ کە بەلای ئەوەوە پتەو ترین و بەرزترین جۆری ئەدەبی بوون.

جیاوازی دیارکردنی ئەو ڕێسایانەی کە (ئەرەستۆ) لە بەرهەمەکانی (هۆمیرۆس) دەری هێنان و کردنی بە ڕێسا، لەگەڵ ئەو ڕێسایانەی هەر ڕەخنەگرێکی دیکە لە هەر ڕۆمانێك دەیان دۆزێتەوە ئەوەیە، ئەو ڕێسایانەی کە (ئەرەستۆ) دۆزینیەوە بوون بە ڕێسا و کەسانی دوای (هۆمیرۆس) پەیڕەوی هەمان ڕێسایان کردوو باشترینیشیان ئەوە بوو کە بە باشترین شێوە لەسەر ئەو ڕێسایانە دەڕۆیشت، بەڵام ئەو ڕێسایانەی ڕەخنەگری ڕۆمان دەیاندۆزێتەوە تەنیا بۆ ئەوەیە خوێنەر یا ڕەخنەگر خۆشی لەخودی ئەو ڕۆمانە تێبگا و ئاست و سنوورەکانی دیاربکا، بەو واتایەی ڕێساکانی ڕۆمان لە خودی ڕۆمانەکە ناپەڕنەوە بۆ ڕۆمانێکی دیکە، چونکە ڕۆمانەکەی تریش کۆمەڵێ ڕێسای تایبەت بەخۆی هەن، کە لە ڕۆمانەکانی تر جیاوازە.

بێ سنووری ڕۆمان بێ سنووری ڕێسا و لە ئەنجامیش دا بێ سنووری شێوازی لێکەوتۆتەوە ((لە چیرۆك و ڕۆمان دا هەزاران هەزار شێواز بۆ نووسینی هەموو شتێ لە ئارادان))[١٩]. ڕۆمانیش لە باسکردنی هیچ بابەتێك دا سنووری بۆ نەکێشراوە، بەو واتایەی ڕۆمان دەکرێ باسی هەرشتێك بکات و لەو توانا داریەشی لە باسکردنی هەر شتێکدا ئەو توانایەی پەیدا کردووە کە چۆنی بوێ باسی بکا، بۆیە ڕۆمان لێرەدا دەبێتە خاوەنی دوو خەسڵەتی نەبڕاوە و لەبن نەهاتوو، یەکەمیان ئەوەیە ئەو شتانەو ئەو کەرەسانەی ڕۆمان باسیان دەکات کۆمەڵێ کەرستەی نەبڕاوەن و ڕۆمان دەتوانێ باسی کۆمەڵە کەرستەیەك بکات کە لە ڕابردوودا هەبوون و ئێستا

(١٩) ڕست هیلز، چیرۆك و تایبەتمەندییەکانی، وەرگێڕانی سەلاح عومەر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-٢٠٠٥، ل٧٥.



نەماون، هەروەها باسی ئەوانەش بکات کە ئێستا ئێمە دەیانبینین و بەکاریان دێنین لەگەڵ باسکردنی ئەوانەی کە هێشتا دروست نەبوونە و دەکرێ ڕۆماننووس تەنیا بە خەیاڵ کەرستە یا ڕووداوەکانی دروست بکات. تایبەتمەندی دووەمیشی خۆ نەبەستنەوەیەتی بە هیچ ڕێسایەك لە باسکردنی هەر شتێك و بەهەر شێوەیەك، تاکە کەرەسەیەك یا ڕووداوێك یا کەسێك دەکرێ بە دەیان شێوە باسی بکرێ، بۆیە ئەو ڕێگایانەی کە ڕۆمان لێیانەوە باسی شتەکان دەکات کۆمەڵێك ڕێگای نەبڕاوە و بێ بەر بەستن.

لایەنێکی دیکەی نەبوونی شێوازێکی دیاریکراو بۆ ڕۆمان نە کاملی ڕۆمانە و ڕۆمان ((کەماڵی بنیاتی سنوورداری پێشین و بیرۆکەی بەتەواوی لە خۆ ڕازی بوونی نەبووە))[٢٠]، نەبوونی کەماڵیش بە مانای ناتەواوی ڕۆمان نایێ. هەر ڕۆمانێك بۆ خۆی بنیاتێکی پتەو و تەواوی هەیە، بەڵام لە گشت دا ڕۆمان کامڵ نییە، ئەم نا کاملیەشی بە ئەرێنی بەسەردا کەوتۆتەوە نەوەك بە نەرێنی. وای لە ڕۆمان کردووە هەمیشە لە نوێ بوونەوە دابێت و جۆرێك لە ناجێگیریشی پێ بەخشیوە و لە هەوڵدان بۆ جێگیرکردنیشی بەرهەمی دیکە و شێوازی نوێ کەوتوونەتەوە کەجۆرێك لە بەردەوامی و نەبڕانەوەیان بە ڕۆمان بەخشیوە، بەو هۆیەی ڕۆمان بەتەواوی توخمەکانی ناوییەوە لەگەڵ ڕەهایی دا تەبانین و کاتێکیش لەگەڵ ڕەهاییدا تەباییان نەبێت، ناتەبایی لەگەڵ لە خۆرازی بوون دا دروست دەبێت. بۆ خوێنەر و ڕەخنەگریش هەمان شتە، ئەو ڕێسایەی خوێنەر یا ڕەخنەگر لە ڕۆمانێك دا دەیبینێتەوە و پێی وایە ڕێسایەکی ڕاستە لە ڕۆمانێکی تردا هەمان ئەو ڕاستییە ون بووە و ڕاستەقینەیەکی دیکە جێگای گرتۆتەوە کە لەوی تر جیاوازە، بۆیە ڕەخنەگری ڕۆمان ناتوانێ کۆمەڵێك ڕێسای سنووردار و ڕەها بۆ ڕۆمان و شێوازی ڕۆمان دیاربکات.

سروشتی ڕۆمان سروشتێکە لەگەڵ سنوور و ڕەهایی و تاکە حەقیقەت ناتەبایە و دەکرێ بە ڕێژەی ژمارەی ئەو ڕۆمانانەی کە هەن، یا بەڕێژەی ئەو کەرەسە وکارەکتەرانەی لەنێو ڕۆماندا بەکار هاتوون حەقیقەت هەبن و، دەشکرێ هیچ کام لەمانە حەقیقەت نەبن، بۆیە نادیاری سنوورەکان نادیاری شێواز و زۆری ڕێگاکانی بەدیارخستن و دوان لە کارەکتەرەکان و زۆری ڕێگاکانی شێواز، جۆراو جۆری شێوازی لێکەوتۆتەوە. لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ئازادییەی کە لە ڕۆمان دا هەیە، (سکۆت جێمس) پرسیار دەکات و دەڵێت: ((ئایا دەکرێ شێوەکانی ڕۆمان

(٢٠) ف.ف. کوزینوف، الرواية ملحمة عصر الحديث، ص٦١.

جۆراو جۆرتربن لەشێوەکانی شیعر، یا رۆمان بتوانێ تواناداری پتر پێشکەش بکا؟))[٢١].

هەرچەندە (سکۆت) ئەم پرسیارە بۆ ئەوە دەکات، تا وەلامێکی نەرێنی وەربگرێتەوە و بگوترێ کە رۆمان لە شیعر توانادارتر نییە، یا شێوەکانی شیعر لە شێوەکانی رۆمان کەمتر نین، بەلام من پێمولیە وەلامەکە ئەرێنییە، چونکە ئەگەر تواناداری رۆمان پتر نەبێ لە شیعر ئەوا لەبەر ئەوەیە هەر یەکەیان بە شێوەیەك و بە جۆرێك لە شتەکان دەدوێن، بەلام شێوەکانی شیعر ئەو مێژووە دوور و درێژەی کە شیعر هەیەتی ناگەن بە شێوەکانی رۆمان، چونکە لە رۆمان، لەبوونی شێوە و شێوازدا سنوورێك نییە، سەرەڕای نەبوونی ئەو سنوورانەش رۆمان توانای لەخۆگرتنی تەواوی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی هەیە بە جۆرێك دەکرێ بلێین رۆمان شوێنی تەواوی ژانرەکانی تری گرتۆتەوە، بەلام شیعر لەم لایەنەوە تواناکەی سنووردارە ئەگەرچی لەگەڵ دەرکەوتنی شیعری ئازاد کۆمەڵێ لە کۆت و بەند و سنوورەکانی شیعریش نەمان، بەلام لەبەر ئەوەی شیعر بەرهەمێکی سنووردارە، بۆیە ناکرێ بەتەواوی لەتەواوی ئەو سنوورانەی بۆی دانراون خۆی دەرباز بکات، ئەگەر ئەم کارەی کرد ئەوا شیعرییەتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە بابەتێکی دیکە.

(فیلدینگ) دەڵێ: ((لەبەر ئەوەی من دامەزرێنەری کێڵگەیەکی نوێم لە نووسیندا، ئەوا ئازادم لە دانانی هەر ڕێسایەك کە پێم خۆشە))[٢٢]، بەلام خودی (فیلدینگ) بۆ خۆی نووسی و ئەگەر کۆمەڵێك ڕێساشی دانابن ئەوا تەنیا خۆی پەیڕەوی کردوون، چونکە (فیلدینگ) لەگەڵ هەردوو هاوسەردەمەکەی (ریچاردسۆن و دیڤۆ) دا نەیتوانی ببێتە دامەزرێنەری قوتابخانەیەك تا بتوانێ ڕێسا یا شێوازێك بۆ نووسینی رۆمان دیار بکات، کەواتە هەر هەوڵێك بۆ دیارکردن و سنووربەندکردنی رۆمان کارێکە لە خودی ئەو کەسە تێناپەڕێ کە سنوورەکان دادەنێت.

شێوازی ئەو زمانەی کە لە رۆمان دا بەکاردێت دوورە لە بەکارهێنانی ڕەوانبێژی و جوانکارییەکانی نێو شیعر، تەنیا لەکاتێك دانەبێت ئەگەر وەکو بەکارهێنانی میتافۆر سوود لە هونەرە شیعرییەکان وەرگیرابێت، ئەمەش چونکە بە پەخشان دەنووسرێ و((پەخشانیش پابەند نییە بە کێشی تایبەتی))[٢٣]، ئەگەرچی رۆمانی نوێ زۆر لە زمانی شیعر نزیك دەبێتەوە.

(٢١) ر.ا.سکوت جیمس، صناعة الأدب، ترجمة هاشم الهنداوي، دار الشؤن الثقافیة العامة، العراق-بغداد، ١٩٨٦، ص٣٠٣.

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

(٢٣) دکتور محمد طاهر درویش، في النقد الادبی عند العرب، ص١٧٦.



هەروەك پێویستە ئەو شێوازەی لە رۆمان دا بەکاردێت زۆر روون نەبێت، (ستاندال) دەڵێ: ((تەنیا یەك بنەما دەزانم نابێ شێواز زۆر روون و ئاشکرابێ یا زۆر ئاسان بێت))[٢٤]. لەسەر رۆماننووس پێویستە خوێنەر بەدوای خۆیدا رابکێشێ بۆ ئەوەی رۆمانەکەی پێ تەواو بکات، چونکە وەك دەزانین رۆمان بەرهەمێکی قەوارە گەورەیە و ئەگەر تام و چێژێکی تایبەتی نەبێ ئەواخوێنەر نایخوێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە جۆرێك لە ئاڵۆزی و زوو بە دەستەوە نەدانی مەبەست و دروستکردن و بە دوای یەك داهێنانی ڕووداوەکانە، کە خوێنەر هەست بە هیچ دابڕانێك نەکات و بەدوای ئەو زانیاریانەدا بڕوات کە رۆماننووس دەیەوێ بیگەیەنێ. ((دەبێت رۆماننووس شێوازێکی تایبەت بۆ نووسینی رۆمانەکەی دابنێت، لەم ڕێگایەوە بە شێوەیەك پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرانی خۆی دابمەزرێنێت کە خوێنەر بە تەواوی درك بەهەموو شتێك بکات))[٢٥].

لە رۆماندا ئەگەر شێواز پێویستی بەوە بێ روون و ئاشکرا نەبێ، ئەوا مەبەستی رۆمان پێویستی بە روونی و ئاشکرایی هەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر بە باشترین شێوە درکی پێ بکات.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی شێواز لادانە، لە رۆمان دا ئەو لادانەی ڕوویداوە((بە ئاراستەی رزگار بوون لە گۆشە نیگای تاك و ڕۆیشتن بوو بەرەو (واقیع) یا ڕووە و بنیاتێکی هونەری واقیعی))[٢٦]. رۆمان بە هۆی ئەم لادانەوە لە دوولایەن سوودی پێگەییوە، لەلایەکیان خۆ رزگارکردن لە بەکارهێنانی تاك جۆرێك یا شێوازێکی گێڕانەوە وەك ئەوەی لە داستان بینیمان و چەند گۆشە نیگایەکی تر پەیدابوون کە نووسەر بتوانێ لە ڕێگای ئەوانەوە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە ئەمە سەرەڕای دەرکەوتنی کۆمەڵێك شێوازی نوێ بە هۆی زۆرتربوونی ئەوگۆشە نیگایانەی رۆماننووس بە هۆیانەوە رۆمانەکەی دەگێڕێتەوە. ئەو لادانەش لادانێکی تری لێکەوتەوە کە ڕۆیشتن بوو بەرەو واقیع. بینینی ژیان لە کۆمەڵێك گۆشە نیگایەوە زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لەوەی بە تاکە تێڕوانینێکەوە لە ڕووداو و شتەکان بڕوانین، نزیکبوونەوەش

(٢٤) ئەدوارد بلشن — دایانداو بتفاید، رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، ل٤٦.

(٢٥) مالکم برادبری، رۆمان چییە؟، لەفارسییەوە جەمال مستەفا ستۆپەی، گۆڤاری رامان، ژمارە ٤٨، حوزەیرانی٢٠٠٠، ل١٤٣.

(٢٦) محمد سویرتی، النقد البنیوي والنص الروائي، الطبعة الثانیة، افریقیا الشرق، ١٩٩١، ص٤٤.

له واقیع ((مانای لەدەستدانی مانای ئەدەبی و شیعری یا زمانی شیعری ناگەیەنێ))[27]. نزیکبوونەوەی ڕۆمان لە واقیع زیاتر نزیکبوونەوەیەتی لەو کەرستانەی کە ڕاستەوخۆ بنیاتی ڕۆمان پێکدێنن ((ئەرکی ڕۆماننووسیش ئەوەیە: واقیع بناسێ و لەرێی خستنە بەرچاویشەوە بە خوێنەرانی بناسێنی))[28]، کەواتە لادانی ڕۆمان ڕووە و واقیع، دەرفەتێکی باشتر بۆ جێگیربوون و پێشکەوتنی ڕۆمان دەرەخسێنێ نەك بەپێچەوانەوە.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ شێواز و جۆری گێڕانەوە کە لە داستان دا تەنیا یەك شێوەی هەبوو، لە ڕۆمان دا کۆمەڵێ شێوەی جیاوازی وەرگرتوون، لەدابەشکردنی تەقلیدی ڕۆمان دا شێواز و جۆری ڕۆمان بە سێ شێوە دیارکراون:

١- ڕێی ڕاستەوخۆ، کە نووسەر تیایدا لەدەرەوە وێنە دەگرێ و قسەدەکا.

٢- ڕێی گێڕانەوەی خودی کە نووسەر بە زمانی قسەکەرەوە ڕووداوەکان تۆمار دەکاو خۆی و یەکێك لە کارەکتەرەکانی بەسەرهاتەکە دەکاتە یەك کەس.

٣- شێوەی قەواڵەیی.[28]

لە شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆدا، حیکایەتخوان لە جۆری (هەمووشت زانە) واتا نووسەر بۆ گێڕانەوەکە ڕاناوی کەسی سەربەخۆی (ئەو) بەکاردێنێ، چونکە حیکایەتخوان ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانە و لە دیدی خۆیەوە تێبینی کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە دەکات.

ئەو شێوازەی گێڕانەوەیە سەربەستییەکی زۆری تێدایە بۆ نووسەر و ((فراوانترین ماوە دەکاتەوە و گەورەترین توانا دەبەخشێ بۆ سەربەستی جوڵانەوە))[29]. نووسەر ناخاتە ژێر هیچ پرسیارێك بۆئەوەی سەرچاوەی ئەو زانیاریانەمان پێ بڵێ کە ئەو هەیەتی، وەك ئەوەی توانای هەیە لە بارەی ڕوخسار و خەسڵەتی شتەکان و کارەکتەرەکان زانیاریمان پێ بگەیەنێ، لەهەمان

(٢٧) سليمان حسين، الطريق الى النص، www.awu-dam.org

(٢٨) نهاد تكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الموسوعة الصغيرة(العدد١٦٦) الجزء الأول، دار الحرية للطباعة، الجمهورية العراقية-بغداد، ١٩٨٥، ص١٠.

(٢٨) حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٨٥، ل٨٢.

(٢٩) خالد سهر محي الساعدي، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية (١٨٧٠-١٩٣٩)، كلية الآداب - جامعة بغداد، ١٩٨٩م، ص٣٣.



کات دا زانیاری تەواوی لەسەر دەروونی کارەکتەرەکان هەیە و بۆ خوێنەری ئاشکرا دەکات. ئەگەرچی ئەم شێوازەی گێڕانەوەیە زیاتر لەسەر لایەنی دەرەکیی شتەکان دەوەستێ و پتر ئەو لایەنە ڕوون دەکاتەوە لەوەی لایەنی دەروونی دەربخا، ((شێوازی سەرەکی ئەم جۆرە تەکنیکەش بریتییە لە گێڕانەوەی کارەسات بە زنجیرە لە سەرەتاوە بۆ لوتکەو بۆ کۆتاییەکی مۆباسانی))[30]. وێنەگرتنی واقیعیش بەم شێوەیە و گواستنەوەی بۆ ناو دەقێکی ئەدەبی بۆ ئەوەیە خوێنەر وا هەست بکات کە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەخوێنێتەوە. ئەمەش لەوانەیە هەندێ جار بە نێگەتیڤ لەسەر دەقەکە بکەوێتەوە بەجۆرێك کە خوێنەر وا هەست بکات ڕاپۆرتێك دەربارەی ڕوودانی ڕووداوێك دەخوێنێتەوە.

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر شێوازی (ڕێی ڕاستەوخۆ) بۆ گێڕانەوەی دەقەکان بەکار دەهات کە تەبایە لەگەڵ گێڕانەوەی (بابەتی)، شێواز و جۆرێکی تری گێڕانەوە پەیدابوو کە (گێڕانەوەی خودی) یەو لە شتە ڕوکەش و دەرەکییەکان دەمانگوازێتەوە بۆ ناخی کارەکتەرەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان یا هەروەك (میشال بوتور) دەڵێ: ((ڕاناوی نادیاری (ئەو) لەدەرەوە جێمان دێڵێ، بەڵام ڕاناوی (من) دەمانباتە ناوەوە))[31] بەمەش سروشتی ئەو پەیوەندییە دەگۆڕێ کە لە نێوان خوێنەر و کارەکتەرەکاندا هەیە. لە شێوازی (ڕێی ڕاستەوخۆ) دا، کارەکتەرەکان لەڕێی حیکایەتخوانەوە لەگەڵ خوێنەردا دەدوان، بەڵام لە شێوازی (گێڕانەوەی خودی) دا کارەکتەرەکان خۆیان لەگەڵ خوێنەر دەدوێن و سەربەستییەکی تەواویان هەیە، ((لەم شێوازی گێڕانەوەدا(زاتی) تیشك دەگیرێتە ناخی دەروونی کارەکتەر و کەسانی ناو چیرۆك و هەستە شاراوەکان دەردەخات))[32] حیکایەتخوانی شێوازی خودی (هەمان شتزان) دەبێ و کارەکتەرەکانی ناویشی ئازادی زۆر زیاتریان دەبێ لە کارەکتەرەکانی شێوازی ڕاستەوخۆ، چونکە لە وێدا حیکایەتخوان ئازادی زۆری هەبوو چۆنی حەزی لێبووایە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەق و کارەکتەر

(٣٠) خالد سهر محي الساعدي، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية (١٨٧٠-١٩٣٩)، كلية الآداب- جامعة بغداد، ١٩٨٩م، ص٣٣.

(٣١) حسین عارف، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای١٩٧٠ دا، گۆڤاری کاروان، ژ (٦٣)، تشرینی یەکەمی ١٩٧٧، ل٨.

(٣٢) ابراهیم قادر محمد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی(١٩٧٠-١٩٨٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، ١٩٩٧ ل١٦٥.

دەکرد، بەڵام لێرەدا حیکایەتخوان خودی ئەو کەسەیە کە لە ڕووداوەکان دا بەشداره، بۆیە ئازادی زیاتر بۆ کارەکتەرەکان دەڕەخسێ.

شێوازی قەواڵەییش، شێوازی بەکارهێنانی نامەیە لە گێڕانەوەدا بە جۆرێک((یەك نامە بۆ چیرۆکی کورت و چەند نامەیەك بۆ چیرۆکی درێژ))[33] و ئەمەش شێوازی سەرەتایی نووسینی ڕۆمانە. گۆڕینەوەی نامەش لە نێوان کارەکتەرەکانی ڕۆمان دا لەلایەك تێك شکاندنی شێوازی ئەدەبی کلاسیکی لێکەوتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە، نامەکان ڕێگایان بە نووسەر دەدا بۆ ئەوەی هەست و سۆزی خۆی دەربڕێ، ئەم شێوازە گێڕانەوەیە لە سەدەی هەژدەهەم لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بایەخی پێ درا هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییەی کە (نامە) لە کۆمەڵگای ئینگلیزیدا هەی بوو.[34]

بەکارهێنانی شێوازی نامە نووسین لەناو ڕۆمان دا زۆر درێژەی نەکێشا ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم شێوازە لە ناو چووە، بەڵام فراوانی بەکارهێنانیشی بەو شێوەیە نییە کە لەسەرەتادا هەی بوو. لەگەڵ کەم بوونەوەی بەکارهێنانی شێوازی نامە بەکار هێنانیشی گۆڕا. ئەم گۆڕانەشی کاریگەری هەبوو لەسەر شێوازەکانی تری گێڕانەوە لە دوای سەدەی هەژدەهەم، چونکە ئەم شێوازەی گێڕانەوەیە بەر تەسك و تەنگەبەرە، کارەکتەرەکان هەمیشە لەیەك دابڕاوو لەیەك دوورن، بۆیە نامە دەگۆڕنەوە ئەمەش زۆربەی کات وا لە ڕۆماننووس دەکات زۆر لە خۆی بکات بۆ ئەوەی کارەکتەرەکانی لە یەکتر دوور بخاتەوە کە ئەمەش لەگەڵ خەسڵەتی فراوانی ڕۆماندا ناگونجێ.

بەڵام ئەمانە هەموویان دەکرێ بە هێڵە سەرەکییەکانی شێوازی ڕۆمان دابنرێن نەوەك بە تەواوی شێوازی ڕۆمان، چونکە ((دەکرێ بڵێین شێوازی ڕۆمان بەتەواوی دیار نەکراوە، یا ڕاستتر بڵێین شێوازێك نییە ناوی بنێین شێوازی ڕۆمان))[35]، بەڵام دەتوانین بڵێین ڕۆمان تاکە سیفەتێکی هەیە کە لەهەموو دەقەکانیدا هاوبەشە ئەویش ((سروشتە دیموکراتیەکەیەتی چ لەلایەنی شێوە و چ

(٣٣) حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا ساڵانی١٩٥٥بۆ ١٩٨٨، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥.

(٣٤) ایان وات، ظهورالروایة الانکلیزیة، ص١٠٣.

(٣٥)Abbèci.vincent ، L.M، نظریة الانواع الادبیة، ص٤٢٥.



لەلایەنی هزرەکانەوە))[36]، ئەم شێوازە گشتییەش لەلایەك بەر بەست و لەلایەکی دیکەشەوە ڕێ خۆشکەرە بۆ بوونی شێوازگەلی جۆراوجۆر لە ڕۆماندا.

سەرەنجام دەتوانین بڵێین داستان بە شیعر دەنووسرێ و ڕۆمان بە پەخشان، بەڵام مەرج نییە زمانی ڕۆمان دوور بێ لە زمانی شیعر ئەگەرچی ئەو وشە ئاراییەی لەناو شیعرو لەناو داستان دا هەیە لە ڕۆمان دا هەستی پێناکرێ. هەروەك ئەو زمان و شێوازەی لە داستان دا بەکاردێ و پێویستی بە ڕوونی و سادەیی هەیە، کەچی هەموو ڕۆمانێك خۆی پابەندی ئەم ڕێسایە ناکات.

### ٣- بەراوردکردنی شێوازی گێڕانەوە لەداستان و ڕۆماندا:

لە دەسپێکی داستان دا شاعیر داوا لە خوداوەندێکی شیعر یا خودا دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی بدات تا داستانەکەی بە سەرکەوتوویی بهۆنێتەوە و لە کۆتاییش دا سوپاسگوزاری ئەم یارمەتییە دەبێ، بەڵام سەرەتای ڕۆمان بە دەسپێکێکی چڕو پڕ دەست پێدەکات و لە ڕۆمان دا سەرەتا زۆر گرنگە و بناغەی نووسینی ڕۆمانی سەرکەوتووە. کۆتایی ڕۆمانیش هەمان چڕو پڕی دەسپێکی لێ بەدی دەکرێ و لە وێدا تەواوی ئەو کێشە و گرفت و ڕووداوانەی لەناو ڕۆمانەکەدا هاتوون بە چارەسەر دەگەن و کۆتاییان پێدێت.

لە داستان دا شاعیر ئەو کاتە بەرهەمەکەی بەسەرکەوتوو دادەنرێ کە توانیبێتی بە باشترین شێوە لاسایی شاعیرانی پێش خۆی کردبێتەوە، بەڵام لە ڕۆمان دا شێوازی بەهێز لەو لادانانە دەردەکەوێت کە ڕۆماننووس لەگەڵ بەرهەمەکانی پێش خۆی ئەنجامی داون. هەروەها چ لە داستان دا و چ لە ڕۆمان دا شاعیر و ڕۆماننووس پێویستە لەسەریان نەچنە ناو دەق و خۆیانی لێ بەدوور بگرن.

داستان بەرهەمێکی تاك دەنگە ڕۆمانی تەقلیدیش کە ڕاناوی سەربەخۆی (ئەو) لە گێڕانەوەیدا بەکاردێت بە هەمان شێوەیە، بەڵام ڕۆمانی نوێ بەوە ناسراوە کە بەرهەمێکی فرە دەنگە.

(٣٦) اشرف علی جمعها اسکل بلوك-هیرمان سالنجر، الرؤیا الابداعیة، ص١٢٢.

## ب- شێوازی گێڕانەوە لە رووی پراکتیکەوە:

### ١- شێوازی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) دا:

دەسپێکی داستانی (مەم و زین) بەم چەند دێڕەی خوارەوە دەست پێدەکات:

((سەرنامەیی نامە نامێ (الله)
بێ نامێ وی نا تەمامە (والله)
ئەی مەطلەعێ حوسنێ عشقبازی
مەحبووبێ حەقیقی و مەجازی
نامێ تەیە لەوحێ نامەیا عشق
ئسمێ تەیە نەقشێ خامەیا عشق
بێ نەقشێ تە نەقشێ خامە خامە
بێ نامێ تە نامە نا تەمامە))[٣٧]

(خانی) پاژی بەرایی و دەسپێکی داستانەکەی وەك زۆربەی داستانەکانی دونیا بۆ ستایشی خودا و ناوهێنانی ئەو دیاریکردووە و پێیوایە ناوی خودا پێویستە لە دەسپێکی هەرکارێکدا بهێنرێت بۆ
ئەوەی کارەکە پڕوپووچ و مایە پووچ نەبێت ئەمەشی لە هزرێکی ئیسلامی وەرگرتووە.

هەر لەم دەسپێکەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ((مەم و زینی خانی لەلایەنی کێشەوە هەموو دێڕەکانی لەسەر کێشی ئەخرەبی مەقبوزی مەحزوفە...بەڵام لەهەندێ جێگەدا لەباتی (مەحزوف) عەرووز و زەرب مەقسوور دەبن (مفعول مفاعلن فعولان)))[٣٨]. پەیڕەوکردنی ئەم کێشەش لەسەرەتاوە تا کۆتایی داستانەکە بەردەوام دەبێت.(خانی) دەڵێت:

((ئەووەل کو تەدا ژ عشقێ مەطلەع
ئاخر بدە وی تو حوسنێ مەقطەع))[٣٩]

(٣٧) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دوسکی، دەزگەها سپیریز یا چاپ و وەشانێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ — هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٥.

(٣٨) دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل٣٣٣.

(٣٩) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٣٦١.



ئەمە دوا دێڕی داستانی (مەم و زین) نە کە دەبینین لەسەر هەمان ئەو کێشە هۆنراوەتەوە کە دێڕی یەکەمی داستانەکەی پێ هۆنراوەتەوە. شاعیر لە هەڵبژاردنی کێشی (هەزەج) بۆ هۆنینەوەی داستانەکەی سەرکەوتوو بووە. کێشی (هەزەج) تارادەیەکی زۆر لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێت و زۆرینەی هەرە زۆری شاعیرە کلاسیکیەکان ئەم کێشەیان بەکارهێناوە. (خانی) لەکاتی بەکارهێنانی ئەم کێشەشدا راستەوخۆ نەهاتووە بەبێ گۆڕان سوود لەم کێشە وەربگرێت، بەڵکو سوودی لەو جۆرەیان وەرگرتووە کە کێشێکی کورتە و بەهۆی چەند گۆڕانێکیشەوە کورتتر بۆتەوە. بۆ نموونە (خانی) لەبری ئەوەی سوود لە هەزەجی (هەشت پێ) یی وەربگرێت بۆ گێڕانەوە سوودی لە هەزەجی (شەش پێ) یی وەرگرتووە و لە شەش پێیەکەشدا وەکو خۆی سوودی لەم کێشە وەرنەگرتووە و (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) ی بەکارنەهێناوە، هاتووە ئەو کێشەی وەرگرتووە کە هەردوو باری (خەرب) و (قەبز) ی بەسەر داهاتوون کە بێگومان بۆتە مایەی کورت بوونەوەی کێشەکە و سەرەنجام بووە بەیارمەتی دەری شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوەندەی بیەوێ داستانەکە درێژ بکاتەوە و کێشی داستانەکە نەبێتە ئەو رێگرە گەورەیە لەبەردەم شاعیردا بەجۆرێك وای لێبکات لە گێڕانەوەی رووداوی داستانەکەیدا تەنگی پێ هەڵبچنێت.

(خانی) دوای ستایشی خودا لە گێڕانەوەی داستانەکەیدا دێتە سەر ستایشی پێغەمبەری ئیسلام و دەڵێ:

((ئەی واسطەیێ ووجوودێ کەونەین
شایستەیێ قوربێ قابە قەوسەین
شاهنشەهێ تەختەگەهـ مەدینە
موعجز ژ تە ئەو قەدەر مە دینە))[٤٠]

ئەم ستایشە درێژە دەکێشێت کە تێیدا (خانی) پێیوایە دونیا و ژیانی کۆتایی لەبەر خاتری پێغەمبەری ئیسلام دروست کراون و ئەو تاکە کەسێکە بتوانێ لە (قابە قەوسەین) نزیك بێتەوە و..هتد.

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

وەك ئەوەی لەسەرەتا و كۆتاییی داستانەكەیدا (خـانی) ستایـشی خوداوپێغەمبـەر دەكـات ئاواش لەبەریان دەپاڕێتەوە كە یارمەتی دەری بن بۆ سەركەوتنی داستانەكەی كە ئەمەی خوی بەشێكی زۆری شاعیرە رۆژهەڵاتییەكانە. (خانی) دەڵێ:

((خانی ب نەزانینا خوە دەرحەق
گومراه ببت نە دوورە ئەلحەق
ئللا كو مەگەر موعین خودا بت
یا رەهبەرێ وی موصطەفا بت))[٤١]

(خانی) خۆی بەكەسێكی زانـا و شـارەزا نازانێـت و ئەگـەر واشـبێت هـەر پێویـستی بـە پاڵپشتی و پشتگرتن هەیە لەلایەن خوداوە، چونكە ئەگەر لەكارەكەشی سەركەوتوو بێت ئـەوا رەنگ نییە بتوانێت خودا و پێغەمبەر لەخۆی رازی بكات و رەنگە تووشی لادان هاتبێت، بۆیە بـۆ رێگـرتن لەچـوون رووە و هەرخراپەیـەك (خـانی) پـشت بـەخوا دەبەسـتێت. لـە كۆتـایی داستانەكەشیدا (خانی) بە خودای خۆی دەڵێت كە هەرچی ئەو فەرمانی كـردووە خـانی تـەنیا ئەوەی نووسیووە كە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە خودا یارمەتیدەری خانی بووە و پـشتی گرتـووە لە تەواوكردنی بەرهەمەكەی و داوای ئەوەش دەكات كە خودا لـەژیانی ئەودیویـشدا بەهـەمان شێوە پشت و پەنا و یارمەتی دەری بێت. (خانی) دەڵێ:

((ئامر توویی ئەو ب ئەمری مەئموور
مەئموور دبن هەمیشە مەعذوور...
(والله) ژ سفیدی و سیاهی
وی قەصد و غەرەض تویی ئیلاهی
ئەووەل كو تەدا ژ عشقێ مەطلەع
ئاخر بدە وی تو حوسنێ مەقطەع))[٤٢]

(خانی) دوای پاڕانەوە و ستایشی خودا و پێغەمبەر وەكـو شـاعیرانی دیكـەی رۆژهـەڵاتی راستەوخۆ دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆكی (مەم و زین) نەكردووە، بەڵكو ((ئەم رێچەی شكاند و باسكردنی مەسەلەی نەتەوایەتی كوردی (كوردایەتی) كردە جەوهەرێك لەو جەوهەرە گـرنگ و

(٤١) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٠-٣٦١.



پێویستانەی دەبێ لە پێـشەكی هـەموو كـارێكی لـەم جـۆرە(چـیرۆكی شـیعری) دا لەبەرچـاو بن))[٤٣]. (خانی) دەڵێت:

((قەط مومكنە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب
طالع ببتن ژ بۆ مە كەوكەب
بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار
جارەك ببتن ژ خوابێ هشیار
راببت ژ مە ژی جەهان پەناهەك
پەیدا ببتن مە پادشاهەك))[٤٤]

ئەم لادانەی (خانی) لەلایەك وا لە (خانی) دەكـات لـەم رووەوە بـە داهێنـەر سـەیربكرێت و وەك پێشەنگێك چاوی لێبكرێت، لەلایەكی تریشەوە ئەو بۆچوونە پتەوتر دەكات كە پێیوایە شێواز بریتییە لە جۆرێك لەلادان. ئەگەر (خانی) لە رێسای گێڕانەوەی داستانە كلاسیكییەكان لای نەدابووایـە ئـەوا نەیدەتوانی شێوازێكی نوێ دابهێنێ، بۆیـە شـێواز هەمیـشە لـەنێوان لادان و پەیوەسـت بووندایـە و شاعیری سەركەوتوو ئەوەیە بتوانێ لە هەركات و ساتێكدا داهێنان بكات و هـەر لادانێـك لـە رێـسا گشتییەكان ببێتە هۆی هێنانە ناوەوەی تەكنیك یا بیرێكی نوێ بۆ ناو ئەدەب.

بۆ گێڕانەوەی (مەم و زین) (خانی) راناوی (ئەو) ی (هەمـوو شـتزان) ی بـەكارهێناوە.كـە لەدەرەوە دەوەستێ و زانیاری لەبارەی پاڵەوان و كات و شوێن و چۆنییەتی بەكارهێنانی زمـان بە خوێنەر دەگەیەنێ.[٤٥] (خانی) دەڵێ:

((راببوونەڤە رۆژەكێ ب یەك ڤە
فكرینە ب رەنگ و روویێ یەك ڤە
عشقێ كربوون وەسا موبەددەل
وان بێك و دوو ناس نەكرن ژ ئەووەل))[٤٦]

(٤٣) دكتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی دووەم، ل٣٤٣.

(٤٤) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٥١-٥٢.

(٤٥) جمال میر صادقی، عناصر داستان، ص٣٩٦.

ئەم پاژەی رووداوی سەرەکی داستانی (مەم و زین) نموونەیەکە لەچەندین پاژی دیکەی بەدوای یەکدا هاتوو لە گێڕانەوەدا کە شاعیر لە رێی راناوی (ئەو) ەوە بۆمان دەگێڕێتەوە.

بەهۆی بەکارهێنانی راناوی (ئەو) لە گێڕانەوەدا بەرهەمەکە بووە بەبەرهەمێکی تاك دەنگ و تەنیا یەك دەنگی تێدا بەدی دەکەین ئەویش دەنگی شاعیر خۆیەتی و ئەو لەبری هەموو پاڵەوانەکانی قسەدەکات و ئەوەی لەناو بیر و هزری ئەواندا هەیە شاعیر خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە. بوونی ئەم تاك دەنگییە کاریگەری لەسەر زۆر توخم و هونەرەکانی گێڕانەوەی ناو داستانەکە هەیە و تا رادەیەك بە نەرێنی بەسەر یاندا کەوتۆتەوە، بەڵام لەکۆتاییدا و بۆ تەواوی داستانەکە بەکارهێنانی ئەم راناوە بۆ گێڕانەوە بە ئەرێنی کەوتۆتەوە. رووداوەکانی داستان، رووداوی دێرینن و شاعیر ئەگەر (من) بۆ گێڕانەوە بەکاربێنێت ئەوا لە واقیعیەتی داستانەکە و لە ئامانجی گشتی داستانەکە دوور دەکەوێتەوە کە گەورە پیشاندانی پاڵەوانانی میللەتە.

(خانی) لە داستانەکەیدا و بۆ پێدانی پتر واقیعیەت بە داستانەکەی لەسەرەتای داستانەکەیدا دەڵێت:

((نەققاشێ صەحیفەئێ حکایەت
نەققادێ سەبیکەئێ روایەت
کێشا ب ڤێ طەرحێ رەسم و ئایین
لێدا ب ڤێ طەرزی ضەرب و تەزیین
گۆ: پادشاهەك زەمانێ سابق
ڕابوو دحوکوومەتا خوە فائق))[٤٧]

هەروەها دەڵێ:

((ئاگاه ژ حالێ دەور و ئەییام
ئەڤ رەنگە گۆتە من سەرەنجام
گۆ: پیرەکێ میهر دارێ عاشق
قەولێ وی ژ رەنگێ صوبحێ صادق))[٤٨]

(٤٦) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل١٠١.

(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

(٤٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣.



لەم چەند دێڕە شیعرەدا (خانی) دان بەوە دادەنێت کە ئەو رووداوانەی لە (مەم و زین) دا هەن، (خانی) دروستی نەکردوون ئینجا بۆ ئێمەیان بگێڕێتەوە، بەڵکو رووداوەکان هەبوونە و ئەو لەکەسانی دیکە گوێبیستیان بووە و ئینجا بۆ ئێمەیان دەگێڕێتەوە، بۆیە رۆڵی (خانی) لێرەدا تەنیا گواستنەوە و گێڕانەوەی رووداوەکانە نەك دروستکردن و داهێنانی رووداو، ئەگەرچی لەچەند شوێنێکی کەمدا (خانی) هەوڵی دروستکردن یا گۆڕینی کەمێکی رووداوەکانی داوە.

**٢- شێوازی گێڕانەوە لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:**

لە رۆماندا، جا چ رۆمانەکە تەقلیدی بێت و کات و رووداوەکان بەشێوەی زنجیرەی یەك بەدوای یەکدا بێن، یا رۆمانی نوێ بێت و گرنگی بە گێڕانەوەی زنجیرەیی رووداوەکان نەدات و لە رێی چەند تەکنیکێکەوە کاتی گێڕانەوەکە تێکبشکێنێ، لە هەردوو باردا رۆماننووس ستایشی خودا و پێغەمبەر ناکات و لێیان ناپاڕێتەوە تا یارمەتیدەری بن بۆ بەکۆتا هێنانی رۆمانەکەی و لەکۆتایی رۆمانەکەشدا بەهەمان شێوە ستایش و سوپاسگوزاری لە ئارادا نییە.

رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن دوو کەسەوە دەگێڕدرێتەوە کە یەکێکیان (عەلی شەرەفیار) ی حیکایەتخوانی رۆمانەکەیە کە خۆی دەڵێت: ((سەرەتای ئەم چیرۆکەمان لە فڕۆکەخانەی سخێپهۆڵەوە لەنزیك ئەمستردام دەست پێدەکات... تۆ مامۆستای نووسەر عەلی شەرەفیاریت، وانییە...تۆ ئەویت؟))[٤٩]. ئەوەی دیکەشیان (جەلادەتی کۆتر) ە کە کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە و زۆرینەی رووداوەکانی رۆمانەکە بەسەر ئەو داهاتوون.

کاتێك کە (جەلادەتی کۆتر) و (عەلی شەرەفیار) یەکتری دەبینن و (عەلی شەرەفیار) داوای لێدەکرێ چیرۆك و بەسەرهاتی ژیانی جەلادەت بگێڕێتەوە، زۆرینەی زۆری رووداوەکانی رۆمانەکە تەواو بوونە و بوونە بە رابردوو. بۆیە (عەلی شەرەفیار) و (جەلادەت) رێکدەکەون لەسەر چۆنیەتی گێڕانەوەی رووداوەکان. شەرەفیار دەڵێت: ((تەنیا شتێك ئێستا پێویستە بیزانن ئەو رێکەوتنە سەیرەیە کە لەسەرتادا لەگەڵ جەلادەتی کۆتردا بەستم، ئەوەی من مافی

(٤٩) بەختیار عەلی، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، لە بڵاو کراوەکانی نێوەندی رەهەند، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٧.

ئەوەم هەبێت، بەشێکی حیکایەتەکە بگێڕمەوە، مافی ئەوەم هەبێت لەو بەشانەدا کەئەو دەیگێڕێتەوە بەشداری داڕشتن و شێوازی حیکایەت و سروشتی زمان بکەم، مافی ئەوەم هەبێت لەکوێدا ویستم من ببم بە حیکایەتخوان))[٥٠]. بێگومان شەرەفیار سوود لەو مافەی خۆی وەردەگرێت و لەهەرکوێ هەست بکات ئەگەر (جەلادەت) ڕووداوەکان بگێڕێتەوە پرۆسەی گێڕانەوەکە سەرکەوتوو دەبێ ئەوا خۆی واز لە گێڕانەوە دێنێت و ڕێ بە جەلادەت دەدات ڕووداوەکان بگێڕێتەوە. بۆنموونە لەکاتی گەیشتنە سەر ڕووداوی پێکهێنانی دادگا و گەڕان بەدوای شایەتەکانی دادگا (عەلی شەرەفیار) دەسبەرداری گێڕانەوە دەبێت و (جەلادەت) خۆی ڕووداوەکانی دادگاو چۆنیەتی پێکهێنانی دادگامان بۆ دەگێڕێتەوە و بەر لە دەسپێکردنی ئەم ڕووداوانە لەلایەن (جەلادەتی کۆتر) ەوە (عەلی شەرەفیار) دەڵێ: ((لێرەوە بێمانایە کەمن دەوری حیکایەتخوان ببینم کە دەزانم پاڵەوانی چیرۆکەکەم لەمن باشتر دەتوانێت شتەکانتان بۆ ئاشکرا بکات... بەڵام دەبێت بزانن کە ماڵاوایی حیکایەتخوان لە ڕۆماندا هەمیشە ماڵاواییەکی فێڵزانانەیە، دەبێت بزانن من لەهەموو ڕستەیەکدا لەگەڵ جەلادەتی کۆتر دابووم))[٥١].

لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) جگە لە (عەلی شەرەفیار) ی حیکایەتخوانی ڕۆمانەکە و (جەلادەتی کۆتر) ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، کارەکتەری دیکەش هەن بەشداری لە پرۆسەی گێڕانەوە دەکەن و ئەو ڕووداوانە دەگێڕێنەوە کە بەسەرخۆیان داهاتوون یا پەیوەندییان بەوانەوە هەیە، یەکێك لەو کارەکتەرانە (سامیری بابلی) یە کە چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((حیکایەتی من وەك گەشتی سندیبادێکی نوێیە، سندیبادێك کە وەك سندیبادی یەکەم لە بەغداد لەدایك بووە، بەڵام من هەرگیز سواری کەشتی نەبووم و بەدەریادا سەفەرم نەکردووە، نەچوومەتە دەریا و بەگێژەندا نە ڕۆیشتووم، هیچ سیمرخێك هەڵینەگرتووم...من جەنگەڵەکان و چیاکان و زۆنگاوە ترسناکەکانم بینیوە))[٥٢].هەروەها دەڵێ: ((ڕۆژێك لە ڕۆژان من لە باغەکانی پرتەقاڵدا پیاسەم دەکرد لەناکاو ئەو سەگانەم بینی، هەمان ئەو سەگانەی ساڵێك بوو ڕاویان دەنام))[٥٣]. لە هەردوو نموونەکەدا ڕاناوی (من) بۆ

(٥٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

(٥١) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤١.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.



گێڕانەوە بەکارهاتووە، بەڵام ئەم (من) ە نە (عەلی شەرەفیار) ەو نە (جەلادەتی کۆتر)، بەڵکو (سامیری بابلی) یەو لێرەدا هەریەك لە هەردوو حیکایەتخوانی سەرەکی ڕۆمانەکە وازیان لە گێڕانەوە هێناوە و ڕێگەیان بە کارەکتەرێکی دیکە داوە تا کەمێك لە بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، کە بێگومانن لەوەی هیچ کەس ناتوانێ وەکو خۆی تەعبیر لەژیانی خۆی بکات.

لەبەرئەوەی (عەلی شەرەفیار) حیکایەتخوانی ڕۆمانەکەیە، بۆیە زۆرینەی ئەو ڕووداوانەی ئەو دەیانگێڕێتەوە بۆ گێڕانەوەیان ڕاناوی سەربەخۆی (ئەو) ی (هەموو شتزان) بەکارهاتووە و (شەرەفیار) وا دەردەکەوێت کە ئاگاداری هەموو شتەکانە. (عەلی شەرەفیار) دەڵێت: ((بۆ یەکەمجار فلووتەکەیان دایە دەستی جەلادەتی بچکۆلە ڕاستەوخۆ دەیتوانی ئاوازی قەشەنگ دەربهێنێت، هێندەی لێوی دەنا بەو ئامێرەوە مۆسیقایەکی جوانی لێدەهاتە دەرێ کە هەر لەو کاتەوە خەڵکانی سەرسامدەکرد))[٥٤].هەرچەندە ئەم ڕووداوە پەیوەندی بە ژیانی منداڵی (جەلادەتی کۆتر) ەوە هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی حیکایەتخوان لەجۆری (هەموو شتزان) ە، بۆیە زۆر بە ئاسایی ئاگاداربوونی خۆی لە ڕووداوەکان دەردەبڕێت.

لە نموونەیەکی تردا کە پەیوەندی بە (دالیا سیراجەدین) و ئەو هەفتەیەوە هەیە کە لە ژێر زەمینێکدا لەناو فایلی مردوان و زیندانییەکاندا بەدوای سۆراغی (باسمی جەزائیری) دا دەگەڕێت، (شەرەفیار) دەڵێت: ((دالیا لەو چەند شەوەدا ئەو کوژراوانە دەبینێت کە بەدەست و پلی تۆزاوی و بە بەرگی خوێنینەوە دێن و لەناو ئەو سەرابەدا دەیکەنە هەڵایەکی گەورە، لەو شەوانەدا چۆن ژنێکی لادێیی مراویەکی سرك ڕاو دەنێت...هەندێجار ئەو سەردابە پڕ دەبێت لەو پیاو و ژنە غەریبانەی هەریەکە بە بێدەنگ بەدیار کۆمەڵێك دۆسییەوە وەستاون و وەك خوێنەری کتێبخانەیەکی گەورە بن بەبێدەنگ ژیانی یەکتر دەخوێننەوە))[٥٥].

گوتم زۆرینەی زۆری ئەو ڕووداوانەی (عەلی شەرەفیار) دەیانگێڕێتەوە ڕاناوی (ئەو) بۆ گێڕانەوەیان بەکارهاتووە، کەواتە ئەو کەمینەیەی کە دەمێنێتەوە (شەرەفیار) بۆ گێڕانەوەیان سوودی لە ڕاناوی (من) وەرگرتووە.(شەرەفیار) دەڵێت: ((ئەو کات لەناو گەلێك کێشەو گرفتی ژیاندا نوقمبوو بووم، ڕۆژگارێك دەژیام بەسەختی لە دڵەوە پێکرابووم و باوەڕم بەشتێك نەمابوو، هەر لەو هەفتەیە ژنەکەم بێهۆ تەڵاقنامەیەکی لەدادگاوە بۆ ناردم و نێوان من و ئەو

(٥٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(٥٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤.

بۆ هەتا هەتایە کۆتاییهات))[٥٦]. ئەم رووداوە پەیوەندی بەژیانی (شەرەفیار) خۆیەوە هەیە، بۆیە بۆ گێڕانەوەی راناوی (من) ی بەکارهێناوە.

بە پێچەوانەی (شەرەفیار) (جەلادەتی کۆتر) کاتێك رووداوەکان دەگێڕێتەوە زۆربەی کات راناوی (من) بەکاردێنێت و ئەم بوارەشی، بۆیە بۆ رەخساوە، چونکە زۆربەی رووداوەکانی رۆمانەکە باسی ژیانی ئەو دەکەن. (جەلادەت) دەڵێ: ((بەرێکەوت لەزێ پەڕینەوە، من بە ئەسپایی گووتم با لەزێ نەپەڕینەوە. من دڵنیا نەبووم، چونکە من بۆنی باڵندەم دەکرد، لەزمانیان تێدەگەیشتم، من بە ئیسحاقم گووت...کە من وامدەگووت پۆلێك لەباڵداره شپرزەکان لەو بەری ئاوەوە دەفڕین))[٥٧] هەروەها دەڵێ: ((لەوکاتەدا بۆنی ئاوێکی دوور کاسی دەکردم، دڵنیابووم لەو ژوورەدا بۆنی زەریاچەیکی دوور و گەورە من گەمارۆ دەدات، وام هەستدەکرد ئەو ژێرزەمینەی من تیا خەوتووم نزیکە لە کۆمەڵێك گۆمی گەورەوە، من چاوم لێکدەناو باڵندەی گەورەم دەبینی))[٥٨].لە هەردوو نموونەکەدا راناوی (من) بۆ گێڕانەوە بەکارهاتووە، کە جەلادەت وەکو کارەکتەرێك ئەم رووداوانەی بەسەرداهاتووە و خۆشی رووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

بەڵام هەندێ جار کاتێ (جەلادەتی کۆتر) هەندێ رووداومان بۆ دەگێڕێتەوە یا زانیاریمان لەبارەی ئەو رووداوانەوە پێدەدات کە بەسەر کارەکتەرەکانی دیکەی ناو رۆمانەکەدا هاتوون راناوی (ئەو) بۆ گێڕانەوە بەکاردێنێت. (جەلادەت) دەڵێت: ((مستەفای شەونم بە هێمنی دەستی کرد بە گێڕانەوەی حیکایەتی ئەو جیهانە، من حیکایەتەکەتان بەو شێوەیە بۆ دەنووسمەوە کە ئاغای شەونم گێڕایەوە))[٥٩]. ئینجا (جەلادەت) تەواوی بەسەرهاتی (مستەفا شەونم) مان لەبارەی چۆنیتی وازهێنانی لەوێنەکێشان بۆ دەگێڕێتەوە.

هەروەها کە باسی (دالیا سیراجەدین) و چیرۆکی ئەو پیاوە دەکات کە پەیمان بە دالیا دەدات (باسمی جەزائیری) بۆ بدۆزێتەوە و وابکات دوا ساڵی خوێندنی زانکۆی تەواوبکات. (جەلادەت) دەڵێ: ((شەوێك دالیا سیراجەدین وەك هەموو ئافرەتە خراپەکانی ئەو شارە لەگەڵ میوانێك دەخەوێت...دەڵێت((خانم، تۆ ژنی ژمارە دوو هەزار و دووسەد و بیست و دووی

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

(٥٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(٥٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

(٥٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٠.



منی... لەبەر ئەوە داوای شتێکی گرانبەهاو قورس بکە بۆت جێبەجێبکەم))[٦٠]. (جەلادەت) ئەو قسانەی لە (دالیا) گوێ لێبووە و دواتر بۆ ئێمەیان دەگێڕێتەوە.

لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بەهەردوو راناوی سەربەخۆی (ئەو) و (من) دەگێڕدرێتەوە کە دەکاتە (حیکایەتخوان - کارەکتەر) و جگە لەکارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە کارەکتەرەکانی دیکەی رۆمانەکەش بۆیان هەیە رووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانیان لەرێی راناوی (من) ەوە بگێڕنەوە. ئەم رێگە پێدانە و ئەم جۆرەی گێڕانەوە وایکردووە کە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) رۆمانێکی فرە دەنگ بێت و جگە لە دەنگی حیکایەتخوان چەند دەنگێکی دیکەش ببیستین.

ئەم فرە دەنگییە هۆکارێکە بۆ تێکشکاندنی کات و لۆجیکی بەدواییەکدا هاتنی زنجیرەیی رووداوەکان، چونکە چ حیکایەتخوان و چ کارەکتەرەکان بەشێوەی پچڕپچڕ رووداوەکان دەگێڕنەوە و تەواوی ئەو زانیاریانەی دەیزانن لەدوای یەك دەرینابڕن و پچڕپچڕی لە رووداو و زانیارییەکانیش هۆکارە بۆ پچڕپچڕی لە گێڕانەوەدا.

لەرۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا سستەمی گێڕانەوە و دابەشکردنی گێڕانەوە لە نێوان حیکایەتخوان و کارەکتەرەکان بەوشێوەیەی خوارەوەیە:

پاژی (دوا هەمین دەرکەوتنی شاروخی شاروخ) کە دەسپێك و یەکەمین رووداوی رۆمانەکەیە لەلایەن (عەلی شەرەفیار) ی حیکایەتخوانی رۆمانەکەوە دەگێڕدرێتەوە. (کتێبی یەکەم) لەلایەن (عەلی شەرەفیارە) ەوە دەگێڕدرێتەوە و (کتێبی دووەم) لەلایەن (جەلادەتی کۆتر) ەوە. لە نێوان کتێبی دووەم و سێیەمدا پاژێك هەیە بە ناونیشانی (بە شێك لە چیرۆکەکانی نەقیب سامیری بابلی لەگەشتی دوور و درێژیدا لەنێوان جەنگ و پەشیمانیدا) کە (سامیری بابلی) هەندێك لە رووداوەکانی ژیانی خۆی لەم پاژەدا دەگێڕێتەوە.

(کتێبی سێهەم) (عەلی شەرەفیار) دەیگێڕێتەوە و (کتێبی چوارەم) کەچەند تەوەرێکە دابەشکراوەتە سەر (عەلی شەرەفیار) و (جەلادەتی کۆتر) هەریەکەیان چەند رووداوێکمان بۆ دەگێڕنەوە و دوا بەشی رۆمانەکەش کە بە (دوا کتێب) ناونراوە (عەلی شەرەفیار) بۆمانی دەگێڕێتەوە.

(٦٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

(بەختیار عەلی) لە دابەشکردنی ڕۆمانەکەی بۆ چەند کتێبێك سستەمێکی نوێی گێڕانەوەی هێناوەتە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانی کوردییەوە و لە مێژووی ئەم ژانرە لەناو کورددا ئەم تەکنیکە بەکارنەهاتووە و ڕۆماننووس بەسەرکەوتوویی لێرەدا بەکاریهێناوە.

**٣- بەراوردکردنی شێوازی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:**

لە دەسپێکی گێڕانەوەی (مەم و زین) دا (خانی) ستایشی خودا و پێغەمبەر دەکات و لەبەریان دەپاڕێتەوە کە لەبەئەنجام گەیاندنی بەرهەمەکەی و لە ژیانی کۆتاییشدا پاڵپشتی بن و سەری بخەن و لە کۆتایی داستانەکەشدا هەمان کار دەکات، بەڵام ئەم پیاهەڵدان و ستایش و پاڕانەوانە نە لەسەرەتاو نەلە کۆتایی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا نابینرێن.

لە (مەم و زین) دا گێڕانەوەی تەقلیدی و یەك بەدوای یەکداهاتنی زنجیرەیی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەکارهاتووە. بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا گێڕانەوەکە گێڕانەوەیەکی تەقلیدی نییە و تێکشکانی کات و لادان لە شێوازی گێڕانەوەی یەك لەدوای یەکی ڕووداوەکان دەبینین.

(خانی) لەسستەمی گێڕانەوەی تەقلیدی زۆر کۆن کە دوای ستایش و پاڕانەوە ڕاستەوخۆ دەستیان بەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی داستانەکە دەکرد لای داوە و بیری کوردایەتی هێناوەتە ناو داستانەکەوە کە لە دوو لایەنەوە بووەتە مایەی سەرکەوتنی ئەو داستانە، لە یەکەمیاندا بابەتەکە کە کوردایەتییە گەیاندوویەتی و لە دووەمیشیاندا جۆرێکی نوێی گێڕانەوەی بە زیاد کردنی پاژێکی نوێ شێوەیەکی نوێی بۆ گێڕانەوە داهێناوە. لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا داهێنان لە سستەمی گێڕانەوەدا دەبینرێت کە بۆ یەکەمجارە لەناو کورد ڕۆمان بەو شێوەیەی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دابەشی سەرچەند کتێبێك بکرێت.

لە (مەم و زین) دا تەنیا ڕاناوی سەربەخۆی (ئەو) کە دەکاتە حیکایەتخوانی (هەموو شتزان) بەکارهاتووە، بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا هەردوو ڕاناوی (ئەو) و (من) بەکارهاتوون و هەردوو جۆری حیکایەتخوانی (هەموو شتزان) و (هەمان شتزان) سوودیان لێوەرگیراوە.

لە (مەم و زین) دا بەهۆی جۆری ئەو ڕاناوەی کە بۆ گێڕانەوە بەکارهاتووە داستانەکە بووە بە داستانێکی تاك دەنگ و جگە لە دەنگی حیکایەتخوان کە دەکاتە دەنگی شاعیر هیچ دەنگێکی دیکە نابیستین. بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا بەهۆی جۆراو جۆری ڕاناوەکان، ڕۆمانەکە بووە بە ڕۆمانێکی فرە دەنگ و چەند دەنگێکی جیاوازی تێدا هەست پێدەکرێت.

# بەشی دووەم

## توخمەکانی گێڕانەوە لە داستان و ڕۆماندا

## تەوەری یەکەم
## توخمی زمان لەداستان و رۆماندا

### أ- توخمی زمان لە رووی تیۆرییەوە:

بوونی هەر توخمێك لەناو هەر رەگەزێكی ئەدەبی دا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەو واتایەی رەنگە نەبوونی یەکێك لەو توخمانە دروست نەبوونی تێکستی ئەدەبیی لێ بکەوێتەوە. رەخنەگران یا کەسانی پسپۆر لە ئەدەبدا زۆرینەی کات باسی گرنگی ئەو توخمانەیان بۆ کردووین کە رەنگە هەندێکیان توخمێك بە تەوەری دروست بوونی دەقێکی ئەدەبی دابنێن و توخمەکانی تریش وەکو یارمەتی دەری ئەو توخمە دابنێن. جیاوازی بۆچوونی هەر یەکەیان بەرانبەر هەر توخمێك وادەکات یەکێك لە توخمەکان بەگرنگ بزانن و ئەوانی تر بخەنە خزمەت ئەوەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەگەر ئەوان جیاوازیش بن لەبیر و بۆچوونیان لەبەرامبەر ئەوەی کامە توخم گرنگترین توخمە لە ناو دەقدا، ئەوا لەسەر ئەوە کۆکن کە بوونی هەر یەك لەو توخمانە پێویستییەکی حەتمیە و دەبێ ئەو توخمانە لەناو دەقدا هەبن.

زمان وەك یەکێك لەو توخمانە پێویستییەکی یەکجار گرنگی دروستبوونی دەقی ئەدەبییە و پەیوەندییەکی پتەوی بە توخمەکانی دیکەوە هەیە، چونکە ئەوان لەرێگای زمانەوە دەردەبردرێن و زمان ئەوان دەناسێنێ، کەواتە لەناو دەقی ئەدەبیدا زمان سەرەڕای ئەوەی خۆی وەکو توخمێك هەیە و کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی کەوتونەتەسەر، ئەرکی ئەوەشی لەسەرە کارو ئەرکی ئەوانی تریش دەربڕێت، لێرەدا زمان هەم خۆی خودی مەبەستە و هەمیش وەك نێوەندێکە بۆ ئاشناکردن و ناساندنی ئەوانی تر. ئەو گرنگییەی زمانیشە وای لە (گۆرکی) کردووە کە بڵێ: ((زمان یەکەمین توخمی ئەدەبە))[1] ، بەبێ زمانیش ئەدەب دروست نابێ.

گومانی تێدا نییە یەکەمین کارێك کە لەئەدەبدا هەیە و پێویستە هەبێت لایەنە ئیستاتیکیەکەیەتی بۆ ئەوەی چێژ بە گوێگر یا خوێنەر ببەخشێ، دروستکردنی ئەو چێژە ئەرکی زمانە نەك توخمێکی دیکە، جوانکاری کە سەرچاوەی چێژە پەیوەستە بە زمانەوە و لە رێگەی زمانەوەیە دەتوانرێت ئەو رایەڵە دروست بکرێت کە پێویستە لە نێوان دەق و

(١) ف. تشيتشيرن، الأفكار والأسلوب، ترجمة الدكتورة حياة شرارة، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق– بغداد، بدون سنة الطبع، ص٢١ .



هەستەکانی گوێگر یا خوێنەردا هەبێت و ئیستاتیکا سەودای لەگەڵ هەستەکانە نەك عەقڵ و بوونی زمان واتە بوونی ئیستاتیکا و ئەمەش مانای بوونی لایەنێکی هەرە گرنگی ئەدەبە.

لە ئەدەبدا چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمان گرنگترین شتێکە کە نووسەر یا شاعیر پێویستە زۆر بە وردی ئاگاداری بێت. سەرەنجامی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ زمان دەکرێ دەقی ئەدەبی لێدەکەوێتەوە و ((دەق شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسهاتی زمانی کە سستەمی تایبەتی خۆی دروست دەکات))[2]. لە زماندا سستەمێك هەیە کە ئەو زمانەی لەسەر پێکهاتووە، سەرکەوتن یا هەرەسهێنانی دەقێك پەیوەستە بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سستەمە و، تەواوی شاعیر و نووسەرانی دونیا بەیەك شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەو سستەمەدا ناکەن و ئەگەر ئەوەشیان کرد ئەوا بەرهەمی هەموویان بە رێژەیەکی یەکجار زۆر لەیەك دەچێت، بەڵام ئەوەی ئەو جیاوازیەی دروست کردووە و وای کردووە هەر نووسەرە و خاوەن زمان و شێوازی تایبەتی خۆی بێت چۆنیەتی سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی زمانە.

جیاوازی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا وای کردووە رەگەزە ئەدەبییە جیاوازەکان دروستبن و بووەتە هۆی ئەوەی زمانی هەر رەگەزێکی ئەدەبی تا رادەیەکی بەرچاو لە ئەوی دیکەیان نەچێت. بەڵام جیاوازییەکانیان زیاتر دەبێت ئەگەر هەریەکەیان سەر بە لایەنێکی زمانەوە بن، وەك دەزانین لە ناو زمانی ئەدەبدا (شیعر و پەخشان) هەیە و زمانی ئەو دوو شێوەیەی ئەدەبیش لە یەکەوە جیاوازە. شیعر کار لەسەر شوێنێکی زمان دەکات و پەخشانیش لە شوێنێکی دیکە.

لە ناو ئەدەبدا دوو شارێ لە چۆنیەتی مامەڵەی ئەدیبان لەگەڵ زماندا دروست بووە، هەندێکیان دەبن بە شاعیر و هەندێکیش پەخشاننووس و لە رەگەزە ئەدەبییە نوێیەکانیش دا سنووری تێکەڵاوی نێوان ئەم دوو شارێیە بەر تەسك دەبێتەوە و زۆر لەیەك نزیك دەبنەوە، وەك ئەوەی بیانەوێ جارێکی دیکە و بە شێوازێکی دیکە و بێگومان بۆ دروستکردنی ژانری ئەدەبی دیکە تێکەڵ ببنەوە.

شاعیر یا نووسەری لێهاتوو لە چۆنیەتی مامەڵەی لەگەڵ زماندا بەدیار دەکەوێت. چ زمانی شیعر و چ پەخشانیش تا رادەیەك لە زمانی گشتی خەڵك جیاوازن، ئەگەرچی رێژەی ئەم

(٢) الدكتورمنذر عياشي، الأسلوبية والتحليل الخطاب، مركز الانماء الحضاري، الطبعة الاولى، سورية، ٢٠٠٢، ص١٢١.

جیاوازییە لە شیعردا یەکجار زۆرە و لە پەخشاندا بە پێچەوانەوەیە، بەڵام جیاوازی هەر بەدی دەکرێت، سەرچاوەی ئەو جیاوازیانەش لەو گۆڕانانەدایە کە نووسەر دەیەوێ لەناو زمان دا ئەنجامیان بدات، بۆ ئەوەی شێواز و مۆرکێکی کەسییان پێ ببەخشێ. جا ئەگەر توانی لەو گۆڕانانەی لە سستەمەکەدا دەیکات سەرکەوتووبێ ئەوا شێوازێکی تایبەت بە خۆی دروست دەکات و بەرهەمەکانیشی بەسەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێن ئەگەریش ئەو گۆڕانانەی دەیەوێ ئەنجامیان بدات گۆڕانکاری ناشاز و لە جێی خۆیاندا نەبن، ئەوا سەرەنجام بەرهەمێکی کرچ و کاڵ بە گوێگر و خوێنەر دەگات.

### ١– توخمی زمان لەداستاندا:

گوتمان زمان یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرنگەکان بۆ دروست بوونی رەگەزی جیاوازی ئەدەبی، ئەوەشمان گوت کە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان لە ناو ئەدەبدا لە دوو شارێوە دەبێت کە یەکێکیان شیعری لێدەکەوێتەوە و ئەوی تریشیان پەخشان، ئەوەشمان گوت رەنگە ئەم دوو شارێیە لەیەك نزیك ببنەوە و رەگەزێکی تێکەڵ لە هەردوو لایان دروست ببێ، لەسەردەمی ئێستاماندا (پەخشانە شیعر، رۆمانە شیعر) بەرچاو دەکەون کە نموونەی ئەو تێکەڵیەن. لەسەردەمی کۆنیش دا دەکرێ (داستان) بە نموونەی ئەو تێکەڵ بوونە دابنێین و یەکێك لەو ناوانەی کە زۆرجار لەبری داستان بەکاردێت (چیرۆکە شیعر) ە، کەواتە داستان هەم کۆمەڵێك خەسڵەتی تێدان کە لە چیرۆك و تەواوی رەگەزە چیرۆك ئامێزەکانی تردا هەن و، هەمیش بە زمانێك نووسراوە کە زمانی شیعرە و لە زمانی پەخشان دوورکەوتۆتەوە. هەڵبژاردنی زمانی شیعریش بۆ رەگەزێکی کۆنی وەك داستان بە هەڵکەوت نەبووە، چونکە ((شیعر بەندە بە ژیانە ساکار و سۆز ناکەکەی مرۆڤەوە لە خۆشی و ناخۆشیدا، زمانی سۆزە، بەڵام پەخشان پەیوەندی مرۆڤ بە پێشکەوتنە شارستانیەتەکەوە دەردەخات))[3] بێگومان ئەگەر ئەو باوەڕە بۆ ئەمڕۆ نەتوانێ بە تەواوی ئامانجەکەی بپێکێ، چونکە ئێمە لەسەردەمی پێشکەوتن داین و شارستانییەت هەیە، کەچی شیعر هەر دادەهێنرێت و دەنووسرێت ئەگەرچی کەمێك جێگاکەی لەق بووە. بەڵام ئەم باوەڕە بۆ سەردەمی داستان بەتەواوی راستە و سەردەمی داستان سەردەمی نەخوێندەواری و دواکەوتوویی خەڵك بووە.

(٣) ابراهیم قادر محمد، رۆمانی کوردی لە عێراقدا، ل٢.



داستان بە شیعر دەنووسرێ و شیعر زمانی سۆزە، کەواتە دەبێ بۆ داستان مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ زماندا بکرێت و ناسکترین و رونترین و وردترین دەستەواژە و وشە هەڵبژێردرێن بۆ ئەوەی هەموویان بە یەکەوە کار لە هەستی خوێنەر بکەن و رووە و ناو داستانەکەی رابکێشن.

بۆ نووسینی داستان کۆمەڵێك رێسا هەن کە دەبێ شاعیر پەیڕەویان بکات. زمانی داستان لەو رێسایانە بەدەر نییە و بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانیش کۆمەڵێ رێسا دانراون ((کەواتە دەبێ داستان پشت ببەستێ بە زمانێکی شیعری جیاواز و یەکگرتوو کە دابەکانی لە تایبەتمەندییە رەهاکانی فۆرمەوە وەربگرێت))[4]، جیاواز لەو رووە وە کە شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبێت لە رێکخستن و بەدوای یەکدا هێنان و داهێنانی دێڕەکان و دواتر دروستکردنی وێنەی شیعری بەهۆی دێڕەکانەوە. یەکگرتوویش لە هەردوو لایەنی ناوەکی و دەرەکی کە لەناوەکییەکەدا مەبەستمان لەیەك دەنگی و یەك شێوازی و گونجاندنی تەواوی زمانی ناو داستانەکەیە. لەرووی دەرەکیشەوە داستانەکە بتوانێ بە شێوەیەکی گشتی هەمان ئەو خەسڵەتانەی تێدا بێت کەلەداستاندا هەن و پێویستە پەیڕەویان بکات.

ئەو دابانەی کە لە نووسینی داستان و لە شیعردا بەگشتی هەن، لە دوو لایەنەوە کاریگەریان بەسەر شاعیر و دەقی ئەدەبیدا دەبێت، لایەنێکیان ئەرێنی یە کە وا لە شاعیر دەکات بەخەیاڵێکی فراوان بەرهەمەکەی دابڕێژێت وشاعیر ناچاردەکات کە ((گوتەیەك کاری بەسەر گوتەیەکی ترەوە هەبێت و وشەیەك بە پێش وشەیەکی تر بخرێت و ئەمەیان لا ببرێت و ئەوەی تریان بچەسپێنرێ و درێژەکان کورت بکرێن و کورتەکان درێژ، جیا لەوانەش شتی تر کە بە (پێویستییەکانی شیعر) ناویان دەبەن))[5] هەموو ئەو دابانە لە ناو داستاندا یارمەتیدەری باشن بۆ ئەوەی شاعیر بتوانێ سوودیان لێببینێت و لە رێگەی ئەوانەوە تۆزێك لە رێسا گشتییەکانی داستان دەربچێت، گەرچی مەبەست لە دەرچوون لێرەدا ئەوە نییە بەتەواوی رێساکانی داستان پشت گوێ بخات، لەبەر ئەوەی ئەو کات بە داستان دانانرێت، بەڵکو بە رەگەزێکی دیکەی ئەدەبی دەدرێتە قەڵەم، بەڵام ئەمە مانای وایە هەر کاتێك شاعیر بیەوێ داستانەکەی درێژ بکاتەوە، بیکا و هەرکاتێکیش هەستی کرد داستانەکەی پێویستی بە ریتمێکی خێرا هەیە ئەوا

(٤) الدکتور جهاد عطا نعیسة، في مشکلات السرد الروائي، www.awu-dam.org

(٥) الدکتور محمد صادق عفیفی، النقد التطبیقی والموازنات، مؤسسة الخانجی بمصر، مطابع الدجوی، القاهرة، ١٩٧٨م، ص١٧٩.

کورتی بکاتەوە، یان کاتێك ویستی خەیاڵ بکات یا جۆرێك لە جوانکاری لە ناو داستانەکەی دا بنوێنێت ئەوا پەنا بۆ یەکێك لە هونەرەکانی رەوانبێژی دەبات و لەرێگەی ئەوانەوە خەیاڵەکەی بە ئەنجام دەگەیەنێت.

لایەنی دووەم کە لایەنی نەرێنییە لە خودی ئەو یاسایانەدایە، کاتێك کە دەبن بە کۆت و شاعیر بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت لێیان لابدات یا هەوڵی گۆڕینیان بدات ئەمەش مانای وایە ئەم جۆرە هونەرانەی کە لە رێگەی زمانەوە لە داستان دا ئەنجام دەدرێن بە شێوە تایبەتییەکەیەوە رێسای ئەرێنین و یارمەتیدەری شاعیرن، بەلام لە شێوە گشتییەکەیدا، کە دەبێ هەموو شاعیرێك پەیڕەویان بکات پێچەوانە دەبنەوە و دەبن بە رێسای رێگر لەباتی ئەوەی یارمەتیدەر بن.

ئەوەی باسمان کرد سەرەنجام دەتوانین لێیبگەین بەوەی کە لە داستاندا تەواوی هونەرەکانی رەوانبێژی دەبینرێن وەك ئەوەی لە شیعردا بە شێوەیەکی گشتی هەن، بەلام پەیڕەوکردنی هونەرەکانی رەوانبێژی نابێت ببێتە هۆکاری ئەوەی زمانی داستان زمانێکی قورس بێت، چونکە لەداستاندا زمان ((زمانێکی سانایە))[٦] و ناکرێ ئالۆز بکرێت، سروشتی داستان لەگەڵ ئەوەدا تەبا نییە. داستان بەرهەمێکی یەکجار دوورو درێژەو ئەو خەڵکەی کە بۆیان دەنووسرێ بە شێوەیەکی گشتی خەڵکێکی رۆشنبیر نین تا بتوانن ئالۆزییەکانی نێو داستان لێکبدەنەوە، بۆیە زمانی داستان تا ئاسانتر و روونتر بێت و زووتر لێی تێبگەی سەرکەوتووتر دەبێ. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەلاغەتگەرایی لە ناوداستاندا تەنیا بەمەبەستی جوانکاری بەکاردێت نەوەك بۆ ئالۆزکردنی زمان و بەکارهێنانی هێما لەداستاندا، ئەمەش جیاوازی نێوان شیعری داستانی و شیعری ئاساییمان بۆ دەردەخات و لە شیعری ئاسایی دا زۆر بە سانایی دەتوانرێ قورسترین زمان و ئالۆزترین هێما بەکاربهێنرێت، کەچی لەناو داستاندا ئەمە کارێکی ئەستەمە.

شیعری داستانی لە هەندێك رووی دیکەوە بە گشتی دەستبەرداری رێسا گشتییەکانی شیعر نەبووە، بۆ نموونە شیعر بەبەرهەم و داهێنانێکی خودی دادەنرێت و تەواوی ئەو هەست و سۆزەی لە شیعردا دەبینرێت، هەست و سۆز و خەیاڵێکی خودییە، بەو واتایەی لە شیعردا هەست بە تاکە دەنگێك دەکەین ئەویش دەنگی شاعیرە، لەداستانیشدا بەهەمان شێوە تاکە کەسێك دەنگی دەبیسترێ شاعیرە، کە لەوێدا بەناوی حیکایەتخوانی داستان دەردەکەوێ ئەگەرچی لێرەدا بەوە لە

(٦) علی بو ملحم، فی الأدب وفنونه، ص٢٦.



شیعر جیا دەبێتەوە کە ئەو هەست و سۆزەی لە داستاندا هەستی پێدەکرێت بە زۆری هەست و سۆزی کەسی یا خودی نییە، بەڵکو هەست و سۆزێکی گشتییە، شاعیر و حیکایەتخوانی داستانیش وەکو هەرکەسێکی دیکە گوێی لێبووە و ئەویش دەیگێڕێتەوە، ئەگەرچی بە رادەیەك ئەگەر کەمیش بێت هەست و سۆز و بیرو باوەڕی خۆی تێکەڵ دەکات، بەلام بەهۆی سستەمی گێڕانەوەی داستان کە سستەمێکی زنجیرەیی بەدوای یەکدا هاتنی رووداوەکانە ئەو مەودایە زۆر بەرتەسك دەبێتەوە کە شاعیر بتوانێ لە ناو داستاندا باوەڕەکانی خۆی دەرببڕێت، مەگەر لەدەرەوەی چیرۆکەکە و بەبەشێکی جیا ئەم کارە بکات وەك ئەوەی خانی لەبارەی کوردایەتی لە(مەم وزین) دا کردوویەتی.

تاکڕەوی لە هۆنینەوە و تاکڕەوی لە گێڕانەوەدا و یەکدەنگی گێڕانەوە کە لە داستاندا هەیە بووەتە هۆی ئەوەی ((بارودۆخی داستان تەنیا یەك زمان بناسێت))[٧]. ئەو زمانەش ئەوەیە کە شاعیر هەڵیدەبژێرێ و بە پێی چەند رێسایەك دایدەرێژێتەوە کە بووەتە هۆی ئەوەی ((مرۆڤی داستانی لە ئاڵ و گۆڕی زماندا هەژاربێت))[٨]. ئەمە رەنگە زۆر بە ئاسایی لای خوێنەری داستان بکەوێتەوە، بەو هۆیەی ئەم ژیانەی ئەو گوزەراندوویەتی ژیانێکی تاك دەنگ بووە و تەنیا دەنگێك کە لە ژیاندا بەرگوێی کەوتبێت دەنگی خەڵکانێك بووە کە لە چینی سەرەوەی کۆمەڵ بوونە و ئەوانیش بەندەی دەنگێك بوونە کەزۆر لە پێش ئەوانەوە گوتراوە و پشتاوپشت بۆیان گواستراوەتەوە، کەواتە تاك دەنگی داستان، تاك دەنگی کۆمەڵگەی سەردەمی داستانە و گواستراوەتەوە نێو داستان، بۆیە خوێنەرانی داستان بە ئاسایی وەری دەگرن.

تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی داستان بوونی وشە و گوتەی ئەو ژینگەو ناوچەیەیە کە داستانەکەی تێدا سەر هەڵداوە، یا لە وێدا هۆنراوەتەوە کە لەمە دا هیچ چارەیەك بۆ وشەی گواستراوە نییە کە ژینگەی چیرۆکەکەیە ئەمە سەرەڕای بوونی وشەی رەنگکراو بەرەنگی ناوچەیی. [٩] لێرەدا دووجۆر وشەی ناوچەییمان بەرچاو دەکەون، وشەیەك کە وشەی ژینگەی سەرهەڵدانی داستانەکەیە و کۆمەڵێ وشەی دیکەش کە شاعیر خۆی لەناوچەکەی خۆیدا هەڵیاندەبژێرێت و لەناو داستانەکەدا دەیانمەزرێنێ.

(٧) میخایل باختین، الملحمة والروایة، ص٦٠.

(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(٩) علی بو ملحم، فی الادب وفنونه، ص٢٦.

## ٢- توخمی زمان لە رۆماندا:

لە رۆماندا زمان ئەو گرنگی و پێشڕەوییەی خۆی لەدەست نادات کەلەداستاندا هەیەتی، ئەگەرچی چۆنییەتی گەیاندن و ئەو ئەرکەی کە دەیبینێ لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە جیاوازە، بەڵام لە کرۆك و ناوەرۆکی بابەتەکە هەروەکو خۆیەتی. زمان وەك ئەوەی تەواوی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە دروست دەکات و بەدەر لە زمان هیچ بوونێکیان نییە بۆ رۆمانیش هەمان شت بەدی دەکەین ((دەبێت بزانین کە جیهانی رۆمان بەهۆی زمان و پەیڤەکان دروست دەبێت))[10] و بۆ هەر خەیاڵ و واقیعێك و هەر ئیستاتیکا و پەیام و ئەرکێکیش کە رۆماننووس دەیەوێ بە خوێنەرانی بگەیەنێ ئەوا دەبێ زمان بەکاربێنێ.

رۆمان نزیکترین ژانری ئەدەبییە لە واقیعی کۆمەڵگای مرۆڤەوە، بۆیە تارادەیەکی زۆر هەمان ئەو نێوەندانە بەکاردێنێ کە لە ژیاندا بەکاردێن. باشترین نێوەندیش بۆ گەیاندنی پەیامێك یا وا لە کەسێك بکەی کە تێبگا و باشترین رێگا هەڵبژێرێت، لە رێگەی زمانەوە ئەو کارە دەکرێت، بۆیە لە رۆماندا، رۆماننووس ئەو نێوەندەی ژیان دەهێنێت و بەباشترین و جوانترین شێوە بۆچوونەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت. ئەمە جیا لەوەی لەرۆماندا زمان جگە لەوەی نێوەندە خۆشی خودی مەبەستەکەیە، چونکە چ رەگەز و ژانرە ئەدەبییەکان و چ ناسنامەی نەتەوەیی بەرهەمەکە، لە رێگەی ئەو زمانەوە دیاردەکرێن کە لەدەقدا بەکار هاتووە، سەرەڕای ئەو پەیامەی لە دەقەکەدا هەیە کە شاعیر یا نووسەر دەیەوێ خزمەت بە زمانەکەی خۆی بکات و پەرەی پێبدات. نموونەی لەم جۆرەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆرن. لە رۆماندا زمان هەم مەبەستەو هەم نێوەند وەك ئەوەی لە داستاندا بەهەمان شێوەیە.

(باختین) پێیوایە رۆمان ((شێوەیەکە لە شێوەکانی زمان، وەکو شیعر کە ئەویش بەهەمان شێوەیە))[11]. کەواتە ئەوە رەگەزە ئەدەبییەکان نین کە شێوازی جیا جیا بە زمان دەدەن، بەڵکو زمانە لەناو رەگەزە ئەدەبییەکان دا بە شێوەی جۆراو جۆر دەردەکەوێت و بەهۆی چۆنیەتی دەرکەوتنیەوە رەگەزی جیا جیای ئەدەبی دروست دەکات. وەك دەبینین (باختین) شێوەی رەگەزە ئەدەبییەکان و چۆنیەتی فۆرمگرتنیان دەگەڕێنێتەوە بۆ جۆر و شێوەی ئەو زمانەی کە لەناو دەقە ئەدەبییەکەدا بەرچاو دەکەون. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەگەر رۆمان شێوەکانی خۆی لە

(١٠) مالکم بەرادبری، رۆمان چییە؟، ل١٤٢.

(١١) الملحمة والرواية، ص١٥.



زمان وەردەگرێت ئایا دەبێت ئەو زمانە چۆن بێت کە لە رۆماندا بەکاردێت بۆ ئەوەی باشترین شێوە بە رۆمان بدات؟ ئایا رۆمان وەك ئەوەی خۆی بە رەهەمێکە تا رادەیەکی زۆر لە ژیانەوە نزیکە، پێویستە زمانەکەشی وابێت؟ یا دەبێ وەك رەگەزە ئەدەبییەکانی دیکە (بە تایبەتی شیعر) بەتەواوی جیهانێکی تری زمان دروست بکات و تارادەیەکی زۆر لە زمانی ئاسایی جیاواز بێت؟

رەنگە بۆ هەر دوو لایەنی پرسیارەکە لایەنگری تەواومان هەبێت و هیچ کامیان بێ وەڵام و بێ پاڵپشت نەمێننەوە.

(عبدالملك مرتاض) دەڵێ: ((زمانی پەخشان ئامێزی رۆمان پێویستە زمانی باوی ناو خەڵك بێت، ئەو زمانە گەیاندنەی کە ئەگەر زمانی تەواوی هەموو خەڵکیش نەبێت، لایەنی کەم دەبێت زمانی چینی رۆشنبیر بێت))[12]. زمانی خەڵکی و هەروەها زمانی چینی رۆشنبیریش بەدوورە لە جوانکاری و لایەنەکانی رەوانبێژیشی بەکەمی تێدا بەرچاو دەکەوێ. بەم پێیە دەبێت زمانی رۆمان زیاتر وەك نێوەندێك بەکاربێت تا هەموو ئەو ئەرکانەی پێ دەسپێردرێت بە خوێنەرانی بگەیەنێت.

لەبارەی زمانی رۆمانەوە (ئیان وات) دەڵێت: ((رۆمان زیاتر لەهەر رەگەزێکی ئەدەبی دیکە دووپاتی دەکاتەوە کە ئەرکی زمان دەلالەتکردنە لە شتەکان و زیاتر پشت دەبەستێ بە خستنە روویەکی درێژ لەوەی پشت ببەستێ بە جوانکاری و کورتکردنەوە))[13]. ئەمەش هەمان ئەو ئەرکەیە کە زمان لە ژیانی رۆژانەدا دەیگێڕێ کە لە بری هەر شتێك وشەیەك دانراوە یا لەبری هەر دالێك مەدلولێك هەیە و لەبری ئەو بەکاردێت و بە کارهێنانیشیان بۆ روونکردنەوەی شتەکانە. هەر لێرەدا ئەو خەسڵەتەی زمانی رۆمانیشمان بۆ دەردەکەوێت کە تارادەیەك دەتوانین بە درێژدادڕی ناوبنێین، لەبەر ئەوەی بێ سنووری و فراوانی پانتایی رۆمان وا لە رۆماننووس دەکەن بە ئارەزووی خۆی لە شتەکان بدوێت و بەتەواوی هەرچی بیەوێ لەبارەی هەر شتێکەوە بیڵێ.

لەرۆماندا رووبەرووی درێژ دادڕییەکی زۆر دەبینەوە کە زۆر کات ئەگەر بە شێوەیەکی دروست و چێژبەخش نەنووسرابیت خوێنەر بێزاردەکات و وای لێدەکات کە رۆمانەکە

(١٢) الرواية جنسا ادبيا، ص١٢٦.

(١٣) ظهور الرواية الانكليزية، ص٣٣.

نەخوێنێتەوە، بۆیە ئەگەر رۆمان بەهۆی تایبەتمەندییەکانییەوە رێگای ئەوەی بە رۆماننووسدا هەموو شتێك بڵێ ئەوە مانای ئەوە نییە ئەو تەنیا بەیەك شێواز و یەك رێچکە ئەو کارە بکات یا تەنیا لە رێگەی یەکێك لە تەکنیکەکانی رۆمانەوە بەم کارە هەڵسێت. ئەگەر ویستی بە وردی و روونی هەموو وردەکارییەکانی ناو رۆمان پێشکەش بکات ئەوا دەبێت پەنا بۆ کۆمەڵێك تەکنیك بەرێت و لە رێگەی ئەوانەوە روونکاری لەبارەی کەرەستەکانەوە بدات. لەو کاتەدا خوێنەر لە رێگەی هەمەجۆر و بە شێوازی جیاواز لە زانیارییەکان تێدەگات و حەز بە خوێندنەوەی رۆمانەکە دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەو تەکنیکانە وەك لایەنێکی ئیستاتیکی سەیریان دەکرێت کە رەنگە لە سروشتی زمانی رۆماندا ئەو جوانکارییانە تارادەیەك کزبن، ئەگەرچی دەبێ ئەوە بڵێین کەلەکۆتاییدا هەموو تەکنیکەکانی رۆمانیش لە رێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێن و پەیوەندیان بەوەوە هەیە.

نەبوونی جوانکاری و رازاندنەوە و بەلاغەتگەرایی لە رۆماندا مانای بەخشینی تایبەتمەندییەکی دیکەیە بە رۆمان، نەك وەك کەم وکوڕی سەیری بکرێت. ((ئەو زمانە کارەکییە کە بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکانی جوانکاری نەڕازێنراوەتەوە، ئەو جۆرە زمانە بەتایبەتی کێشکردنێکی تایبەت بۆ رۆمان دەخولقێنێ))[١٤]. ئەمە فۆرمێکی دیکەیە لە فۆرمەکانی زمان کاتێك زمان دەڕازێنرێتەوە و وشە ئارایی تێدا دەکرێت، جوان و سەرنج راکێشە و خوێنەر حەزی لێدەکات. کاتێکیش بە سادەیی وەکو ئەوەی کە هەیە دەگوازرێتەوە، دیسان سەرنج راکێش و چێژ بەخشە. هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆئەوپەیوەندییەپتەوەی کەزمان بەهەموو ئەوانی ترەوە هەیەتی. بۆیە هەرچییەك دەکات بۆ ئەوەیە زیاتر ئەو واقیعە بناسین، ئەمەش لەرێگای پیشاندانی کۆمەڵە رێگایەکەوە کە ئێمە پێیان ئاشنا نین و دواتر دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەکرێ ژیان لەو ڕێیەشەوە بخوێندرێتەوە و بەو جۆرەش بژین.

پەیوەندی زمان بە ئیستاتیکاوە کەمتر نییە لە پەیوەندی زمان بەواقیعەوە، بۆیە واقیعی ترین رۆمان، پێویستی بەجوانترین زمان هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری بگەیەنێ و بە بابەتیترین شێوە بێتە پێشەوە.

رۆمان بەرهەمی واقیعە و لەدەرەوەی واقیعیش دروست نابێ، بۆیە هەوڵدەدات واقیعمان پێ بناسێنێ. ئەمەش بە شێوەیەك ئەنجام دەدات کە ئێمە ئاشنای نین و دواتر پاش خوێندنەوەی

---

(١٤) ف.ف.کوزینوف، الرواية ملحمة العصر الحديث، ص٨٠.



رۆمانەکە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەدەکرێ ژیان بەو جۆرەش بخوێنرێتەوە کە لەرۆماندا پیشاندەدرێ.

هەندێ ڕەخنەگرو نووسەری دیکە هەن پێیانوایە بە دەری زمانی رۆمان لە رەوانبێژی و رازاندنەوەی زمان کارێکی ئەستەمە، ئێمە ئەگەر سەیری قسەکردنی رۆژانەمان بکەین زۆرجار کۆمەڵێك لایەنی رەوانبێژی لە قسەکانماندا دەبینینەوە. (کۆژینۆڤ) دەڵێ: ((لە نێو رۆماندا زۆرینەی لایەنە رەوانبێژیەکان رۆڵێکی سنوورداریان هەیەبەکارهێنانی لە رۆماندا لەبار و دۆخی ئاساییدا زیاتر نییە ئەگەر کەمتر نەبێت لەبەکارهێنانی لە زمانی قسەکردنی رۆژانەدا))[١٥]. کەواتە بمانەوێ یا نا، بەمەبەست بێت یا بێ مەبەست کۆمەڵێك کەرەستە و لایەنی رەوانبێژی و جوانکاری لەناو رۆماندا دەبینرێن، بەڵام ئەمە زۆر بە ئاسایی وەردەگیرێت، وەك ئەوەی لەزمانی رۆژانەی خەڵك دا ئەو کەرەستە و وشانە بەکاردێن، لەرۆمانیشدا بەکاردێن ئەمەش هیچ جیاوازیەك دروست ناکات لە نێوان زمانی قسەکردنی رۆژانەی خەڵك و زمانی رۆماندا.

کەچی (جێرمی هۆپرن) بەپێچەوانەی ئەمەیە و پێی وایە ((هەڵەیەکی گەورەیە کە ئەگەر وا دانێین کە زمانی رۆمان تەواو وەك قسەکردنی ئاسایی وایە یان وەکو زۆربەی ئەو نووسینانەی کە ئەدەبی نین، چونکە زمانی رۆمان پەخشان ئامێزە یارمەتی پێکهێنانی ژیانی راستەقینە دەدات بۆ بوونی رۆژانەی تایبەتدار))[١٦][١]. بەڵام هەموو بەرهەمێك ئەگەر بە شیعر نەنووسرێ ئەوا بە پەخشان دەنووسرێ و ئەدەبی بوون یا نا ئەدەبی بوون نەوەستاوەتە سەر ئەوەی تا چ رادەیەك ئەو زمانەی بەکارهێنراوە رازێنراوەتەوە و وشە ئارایی و بەلاغەتگەری تێدا بەکارهاتووە، ئەگەرچی ئەمە لایەنێکی جیاکەرەوەی بەرهەمی ئەدەبییە لە بەرهەمی نا ئەدەبی، بەڵام ئەمە تاکە پێوەر نییە، ئەگەر وابێ نابێ ئێمە سەرگوزشتەی کەسی بە بەرهەمی ئەدەبی دابنێین کە زمانەکەی زمانێکی زۆر ئاسایی و رۆژانەیە، لە کاتێکدا ئەو بەرهەمێکی ئەدەبییە و بە ئەدەب هەژمار دەکرێت.

دەکرێ پێوەرێکی دیکە باس بکەین بۆ ئەوەی بەرهەمێك بە پەخشانێکی ئەدەبی نووسرا بێت لە بەرهەمێکی دیکەی جیا بکەینەوە ئەویش پێوەری جوانییە ئەم پێوەرەش بۆ رۆمان

---

(١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

(١٦) رۆمان و چەند پێناسەیەکی بەرایی، وەرگێڕانی ناسح حوسێن سلێمان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە(١٤) پوشپەڕی ٢٧٠٠ك-حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل٥٣.

گونجاوه، چونکه ((رۆمان بریتییه له ڕێکخستنی وشەکان، ناشتوانین بەدەر له پێوەری جوانی به هیچ پێوەرێکی تر حوکم لەسەر ئەو ڕێکخستنه بدەین))[١٧]. ئەوەی بتوانێ بەچاکترین و ڕێکترین شێواز وشەکانی ناو رۆمان ڕێك بخات ئەوا چاکترین زمانی بۆ نووسینی رۆمانەکەی بەکار هێناوه. بۆمان هەیه بەدەر لەهەردوو ئەولایەنانەی پێشوو ئەو لایەنه و ئەو رایه به پەسند بزانین.

بەکارنەهێنانی هیچ هونەرێکی رەوانبێژی له رۆماندا کارێکی مەحاڵه، بەو هۆیەی هونەرەکانی رەوانبێژی له خودی قسەکردنی رۆژانەی ژیانیشدا بەکاردێن. دیسان زۆری بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژی له رۆمان دا کارێکی پەسند نییه، زمانی رۆمانەکه دەبێته زمانی شیعر، ئەگەرچی ئەمەش لای هەندێك رەخنەگرپەسنده و بەبڕوای ئەوان: ((دەقی رۆمان هەمیشه خەون به لاسایی کردنەوەی زمانی شیعر و ئەفراندنی هاوکێشەی دەروونی و رەوانبێژییەوه دەبینێت که شیعر دەیخولقێنێ، ئەمەش جۆره تێڕوانینێکی نوێ پێشکەش دەکات له روانینی رۆمان بۆ جیهانی واقیع))[١٨]. کەچی ئەمه له هەموو کاتێکدا به ئەرێنی بەسەر رۆماندا ناکەوێتەوه.

رەنگه رۆماننووس بتوانێ بەزمانێکی ناسك تەعبیر لەخەیاڵی خۆی بکات، بەڵام ئەگەر بیەوێ تەواوی رۆمانەکەی به زمانێکی شیعری بنووسێ ئەوا بێگومان رۆمانەکەی خەوشی زۆری تێدەکەوێت، بەو هۆیەی ناکرێ رۆماننووس بۆ ناساندنی کارەکتەرێك یا دیالۆگی نێوان دوو کارەکتەر زمانی شیعری بەکار بێنێت، بەڵام ئەگەر هات و بەهۆی ڕێکخستنی وشەکان یا چۆنیەتی خستنەپاڵ یەکی وشەکان و دروستکردنی رستەوه شێوازی رۆمانەکه ببێته شێوازێکی ناسکی شیعرانه یا لەوەوه نزیك بێت ئەوا ئەمه کارێکی ئاساییه و جوانی بەدەقەکه دەبەخشێت و بوونی ئیستاتیکاش له ناو دەقدا مانای سەرکەوتنی دەقه.

سەرەڕای ئەو چاکییەی لەفرەدەنگی رۆماندا هەیه، کێشەیەکیشی بۆ رۆماننووسان و رەخنەگرانی بواری رۆمان و جیهانی رۆمان دروستکردووه، ئەویش چۆنیەتی ئەو زمانەیه که دەکرێ هەر کارەکتەرێك قسەی پێبکات. ئایا کارەکتەر ئازاده لەوەی بەهەر جۆره زمانێك یا شێوەزارێك قسه بکات، یا پێویسته پابەندی زمانی گشتی رۆمانەکه بێت، دیسان زمانی گشتی رۆمان دەکرێ به شێوەزارێك بنووسرێ، یا دەبێ بەزمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی بنووسرێ؟

(١٧) پول ویست، الروایة الحدیثة الانكلیزیة والفرنسیة-الجزء الاول، ص٦٥.

(١٨) سلیمان حسین، الطریق الی النص، www.awu-dam.org



له رووی زمانی گشتی رۆمانەوه ((چاکتر وایه له بەکارهێنانی شێوه زمان (اللهجات) دوورکەوینەوه))[١٩]، بۆ ئەوەی تەواوی ئەو خوێنەرانەی بەو زمانه قسەدەکەن به شێوەیەکی ئاسایی و سانا لێی تێبگەن و لەکاتی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا تووشی گرفت نەبن لەوەی لەزمانی رۆمانەکه تێنەگەن. بەڵام کارێکی ئاساییه ئەگەر لەناو رۆماندا چەند وشەیەکی ناوچەییش بەرچاو بکەون. زۆر رۆمان هەن باس له رووداوی ناوچەیەك دەکەن، که کۆمەڵێ کەرەسته لەو ناوچەیەداهەن و لەناوچەیەکی تردا نین، یا ناوی شوێن و گەڕەك ئەگەر رۆمانەکه واقیعی بێت و رۆماننووس ناوی هێنابن، ئەوا ئاساییه ئەگەر به شێوەزاری ئەو ناوچەیه بیاننوسێ یا دەکرێ رۆماننووس کۆمەڵە وشەیەکی ئەو ناوچەیەی به خۆی تێیدا پەروەرده بووه بخاته دووتوێی رۆمانەکه و بەکاریان بێنێ. که ئەمه لەلایەك دەوڵەمەندی زمانەکه دەردەخات و لەلایەکی دیکەشەوه تواناداری رۆماننوس و فراوانی فەرهەنگی زمانەوانی ئەو پیشاندەدات، بەڵام بێگومان هەموو ئەو کارانه دەبێ لەچوارچێوەی گشتی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی ئەنجامبدرێن.

له بارەی زمانی کارەکتەرەکانیشەوه ئەگەر هەر رۆمانێك ((بیەوێ به باشترین شێوه خاسیەت و تایبەتمەندی رەگەزه ئەدەبییەکەی بنوێنێ، ئەوا پێویسته زمانی پەخشانی گونجاو لەگەڵ واقیع و زمانی هەمەجۆر و گونجاو لەگەڵ جۆری قسەکەرەکان بەکار بێنێ))[٢٠]. جڵەوی قسەکردنیان بۆ شل بکات و ئازادیان بکات لەوەی چۆن قسەدەکەن، بۆ ئەوەی بەباشترین شێوه خۆیان به خوێنەر بناسێنن و تەواوی بیروباوەڕی خۆیان ئاشکرا بکەن، تا هەر کارێك که ئەنجامی دەدەن لای خوێنەر نەبێت به کارێکی چاوەڕواننەکراو، و کت و پڕ و خوێنەر به ئاسایی بابەتەکه وەربگرێت و ئەوەش بخاته سەر ئەو زانیاریانەی کەلەسەر کاراکتەرەکه پەیدایکردوون.

هەروەها کاتێك له رۆماندا، رۆماننووس ماوه دەدات ((بەو خەڵکەی دروستی کردوون که بەدەم و دووی راستی خۆیان بدوێن))[٢١]، ئەوا ڕێگایان پێ دەدات کارەکتەرەکان رەوشت و ئاکار و بیر و باوەڕەکانی خۆیان بەدیار بخەن و به ((قسەکردن، شته شاراوەکانی هەموو کەسێك روون

(١٩) ئەدوارد بلشن- دایانداو بتفاید، رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، ل٣٦.

(٢٠) الدكتور جهاد عطا نعیسة، في مشكلات السرد الروائي، www.awu-dam.org

(٢١) ئەدوارد بلشن- دایانداو بتفاید، رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، ل٣٦.

دەبێتەوە))[22] و کرۆکی کارەکتەرەکان بەدیار دەخات و بە ئاسانی دەکرێ لەکارەکتەرەکانی دیکەی جیا بکەینەوە. ((هەروەها دەکرێ شێوازی قسەکردنی کارەکتەر دەربڕی خودی کارەکتەرەکە بێت))[23][3]. ئێمە دەتوانین لەرێی ئەو وشە و زاراوانەی کارەکتەرەکە بەکاریان دێنێ زیاتر بیناسین و رەنگە توانای ئەوەشمان هەبێ ئەو شوێنە دەستنیشان بکەین کەکارەکتەرەکەی تێدا گەورە بووە، لەو رێیەشەوە دەستمان دەگاتە زانیارییەکی زۆر لەبارەی کارەکتەرەکەوە، هەروەها کۆمەڵێ خەسڵەتی گشتی هەن کە بەیەکەوە لە کەسانی ناوچەیەك داهەن و لە رێگەی ناسینی ئەوانەوە دەکرێ ئێمەش زانیاری لەبارەی کارەکتەری رۆمانەکەوە وەربگرین، بەڵام نەك تەواوی زانیارییەکان. دواجار دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم کارەکتەرانە رۆماننووسێك دروستی کردوون و کۆمەڵێ بیر و باوەڕ بە هۆی ئەوانەوە دەردەبڕێت و لەوەش گرنگتر ئەوەیە رۆمان لەتاك دەدوێ نەك لەگشت، بۆیە مەرج نییە هەموو کات خەسڵەتی کارەکتەری رۆمان وەك هی خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراو بێت.

**٣– بەراوردکردنی توخمی زمان لە داستان و رۆماندا:**

ئەگەرچی زمانی داستان زمانی شیعرە و هی رۆمان زمانی پەخشانە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ لە یەکچوونێك لەنێوان ئەو دوو زمانەدا نەبێ. ئەو کەرەسە و تەکنیکانەی کە لە رێگەی زمانەوە دەردەبڕێن لە هەردوو رەگەزەکەدا تارادەیەکی زۆر هاوبەشن.

لە داستاندا تەواوی هونەرەکانی رەوانبێژی تایبەت بە شیعر بەدی دەکرێن و ئیستاتیکایەکی لەباریش بە داستانەکە دەبەخشن، بەڵام لەرۆماندا رەوانبێژی ئەگەر وەك میتافۆرێك بەکار نەیەت ئەوا زۆربەی کات بە نەرێنی بەسەردەقدا دەکەوێتەوە.

لەکاتی گێڕانەوەی رۆماندا کارێکی نا پەسندە ئەگەر رۆماننووس هەوڵبدات بابەتە رەوانبێژییەکان بەکاربێنێت، لە داستاندا خودی رووداوەکان هێندە گەورەن پێویستیان بەوە نییە شاعیر بیانڕازێنێتەوە و جوانیان بکات. لە رۆمانیشدا، لەکاتی گێڕانەوەی رووداوێك، خودی

(٢٢) جیفری لیج-مایکل شورت، اللغة والعالم القصصي، ترجمة صبار سعدون السعدون، **مجلة الثقافة الاجنبیة**، السنة الحادیة عشرة، العدد الثانی، ١٩٩١، ص١١.

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١١.



رووداوەکە مەبەستە نەك ئارایشت کردنی زمانی هەروەها بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژیش دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی زمانی گێڕانەوەی رووداوەکان لەو اقیع.

لە داستاندا وەك ئەوەی خۆی بە شیعر دەهۆنرێتەوە، هونەرەکانی رەوانبێژی بە زۆری تێدا دەبینرێ، هەرچی رۆمانە تەنیا لەو کاتانەدا رۆماننووس بۆی هەیە زمانی شیعری بەکاربێنێت کە بیەوێت کۆمەڵێك هەڵچوونی دەروونی دەربڕێت و ئەو هەڵچوونانەش لە رێگەی زمانی پەخشانەوە نەتوانن ئامانجەکان بە تەواوی بپێکن.

لە داستاندا پێویستییەکانی شیعر هەن و شاعیر بۆی هەیە سستەمی رێکخستنی پێکهاتەکانی رستە و کرتاندنی دەنگ و هەرپێویستییەکی دیکەی شیعری هەبێ ئەنجامی بدات، هۆکاری ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کێش لە شیعردا، ئەگەرچی تێکشکاندنی پێکهاتەکانی رستە لای هەندێك لە شاعیران بووە بە شێوازێك و شاعیرانی پێ دەناسرێتەوە، بەڵام لە رۆماندا ئەو کارانە تەنیا لەیەك باردا رێ پێدراون ئەویش لەکاتێکدایە رۆماننووس کارەکتەرێکی دروستکردبێ خودی کارەکتەرەکە بەم شێوەیە  قسە بکات. بۆنموونە رەنگە کارەکتەرەکە زمانەکە بە باشی نەزانێ، یا توانای ئەوەی نەبێ دەنگێك گۆ بکات، یا لەکاتی دەربڕیندا دەنگێك بە دەنگێکی دیکە بگۆڕێتەوە.

زمانی داستان دەبێ تا بکرێ سادە بێت و ئاڵۆزی تێدا نەبێ، بەڵام زمانی رۆمان دەکرێ سادە بێت، وەك ئەوەی زۆرینەی رۆمانە بەراییەکان بە زمانێکی سادە نووسراون و لای ئێمەی کوردیش هەمان دیاردە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و دەشکرێ زمانێکی ئاڵۆز بێت و پڕبێت لە وێنە و هێما و میتافۆر.

لەداستاندا، تەنیا زمانی شاعیر، لەدەربڕیندا بەکاردەهێنرێ، کەچی لە رۆماندا دیاردەی بەکارهێنانی شێوە زمانی بەرچاو دەکەوێت و زمانی حیکایەتخوان جیاوازە لەگەڵ زمانی کارەکتەرەکان و هەروەها هەر کارەکتەرێك بەگوێرەی جیاوازی ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئاستێکی زمانی جیاواز لەگەڵ ئەوی تردا بەکاردەهێنێ.

## ب- توخمی زمان له رووی پراكتیكەوه:

### ١- توخمی زمان له داستانی (مەم و زین) دا:

زمانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی (خانی)، زمانی کوردییە و پێکهاتە و رێکخستنی وشەکانی لەسەر سستەمی ڕێزمان و رستەسازی کوردی رێکخراون:

((ئەڤ مێوە ئەگەر نە ئابدارە
کورمانجیە ئەو قەدەر ل کارە))[٢٤]

لێرەدا سەرەڕای ئەوەی خانی زمانی بەرهەمە ئەدەبییەکەی خۆیمان پێ دەڵێت کە زمانی (کوردی) یە، ئەوەشمان پێدەڵێت کە ئەو زمانی کوردی لە سەردەمێکدا بۆ هۆنینەوەی بەرهەمەکەی بەکارهێناوە کە ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێ بەرهەمەی نووسراو بە زمانی کوردی نەبووە، بۆیە تەنیا بەکارهێنانی زمانی کوردی بەسە بۆ ئەوەی خانی وەکو شاعیر و بیرمەندێکی گەورە سەیر بکەین، چونکە ئەگەرچی (خانی) شاکارێکی داهێناوە، بەڵام وا دەردەکەوێ خۆی لەبەرانبەریدا دوو دڵ بووبێ ئایا بەرهەمەکەی سەرکەوتووە یا نا، بۆیە بیر نەوەی سەردەمی خۆی و نەوەکانی تری دوای ئەوانیش و تا بە ئێمە دەگات دەهێنێتەوە کە ئەو لەو سەردەمەدا زمانی کوردی کردووە بە زمانی داستانەکەی کە کورد ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێت بەرهەمی نووسراوی بەزمانی خۆی نەبووە، ئینجا دەڵێ:

((خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی
مەیدانا کەمالێ دیت خالی))[٢٥]

(خانی) دەستی بە هۆنینەوەی (مەم و زین) کردووە، بۆ ئەوەی لەلایەک شاکارێک بۆ نەتەوەکەی دروست بکات و لەلایەکی دیکەشەوە لەڕێی ئەو شاکارەوە زمانی نەتەوەکەی بکات بە زمانێکی کامڵ و بەهەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە دەستڕۆیشتوویی و لێهاتوویی زمانی کوردی نییە بڵێ: زمانی کوردی توانایەکی سەیری هەیە بۆ ئەوەی یەکێك لە هەرە جوانترین بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵات و بگرە جیهانیشی پێ بهۆنرێتەوە کە (مەم و زین) ە.

(خانی) هێندەی بە تەنگ دروستکردنی شاکارێکەوە بووە بۆ نەتەوەی کورد هێندەش بەتەنگ نیشاندانی زمانی ئەو نەتەوەیە بووە، بۆیە دەڵێ:

(٢٤) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٦٩.

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.



((بوهتی و موهەممەدی و سلیڤی
هن لەعل و هنەك ژ زێرو زیڤی))[٢٦]

بۆ ئەوەی پاراوترین زمان و ڕازاوەترین وشەکانی نێو ئەو زمانە بەکاربێنێ، ((خانی بە تەنیا خۆی نەبەستۆتەوە بە سنووری ئەو شێوەزارانەوە کە وا دەردەکەوێ بەلقی زاری کرمانجی باکوری دانابن کەخانی خۆی بۆیان دەگەڕێتەوە، بەڵکو دەتوانین کۆمەڵێکی زۆری وشە ببینین کە دەکرێ ئیسپاتی بوونیان لە زارە جیاوازەکانی باشوور و هەتا گۆران و لوڕیش بکەین))[٢٧]

لێرەوە لەلایەك دەسەڵات شکانی (خانی)مان بە سەر زۆرینەی زارو شێوەزارە کوردییەکان بۆ دەردەکەوێت، و لەلایەکی دیکەوە ئارەزوو، و خولیای (خانی) مان پیشاندەدات وەك ئەوەی داوا دەکات کوردەکان هەموو یەك بگرن و لەناو خۆیان سەرکردەیەك هەڵبژێرن، ئاواش لەڕێی (مەم و زین) ەوە داوای یەك زمانی نەتەوەی کورد دەکات.

(خانی) وەك کەسێکی وڵاتخواز و خاوەن هەستی کوردایەتی هەستی بە یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەت کردووە کە بوونی زمانێکی یەکگرتووە تا هەموو ڕۆڵەکانی گەل لێی تێبگەن و زمانی ئەدەبیات و ڕۆشنبیری هەموویان بێت.

(خانی) مەلا بووە و لە سەردەمی فە قێیەتیدا هەموو ئەو وانانەی خوێندوویەتی یا بە عەرەبی بووە یا بە فارسی و تورکی، بۆیە بەباشی دەسەڵاتی بەسەر هەرسێ زماندا شکاوە و تواناداری (خانی) لە بەکارهێنانی ئەو زمانانەدا لە تواناداری لە بەکارهێنانی زمانی کوردی کەمتر نەبووە، بەڵام ئەوپەسەندی کوردییەکەی کردووە و پێکهاتەو بنەمای ڕستەسازیی کوردی هەڵبژاردووە و وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی خستۆتە ناوی، (خانی) دەڵێ:

((کوردی عەرەبی دەری تازی
تەرکیب کرن ب هەزل و بازی))[٢٨]

ئەم کارەی زۆر بە ئاسانی ئەنجامداوە و تێیدا تووشی کێشە نەبووە، کارەکەش وەکو ئەنجامدانی یاریەك بووە بۆی.

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

(٢٧) الدکتور عزالدین مصطفی رسول، احمدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧)شاعرا ومفکرا فیلسوفا ومتصوفا، ص٢٠٤.

(٢٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

بەکارهێنانی ئەو وشە نا کوردیانە لە (مەم و زین) دا بۆحەزی(خانی) یا بۆ لاوازی زمانی کوردی ناگەڕێتەوە بەوەی زمانی کوردی هێندە وشە و زاراوەی نەبن بایی داستانەکەی خانی بکەن. ئەوئەم کارەی لە سۆنگەی پێویستیی نووسینی شیعری ئەو سەردەمدا کردووە، بەو هۆیەی تەواوی میللەتانی موسڵمانی رۆژهەڵاتی نا عەرەب لەکاتی نووسینی شیعردا وشەی عەرەبییان لەگەڵ زمانەکەیان بە پلەی یەکەم بەکار دەهێنا و دوای ئەویش زمانەکانی تر دەهاتن.

لە (مەم و زین) دا وشەی عەرەبی جگە لە وشە کوردییەکان لە هەموو زمانەکانی تر زیاتر بەکار هاتوون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو رۆشنبیری و زانیاریانەی لای (خانی) هەبوون و بە هۆی زمانی عەرەبییەوە فێریان بوو بوو. هەروەها زمان عەرەبی لەلایەن زۆربەی خەڵکییەوە بەهۆی ئەوەی زمانی قورئان بووە، بە پیرۆز دانراوە، بۆیە خەڵکی زۆر دەمارگیر نەبوونە لە بەرامبەریدا و بە ئاسانی بەکاریانهێناوە.

هەروەها ئەگەر سەیر بکەین رێژەی وشە فارسییەکانیش لە وشە تورکییەکان زیاترە ئەگەرچی(بایەزید) زیاتر لە دەسەڵاتی عوسمانییەکان کە زمانیان تورکی بووە، نزیکترە لە فارسەکان، بەڵام بەهۆی گونجان و نزیکی زمانی کوردی و فارسی لەیەکەوە کە هەردووکیان لەیەك خێزانە زماندان، گونجانی وشە فارسییەکان زیاترە لە وشە تورکییەکان، بۆیە وشەی فارسی زیاتر لەوشەی تورکیی بەکارهاتوون:

((ئەو بوو کو چ طالب وچ مەطلووب

یەعنی دو طەرەف موحببوو مەحبووب))[٢٩]

لەم دێڕە شیعرەدا ئەگەرچی نیوە بە نیوەی وشەکانی عەرەبین، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر شێوەی سستەمی رستە سازی کوردی دارێژراون زمانەکەی بە زمانی کوردی دادەنرێت و وشەی عەرەبی خراوەتە ناو رستە سازی کوردییەوە.

لەدەقی (مەم و زین) وەك زۆرینەی ئەو دەقە شیعریانەی بەر لە ئەو وشەی فارسی زۆر بەرچاو دەکەون، (خانی) دەڵێ:

((پۆشیدە لباسێ دلبەرانی

سەیران دکرن ب سەرگرانی))[٣٠]

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.



ئەگەر لە وشە فارسییەکان بڕوانین زۆر بە ئاسایی لەگەڵ رستە سازی کوردیی و وشەکانی پاڵیان گونجاون کە ئەمە هەر گونجانی وشەی فارسی لەگەڵ وشە و رستەی کوردیمان پیشان نادات، بەڵکو دەست رەنگینی و لێهاتوویی خانیش دەخاتە روو لە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکان دا.

دەبینین بۆ وشە تورکییەکان گرێ یا رستە لە جێی وشەدا بە کارهاتوون، لەبەر ئەوەی زمانی تورکی و کوردی پێکهاتەو سستەمی رستە سازیان لەگەڵ یەکدا جیاوازە.

((بێژێ ژ مە ڕا: کو پادشاهم

(بندن آکا سویلە): قبلە گاهم))[٣١]

وەك گوتمان زمانی داستان دەبێ زمانێکی سادەبێ و دووربێ لە ئاڵۆزی، (خانی) لە (مەم و زین) دەکەی خۆیدا ئەوەمان پێدەڵێت کە:

((بێ حیلە و خوردە و تەمامن

مەقبوولێ موعامەلا عەوامن))[٣٢]

بۆیە رەشۆکی قبوولی دەکەن لەبەر ئەوەی زمانێکی سادەو ساکار و روون و بێ تەم و مژی بە کارهێناوە و خوێنەرانی زۆر بە ئاسانی دەتوانن لێی تێبگەن، بەڵام ئەم سادەیەی زمان بەدەر نییە لە بەکارهێنانی چەندین هونەری رەوانبێژی کە (خانی) بۆ رازاندنەوەی بەرهەمەکەی و دەرخستنی توانای خۆی بەکاری هێناون:

((مان هەردوو برا وەکی دو صەیدان

پا بەستێ سەلاسلان و قە یدان))[٣٣]

ئەمەی سەرەوە لێکچواندنە، کە دووبرا بە دوو نێچیر ی راوکراو و پێ بەستراو دەچوێنێ لەرێی ئەوزاری (وەك) ەوە. جیا لەو لێکچواندنەش لێکچواندنێکی تایبەت بە (ستی و زین) هەیە کە شاعیر لە چەند دێڕێکی بەدوای یەکدا لێکچوونەکان درێژە پێدەدات:

((هەرچەندە ستی وە نازەنین بوو

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

(٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.

(٣٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

لێ زین ژ میثالی حوری عین بوو. . .
ئەو هەردوو وەکی دو شەب چراغان
گاڤا د مەشینە باغ و راغان))[٣٤]

(خانی) لەولێکچواندنەدا کە هەر هەمووی دەرخستنی جوانی (زین و ستی) یە، ناسکترین و جوانترین لێکچواندن لە نێوان ئەو دوو پاڵەوانە و جوانترین شتەکانی دونیا دروست دەکات، ئەگەرچی لەم لێکچواندنانەی سەرەوەدا، پەسەندی هەردووپاڵەوانەکانی خۆی دەکات لەسەر هەموو جوانییەکانی تری لە دونیادا هەن و لە هەر دێڕێکدا خانی (زین) یا (ستی) بە شتێك یا بە زیاتر لە شتێك دەچوێنێت کە (زین و ستی) سیفەتی جوانی هەموو ئەو شتانەیان هەڵگرتووە. ئەو جۆرەی لێکچواندنەش بۆ پێداگیری و جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو شتەی کە دەمانەوێ لێکچواندنی لێ دروست بکەین ئاشکراشە مەبەستی (خانی) لێرەدا جەخت کردنە لەسەر جوانی (زین و ستی).

خانی لەسەر وەسفکردن و باسکردنی جوانی (زین وستی) بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەمجارەیان لە ڕێگەی هونەرێکی دیکەی رەوانبێژییەوە:

((ئەو حور و پەری د بێ بەدەل بوون
لەورا کو ژ نورێ (لم یزل) بوون))[٣٥]

(حور و پەری) خوازراون بۆ (ستی و زین) و لە بری ئەواندا بەکارهاتوون.

((ئەڤ بارد و حار و رەطب و یابس
ئەڤ میر و گەدا و غەنی و بائس))[٣٦]

جگە لە وشەی (ئەڤ) کە لە هەردوو نیوە دێڕە شیعرەکەدا بەکارهاتووە تەواوی وشە بەدوای یەکدا هاتووەکان (دژ یەکن).

کاتێ (میر) ڕێ بە (زین) دەدات بۆ ئەوەی (مەم) لەزیندانـدا ببینێـت، ئـەو لـە خۆشـیان لەخۆ دەچێ، وەك ئەوەی (موسا) لە کاتی سەیرکردنی چیای (توور) لەهۆش خۆی چوو. خـانی ئەمەی لە ڕێگای (تیل نیشان) ەوە بەئێمە گەیاندووە. (خانی) دەڵێ:

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.



((هلگرتم و برمە گورێ سینا
بیننده کرم دگەل خوە بینا))[٣٧]

بێگومان ئەمانە نە تەواوی ئەو جۆرانەی هونەری ڕەوانبێژین کە لە (مەم و زین) دا بەکارهاتوون و نە لە رووی چەندییشەوە هەر هێندە دێڕەی ئێمە هێناومانەتەوە رەوانبێژیان تێدا هەیە، بەڵام ئێمە ئەوانەمان تەنیا بۆ نموونەو روونکردنەوە هێناونەتەوە.

گوتمان زمانی (مەم و زین) زمانی شیعرە و پێش ئەویش باسمان لە پێویستییەکانی شیعر کرد کە زۆرجار شاعیر بنەمای رستەسازی یا کرتاندن و سوانی دەنگ یا هەر لادانێکی تر لە زمانی ئاسایی بە هەند هەڵناگرێت و بە ئاسانی لێی لادەدات. هۆکارەکەشی بۆ ئەو کێشی شیعرە دەگەڕێتەوە کە شاعیر بۆ هۆنینەوەی داستانەکەی بەکاری دێنێ.

((مەم و زینی خانی لەلایەن کێشەوە هەموو دێڕەکانی لەسەر کێشی ئەخرەبی مەقبوزی مەحزوفە. . . بەڵام لە هەندێ جێگەدا، لەباتی (مەحزوف) عەرووز و زەرب مەقسوور دەبن(مفعول مفاعلن فعولان)))[٣٨]، بۆیە شاعیر ناچار بووە هەموو ئەو وشانەی بەکاریان دێنێ لەگەڵ ئەو کێشە بگونجێنێ، زۆرجاریش ئەو گونجانە بە ئاسانی ئەنجام نادرێت، بۆیە بە ناچاری پەنای بردۆتە بەر لادان:

((تیرا کو ل مە کون کری سوێدا
ئایا تەبەیان نەکر کو کێ دا؟))[٣٩]

لێرەدا لە نیوە دێڕی دووەمدا کارەکە (لێدان) ە، واتە (ئایا تۆ نەتزانی کێ ئەو تیرەی لە ئێمەدا؟). بەڵام بە هۆی پێویستیی شیعرەکەو زیادی ئەو (لێ) یە لە شیعرەکەدا تەنیا (دا) بەکارهاتووە و ئەوی تر فڕێ دراوە. هەروەها (خانی) لەبەر پێداویستی شیعری، لەڕێسای رستەسازی کوردی لایداوە، بۆ نموونە:

((ئەو هەردو ژ بۆ وەڕا سەزانە
میرزانە ئەگەر وەگەر گەدانە))[٤٠]

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٨.

(٣٨) دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل٣٣٣.

(٣٩) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل١٣٠.

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

لەم دێڕەدا شاعیر لە ڕێسای ڕستەسازی لایداوە، (ئەگەر) هەموو کات لەسەرەتای ڕستەی مەرجی دادێت، بەڵام لەبەر ئەوەی (میرزانە) وەکو پێی (مفعول) ە، بۆیە (میرزانە) چووەتە پێش(ئەگەر) ، ئەگینا کورد دەڵێ: (ئەگەر میرزانە وە گەر گەدانە-ئەگەر میرزا بن یا گەدا).

**٢- توخمی زمان لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:**

زمان لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا، سەرەتا وەك زۆرینەی ڕۆمانە کوردییەکانی دیکە بە زمانێکی سادەو ئاسایی و ڕووت لە هەر ئاڵۆزیەك دەست پێدەکات. کە لە وێدا مەبەست لە بەکارهێنانی زمان تەنیا ئەوەیە خوێنەر لە ڕوودانی چەند ڕووداوێك ئاگادار بکاتەوە، بۆ نموونە: ((مامۆستا. . . مامۆستا، بەڕێز، بەڵێ لەگەڵ تۆمە، ئا بەڵێ جەنابت، بەڵێ تۆ کوردیت)). [٤١] ئەو زمانە بەردەوام دەبێت تا (جەلادەت و سەرهەنگ قاسم) (ئیسحاق) دەناسن، بەڵام دوای ناسینی ئەو زمانی ڕۆمانەکە بە تەواوی دەگۆڕێت بۆ نموونە(ئیسحاق) دەڵێت: ((مۆسیقا بەشێکە لە سەفەرێکی قووڵتر. . . گوتی کە ئینسان لەبەردەم سێ سەفەری گەورە دایە سەفەرێکیان بۆ ناو سروشت و سەفەرێکیان بۆ ئاسمان و سەفەرێکیان بۆ ناو خۆی))[٤٢]. ئەم گۆڕینەی زمانیش لەم شوێنەدا لەبەر دوو هۆکار سەرکەوتووە: یەکەمیان بۆ ئەوەی خوێنەر لەسەرەتادا ئاشنایەتییەکی باش لەگەڵ چەند ڕووداوێکی ڕۆمانەکەدا پەیدا بکات، زمانێکی واقیعی ئاسایی بەکارهاتووە. خاڵی گۆڕانی زمانیش کە (ئیسحاقی لێو زێڕین) ە، شوێنێکی سەرکەوتووە و زۆر بە ئاسایی لەلایەن خوێنەرەوە وەردەگیرێت کە کەسێکی وا تاسەر ئێسقان تواوە لەناو مۆسیقادا بەو شێوەیە لە بارەی مۆسیقاوە بدوێ. لە ڕوویەکی دیکەوە ئەو تەمەنێك ژیاوە، بۆیە بۆی هەیە وەك ئەوەی لەبارەی مۆسیقاوە دەدوێ لەبارەی ژیانیشەوە بدوێ، و بیرو باوەڕو بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت، ((ئایدۆلۆژیاش لە کاری ڕۆماندا زمانی زمانە))[٤٣] (بەختیار عەلی) ی وەکو بیرمەندێك یەکەمیانی دۆزیوەتەوە، بۆیە دەتوانێ بەزمانی زمان قسە بکات.

(٤١) بەختیار عەلی، ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٧.

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٤٣) محمد سويرتي، النقد البنيوي والنص الروائي، ص٤٢.



(لە شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا بەگشتی زمانی شیعری بەکارهاتووە، ڕۆماننووس توانایەکی سەیری زمانەوانی هەیە و دەتوانێ لە بەکارهێنانی وشەکان دا ناسکترین ڕیتم و وێنە دروست بکات. هەروەها ڕۆماننووس لە هەڵبژاردنی وشە و خستنە پاڵ یەکیاندا دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر زماندا شکاوە و هەموو کات وامان لێدەکات هەست بکەین ئەو زانیاریانەی ئەو پێمان دەدات، لە ڕێچکە و ڕێگایەکی تری جیاوازەوە پێمان دەگات و هەمیشە ئەوەی ئەو دەیڵێت ڕوویەکی دیکەی خوێندنەوەکانە نەك ئەو ڕووەی کە ئێمە هەموومان پێی ئاشناین. هەموو ئەمانەش لەڕێگەی زمانەوە دەکات.

بەکارهێنانی زمانی شیعری لەم ڕۆمانەدا هەم لایەنی ئەرێنیی تێدایە و هەمیش نەرێنی. ئەرێنییەکەی ئەوەیە(بەختیار) بەقەد ئەوەی کار لەنێو تەکنیك و ڕووداوەکانی ڕۆماندا دەکات ئەوەندەش کار لەسەر هزر و بیرکردنەوە و تێڕوانین بۆ ژیان دەکات، بۆنموونە حیکایەتخوان دەڵێت: ((ئیسحاق دەیگووت هەموو دەنکێك باران مۆسیقایەکی تایبەتی خۆی هەیە. . . دەبێ جیاوازی تڕپەکان ببیستن و تامی جیاوازییەکان بکەن، مۆسیقا تامکردنی جیاوازییەکانە))[٤٤]، هەروەها ئیسحاق دەیگوت: ((گەر ئینسان نەتوانێت ئەو دەرگایانەی ناوخۆی بکاتەوە، چۆن دەتوانێ دەرگاکانی دەرەوە بکاتەوە، گەر گوێی لەدەنگی خۆی نەبێت چۆن دەتوانێت گوێی لە دەنگی تربێت))[٤٥]. ئەمانە بابەتی فەلسەفی ڕووتن و دەق دووچاری جۆرێك لە وشکی و خوێنەریش توشی بێزاری دەکەن. بەڵام لەم ڕۆمانەدا بەهۆی زاڵ بوونی زمانی شیعرەوە خوێنەر هەست بەبوونی ئەو وشکییە ناکات.

لایەنی دووەم کە لایەنێکی نەرێنییە لە بەکارهێنانی زمانی شیعردا ئەوەیە (بەختیار) بەهۆی ئەوەی بەر لەوەی ڕۆماننووس بێت شاعیر بووە، نەیتوانیووە خۆی لە زمانی شیعری ڕزگار بکات، چونکە لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا هیچ بیرو ڕایەك یا فەلسەفەیەك نابینین، کەچی ئەو هەر لە بەکارهێنانی زمانە شیعرییەکەی بەردەوامە، بۆنموونە: ((من ئاوم، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێوەش دەبنە ئاو، ئاو جگە لە خوڕەی خۆی ناتوانێت بە زمانێکی تر قسە بکات، من بام ئێوەش ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبنە با، (با) ش ناتوانێت لە دەنگی خۆی ئاسانتر

(٤٤) بەختیار عەلی، ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٢٣

(٤٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

بدوێت))[٤٦]. بێگومانم ئەگەر ئەم کۆپلەیە لەناو هەر بەرهەمێك لەبەرهەمە شیعرییە بڵاوکراوەکانی رۆماننوسدا نووسرابا کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەمە بەشێکە لەدەقی رۆمانێکدا.

هەروەها لە ناو رۆمانەکەدا سوود لە هونەرەکانی رەوانبێژی وەرگیراوە بۆ نموونە رۆماننووس دەڵێ: ((بخەون چەند سەعاتێك بخەون جەهەنەم بەرێوەیە))[٤٧]. لێرەدا وشەی(جەهەنەم) ی خواستووە بۆ هاتنی جەنگ و مەبەستیشی زیاتر و گەورەتر پیشاندانی جەنگەکەیە. هەروەها دەڵێ: ((سەیری منارەکان مەکە دەروخێت، سەیری خودا مەکە دەدرێتە بەر گولله))[٤٨]. (خودا) لە بری (مزگەوت) دا بەکارهاتووە، مەبەستی ئەوەیە شتەکان گەورەتر لەخۆیان پیشانبدات، بەڵام پێموایە لە مەیاندا رۆماننووس سەرکەوتوو نەبووە، چونکە چ (خودا) و چ (مزگەوت) لای خەڵکی هەردووکیان پیرۆزن و هەر شتێکیش پیرۆز بێت ئەوا لای خەڵکی گەورەیە، بۆیە ئەگەر (مزگەوت) یشی بەکار بهێنابایە ئەوا هەمان ئەو ئەرکەی بە جێ دەگەیاند کە وشەی (خودا) بە جێی گەیاندووە.

لە شوێنێکی تردا (جەلادەتی کۆتر) دەڵێ: ((من ماسییەکم لە حەوزێکدا و ئەوان لەسەرەوە تەماشام دەکەن، وەك ئەوەی تەنیا توێژێکی ئاو لە نێوانماندا بێت، ئەوان بتوانن سەر بەماڵی مندا شۆڕ بکەنەوە و من نەتوانم سەر بەرز بکەمەوە و ئەوان ببینم))[٤٩]. ئەگەرچی هونەری رەوانبێژییەکە، کە لێکچواندنە زۆر لە مێژە لە ئەدەبییاتدا بەکاردێت، بەڵام (بەختیار) لێرەدا توانیوویەتی وێنە و لێکچواندنێکی یەکجار جوان دروست بکات، (جەلادەتی کۆتر) خۆی لە ژێر زەمینێکدایە و ناتوانێ بجوڵێ و بێتە دەرەوە نەوەك ئاشکرا بێت و هێشتا بە تەواوی برینەکانی سارێژ نەبوونە، بەڵام خەڵکی لەدەرەوە کەیف و سەمایانە. ماسی لەناو ئاودا گیری خواردووە ئەوانەی دەرەوە بە ئارەزووی خۆیان لەو، و لە هەر شتێك دەڕوانن کە ئارەزوویان لێی بێت، بەڵام ئەو توانای دەرچوونی لە ئاوەکەدا نییە. لێرەدا چ (جەلادەت) و چ (ماسی) دیلی ئەو شوێنەن کە تێیدان.

---

(٤٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١.

(٤٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨.

(٤٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧-٧٨.



هەروەها رۆماننووس بە هۆی ئەو فرە دەنگییەی لە رۆمانەکەدا هەیە، رێی بەکارەکتەرەکانی داوە بەهەمان شێوەی خەڵکی ئاسایی قسە بکەن، (نەسرین غەفور) دەڵێ: ((کەس نەیە بۆ ئەو دادگایە من دێم، ئەوە ژیانی منە کوڕم، تۆ فرسەتێکم ئەیەیتێ مەگەر خودا بە گەورەیی خۆی بە عینسانی بدا))[٥٠]. هەروەها(ئەمیری گوڵەباغ) قسە دەکات و دەڵێ: ((خارۆزا گیان من بە بینین بۆنی گورەکان دەکەم))[٥١]. بەهۆی بەکارهێنانی ئەو شێوەزارانەشەوە رۆمانەکە زیاتر لە واقیع نزیك دەبێتەوە، هەروەك خوێنەری دەقەکەش لە تاکە زمانێك رزگار دەکات و لە رێگەی بەکارهێنانی ئەو زمانەوە زانیاری زیاتر بە خوێنەر دەگات.

لەکاتی دەست گیرکردنی (جەلادەت) و هاورێکانی لەلایەن چەند سەربازێکەوە ((یەکێکیان بە کوردییەکی خراپ گوتیی (کاکات وەرن پێش) دوای ئەوە هەرچییەکیان گووت بە عەرەبی بوو))[٥٢]. (ئەمیری گوڵە باغ) یش دەڵێ: ((برای خۆم، برای خۆم، تۆ لۆ وەهات لەمن کرد، لە فیکرت دێ گووتیت: من ئەو هەفتەیە هەر کەپوویانی قرت دەکەم))[٥٣]. ئێمە لێرەدا لەبەردەم دوو تێکشکاندنی زمانیداین. لە یەکەمیاندا خوێنەر زۆر بە ئاسایی شتەکە وەردەگرێت، و لای زۆر ئاساییە عەرەبێك وا قسە بکات، بەڵام لەهی دووەمیاندا کارەکە نا ئاساییەو تاکە کوردێك نا بینینەوە بەو شێوەیە قسە بکات، کەچی رۆماننوس بە لێهاتووییەوە و چەند لاپەڕەیەك پێش ئەم گێڕانەوەیە بە ئێمە دەڵێت کە زمانی (ئەمیری گوڵباغ) ((تێکەڵەیەك بوو لە دیالێکتیکی ناوچەیی و شێوە نوتقێکی تایبەت بەخۆی))[٥٤] و لەرێی نوتقی تایبەتی کارەکتەرەکەشەوە شێوەیەکی تایبەتی دەربڕین لەناو رۆمانەکەدا دروست دەکات.

لە رۆمانەکەدا لەبەرئەوەی سروشتی ئەو ناوچەیەی کە رووداوەکانی لێ رووداوە، زیاتریان لەباشووری کوردستانن و ئەویش ژێر دەستی وڵاتێکی عەرەبییە، بۆیە زۆرجار وشەی عەرەبیمان بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە (جەلادەت) کاتێك لە شاری(تەپ و تۆزە زەردەکان) ە،

---

(٥٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٩.

(٥١) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٤.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٥١١.

(٥٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٥.

دەڵێت: ((یەعنی هەر ئەو حەکەمە قانون دەزانێت؟. . . بێ مونتەخەبی ئێمە وەحەقل ڕەسولل کەریم دەورەکە دەبێت بە مەهزەلە))[٥٥].

سەرەڕای ئەو لادانە زمانیانە کە ڕەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان پاساوێکیان هەبێت، کۆمەڵێك هەڵەی زمانی لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێن ((دەزانیت ئەو تابلۆیە ناوی چییە؟ من لەو کاتەدا هەموو گیانم دەلەرزی وەك مردووەکان هەناسەم لەخۆم بڕی و بەڕوونی گوێم لێبوو کە گوتی:

جەلادەت ئیسماعیل ئەو تابلۆیە ناوی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بوو))[٥٦]. کاتی ڕستەکان لەگەڵ یەکتری ناگونجێن، یەکێکیان کە پرسیارەکەیە بە کاتی ئێستا کراوە و وەڵامەکەشی بەکاتی ڕابردوو دراوەتەوە. هەروەها بڕوانە ئەم نموونەیە: ((ئەو ڕۆژە من ژنێکی ئاوارە تکای تیاکردم))[٥٧] کورد لەبری (تکای تیاکردم) (تکای لێکردم) بەکاردێنێ کە ئەم وشەیە ئەگەر تەنیا جەلادەت یا یەکێکی تر لە کارەکتەرەکان بەکاریبهێنابایە ئەوا ئاسایی دەبوو، بەڵام ئەم وشەیە زۆر دووبارە دەبێتەوە و تەنانەت خودی (عەلی شەرەفیار) ی حیکایەتخوانی بە شێکی ڕۆمانەکە بەکاری دێنێ.

### ٣- بەراوردکردنی توخمی زمان لەداستانی (مەم وزین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

سەرەنجام لە هەردوو دەقەکەدا دەگەینە ئەوەی: زمانی هەردوو دەقەکە زمانی کوردییە و زمانی هەردووکیان زمانی ئەدەبی ئەو سەردەمەیە کە دوو دەقەکەی تێدا نووسراون. هەروەك سەرەڕای بە کارهێنانی زمانە ئەدەبییەکە وشەو زاراوەی زار و شێوە زارە کوردییەکانی دیکە لە هەردوو دەقەکەدا دەبینرێن، کە ناکرێ ئەمە بە ڕێکەوت لێکبدرێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بەلایەنی سایکۆلۆژی هەردوو نووسەرەوە هەیە کە ئارەزوی دروست بوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی دەکەن و ئەم ئارەزووە تەنیا لە سایکۆلۆژیای ئەم دوو بیرمەندە دا نییە بەڵکو تەواوی نەتەوەی کورد ئەو ئاواتەی لەدڵدایە.

(٥٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٩.

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٢.

(٥٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٦.



جگە لە وشەی کوردی، لەهەردوو دەقەکەدا وشەی زمانی دیکەی بەرچاو دەکەون کە لە داستانی (مەم و زین) دا بە هۆی پێشاندانی باڵادەستی شاعیر بەسەر زمانە غەیرە کوردییەکان و لەلایەکی دیکەوەك پێویستییەکی نووسینی شیعری ئەو سەردەمە ئەو وشانە بەکار هاتوون، کەچی لە دووەمیاندا هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعە زمانییەی کۆمەڵگای کوردی کە بەهۆی باڵادەستی و داگیر کاری نەتەوەکانی تر و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی وشە زۆری زمانانی تری تێکەوتووە.

زمانی(مەم و زین) و (شاری مۆسیقارە سپییەکان) زمانێکی شیعرین. بەڵام لە یەکەمیاندا زمانێکی شیعری پەتی بەکارهاتووە کەچی لە دووەمیاندا چێژی زمانێکی شیعری هەستی پێدەکرێت. لەناو ئەو زمانە شیعریەیاندا هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەهەردوو دەقدا دەبینرێن کە لەیەکەمیاندا ئەرکی ڕازاندنەوە و ئیستاتیکایە، بەڵام لە دووەمیاندا ئەرکی دروستکردنی وێنەیە لە ڕێگەی زمانی خوازەیی و میتافۆرەوە. لە دەقی یەکەمدا هونەرە ڕەوانبێژیەکان بە تەواوی ئەرکی خۆیان ئەنجامداوە، بەڵام لە دووەمیاندا ئەگەرچی بە گشتی زمانێکی زۆر بەرز بەکارهاتووە، کەچی هەندێ جار ڕۆماننووس نەیتوانیووە بە دروستی لە ڕێی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە ئامانجەکانی بپێکێ. هەروەك لە هەردوو دەقەکەدا لادانی زمانی بەرچاو دەکەون کەلە یەکەمیاندا پاساوەکەی پێداویستی شیعرییە، بۆیە ناکرێ ڕەخنەی لێبگیرێت. لەهی دووەمییاندا ڕۆماننووس بەهۆی جیاوازی زمانی کارەکتەرەکانەوە ئەم کارە دەکات و ڕۆماننووس توانیویەتی لێزانانە سەودا لەگەڵ ئەو لادانانە بکات و بیانخاتە خزمەت ڕۆمانەکەوە.

## تەوەری دووەم

## توخمی کات لە داستان و رۆماندا

### أ- توخمی کات لە رووی تیۆرییەوە:

ئەوەی لە زەینی ئێمەدایە و ئەوەشی لە سروشتدا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کاتی ئاسایی و ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین سێ جۆرە: کاتی ئێستا کە گرنگترین کاتە بۆ مرۆڤ، کاتی رابردوو کە خۆمان یا پێشینەکانی ئێمە تێیدا ژیاون وکاتی داهاتوو کە کارێکی نەزانراوو هەست پێنەکراوە رەنگە دواتر بێت. ئەگەر چی لە بواری هزر و لەوتێروانینانەی کە لەبەرامبەر کاتدا هەن هاوڕاییەکی تەواو نییە لەسەر چۆنییەتی هەبوونی کات، بەڵام زۆرینەلەسەر ئەوەکۆکن کە ((کات هەیە و بوونێکی واقعیش هەیە، بەشێوەیەك دەتوانین بەئاگا بین لێی لە تەواوی دیاردە و رووداوە واقعییەکاندا درکی پێبکەین))[١]. ئێمە لە شوێنێکدا دەژییێن وکات و شوێنیش هەرگیز لەیەکتری دانابڕێن و هەریەکەیان تەواوکەری ئەویتریانە، هەروەها ((کات نیشانەی گۆڕان وشوێن نیشانەی چەسپاندنە))[٢]. کات ماناو چەمکێکی رێژەیی وەردەگرێت و دروست لەگەڵ فەلسەفەی نوێ و فەلسەفەی ماتریالیدا دەگونجێ. هەرشتێك توانای گۆڕانی هەبێ توانای مانەوەشی هەیە و پەیوەست نییە بە لەناوچوونی شتێکی دیکەوە، وەك ئەوەی ئایدیالەکان باوەڕیان پێی هەبوو کە کات بەدەر لە مرۆڤ بوونی نییە وتەنیا لەزەینی مرۆڤدا هەستی پێدەکرێت وکاتێکیش مرۆڤ لەناوچوو ئەوا کاتیش نامێنێ، هەر ئەوەشە وای لە فەیلەسوفە ئایدیالییەکان کردووە چەمکی کات لەگەڵ چەمکی حەقیقەتدا بەدووربگرن و رەهایی بەکات بدەن. ئەوان پێیان وا بوو حەقیقەت لە دەرەوەی کاتە و شتێکی جاویدە و ئەزەلییە، بەڵام ماتریالەکان خودی کات بەئەزەلی دادەنێن. (برادلی) دەڵێ: ((کات

(١) الدكتور محمد توفيق الضوى، مفهوم المكان والزمن فى فلسفة الظاهر والحقيقة، منشاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٣، ص٥٠.

(٢) نەوزەت ئەحمەد عوسمان زێباری، رەگەزەکانی چیرۆك لە داستانی (مەم و زین)ی خانی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی پەروەردە (ابن الرشد) ی زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩ ز، ل٩٨.



حەقیقەت نییە Time is not real و ئینتیماشی بۆ حەقیقەت نییە))[٣]. بەڵام ئەمە ئەگەر بۆ شتە راستەقینەکان و میتافیزیکییەکان راستیش بێت ئەوا بۆ مرۆڤێك کە ((زۆرجار واهەست دەکەین خۆمان لەرێگەی کاتەوە دەناسین))[٤] دادێکمان نادات، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆناسینمان لەبوونی کاتەوە سەرچاوە دەگرێت و گرنگترین شتێکیش لە ژیانی مرۆڤدا هەبێت خۆناسینیەتی.

(سامۆیل ئەلیکسەندەر) دەربارەی چەمکی کات و جۆرەکانی وتوویەتی ((کات دووجۆرە:

أ- کاتی عەقڵی.

ب- کاتی سروشتی.

پاشان جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کاتی یەکەم رەنگدانەوەی کاتی دووەمە))[٥].

ئەو کاتە عەقڵییە کە هەیە و هەستی پێدەکەین لە ((پەیوەندی پێشین وپاشین دا دروست بووە کە دوو توخمی خودین و دەیانخەینە سەرکات))[٦]. لێرەدا پێشین ئەو کاتەیە کە رابردووە و پاشینیش کاتێکە کە دێت، سەرچاوەی هەردووکیشیان عەقڵی مرۆڤ و ئەو کاتەیە کە ئێستا تێیدایە.

یەکێك لە سیفەتە هەرە دیار و نەگۆڕەکانی ئەم پێشین و پاشینانە ئەوەیە کە هەرگیز بەیەك ناگەن، چونکە کات ((دووبارە نابێتەوە))[٧]، تا لە داهاتوودا رابردوو بچێتە ناو داهاتوو یا ببێ بە داهاتوویەکی دیکە.

ئەمە ئەگەر بۆ ژیانی رۆژانە و ئەو کاتە راست بێت کە ئێمە درکی پێدەکەین، ئەوا رەنگە لەناو بەرهەمی ئەدەبی دا بەو شێوەیە نەبێت و بەهۆی سستەمی تێکشکاندنی کات و ئەو تەکنیکانەی بەهۆی کاتەوە دروست بوون و لەناو دەقە ئەدەبییەکان دا بەکاردێن، ئەم کارە لەمەحاڵەوە بووە بە کارێکی کردەنی. کات خاوەنی سیفەتێکە کە ((لە هەموو شتێك زیاتر

(٣) الدكتور محمد توفيق الضوى، مفهوم المكان والزمن فى فلسفة الظاهر والحقيقة، ص٦٣.

(٤) شجاع مسلم دغيم العانى، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص٢٤٩.

(٥) نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٣ز، ل١٩.

(٦) الدكتور محمد توفيق الضوى، مفهوم المكان والزمن فى فلسفة الظاهر والحقيقة، ص٥٠.

(٧) نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردی دا، ل١٩.

ملكەچی خەیاڵە))[8]. بۆ ئەدەب یەكێك لە رەگەزە هەرە سەرەكییەكانی بوونی، خەیاڵەكەیەتی كە هەمیشە بۆتە مایەی بەردەوامی و نەمری پێبەخشین و جیاكردنەوەی لە بابەتەكانی دیكە. بۆیە هەموو رەگەزە ئەدەبییەكان توانیویانە بەباشترین شێوە خۆیان لەگەڵ كات و گۆڕانەكانی كات بگونجێنن و هەمیشە كات وەك توخمێكی سەرەكی تەماشا بكەن.

## ١– توخمی كات لەداستاندا:

داستان وەك یەكێك لەو رەگەزە ئەدەبییانەی كە لە ئەدەبی گریكیدا هەبوون ((سێ بنەما سەرەكییەكەی ئەدەبی ئەغریقی: رووداو، كات، شوێن))[9] ی تێدایە، بەڵام بوونی كات لە داستاندا وەكو تراژیدیا نییە، ((داستان خۆی بە هیچ سنوورێكی كات نابەستێتەوە))[10] لە كاتێكدا تراژیدیا كاتی تێدا سنووردار بوو كە دەبووایە رووداوەكانی لەماوەی بیست و چوار كاتژمێردا كۆتایی پێبێت، كە ئەوان پێیان وابوو مرۆڤ بۆ گەیشتن بە حەقیقەت پێویستی بە كاتێكی زۆر نییە و دەتوانێ راستەو خۆ بەحەقیقەت بگات. لەبەرئەوە بایەخی كات لەلای ئەوان كەمبوو. هەروەها ((لە ژێركاریگەری فەلسەفەی كۆن كە كاتی بە نەگۆڕ و رەها دەزانی))[11] وای لە خەڵكانی ئەو سەردەمە كردووە كات بە هەند وەرنەگرن. شتێك كە نەگۆڕ بێت هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە و مرۆڤ ناتوانێ هیچی لەگەڵ دا بكات، بۆیە ئەوان چ لەناو داستان و چ لە تراژیدیاكاندا بەو شێوەیە لە كاتیان روانیووە. (فۆرستەر) دەڵێ: ((ئەدەب لە كۆنەوە ئاراستەیەكی زیادەڕەوی هەبوو لە وێنا كردنی ژیان لەسەر بنەمای بەهاكان))[12][٤]، هەروەها رەوشت و ئاكاری ناو كۆمەڵ، بەتایبەتی پاڵەوانیان دەكرد بە بنەما بۆ ئەوەی

(٨) جورج واتسن، الصيغة والزمن في الرواية، ترجمة عباس العوينى، مجلة الاقلام، العددان١١-١٢، تشرين٢-كانون ١، ١٩٨٦، ص١٤٠.

(٩) عادل مجيد محمد گەرمیانی، ریالیزم لە رۆمانی كوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، ل٣٢.

(١٠) ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەكی و پەراوێزی عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی-٢٠٠٤، ل٢٦.

(١١) نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای كات لەسێ نموونەی رۆمانی كوردی دا، ل٢١.

(١٢) كۆمەڵێك نووسەری بیانی، تیۆری رۆمان، وەرگێڕانی فارسی حسين پاینده – وەرگێڕی كوردی محەمەد كەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی – ٢٠٠٣، ل٢٩.



بەرهەمێكی ئەدەبی لەسەر دا بمەزرێنن، نەك كات، بۆیە لە داستاندا ئەوەندە گرنگی دان بە رووداو و هەڵسوكەوت و ئازایی و دلێری پاڵەوانەكان دەبینین بە هیچ شێوەیەك ئەو گرنگی دانە بەكات نابینینەوە، بەڵام ئەمە مانای وانییە لە داستاندا توانراوە بە تەواوی خۆ لەكات رزگار بكەن.

ئەو كاتەی كە لە داستاندا هەیە هەمیشە رابردووە. ئەو رووداوانەی كە روویانداوە و لە داستان دامەزرێنراون رووداوی زۆر كۆنن و مێژوویەكی زۆریان بەسەردا تێپەڕیووە، ئینجا رۆڵەكانی میللەت بە شێوەیەكی سەرزاری نەیانهێشتووە داستانەكە لەناو بچێت و دوای ئەو قۆناغە ئینجا شاعیرێكی گەورە دێت و بەرهەمەكە بە شێوەی داستانێكی هونەری دەهۆنێتەوە. لێرەدا ئێمە روو بەرووی سێ كات دەبینەوە كە لە شێوەی زنجیردان. كاتی رووداني رووداوەكان و كاتی هۆنینەوەی داستانەكە بە شێوەیەكی سەرزاری و كاتی نووسینی بەرهەمەكە لەلایەن تاكە كەسێكەوە، بەڵام شاعیر بەبێ دوودڵی خۆی و ئێمەش لەرێگای داستانەكەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی رابردوو، ئەو رابردووە دوورەی كە رووداوەكانی تێدا رووداوە و بە ئاماژەیەكیش ئەوەمان پێبڵێت كە سوودی لە رووداوەكانی بابەتێكی بەر بڵاوی سەرزاری خەڵك وەرگرتووە بۆ هۆنینەوەی بەرهەمەكەی.

ئەو كاتەی لەناو داستاندا هەیە، كاتێكی رابردووە، پەیوەندی بەرووداوی سەردەمێكی كۆنەوە هەیە. ئەو كاتەش ((لەكاتی ئێستا، یان كاتی شاعیری گەڕۆك بەهۆی كاتی رەهای داستانەوە، دابڕاوە))[13] جگە لە سەردەمی ڕوودانی رووداوەكان پەیوەندی بە هیچ كاتێكەوە نییە. (گۆتە و شیلەر) ناوی ئەو كاتەیان ناوە ((ڕابردووی ڕەها))[14] وڕەهایی لەو ڕوانگەیەوە كە تەواوی بەرهەمی داستان جگە لە ڕابردوو كاتێكی دیكەی تێدانییە كە ئەمە ڕەهای بە ڕابردوو بەخشیوە، و تەنیا ئەو لە مەیدانەكەدا هەیە. لە لایەكی دیكەوە كاتی داستان ڕەهایە، چونكە سنوورێكی دیاری كراوی نییە، لەسەری چەسپێنرابێ كە دەبێ داستانەكە ئەوەندە كاتە لە خۆبگرێ یا بەوەندە كاتە تەواو ببێت. بۆیە داستان بۆی هەیە ((چەرخی تەواوی میللەتێك وێنا بكات))[15] و گوێش بەو كاتە نەدات كە دەیخایەنێ.

(١٣) میخايل باختين، الملحمة والرواية، ص ٣٢.

(١٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

(١٥) الدكتور میشال عاصى، الفن و الادب، ص١٦٨.

ئەگەرچی فراوانی قەوارەی داستان و نەبوونی هیچ ڕێگریەکی زەمەنی وگونجانی خەسڵەتی داستان ڕێ بەشاعیر دەدەن تا تەواوی سەردەمی میللەتێك بۆ ئێمە وێنا بکات، بەڵام ئەو ئەم کارە ناکات وهەوڵدەدات لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوێکی سەرەکی و بەستنەوەی چەند ڕووداوێکی لاوەکی بەو ڕووداوە سەرەکییەوە پوختەی سەردەمێکی ژیانی مرۆڤایەتیمان پێشکەش بکات. لەم بارەیەوە(ئەرەستۆ) دەڵێت: ((داستان نابێ وەکو ڕەوتی مێژوویی ئاسایی وابێ، مێژوو تەنیا باسی یەك کردەوە ناکا، بەڵکو باسی سەردەمێك وئەو هەموو شتانە دەکا کە لەو سەردەمەدا بەسەر یەك کەس، یان زیاتر هاتووە و دەشێ ڕووداوەکان پەیوەندیان بەیەکەوە نەبێ))[16] بەڵام ڕووداوەکانی داستان کە یەکێکیان سەرەکییەو تا کۆتایی داستانەکە بەردەوام دەبێت و ئەوانی تریش لاوەکین و بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن وڕوونکردنەوەی داستانەکە هاتوون دەبێ پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت، بەتایبەتی لە لایەنی کاتەوە دەبێ تەواو لەگەڵ یەکتردا گونجاو بن، واتە نابێ ڕووداوە سەرەکیەکە لە کاتێکدا بێت وڕووداوی لاوەکیش لە کاتێکی تر، ئەم کارە تەنیا لە کاتێکدا دەکرێ ئەگەر شاعیر لەڕێگەی تەکنیکێکەوە گەڕابێتەوە بۆ سەردەمێك بەر لەوەی ڕوودانی داستانەکە ڕووبدات، بەمەبەستی بەخشینی زانیاری زیاتر بە خوێنەر تا زیاتر لە ڕووداوە سەرەکیەکە ئاگاداربێت، ئەگینا بەدەر لەوە ناکرێ تەنانەت دوو ڕووداوی جیاواز لە یەکتر بکرێن بەبابەتی یەك داستان.

داستان بەرهەمێکی چیرۆك ئامێزەو هەر دەقێکیش کە چیرۆك ئامێزبێ بەهۆی هونەری گێڕانەوە بگێڕدرێتەوە سێ کاتی دەبن کە بریتین لە ١-کاتی حیکایەت ٢-کاتی گێڕانەوە و نووسین ٣- خوێندنەوە[17] کە کاتی یەکەم ودووەم بۆ ئێمەی خوێنەر ڕابردوون، بەڵام کاتی سێیەمیان کاتی ئێستا و ئایندەیە، بەبوونی کاتی ئێستا و ئایندە لەداستاندا کەلێنێك دەکەوێتەوە چەمکە ڕەهاییەکەی ، چونکە سەرەڕای بوونی دووکات کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، ئەمجارەیان دوو کاتی تر پەیدا دەبن کە کاتی ئێستاو ئایندەن.

ئەگەر کاتی نووسین یا کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی داستان دیارو ئاشکرابن و زۆر جاریش نووسەر خۆی ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە کەی داستانەکەی نووسیوە و کەی تەواوی کردووە، ئەوا زانینی کاتی ڕووداوەکانی ناو داستان کارێکی زەحمەتە. لە لایەك ڕووداوی ناو داستان

(١٦) هونەری شیعر، ل ٨٩.

(١٧) محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، www.awu-dam.org



ڕووداو ێکی یەکجار کۆنە وبەبیری کەسدا نایەت کەی ڕوویانداوە پشت بەپشت ڕووداوەکان هاتوون گێڕدراونەتەوەو شاعیریش لەوانی وەرگرتووە، بۆیە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان نەزانراوە.

لە لایەکی دیکەوە بەهۆی ((ئاماژەکردن بۆ سستەمێکی چینایەتی یا بۆ دەسەڵاتدارێکی چەوسێنەر))[18] بۆتە هۆی ئەوەی ئەوانەی لە سەرەتاوە ڕووداوەکانیان گێڕاوەتەوە نەیانتوانیبێ یا نەیانوێرابێ ناوی ئەو دەسەڵاتدارو سەردەمە بێنن کە داستانەکەی تێدا ڕوودراوە، وەك پێشتر گوتمان پاڵەوانی داستان و ڕووداوەکانی ناو داستان باس لەڕووداوەکانی چینی دەسەڵاتدار دەکات. ئەمەو سەرەڕای ئەوەی لە داستاندا ((هەرچەندە کات و شوێن ڕوونتربن ڕووداوەکان پتر ڕۆشن دەبنەوە و لەئەنجامدا ڕووداوە داستانی وئەفسانەییەکان لە مێژوو نزیکتر دەبنەوە و نرخی بەرهەمی داستانی کەمتر دەبێت))[19]. ئەم کارە لەگەڵ ئەرکی بنەڕەتی داستان ناگونجێ کە گەورەتر پیشاندانی ڕووداوەکانە، نەك بچووککردنەوە یان کەم بایەخ کردنیان.

زۆرن ئەو تەکنیکانەی لە داستاندا ئەنجام دەدرێن وپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەکاتەوە هەیە کەهەندێکیان لە ڕووی چەندێتییەوە زۆر بەرچاو دەکەون و هەندێکیشیان کەمتر. لەداستاندا پێشخراو هەیە و شاعیر بەر لە ڕوودانی ڕووداوێك ئاماژەی پێدەکات. بۆ ئەوەی تامەزرۆیی لای خوێنەر دروست بکات بەمەبەستی بەردەوامی دانی بە خوێندنەوەی داستانەکە ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە دەبێ ئەو ڕووداوانەی پێشخەریان بۆ دەکرێت و بەهۆی ئەوانەوە سستەمی زنجیرەیی کاتەکە تێکدەشکێنرێ، ڕووداوی گرنگ و کاریگەربن بە پێی بۆچوونی (فینرخ) پێشخراو ((شێوەیەکە لە شێوەکانی چاوەڕوانکردن))[20]. لە داستاندا پێشخراو گومان هەڵناگرێت و هەموو کاتێك پێشخەرییەکە بۆ ڕووداوێك کراوە ڕووداوەکە بەو شێوە بووە کە شاعیر لەسەرەتادا بۆی چووە. لەبەرئەوەی شاعیر لە سەرەتادا بەتەواوی ڕووداوەکان ئاشنایە و دەزانێ هەر ڕووداوێك لەکوێوە باسی دەکرێت.

(١٨) لطفى الخورى، فى علم التراث الشعبى، ص٤٣.

(١٩) دكتر ذبيح الله صفا، حماسه سرايى در ايران، ص ٣٢.

(٢٠) الدكتور عبد الله مسلم الكساسبة، تجربة سليمان القوابعة الروائية، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، الطبعة العربية، عمان- الاردن- ٢٠٠٦، ص١٢٩.

هەروەها ((داستانە هۆمەرییەکان بەجۆرێکی کورتکردنەوەی ڕووداوەکانی داهاتوو دەست پێدەکەن))[21] ، بۆ ئەوەی لەسەرەتادا کورتەیەك لەبارەی ڕووداوەکانی داستانەکە بەگشتی ڕوون بێتەوە و جۆرێك لە ئاشنایەتی لای خوێنەر دروست بکات.

ئەگەرچی ((یەکێك لە سیما تایبەتییەکانی داستان ئەوەیە کە دەشێ درێژ بکرێتەوە))[22] ، لەبەر ئەوەی کات لە داستاندا سنوور دار نییە، بەڵام داستان بەدەر نییە لە هەردوو تەکنیکی کورتکردنەوە و لابردن. کە ئەرکییان ئەوەیە ڕەوتی گێڕانەوە خێراتر بکەن و ڕەنگە لای نووسەر ئەو بیرۆکەیە هەبێت کە گێڕانەوە یا نەگێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە هیچ کاریگەرییکیان لەسەر ڕەوتی بەرەوە پێشچوونی ڕووداوەکان نابێت، بۆیە کورتیاندەکاتەوە یا بەیەکجاری لایان دەبات. لابردنیش ((تەکنیکێکی کاتییە بە لادانی ماوەیەکی کورت یا درێژ دروست دەبێت))[23] و لێرەدا ڕەوتی کات یەکجار خێرا دەبێت و کاتی گێڕانەوە کەمتر دەبێت لە کاتی ڕووداوەکان. زۆربەی ئەوانەی کە باسی تەکنیکی لابردنیان کردووە وەکو (جیرار جینیت) و (حسن بحراوی) و (د. سیزا قاسم) و (د. موریس أبو ناچر) لە ڕووی جۆرەوە کردویانە بە دوو بەشەوە:

١- لابردنی ڕاگەیەنراو.

٢- لابردنی ڕانەگەیەنراو.[25]

لەکاتی ڕاگەیەنراودا نووسەری دەقەکە خۆی ئاماژەیەکمان بۆ ڕووداوەکە پێ دەدات، بەڵام ڕووداوەکەمان بۆ ناگێڕێتەوە. هەرچی لابردنی ڕانەگەیەنراوە خوێنەر بە سەلیقە دەزانێ کە لەنێوان دوو ڕووداودا ڕووداوێك یا چەند ڕووداوێك باس نەکراون.

(٢١) الدکتور سیزا احمد قاسم، بناء الروایة، الهیئة المصریة العامة للکتاب، مطابع الهیئة المصریة العامة للکتاب، مصر-١٩٨٤، ص٤٤.

(٢٢) ئەرەستۆ، هونەری شیعر، ل٩٢.

(٢٣) الدکتورعبدالله مسلم الکساسبة، تجربة سلیمان القوابعة الروائیة، ص١٣٥.

(٢٥) نەجم خالید نەجمەددین ئەلوەنی، بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، ل١٦٨.



## ٢- توخمی کات لە ڕۆماندا:

ڕۆمان وەك داستان زۆرینەی زۆری ئەو ڕووداوانەی باسیان دەکات ((کاتەکەیان بە گوێرەی کاتی گێڕانەوە کاتێکی ڕابردووە))[26]. بەڵام لە ڕۆماندا کاتی ئێستا و داهاتووش هەیە. کات لە ڕۆماندا ئەو ڕەهایەی لەدەست دەدات کە لە داستاندا هەیبوو، بۆیە ئەو مامەڵەیەی لەداستاندا لەگەڵ کاتدا دەکرا لێرەدا مامەڵەکە دەگۆڕێت و کات دەبێتە بنچینەیەکی هەرەسەرەکی دروستبوونی ڕۆمان واتە لێرەدا شوێنی ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە داستانیان لەسەر بنیات دەنراو چەمکی کات لە ڕەهاییەوە ڕووە و ڕێژەیی بوون دەچێت ((کاتی ڕۆمان ئەو کاتە ڕێژەییەیە کە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جوڵانەوەی کەسیەتییەکان لەئێستا و ڕابردوو، و ئایندەدا بە گوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە ڕێك دەخات))[27]. شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕۆڵ دەبینێ نەوەك خودی ڕووداوەکان، ئەگەر شێوازی گێڕانەوەکە ڕابردوو بێت ئەوا کاتی گێڕانەوەکەی ڕابردوو دەبێت و ئەگەر کاتی ئێستا یا داهاتوو بێت ئەوا کاتی ڕۆمان بەهەمان شێوە دەبێت.

ڕۆمان پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەوی لەگەڵ کاتدا هەیە و بەدەر لەکات ڕۆمان مانایەکی نابێت و ناکرێ ڕۆمان لەکات دابڕێت. ڕۆمان نزیکترین ڕەگەزی ئەدەبییە لەواقیع و واقعیش بێ کات نابێت، بۆیە ((هەموو ڕۆماننووسێك قەرزاری واقیعی زەمەنییە، بەڵام بەرێگا ناوازەکەی خۆی تایبەتمەندی زاڵبوونی بەسەر کاتدا پەیداکردووە))[28] و هەمان ئەو هەمەڕەنگییە زەمەنییەی لە ژیاندا هەیە ڕۆماننووس بەبێ دوودڵی دەیگوازێتەوە ناو دەقی ڕۆمانەکەی و ئاڵو گۆڕیشی تێدەکات و ستەمە زەمەنییەکەی تێکدەشکێنێ. ئەو توانای زاڵبوونی بەسەرکاتدا پەیدا کردووە و دەتوانێ بەو شێوەیەی کە خۆی بە پەسەندی دەزانێ و، وا هەست دەکات لە خزمەتی ڕۆمانەکەدایە ئاوا مامەڵە لەگەڵ کاتدا بکات. لێرەوە ئەوە هەڵدەهێنجین کە سەرکەوتوویی ڕۆمان پەیوەستە بە چۆنیەتی ئەو مامەڵەیەی کە ڕۆماننووس

(٢٦) الدکتور مراد عبدالرحمن مبروك، بناء الزمن في الروایة المعاصرة، الهیئة المصریة العامة للکتاب، مطابع الهیئة المصریة العامة للکتاب، مصر-١٩٩٨، ص٢٣.

(٢٧) نەجم خالید نەجمەددین ئەلوەنی، بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، ل٢٣.

(٢٨) سعد عبالعزیز، الزمن التراجیدی في الروایة المعاصرة، مکتبة الانجلو المصریة، المطبعة الفنیة الحدیثة، مصر- ١٩٧٠، ص٣٩.

لەگەڵ کاتدا دەیکات و ((ئەو راستییەی کە سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە زۆرینەی ئەو پێشکەوتنانەی لە هونەری رۆماندا روویانداوە، لە بنچینەدا ئەو پێشکەوتنانەن کە لەتوخمی کاتدا روویانداوە))[٢٩]. بۆیە ئەگەر لەسەرەتادا مامەڵەی رۆماننووسە بەراییەکان هەمان ئەو مامەڵەیە بێت کە داستاننووسان لەگەڵ کاتیان دەکرد، یا راستتر بڵێین بەکارهێنانی هەمان ئەو کاتە زنجیرەییەی کە رووداوەکانی یەك بە دوای یەکدا دەهاتن، ئەوا لەرۆمانی نوێدا و بە هۆی ئەو گۆڕانە زۆرانەی لە توخمی کاتدا کراون رۆماننووس ناچار کراوە وەکو یەکێك لە کۆڵەگە هەرە گرنگەکانی رۆمان مامەڵە لەگەڵ کاتدا بکات، چونکە چ دروستبوونی رۆمان و چ پێشکەوتنیشی پەیوەستن بە کاتەوە.

لە رۆمانی نوێدا چەمکی کات گۆڕاوە و کاتی ناو رۆمان لەیەکچوونێکی ئەو تۆی لەگەڵ کاتی واقیعی ژیان نەماوە، بەهۆی ئەو هەموو گۆڕان و تێکەڵیانەی کە لەناو کاتی گێڕانەوەدا ئەنجام دەدرێن ئەمە سەرەڕای لادانی ئاشکرا لەکاتی لۆجیکی بە دروستکردنی کاتی وەهمی، بۆیە ((لە رۆمانی نوێدا تاکە کاتێك کە هەبێت کاتی خوێندنەوەیە))[٣٠]. بێگومان ئەوە لە سۆنگەی بەراوردکردنی کاتی ناو رۆمانە لەگەڵ کاتی واقیعی دا کە تاکە کاتێك لە رۆماندا لۆجیك و لایەنی بابەتی تێدا مابێت کاتی خوێندنەوەیە و ئەویش کاتێکە پەیوەندی راستەوخۆی بە تێکستەوە نییە و کاتێکە لەدەرەوەی تێکستە. دەکرێ بڵێین کاتی لۆجیکی لە رۆماندا نەماوە و ((لە جێی ئەودا (کاتی تایبەت) یان داناوە))[٣١] و ئەو کاتە تایبەتییە لە ناو رۆماندا بە پێی لۆجیك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام لۆجیکی ناو تێکستی رۆمانەکە نەك لۆجیکی کاتی ژیان.

رۆماننووس ناتوانێ رۆمانەکەی لەهەر چ لۆجیکێك کە هەیە دابڕێت و ئاڵۆزی و ناتەبایی لە نێوان کاتەکانی رۆماندا دروست بکات، ئەمە خەسڵەتی رۆمان نییە و رۆمان هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە بە باشترین شێوە قەناعەت بەخوێنەرەکەی بێنێ کەئەو تێکستەی ئەو دەیخوێنێتەوە، تێکستێکە تەواوی توخمەکانی ناوی لە واقیعەوە سەرچاوەیان گرتووە و کەرەستەی واقیعین. کاتێك لە رۆماندا باس لەکاتێکی فانتازی دەکرێ رۆماننووس کۆمەڵێ

(٢٩) شجاع مسلم دغيم العانی، البناء الفنی في الرواية العربية في العراق، ص٥٦.

(٣٠) محمد عزام، شعرية الخطاب السردی، www.awu-dam.org

(٣١) الدكتور محمد حسن عبد الله، فنون الادب (اصول، نصوص، قراء ات)، ص١٩٣.



بەڵگە و روونکردنەوەمان دەخاتە بەرچاو بۆ ئەوەی ئێمە وا باوەڕ بکەین کە ئەمە فانتازیا نییە واقیعە و هەموو ئەو کارانە لە رێگای کۆمەڵێ تەکنیکی تایبەت بە کاتەوە ئەنجام دەدات.

ئەم گوتانەی سەرەوە ناچارمان دەکەن باوەڕ بەو گوتەیەی (رۆلان بارت) بێنین کە دەڵێ: ((هیچ کاتێك نییە تەنیا لە شێوەی گونجان و سستەم دا نەبێت))[٣٢]. لە رۆماندا کات هەیە و لە وێدا لە رێگەی چەند تەکنیکێکەوە گونجان لە نێوان جۆرەکانی کاتدا دروستبووە و کاتەکان بە پێی سستەمێك رێکخراون.

لە رۆماندا پێشخراو هەیە کە بریتییە لە ((پێشخستنی رووداوی داهاتوو ئەوانەی بە دڵنیایی لەدووتوێی بنیاتی گێڕانەوەی رۆمانەکەدا روودەدەن))[٣٣]. داهاتووی رۆمانیش پەیوەندی بەوەوە نییە داخۆ کاتی گشتی رۆمانەکە لە چ دۆخێکدایە. بۆ نموونە ئەگەر کاتی گێڕانەوەی رۆمانەکە کاتی رابردوو بێ بەگشتی و هەموو ئەو رووداوانەی لە رۆمانەکەدا باسیان کرابێ کۆمەڵێ رووداوبن کە کۆتاییان پێهاتووە، ئەوا مانای ئەوە نییە کە لەو دەقەدا پێشخراو نییە و ئەم تەکنیکانە پەیوەستن بە کاتی ناوەوەی دەق نەك دەرەوەی ئەو دەقە.

پێشخراو لە رۆماندا دوو رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، یەکەمیان دەرخستنی رووداوێکە کە دواتر روودەدات و دووهەمیشیان دروستکردنی پردێکە لەگەڵ داهاتوودا[٣٤] ئەوەی دووەمیان لەوەی یەکەمیان دروست دەبێت کەواتە باشترین ئەنجامێك لەوەی یەکەمیان بکەوێتەوە ئەوەیە کەهەموو کات وا لە خوێنەر دەکات چاوەڕوانی شتێکی نوێ بێت لەناو رۆمانەکەدا. لێرەدا پێشخراو وەکو تەکنیکێکی پێویست بوونی خۆی دەسەلمێنێ بۆ ئەوەی خوێنەر تامەزرۆی خوێندنەوەی رۆمانەکە بکات، بەڵام ئەگەر ((بەدروستی بونیات نەنرێ ئەوا هەردوو توخمی سەرنج راکێشی و لەپڕیی هونەری خۆی دەکوژێت))[٣٥]، بۆیە کاری پێشخراو دوو لایەنیە، ئەگەر رۆماننووس لە دروستکردنی دا باڵادەست بوو توانی بە شێوەیکی دروست و هونەری بینای تەکنیکەکە بکات ئەوا مایەی سەرنج راکێشی و بەردەوامی خوێنەرە لەسەر

(٣٢) محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، www.awu-dam.org

(٣٣) الدكتور عبدالله مسلم الكساسبة، تجربة سليمان القوابعة الروائية، ص١٢٨.

(٣٤) محەمەد نوری ئەحمەد، بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی رۆماندا بە نموونەی (ژانی گەل) ی ئیبراهیم ئەحمەد، ناوەندی چاپەمەنی راگەیاندنی خاك، کوردستان-سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٤.

(٣٥) الدكتور عبدالله مسلم الكساسبة، تجربة سليمان القوابعة الروائية، ص١٢٩.

خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و ئەگەریش بنیات و چۆنییەتی بەکارهێنانی تەکنیکەکە لاواز بوو ئەوا دەبێتە مایەی بێزاری خوێنەر و دواتر سەرنەکەوتوویی ڕۆمانەکە.

کورتکردنەوە ((مانای چڕکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانە، ئەوانەی لە چەند ڕۆژ و مانگ و ساڵێك ڕوویانداوە و لەچەند کۆپلەیەك یا چەند لاپەڕەیەکی کەم بەبێ چوونە ناو درێژەی گوتەکان باسیان دەکرێت))[٣٦] و بەشێکی کەم نەبێت لە ڕووداوەکان هیچی تری لێ ناگێڕدرێتەوە.

کورتکردنەوە کۆمەڵێ ئەرك لەناو گێڕانەوەدا دەگێڕێ، لەوانە:

((١- تێپەڕینی خێرا بەسەر ماوەیەکی دوور و درێژدا.

٢- پێشکەشکەشکردنێکی گشتییانەی دیمەنەکان و پەیوەندی بەستن لە نێوانیاندا.

٣- پێشکەشکردنێکی گشتییانەی کەسیەتیەکی نوێ.

٤- پیشاندانی کەسیەتییە لاوەکیەکان کە تێکستەکە ناتوانێت بە دوور و درێژی باسیان بکات.

٥- ئاماژە کردنێکی خێرا بە کەلێنە کاتییەکان و ئەو ڕووداوانەی لەو کەلێنانەدا ڕوویانداوە))[٣٧] تەواوی ئەو تیژ تێپەڕینە بۆ ئەوەیە ڕەوتی کات خێرا تێپەڕێت و خوێنەر ڕووە و ڕووداوە گرنگ و کاریگەرەکانی ناو دەق بەکێش بکرێت.

لە ڕۆماندا دوو جۆری لابردن هەن (لابردنی ڕاگەیەنراو، و لابردنی ڕانەگەیەنراو). لابردنی ڕاگەیەنراو ئەو لابردنەیە کە تیایدا حیکایەتخوان مەودای ماوە لابراوەکەمان بۆ دیاری دەکات و لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو ڕووداوە لە ماوەی چەند ڕۆژێك یا چەند مانگێك یا چەند ساڵێك ڕوویانداوە، بەڵام چۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوەکانمان پێناڵێت. هەرچی لابردنی ڕانەگەیەنراوە لە ماوە زەمەنییەکە بێ دەنگن[٣٨] و بەوردی ماوەکەی نازانرێ و لە ڕێگەی ڕووداوەکانی پێش و دوایەوە هەست بە لابردنی کاتەکە دەکەین و دواتر هەر لە ڕێگەی زانینی ماوەی نێوان دوو کاتەکە و جیاوازی نێوان ماوەکانیان دەتوانین کاتی لادانە ڕانەگەیەنراوەکە بزانین.

(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

(٣٧) نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، ل١٦٧.

(٣٨) الدکتور عبدالله مسلم الکساسبة، تجربة سلیمان القوابعة الروائیة، ص١٣٦.



### ٣- بەراوردکردنی توخمی کات لەداستان و لە ڕۆماندا:

سەرەنجام بۆمان دەردەکەوێت کە لە سەردەمی داستاندا و بە هۆی کاریگەری فەلسەفەی کۆنەوە چەمکی کاتی ڕەها لەناودا بووە، بەڵام لە ڕۆماندا ئەو ڕەهاییەی کات گۆڕاوە بە ڕێژەیی.

ئەو کاتەی کە لە داستاندا هەیە هەمووی ڕابردووە و ڕووداوەکانی ناو داستان کۆتاییان پێهاتووە. لە ڕۆمانیشدا ئەگەرچی زۆرینەی ڕۆمانەکان کاتەکانیان کاتی ڕابردووە، بەڵام ڕۆمان هەن بەکاتەکانی دیکە گێڕدراونەتەوە کەچی ئەوە هەیە چ لەدەقی داستان و چ لە دەقی ڕۆماندا ڕووبەڕووی سێ کات دەبینەوە، کاتی حیکایەت، و کاتی گێڕانەوە و نووسین، و کاتی خوێندنەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو ڕەگەزەکە بە هۆی گێڕانەوەوە پێشکەش دەکرێن.

کاتی حیکایەت لە داستاندا بەهۆی کۆنی ڕووداوەکانی و ئەو هۆکارانەی دیکەی کە پێشتر ڕوونمان کردەوە بەوردی دیاری نەکراوە و بگرە زۆربەی جار نازانرێ ڕووداوەکان کەی ڕوویانداوە، بەڵام ئەوە هەیە ڕووداوەکانی ناو داستان هەمیشە شیمانەی ئەوەیان لێدەکرێ ڕووداوی ڕاستەقینە بن و دواتر گۆڕانیان بەسەر دا هاتبێت، کەچی ڕۆماننووس کاتی ڕووداوی ڕووداوەکانی خۆی زۆر بە وردی دیاردەکات، لە کاتێکدا زۆرجار ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان ڕووداوی ڕاستەقینە نین و ڕۆماننووس بە خەیاڵی خۆی دروستیان دەکات. هەروەك چ لە داستان و چ لە ڕۆماندا شاعیر یا ڕۆماننووس لە دەسپێکی بەرهەمەکەیاندا هەندێك زانیاری دەربارەی کات و شوێن و کەرەسەکان پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی ڕایەڵێك لە نێوان دەق و خوێنەردا دروست بکەن و پاشان بەردەوامی پێبدەن.

لەبارەی ئەو تەکنیکانەی کە پەیوەندیشیان بە کاتەوە هەیە ئەوا زۆربەی ئەو تەکنیکانەی ئێستا لە ڕۆماندا بەکاردێن پێشتر لە داستاندا هەبوونە و بەکارهێنراون.

## ب- توخمی کات له رووی پراکتیکەوە:

### ١- توخمی کات لەداستانی (مەم و زین) دا:

(مەم و زین) ی (ئەحمەدی خانی) وەکو داستانێك رووداوەکانی زۆر لە مێژە روویانداوە و(خانی) خۆی نە رووداوەکانی دیوە و نە بەخەیاڵی خۆشی دروستی کردون، بەڵکو کەسێك بۆی گێڕاوەتەوە:

((نەققاشێ صەحیفەئێ حکایەت
نەققادێ سەبیکەئێ روایەت. . .
گۆ: پادشەهەك زەمانێ سابق
رابوو د حکومەتا خوە فائیق))[٣٩]

ئەمە خەسڵەتێکی دیاری داستانە و حەقیقەتێکە شاعیر پێمان دەڵێت کە بەر لەئەو داستانەکە هەبووە و لەسەردەمێکی زۆر زوو دا روویداوە و پشتاو پشت گێڕدراوەتەوە تا ئەوەی گەیشتووە بەو کەسەی رووداوەکانی بۆ (خانی) گێڕاوەتەوە و ئەویش بە جوانترین و هونەریترین شێوە بۆ ئێمەی گێڕاوەتەوە.

کاتی حیکایەت لەداستانی مەم و زیندا بەهۆی کۆنی رووداوەکانەوە دیارنییە، ئەگەرچی (رۆژەلیسکۆ) پێیوایە (مەمی ئالان) کە هەوێنی دروستبوونی (مەم و زین) ە ((١٠٠ ساڵ بەر لەمەمی خانی داندراوە))[٤٠] بەڵام (ئۆسکارمان) دەڵێ: ((بەبڕوای من مەم و زین زۆر کۆنە. زۆر کۆنترە لەوەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە. بەڵام هەروا هاتووە و تازەکراوەتەوە و رەنگی گۆڕیوە))[٤١].

ناتوانین بە دروستی کاتی حیکایەتی (مەم وزین) دیاری بکەین، چونکە لەناو دەقەکەدا ئاماژەیەك یا دێڕە شیعرێك نابینینەوە بەڵگەی دیاریکردنی کاتی حیکایەتی (مەم و زین)

(٣٩) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٧١.

(٤٠) رۆژەلیسکۆ، ئەفسانەی مەمی ئالان، بێ ژمارەی لاپەڕە.

(٤١) ئۆسکارمان، تحفە مظفریەبەزاری کوردی موکری، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر رێنووسی کوردی هێمن موکریانی، بەشی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا-١٩٧٥، ل٧١.



بێت بە وردی. بە هەمان شێوە کاتی گێڕانەوە لە (مەم و زین) دا دیار نییە ئەوەندە نەبێت شاعیر باسی هەبوونی میرێکمان بۆ دەکات کە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بووە و شوێنی ژیانی میریشمان پێدەڵێت کە (جزیرەی) بۆتانە:

((تەختێ وی جزیر و بەختێ مەسعوود
طالع قەوی و مەقامێ مەحموود
رۆم و عەرەب و عەجەم د فەرمان
مەشهوور ب ناڤێ میرێ بوهتان))[٤٢]

کاتی نووسین لە داستانی (مەم و زین) دا دیارەو (خانی) خۆی ئەوەی پێگوتووین کە ئەو تەواوی داستانەکەی لە ماوەی ساڵێکدا نووسیووە:

((ئینایە نیظام و ئینتیظامێ
کێشایە جەفا ژ بۆ وێ عامێ))[٤٣] *

خانی ((لە-ساڵی- (١١٠٥) هـ دا، لەدانانی مەم و زین بۆتەوە))[٤٤] کەواتە ماوەی نووسینی (مەم و زین) لە نێوان (١١٠٤-١١٠٥هـ) دا بووە.

کاتی خوێندنەوەی داستانی (مەم و زین) وەکو کاتی خوێندنەوەی هەر دەقێکی دیکە دەوەستێتە سەر خوێنەر، بەڵام ئەوەندە هەیە (مەم و زین) بە شیعر نووسراوە و شیعریش ئاوازێکی تایبەتی هەیە کە یارمەتی خوێنەر دەدات دەقەکە خێراتر بخوێنێتەوە لەوەی ئەگەر دەقەکە بە پەخشان بووایە.

(٤٢) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٧١.

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

* لەو سەرچاوەیەی کە ئێمە دێڕە شیعرەکەمان لێوەرگرتووە بەم شێوەیەی نووسیوە:
ئینایة نیظام و ئینتیظامێ
کێشایە جەفا ژ بۆ وی عامێ
بەڵام بەرهەڤکار خۆی ناوی بەرهەمەکەی ناوە (شاکارا ئەحمەدێ خانی)، بۆیە دەبێ لە بری(وی) (وێ) بەکاربێت.

(٤٤) رۆژە لیسکۆ، ئەفسانەی مەمی ئالان، بێ ژمارەی لاپەرە.

له (مەم و زین) دا تەکنیکی پێشخراو بەکارهاتووە و هەموو پێشخەرییەکانیش لە ئەنجامدا دێنە دی:

((لە حیان و نەقی بێ پێکڤە دیتن
تاجدین و ستی پێکڤە دیتن
شەکلێ تەرەحێ دگەل غەمێ دی
بێ پەردە وی زین دگەل مەمێ دی))[٤٥]

ئەم پێشخەرییەی کە لێرەدا کراوە ئەنجامی کۆتایی داستانەکەمان پێدەڵێت. ئەو بۆ (تاجدین و ستی) (لەحیان) و (تەقی) دیون کە نیشانەی بەخت باشێن مانای وایە سەرەنجام بۆ یەك دەبن. بەڵام بۆ (مەم و زین) هەردوو شێوەی (تەرەح) و (غەم) ی دیون کە لە بەیەکگەیشتنی (مەم و زین) دا دروست دەبن، بۆیە(مەم و زین) تا بەیەك دەگەن ئازار و ناخۆشییەکی زۆر دەبینن، ئەم ئازار و ناخۆشیەشیان بەمەرگ کۆتایی پێدێت.

هەر لەم پێشخەرییەدا (خانی) تەواوی بیری خۆی دەربڕیوە کەدەبێ مرۆڤ یا بەندەی خودا ئازار و ناخۆشییەکی زۆر بچێژێت تا ڕێگاکانی گەیشتن بە دولبەر دەبڕێت و خۆی پاکدەکاتەوە بۆ ئەوەی ئامادەبێ لەگەڵ دولبەردا تێکەڵ ببێتەوە. مەرگ هەنگاوی کۆتایی پاکبوونەوە و سەرەتای تێکەڵبوون و تووانەوەیە لەناو ئەویتردا.

((عەهدا مە وەبت تەنێ ببینم
چل زێڕی بچم ژ بۆ تە بینم))[٤٦]

ئەمە پێشخەرییەکی دیکەیە کە تێیدا کاتێك دایەن تەواوی شتەکانی بۆ روون دەبێتەوە تێدەگا ئەو دوو کەسەی (زین و ستی) خۆشیان ویستوون کێن، پەیمانەکەی بەجێ دێنێت.

کورتکردنەوە وەك تەکنیکێکی تایبەت بەکات لە داستانەکەدا بەکارهاتووە، خانی دەڵێ:

((سێ رۆژ و شەڤان ب دل پەیا پەی
وان تەشنە لەبان ڤەخوارن ئەو مەی))[٤٧]

هەروەها دەڵێ:

(٤٥) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل١١٩.
(٤٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.
(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.



((چل رۆژی نەخۆر نەخاب زینێ
سەر را نەدبوو ژ سەر گرینێ))[٤٨]

چ لە (سێ رۆژ) داو چ لە (چل رۆژ) دا شاعیر لە چۆنییەتی وردەکارییەکانی ئەو ماوەیە ئاگادارمان ناکاتەوە. تەنیا ئەوەمان پێدەڵێت کە لە نیوە دێڕی یەکەمدا سێ شەوو سێ رۆژ (تاجدین و ستی) لە خۆشی دابوونە. لە دێڕی دووەمدا (زین) چل رۆژ خەم و پەژارەی خواردووە و گریاوە. دیارە شاعیر گرنگترین شتێك کە لەو رووداوەدا هەڵیبژاردووە مەسەلەی گریانی (زین) ە کە کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر خوێنەر و رووداوەکەی بە گەورەیی نیشانداوە، بۆیە رووداوەکەی بە تەواوی روون نەکردۆتەوە تا قورسایی خۆی لەدەست نەدات و خوێنەر راستەوخۆ روو بە رووی (چل) رۆژ گریانی (زین) ببێتەوە. ئەمە نوێکارییەکی دیکەی خانییە کە لەناو (مەم و زین) دا ئەنجامی داوە. وەك باوە هەمیشە رووداوەکان بۆیە کورتدەکرێنەوە و بەتەواوی ناگێڕدرێنەوە، گێڕانەوەی رووداوەکان کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر رەوتی گۆڕانی رووداوی دەقەکەدا نییە، بەڵام لای (خانی) بۆ زیاتر گەورە پیشاندانی رووداوەکان وردەکاریەکانیان لادەبات.

لە(مەم و زین) دا هەردوو جۆری لابردن دەبینرێن شاعیر دەڵێت:

((ئەو دورِ ب خەزینەئێ سپارن
ئەو مار ل بەر پیان ڤەشارن))[٤٩]

لە نێوان مردنی کەسێك و ناشتنیدا چەند کارێك ئەنجام دەدرێن، لەوانە شوشتن و بردن بۆ گۆڕستان و گۆڕهەڵکەندن وتەلقین دان، بەڵام (خانی) ئەو رووداوانەی هەموو لاداوە و هاتۆتەسەر شاردنەوەی (مەم) و هیچ ئاماژەیەکیشی بۆ لابردنی ئەم رووداوانە نەکردووە، بۆیە بە (لابردنی رانەگەیەنراو) دادەنرێت. لە شوێنێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

((دانی پەغەلا خوە چەند کتێبەك
دنما ب حەکیمەکێ عە جێبەك
حاضر خۆ گەهاندە پیشەکاران
فی الحال بووی نەدیمێ یاران))[٥٠]

(٤٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.
(٤٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٩.

چۆنییەتی خۆ گۆڕین بۆ ئەوەی دایەن وەکو حەکیمێك دەربکەوێت و چۆنیەتی بینینەوەی ماڵی (مەم و تاجدین) لەلایەن دایەنەوە باسیان نەکراوە و راستەوخۆ دایەن لەگەڵ هاونشینانی(مەم و تاجدین) دەدوێت و ئەوانیش پرسیاری لێدەکەن.

هەروەها لەزۆر شوێنی داستانەکەدا تەکنیکی لابردنی راگەیەنراو بەکارهاتووە:

((یووسف تە ل من شهاندە چالێ
هیشتم تە دڤی خەرابە مالێ
یەعقووب صفەت حەزین و نالان
صەبرا دل و جان تەبر ب تالان))[٥١]

ئەگەرچی لەم دوو دێڕە شیعرەدا هەردوو هونەری رەوانبێژی (خواستن) و (تیل نیشان) دەبینرێن و زۆر بە سەرکەوتوویی بەکارهاتوون، هەروەها ئاماژە بەرووداوێك دەکات کە رووداوی (یوسف) و کەوتنە چاڵ و چاوەڕوانی یەعقووبی باوکیەتی بۆ گەڕانەوەی کوڕەکەی کە ئێمە لە رێگەی ئەو چەند وشە کەمەی بەکارهاتوون تێدەگەین کە رووداوی کەوتنە چاڵ و مانەوە تێیدا هەیە، بەڵام هیچ زانیاریەك لەبارەی چۆنیەتی رووداوەکە نازانین.

((تاجدین تە دی چ رەنگ ئەدا کر
مووسا لە مە بەحرێ غەم زواکر))[٥٢]

وەك ئەوەی مووسا خەڵکی خۆی لەدەستی فیرعەون رزگارکردو رووباری بۆ وشککردن تا بتوانن بپەڕنەوە. تاجدینیش (مەم و زین) ی لەو کێشەیەی تێیکەوتبوون رزگار کرد. شاعیر لەهەموو چیرۆکەکەی مووسادا تەنیا ناوی مووساو وشکردنی رووباری هێناوە.

## ٢- توخمی کات لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) کاتەکەی کاتێکی رابردووە و هەموو رووداوەکانی تەواوبوونەو کۆتاییان پێ هاتووە، (عەلی شەرەفیار) ی حیکایەتخوانی بەشێکی رۆمانەکە بەم شێوەیە بۆمان دەدوێت: ((وەك سەرەتا دەبێت بڵێم کە ئەم رۆمانەی ئەمڕۆ ئێوە دەیخوێننەوە،

(٥٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

(٥١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.



بەرهەمی ئەو چاوپێکەوتنە خەیاڵی و سەیرەبوو کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لە نێوان من و ئەو کوڕەدا روویدا))[٥٣] ، کاتێکیش(جەلادەت) (عەلی شەرەفیار) دەبینێ هەموو ئەو رووداوانەی بەسەردا هاتووە کە لەناو رۆمانەکەدا هەن و تەنیا چاوەڕوانی حیکایەتخوانێك دەکات کە رووداوەکان بکات بە رۆمان و بیانگێڕێتەوە.

کاتی حیکایەتی رۆمانەکە لە ساڵی(١٩٦٣) دا دەستپێدەکات، لەوکاتەی کە (عەبدالکریم قاسم) دەکوژرێ، یەکێك لە کارەکتەرەکانی رۆمانەکە(موسای بابەك) بەهۆی ئەو رووداوەوە دەگیرێت(عەلی شەرەفیار) دەڵێت: ((کە کۆدێتای شوبات روودەدات، لەدوای یازدە سەعات لەکوشتنی ((قاسم)) پاسەوانە ناسیونالیستەکان. . . خۆشی رەوانەی زیندانێکی گەورەدەکەن))[٥٤].

دواتر حیکایەتخوان باس لە لەدایکبوونی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە دەکات کەلەساڵی (١٩٧٠) لەدایکبووە ((لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٠دا، دوای شەش مانگ لە لەدایکبوونی جەلادەتی کۆتر، خاتوو ((مەریەم فەیزی)) بە نەخۆشییەکی نەزانراو کۆچی دوایی کرد))[٥٥]. پاشان رووداوەکانی شەڕی عێراق و ئێران و ئەنفال وجەنگی کوێت و راپەڕین و کۆچڕەو دەگێڕدرێنەوە و دوای ئەوان ئەو کێشانە دێن کە لەنێوان دوو حیزبی باڵا دەست لە هەرێمەکەدا هەن وەك ئەوەی حیکایەتخوان بۆمانی دەگێڕێتەوە ((لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٥ و سەرەتاکانی١٩٩٦دا، جەلادەت لەناو تەپ و تۆزی شەڕی ناوخۆدا گەشتە دوور و درێژە ئەفسووناوییەکانی خۆی بەتەواوی باشوری کوردستاندا دەستپێدەکات))[٥٦]. دوای ئەو ماوەیە لەگەڵ (عەلی شەرەفیار) ماوەیەك بەیەکەوە دەمێننەوە تا رۆمانەکە تەواو دەکەن کە لەو کاتەدا(جەلادەت و عەلی شەرەفیار) لە هوتێلی (گێلاسی سپی) بەیەکەوە دەبن. (شەرەفیار) دەڵێ: ((ئەو ماوە درێژەی پێکەوە بردمانەسەر، ئەو رۆژانەی پێکەوە بەسەر دەستنووسی ئەم کتێبەدا دەچوینەوە، وەك یادگاری هەرە گەورەی ژیانم دەمێننەوە))[٥٧]. ئینجا دوای

(٥٣) بەختیار عەلی، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

(٥٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(٥٥) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٨.

(٥٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٩.

تەواوبوونی کتێبەکە جەلادەت دوا ماڵاوایی دەکات و چوار ساڵ دواتریش (عەلی شەرەفیار) کتێبەکە چاپ دەکات.

گێڕانەوە لە(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا دابەشی سەر پێنج کتێب کراوە. هەر کتێبێك جگە لە کتێبی یەکەم و پێنجەم دابەشی سەر چەند بەشێك کراوە. لەم بەشانەدا پەیڕەوی گێڕانەوەی زنجیرەیی و بەدوای یەکداهێنانی ڕووداوەکان بەپێی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان نەکراوە.

دەسپێکی گێڕانەوەکە بەڕووداوێك دەست پێدەکات کە کاتەکەی کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیەو ئەگەر بە پێی کاتی حیکایەت بێت ئەوا دەبووایە لەسەرەتای کتێبی پێنجەم بهاتایە. (عەلی شەرەفیار) دەڵێت: ((سەرەتای ئەم چیرۆکەمان لە فرۆکەخانەی سخێپهۆلەوە لەنزیك ئەمستردامەوە دەست پێدەکات، ساڵی١٩٩٨کە بۆ دووەمجار دەمویست بگەڕێمەوە بۆ کوردستان))(٥٨) . ئەمەش بەر لەکتێبی یەکەم دێت. لە کتێبی یەکەمدا ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بەدوای یەکدا دێن.

لە کتێبی دووەمدا کە دابەشی سەر سێ بەش کراوە، بەشی یەکەم و دووەم و کاتی ڕووداوەکانیان بە ئاسایی بەدوای یەکدا دێن، بەڵام بەشی سێیەم ڕووداوەکانی زۆر لە هەردوو ڕووداوی بەشی یەکەم و دووەمی کتێبی دووەم کۆنترە، بگرە ڕووداوەکان کۆنترین ڕووداوی ناو ڕۆمانەکەن، بۆیە دەبووایە لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا بێت، بەڵام خراوەتە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە.

کتێبی سێیەم کە ئەویش سێ بەشە ڕوداوەکانی بە شێوەیەکی زنجیرەیی بەدوای یەکدا دێن. لە کتێبی چوارەمدا کە لە سێ بەش پێکدێت، تێکشکاندنی کاتی ڕووداوەکان بەرچاو دەکەوێت، بەجۆرێك ئەو ڕووداوانەی سەرەتای گێڕانەوەکەی لێوە دەست پێدەکات گێڕانەوەکەیان دواخراوە و لەم بەشەدا تەواوکەرەکەی دەبینین. بەشی دووەم و بەشی سێیەم گێڕانەوەیەکی ئاسایی کاتی ڕووداوەکانە و کتێبی پێنجەمیش کە لە ڕۆمانەکەدا ناوی بە (دوا کتێب) هاتووە گێڕانەوەکەی ئاساییە.

(٥٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٧.



لەبارەی کاتی نووسینی ڕۆمانەکە، (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ: ((هەر سەبارەت بەنووسینی ئەم ڕۆمانە لێم پرسی: وەك وەخت چەند پێوەی خەریکبووی؟ لە وەڵامدا وتی، نزیکەی یانزە مانگێك پێوەی خەریك بووم))(٥٩).

تەکنیکەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) زۆر بەکارهاتوون زۆرینەی تەکنیکەکانی تێدا دەبینرێن.

تەکنیکی (پێشخراو) وەك یەکێك لەو تەکنیکانەی کەبەهۆی کاتەوە ئەنجامدەدرێن لە ڕۆمانەکەدا زۆر بەکارهاتووە بۆ نموونە(عەلی شەرەفیار) دەڵێت: ((دوای دوو ڕۆژ لەو پەیوەندییە بۆ یەکەمجار جەلادەتی کۆترم بینی دیارە هێشتا زۆر زووە چیرۆکی چاوپێکەوتنی خۆم و جەلادەتی کۆترتان بۆ باسبکەم، کە بەجۆرێك لەجۆرەکان دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەم ڕۆمانە))(٦٠). بەر لەو چاوپێکەوتنەی (عەلی شەرەفیار) لەگەڵ (جەلادەتی کۆتر) دا دوو جاری تر لە ڕۆمانەکەدا ناوی (جەلادەتی کۆتر) هاتووە لەلایەن(شاروخی شاروخ) و(ڕەوشەنی مستەفا سەقزی) یەوە، هەردووکیان بە(شەرەفیار) دەڵێن پێویستە (جەلادەتی کۆتر) ببینێت، کاتێکیش شەرەفیار جەلادەت دەبینێ چۆنییەتی چاو پێپکەوتنەکەمان بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو پێمان دەڵێت کە لەناوەڕاستی ڕۆمانەکە چۆنییەتی چاوپێکەوتنەکە دەگێڕمەوە و واش دەکات.

بە هۆی ئەو تەکنیکەوە ڕۆماننوس لایەنی کەم وا لەخوێنەر دەکات تا ناوەڕاستی ڕۆمانەکە بڕوات و ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە. (شەرەفیار) ئەو کات بە هەردووکیان دەڵێت جەلادەتی کۆتر کێیە؟ چی لەمن دەوێت؟ شاروخیش پێی دەڵێت ئەو ئەو کەسەیە کەلە(شاری مۆسیقارە سپییەکان) گەڕاوەتەوە. بەستنەوەی ناوی جەلادەت بەناوی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کەناوی ڕۆمانەکەیە و دواتر دواخستنی ئەو ڕووداوە تەکنیکێکی یەکجار بەرزە و لە ڕۆمانەکەدا توانراوە تەنیا بەهۆی سێ دێڕەوە وا لەخوێنەر بکرێت زیاتر لە سێ سەد لاپەڕە بخوێنێتەوە بگرە وای کردووە هەموو ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی سێ سەد لاپەڕەی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) بخوێنێتەوە بێگومان ناتوانێ واز لە ڕووداوەکانی تری بێنێ.

(٥٩) ئەنوەر حسێن، ڕۆمانێك لە گفتوگۆدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی-٢٠٠٦، ل٣٦.

(٦٠) بەختیار عەلی، ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل١٢.

(جەلادەتی کۆتر) گەشتی خۆی بەناو رۆحی(سامیری بابلی) دا بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: ((ئەو رۆژێك خۆی نیشان دام رۆژێك وەك ئەوەی بەناو گەشتێکی سیحراویم دا بەرێت منی بەرەو ناو رۆحی خۆی برد))[٦١] گەشتکردن بۆ هەر شوێنێك رەنگە کارێکی ئاسایی بێت، بەڵام گەشتکردن بۆ ناو رۆح یەکێکە لە سەرسامترین شتەکان کە مرۆڤ بە هیچ جۆرێك پێی ئاشنا نییە و  رۆح یەکێکە لەو شتانەی کە مرۆڤایەتی بەگشتی هیچی لەبارەوە نازانن و خەڵکێکی زۆریش باوەڕێکی رەهایان بەبوونی هەیە، بۆیە ئەم گەشتە گەشتێکی ئاسان و ئاسایی نییە بە تایبەتی کە گەشتەکە بە ناو رۆحی مرۆڤێکە کە (سامیری بابلی) جەلادترین مرۆڤی سەر زەوییە.

(جەلادەتی کۆتر) دەڵێ: ((رۆژانێك داهات خاوو بێمانا بوون، دالیا چەندجارێك سەفەری کردوو هاتەوە))[٦٢]. ئەمە تەکنیکی کورتکردنەوەیە. حیکایەتخوان تەنیا باسی روودانی رووداوەکەمان بۆ دەکات و هیچ وردەکارییەکمان لەبارەی رووداوەکەوە پێنالێت. حیکایەتخوان کە (جەلادەتی کۆتر) ە باسی شەوەکانی مانەوەی سامیر بابلی لەژوورەکەی ئەودا بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: ((لەو شەوە دوور و درێژانەوە، لەو چیرۆکە بێکۆتاییانەی مردن و ئەشکەنجەوە، سامیری بابلی هەرشەوەو ناوێکی لەسەر کاغەزێکی سپی دەنووسی))[٦٣]. لێرەدا حیکایەتخوان ماوەی دوازدە رۆژمان بۆ بەدوو دێڕ دەنووسێ. هەروەها دەڵێ: ((کە گەیشتمەوە گێلاسی سپی تا چەندین هەفتە مستەفای شەونم نەبینیەوە، چەند جارێك لەگەڵ مۆسیقارەکانی. . . دانیشتم، بەدرێژی باسی مۆسیقاو نەمریان کرد چەندەها شەو. . . چەندین هەفتە وەك ئەوە وابوو زەوی لە سوڕانەوە وەستابێت، جگە لەوەی جارێك سامیری بابلی هات بۆ لام و باسی ژیانی ئارام و ئاسوودەی خۆی بۆکردم هیچی دی رووی نەدا))[٦٤]. لەم کۆپلەیەدا لەرێی تەکنیکی کورتکردنەوەی پەیوەست بەکات چەند رووداوێك کورتکراونەتەوە، دوو تێبینی گرنگی تێدا بەدی دەکرێن: یەکێکیان ئەوەیە حیکایەتخوان خۆی پێمان دەڵێت لەو ماوەیە هیچ رووداوێکی سەرنجراکێش رووی نەداوە، بۆیە بەسەر پێیی بەسەر رووداوەکاندا دەڕۆم. هی

(٦١) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

(٦٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

(٦٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٦.

(٦٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٣.



دووهەمیشیان کەلایەنی سەرکەوتنی کورتکردنەوەکە دەردەخات ئەوەیە لێرەدا رووداوەکان یەکجار خێرا دەبن و دوای ئەو رووداوانەش رووداوێکی زۆر گەورە روودەدات کە دەستگیرکردن و دواتریش لەخاچدانی (جەلادەتی کۆتر) ە.

جگە لەو تەکنیکانەش هەردوو جۆری (لابردنی راگەیەنراو) و (لابردنی رانەگەیەنراو) دەبینرێن کە مەبەست لە بەکارهێنانی هەردووکیان خێراتر کردنی کاتی گێڕانەوەیە.

(عەلی شەرەفیار) لەبارەی ژیانی منداڵی(جەلادەت) دەڵێ: ((تا تەمەنیشی بوو بەدەساڵ جگە لەرووداوێکی سەیر و ترسناکی ئۆتۆمبێل شتێکی تراژیدی زۆر گەورە لە ژیانیدا روونەدا))[٦٥]. ژیانی منداڵی جەلادەتی کۆتر هەمووی لادراوە تەنیا تاکە رووداوێك نەبێت. ئەگەرچی وەك حیکایەتخوان پێمان دەڵێت رووداوی گەورە لەژیانیدا روویاننەداوە، بەڵام ئەمە مانای وایە رووداوگەلی دیکەی ئاسایی لە ژیانیدا روویانداوە کەچی لێرەدا بەڕانەگەیەنراوی لابراون.

هەروەها دەڵێ: ((ئەوە سەرەتای هاوڕێیەتی دوو مێرد منداڵە کە مۆسیقا تاهەتایە پێکیانەوە گرێدەدات، لەساڵی داهاتوودا جەلادەتی کۆتر خۆی دەگوازێتەوە بۆ هەمان ئەو قوتابخانەیەی سەرهەنگ قاسمی لێیە))[٦٦]. هەموو ئەو رووداوانەی لەماوەی ساڵێکدا روویانداوە لابراون بێئەوەی ئاماژەیەکیان بۆ بکرێ.

(جەلادەت) یەکەمین سەفەری خۆی بەناو شاری(تەپ وتۆزە زەردەکان) بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: ((هێی کۆتری بەرێز، خزمە، لێرەدا بووەستە من هەر ئێستا دێمەوە، هەرئێستا، دکتۆر لەگەڵ سێ ژنەکەدا بۆ ئێستێك ونبوو، دوای ماوەیەکی کورت بە پێکەنینەوە گەڕایەوە))[٦٧]. لامان روونە کە لەو ماوەکورتەدا شتێك روویداوە، بەڵام حیکایەتخوان هیچمان پێنالێت و لەسەر گێڕانەوەی خۆی بەردەوام دەبێت، بۆیە ئەو لابردنەی لێرەدا دەبینرێت (لابردنێکی راگەیەنراوە).

(٦٥) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(٦٦) سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٧.

(٦٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

(جەلادەت) دەڵێ: ((لەو ماوەیەدا دالیا سیراجەدین دووجار بەکورتی سەردانی کردم، من هەردوو جارەکە پێمگووت ((دەمەوێت بڕۆم، دەمەوێت لەم شارە دەرچم))))[٦٦]. لە دوو کاتی جیاواز و رووداني چەند رووداوێکی جیاواز حیکایەتخوان تەنیا رستەی(دەمەوێت لەم شارە دەرچم) ی بە ئێمە راگەیاندووە و لەرێگە ئەم رستەیەوە بارودۆخی دەروونی جەلادەتمان بۆ دەخاتە روو کە ئاواتی هەر کەسێکە لەدوای چاکبوونەوە لە برینێکی سەخت و ژیان بەسەربردن لەبیابان و لەناو بێگانەدا رووبکاتەوە وڵاتەکەی خۆی و ئەو شوێنە بە جێبێڵێت کەبەناچاری تیایدا دەژی.

### ٣– بەراوردکردنی توخمی کات لە داستانی (مەم و زین) و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

کات لە داستانی (مەم و زین) و لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا رابردووە و هەموو ئەو رووداوانەی باسیان دەکرێ لەرابردوو روویانداوە و کۆتاییان هاتووە.

کاتی حیکایەت لە(مەم و زین) دا دیار نییە، بەڵام کاتی حیکایەت لە رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان. هەروەك کاتی گێڕانەوە لە (مەم و زین) دا لە نەورۆزی ساڵێك دەست پێدەکات، بەڵام ئێمە نازانین نەورۆزی کامە ساڵە و لە سەردەمی میرێکیدا رووداوەکانی روویانداوە کە ئێمە نازانین ئەو میرە لە چ سەردەمێکدا حوکمی کردووە، بۆیە کاتی گێڕانەوە لە(مەم و زین) دا بە وردی دیار نییە. کاتی گێڕانەوە لە(شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا لە ساڵی(١٩٩٨) وە دەستپێدەکات، کەساڵی گەڕانەوەی (عەلی شەرەفیار) ی حیکایەتخوانی رۆمانەکەیە بۆ کوردستان و ساڵی یەکتر بینینی ئەو و (جەلادەتی کۆتر) ە. کاتی نووسینی(مەم و زین) یش ماوەی ساڵێکی خایاندووە و هی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) یانزە مانگ.

لە هەردوو دەقەکەدا چەند هونەرێکی گێڕانەوەی پەیوەست بەکات دەبینرێن، لەوانە (پێشخراو) کە لەهەردوو دەقەکەدا هەن و بە سەرکەوتوویی دامەزرێنراون. هەروەها کورتکردنەوەش لە هەردوو دەقەکەدا هەیە. لە(مەم و زین) دا کورتکردنەوە زیاتر بەمەبەستی گەورەتر پیشاندانی رووداوەکان و زیاتر کاریگەربوونیانە لەسەر هەستی خوێنەر. هەرچی

(٦٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.



لە(شاری مۆسیقارە سپییەکان) ە بەوهۆیەی کە هیچ رووداوێکی گەورە روویندەداوە، بۆیە کورتکردنەوە ئەنجامدراوە.

لە هەردوو دەقەکەدا هەردووجۆری لابردن دەبینرێن، بەڵام لە(مەم و زین) دا لابردنەکان بە تایبەتی (لابردنی راگەیەنراو) بەهۆی هونەرەکانی رەوانبێژییەوە ئەنجامدراون، کەچی لە رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)بە شێوەیەکی ئاسایی پەخشانی و تەنیا بە ئاماژەکردنێك بۆ لابردنەکە ئێمە لەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە لابردن ئەنجامدراوە.

## تەوەری سێیەم
## توخمی شوێن لەداستان و ڕۆماندا

### أ- توخمی شوێن لە ڕووی تیۆرییەوە:

لەناو دەقی گێڕاوەدا کاتێك ڕووداو و کارەکتەر هەبن و زەمەنێك هەبێت کە پاڵەوان یاکارەکتەر ڕووداوەکانی تێدا ئەنجام بدات یا ڕووداوەکانی بەسەر بێن، ئەوا شوێنێك بۆ ڕوودانی ئەو ڕووداوانە پێویستە وەك (د. سیزا قاسم) دەڵێت: ((شوێن ئەو چوارچێوەیەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن))[١]. بەواتایەکی دیکە شوێن توخمی لەخۆگری هەمو توخمەکانی دیکەی ناو دەقی گێڕاوەیە. وەنەبێ شوێن وەك توخمێکی ڕەها سەیربکەین و واهەست بکەین ئەوە تەنیا توخمەکانی ترن ناتوانن بەدەر لەشوێن بەرهەمێکی بێ کەم و کوڕی بێننە کایەوە، شوێنیش ((بەدابڕاوی لەتوخمەکانی دیکەی گێڕانەوە ناژیێ، بەڵکو لەگەڵ پێکهاتە چیرۆکییەکانی دیکەی گێڕانەوە پەیوەندی جۆراو جۆر دروستدەکات))[٢] ، بۆیە چ شوێن و چ توخمەکانی دیکەی ناو بنیاتی دەق تەواوکەری یەکترن و بەهەموویان دەقێك پێکدێنن، بەڵام ئەوەندە هەیە گرنگی هەریەکەیان لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە دەگۆڕێت.

(محمد کامل الخطیب) لەبارەی پێناسەی شوێنەوە دەڵێت: ((شوێن ئیمکانیەتێکی کراوەیە بۆ دروستکردن و پێکهێنان))[٣] و ئەو زەمینە ڕێ خۆشکەرەیە بۆ نووسەر کە چۆنی بیەوێ لەڕێگەی ئەوەوە توخمەکانی دیکە وا دروستبکات. یا ڕاستتر بڵێین هەڵبژاردنی شوێن کاریگەری دەبێ لەسەر هەڵبژاردنی توخمەکانی دیکەی ناو دەقەکە. (جورج ازوط) دەڵێ: شوێن ((یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی، چونکە بەرجەستەی ڕووداو و پاشخانەکەی دەکات))[٤]، هەمووشمان هەست بەگرنگی هەبوونی ڕووداو لەناو دەقدا دەکەین.

(١) بناء الرواية، ص٧٦.

(٢) الدكتورعلى ابراهيم، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، الاهالى للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سورية-دمشق، ٢٠٠٢م، ص١٠٢.

(٣) الرواية واليوتوبيا، ص٢٧.

(٤) سهيل ادريس في قصصه ومواقفه الادبية، اطروحة الدكتوراه، الطبعة الاولى، دار الاداب-بيروت، ١٩٨٩، ص٢٩٠.



(غالب هلسا) هەنگاوێك لە(ازوط) ئەولاتر دەڕوات و پێیوایە ((بەرهەمی ئەدەبی کاتێك شوێن لەدەست دەدات ئەوا تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات))[٥]. کاتێك دەقی ئەدەبی ئەم دوو خەسڵەتەی لەدەست دا خۆشی لەدەست دەدات، بۆیە لای (هلسا) گرنگی هەبوونی شوێن تەنیا بۆبوونی توخمێك لەناو دەقدا گرنگ نییە و گرنگیەکەی بۆ تەواوی بەرهەمەکە پێویستە.

(جمال میر سادقی) سێ ئەرکی لەناو دەقی گێڕاوەدا بۆ شوێن دیاریکردوون:

١- ڕازاندنەوەی پەتری ژیانی کارەکتەر و ڕووداوەکان.

٢- دۆزینەوەی فەزا و ڕەنگ یا بارودۆخی دەق.

٣- دروستکردنی فەزایەك کە ئەگەر کاریگەری قوڵیشی لەسەر کارەکتەر و ڕووداوەکان نەبێت، لایەنی کەم وایان لێ بکات بەواقیع کاریگەر بن.[٦]

جگە لەمانەش شوێن ئێستا لەڕۆمانی نوێدا ئەرکێکی دیکە دەبینێ ئەویش ئەرکی بوونە بەکارەکتەر.

شوێن خۆی واقیعە و یەکێکیش لە ئەرکەکانی ئەوەیە واقیعیەت بەتوخمەکانی دیکە بدات. شوێنی واقیعی لەژیاندا هەن و شاعیر یا نووسەر سوودیان لێدەبینێت و دەیانگوازێتەوە ناو دەقەکەی، لەبەر ئەوەی ((هەرگیز نووسەر ناتەوانێ شوێنێك پێشکەشبکات دوور لە ئەزموونی مرۆڤایەتی))[٧]. مەرج نییە ئەو شوێنەی کە لەدەقدا هەیە هەمان ئەو شوێنەبێت کەلەواقیعدا هەیە و شوێن لەناو دەقدا بە پێی پێویست گۆڕانی تێدادەکرێت، بۆیە دەکرێ بڵێین خاڵی دەسپێکی شوێنی ناو دەقی چیرۆکئامێز لە واقیعەوە دەستپێدەکات، بەڵام مەرج نییە کۆتاییەکەی بۆ واقیع بگەڕێتەوە.

لەژیاندا جۆرەکانی شوێن زۆرن و کاتێك ئەو جۆرانە دەگوازرێنەوە ناو ئەدەب زیاتر دەبن. ئەو ڕەخنەگرانەی قسەیان لەسەر بواری شوێن کردووە، هەریەکەیان شوێنی دابەشی سەرچەندجۆرێك کردووە لەوانە(غالب هلسا، نجيب العوفي) لەڕەخنەی کوردیشدا(ئیبراهیم قادر وپەرێز سابیر و نەوزەت ئەحمەد عوسمان) ئەم کارەیان کردووە، بەڵام (تانیا ئەسعەد محەمەد

(٥) الدكتورعلى ابراهيم، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، ص١٠٣.

(٦) عناصر داستان، ص٢٥٤.

(٧) نەوزەت ئەحمەد عوسمان زێباری، ڕەگەزەکانی چیرۆك لەداستانی (مەم و زین) ی خانی دا، ل١٠٨.

سالح) دابەشکارییەکی پوخت و وردی بۆ جۆرەکانی شوێن کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە جۆرەکانی شوێن دیاری دەکات:

١- لە روانگەی هەبوونی شوێنەوە(شوێنی واقیعی، شوێنی خەیاڵی).

٢- لەروانگەی چەمکی هۆگریەوە:(شوێنی هۆگر، شوێنی ناهۆگر).

٣- لەروانگەی بەکارهێنانی شوێنەوە: (شوێنی کراوە، شوێنی داخراو).[٨]

شوێنی واقیعی ئەو شوێنە سروشتیانەن کە ئێمە لەژیاندا دەیانبینین و لەناو دەقیشدا هەن. شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنانەن کە پەیوەندییان بەخەیاڵی نووسەرەوە هەیە، بەڵام مەودا و فراوانی ئەو خەیاڵەی نووسەر دەیکات و نزیکی و دووری ئەو خەیاڵانە لەواقیع وایکردووە دووجۆر شوێنی خەیاڵی هەبن

((١- شوێنی خەیاڵی ئاسایی واتە ئەو شوێنانەی لەسەر بناغەی واقیع بنیات نراون، بۆیە جیهانی دەرەوەی دەق دەنوێنن.

٢- شوێنی خەیاڵی نائاسایی یا فانتازی، واتە ئەو شوێنانانەی کە لەسەر بناغەی خەون و خەیاڵی دوور لەواقیع بنیات نراون))[٩].

بەڵام هەرچۆنێك بێت هەردوو جۆری شوێن پەیوەندیان بەهیچ شێوەیەك بە واقیعەوە ناپچڕێت.

(شوێنی هۆگر) زیاتر پەیوەندی بە شوێنی گەورەبوونی پاڵەوان و ئەو شوێنانەوە هەیە کە کارەکتەر بە خۆشی تیایاندا دەژی. شوێنی ناهۆگریش شوێنێکە یا ئەوەتا پاڵەوان یاکارەکتەر لێی نەژیاوە و هیچ ئاشنایەتییەکی لەگەڵیاندا نییە، یا ئەوەتا کارەکتەر ناچار کراوە کەژیان لەو شوێنەدا بەسەر بەرێت.

(شوێنی داخراو، و کراوە) پەیوەندییان بەتایبەتی بوون و گشتی بوونی شوێنەکانەوە هەیە، کە ئەگەر شوێنەکە هی تاکە کەسێك بوو ئەوا داخراوە و ئەگەر هەموو خەڵك توانیان سەردانی بکەن و بۆ هەمووان وەکو یەك بێت ئەوا شوێنەکە شوێنێکی کراوەیە.[*]

(٨) بینای شوێن لەدوونموونەی رۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ئەیلول٢٠٠٦، ل٦٧.

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.



### ١- توخمی شوێن لەداستاندا:

داستان بەرهەمێکی گشتگیرە و گشتیەتی تێیدا زاڵە، بۆیە زۆر گرنگی و بایەخ بەدیارکردن و دیارنەکردنی شوێنەکان نادات. (د. سیروس شیسا) وای دەبینێت ئەو شوێنەی لەداستاندا هەیە نادیار

و فراوانە[١٠]، بەڵام هیچ یەکێك لەم دوو تایبەتمەندییەی بۆ شوێنی داستان دیاریکراون تایبەتمەندی رەهانین و بۆی هەیە شاعیر شوێنی دروستبوونی رووداوەکەی دیارییکات و ناوە تایبەتییەکەی بەکاربێنێت و تایبەتی بکات بەشوێنێکی دیاریکراو، بەڵام زۆرجار بەهۆی کۆنی ئەو داستانەی شاعیر بۆمانی دەگێڕێتەوە رەنگە ئەو ناوەی شاعیر لەشوێنی رووداوی رووداوەکەی دەنێ وا هەست بکرێ ئەمە ناوێکی راستەقینە نییە، بۆیە بەنادیار دراوەتە قەڵەم. بۆ نموونە لەسەرەتادا وا هەستدەکرا هەر بەرهەمێك کەلەپێش زاییندا نووسرابێت شوێنەکانیان شوێنی ئەفسانەیی و خورافین و لەواقیعدا بوونیان نییە، بەڵام زانستی شوێنەوارناسیی توانیویەتی زۆربەی ئەو شوێنانە بدۆزێتە کە لەداستانەکاندا باسیانکراوە، بۆ نموونە شارەکانی وەکو (مەدائین، تیزنر، کنوسس) کە لە (ئەلیازە) دا باسیان کراوە مێژوو سەلماندوویەتی کەئەمانەشار بوونە.[١١] ئەم راستیانە وایان لە (د. احمد کمال زکی) کردووە، بڵێ: ((ئەوەی ئێستا لە هۆکارە دروستەکانی جوگرافیادا هەیە بەتەواوی تێکەڵە لەگەڵ ئەوەی لەئەفسانە وحیکایەتە لەرادەبەدەرەکاندا هەبووە))[١٢]. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە مەرج نییە هەموو ئەو شوێنانەی لەداستاندا باسیان کراوە شوێنی ناواقیعی بن، بەڵام لەهەمانکاتدا لەناو داستاندا مەرج نییە وەکو خۆیان بەکارهاتبنەوە و بێ دەستکاری کردن وەرگیرابن. بەو هۆیەی داستان ئەدەبە و ئەدەب بەدەر نییە لەخەیاڵ و ئاساییە ئەگەر باسکردنی شوێن لەداستاندا خەیاڵی تێبکەوێت.

(*) بۆ قسەکردن دەربارەی جۆرەکانی شوێن سوودم لەکۆمەڵێ لەو رەخنەگرانە وەرگرتووە کە پێشتر لەبواری دەستنیشانکردنی شوێن ناوم هێناون.

(١٠) نقد ادبی، انتشارات فردوس، چاپ اول، چاپخانه رامین، تهران-١٣٧٨، ص٢٤٧.

(١١) دکتر سیروس شمیسا، انواع ادبی، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠٧.

(١٢) الاساطیر، مکتبة الشباب، الطبعة الاولی، بدون مکان الطبع، ١٩٧٥، ص١٢٣.

ئەو گشتگیرییەی کە لەداستاندا هەیە وای لەشاعیر کردووە هەموو کات لەباسکردنی وردەکارییەکانی هەر شوێنێك خۆی بەدوور بگرێت و ((هیچ پەیوەندییەکی بەوەسفکردنی پاژەکانەوە نەبێت، ئەو بەگشتی کۆشکی پاشامان پێدەناسێنێ، بەڵام لەبارەی بەشە بیناکارییەکان و بنیاتی ئەواندا هیچ قسەیەك ناکات))[١٣]. شاعیر هەرچەندە بەدوورو درێژی باسی شوێنێك بکات هەرگیز ناچێتە ناو وردەکارییەکانی ئەم شوێنە هەر لەقاڵبە گشتییەکەیدا دەمێنێتەوە.

باس نەکردنی وردەکارییەکان وادەکات زانیاری خوێنەر لەبارەی ئەو شوێنەی پاڵەوانی تێدایە و ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن کەمبێت و توانای گونجانی لەگەڵیدا زیاتر بێت. (میخائیل باختین) دەڵێ: ((هەموو سەرکێشییەکانی ناو ڕۆمانی یۆنانی توانای ئاڵوگۆڕکردنیان هەیە. ئەوەی لەبابلدا ڕوودەدات دەکرێ لەمیسر و بیزەنتە ڕووبدات و بە پێچەوانەوە))[١٤][٢]. ئەو توانای ئاڵوگۆڕییەی لە شوێنەکانی داستاندا هەیە بۆتە هۆی بوونی داستانی هاوبەش لەنێوان گەلاندا، بەتایبەتی گەلانی دراوسێ و هەریەکەشیان مۆرکی تایبەتی میللەتەکەی خۆی لێدەدات.

## ٢- توخمی شوێن لە ڕۆماندا:

شوێن لە ڕۆمانە بەراییەکاندا هەمان ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ دەکرا کە شاعیر و نووسەرانی سەردەمانی پێش دروستبوونی ڕۆمان لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەیانکرد. ڕۆماننووسە بەراییەکانی ئینگلیز زۆر بایەخیان بە دیاریکردنی شوێن نەدەدا[١٥] شوێن لەناو ئەم جۆرە ڕۆمانانەدا پلەی دووەمی لەچاو توخمەکانی دیکەی ناو ڕۆمان بەردەکەوت و تەنیا وەکو زەمینەیەك بۆ پیشاندانی توخمەکانی دیکە بەکاردەهات، بەڵام ((دوای سەدەی نۆزدە گرنگی

(١٣) احسان سركيس، الاداب القديمة وعلاقتها بتطور المجتمعات، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٨، ص٢٣٢.

(١٤) اشكال الزمان والمكان في الرواية، ترجمة يوسف حلاق، منشورات وزارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، دمشق، ١٩٩٠، ص٢٦.

(١٥) ديفيد لودج، الفن الروائي، ترجمة ماهر البطوطي، المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، القاهرة - ٢٠٠٣، ص٦٦.



دان بە شوێن وەکو توخمێکی سەرەکی ناو ڕۆمان دەستی پێکردووە))[١٦]. شوێن لەڕۆماندا لەو قاوغە دەرچوو تەنیا بۆ ڕازاندنەوە بەکاربێت و گەیشتە ئەو پلەیەی ((تەواوی ڕەگەزەکانی ڕۆمان لەخۆ بگرێت))[١٧]. دواتر ئەم قۆناغەی بڕی و ئێستا لە ڕۆمانی نوێدا شوێن هێندە گرنگ بووە وەکو کارەکتەر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئیدی شوێن چەمکێکی دیکە وەردەگرێت کە چەمکی زیندوویی یە.

پێشتر کاتێك شوێن وەکو کەرەستەی ڕازاندنەوە یا بۆ زەمینەسازی توخمەکانی دیکەی ڕۆمان دەردەکەوت مامەڵەی توخمێکی مردووی لەگەڵدا دەکرا. توخمی بێگیان ناتوانێ هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕێ کە توخمێکی زیندووی وەك کارەکتەر یا توخمێکی بەردەوام لە گۆڕانی وەك زەمان دەیگێڕێت، بۆیە لەکاریگەرێتی بوونی لەناو دەقدا دەکەوتە دوای ئەو توخمانەوە، هەرچی ئێستایە و لە هەندێ کاتدا ((ئەو ئامانجی بوونی تەواوی کارەکەیە))[١٨]، هەموو توخمەکانی دیکە و هونەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمانیش دەکەونە خزمەتی زیاتر دەرخستنی شوێنەوە.

لەڕۆماندا بیری تاکگەرایی زاڵە، یا ئەوەی زەمینەی ڕەخساند بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمان بۆرژوازیەت بوو. لەگەڵ پەرەسەندنی بیری بۆرژوازیشدا ئاساییە گرنگی دان بەشوێن زیاتر پەرەبسێنێ، ((بۆرژوازیەت لەسەر زەویەکی سنوردار و زانراو خەباتی دەکرد))[١٩]. ئەم هزرە گواسترایەوە ناو ڕۆمان و شوێن لەناو ڕۆماندا دیاریکراو خەسڵەتی تایبەتمەندبوونی پێبەخشرا. تالەلایەکەوە بەباشترین شێوە ببێ بەنوێنەری بۆرژوازیەت و لەلایەکی دیکەوە واقیعی ترین بەرهەمی لێدەربچێت.

واقیعیبوونی شوێن لەڕۆماندا زیاتر بەمانای هەبوونی شوێن ودیاریکردنی ناوو تایبەتیەکانی و گەیاندنی زانیاری لەبارەی تەواوی وردەکارییەکانی هەر شوێنێك دەگەیەنێت، نەك بەو مانایەی شوێنی ڕۆمان هەمان ئەو شوێنەیە کەلەواقیعی ژیاندا هەیە. واتە مەبەستمانە بڵێین واقیعی بوونی شوێن لەڕۆماندا لەواقیعی بوونی شوێنی ژیان جیاوازە،

(١٦) الدكتور عبدالله مسلم الكساسبة، تجربة سليمان القوابعة الروائية، ص١٥٣.

(١٧) الدكتور احمد زياد محبك، متعة الرواية، دار المعرفة، الطبعة الاولى، دار القماطى للطباعة، بيروت لبنان، ، ٢٠٠٥، ص٢٩.

(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

(١٩) محمد كامل الخطيب، الرواية واليوتوبيا، ص٢٥.

ئەگەرچی هەرگیز ئەو پەیوەندییەی نێوان شوێنی ژیان و شوێن لەناو رۆماندا ناپچڕێت تەنانەت لەوکاتەی کە رۆماننووس فانتازیترین شوێن هەڵبژێرێت، بەڵام کاتێك رۆماننووس شوێنێکی واقیعی هەڵدەبژێرێت ئەوا هەرگیز وەکو خۆی وەریناگرێت تا رۆمانەکەی لەسەر بنیان بنێت و پێویستە بیکات بەشوێنێکی هونەری و ((شوێن نابێتە شوێنی رۆمان گەر تایبەتمەندییەتی هونەری تیابەدی نەکرێت))[٢٠] یاچاکتر بڵێین دەکرێ هەر شوێنێك ببێتە شوێنی رۆمان و فەزای رۆمانی لەسەر دابمەزرێنرێت، بەڵام پێویستە لەکاتی گواستنەوەی شوێن لەواقیعی ژیانەوە بۆناو واقیعی رۆمان وای لێبکرێ ببێ بەشوێنێکی هونەری و بەهۆی بوونی ئەو هونەرەیە کە جیاوازی دەکەوێتە نێوان شوێن لە رۆماندا و شوێنی واقیعی، چونکە ((شوێنی ئەندازەیی پەتی هیچ بایەخێکی هونەری نییە))[٢١]. رۆماننووس ناچار دەبێت ئەو شوێنە بکات بەشوێنێکی هونەری و هونەری بوونی شوێن پەیوەستە بەو خەیاڵەی کە لەدەستی رۆمانووسدایە و دەتوانێ شوێنێکی پەتی بکات بەشوێنێکی هونەری و چەند چەمکێکی دیکەی نوێ بەشوێن ببەخشێ.

لە رۆماندا ئەو پەیوەندییە پتەوەی لەنێوان شوێن و خەیاڵدا هەیە وای لەزۆربەی رەخنەگرانی بواری رۆمان کردووە کە شوێنی ناو رۆمان بە ((شوێنێکی خەیاڵی))[٢٢] دابنێن. (د. سیزا احمد قاسم) بۆچوونی خۆی لەبەرانبەر شوێن لەرۆماندا دەردەبڕێت و دەڵێت: ((شوێنی ناو رۆمان شوێنێکی سروشتی نییە))[٢٣]. بۆچوونەکەی راستە، بەڵام وەك گوتمان رۆماننووس ناتوانێ ئەم شوێنە وەکو خۆی بگوازێتەوە ناو رۆمانەکەی و بیمەزرێنێ. شوێنەکە شوێنێکی هونەری نییە ناچارە دەستکاری بکات بەهۆی گۆشە نیگا و ئەو هزرانەی رۆماننووس هەیەتی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی ناو رۆمان دەیکات بەشوێنێکی هونەری. کاتێك رۆماننووس ئەم کارەی کرد ئەوا شوێن سروشتی بوونی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە شوێنێکی خەیاڵی.

خەیاڵی بوونی شوێن لای هەندێك لەلێکۆڵەران زیاتر پێی لەسەردا گیراوە و هەوڵیانداوە هیچ رایەڵێك لەنێوان شوێنی واقیعی و شوێنی ناو رۆمان نەهێڵن. (مهدی جبر صبر) لە تێزی

(٢٠) تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، بینای شوێن لەدوونموونەی رۆمانی کوردیدا، ل٣٧.

(٢١) الدكتور احمد زياد محبك، متعة الرواية، ص٣٢.

(٢٢) محمد كامل الخطيب، الرواية واليوتوبيا، ص٢٤.

(٢٣) بناء الرواية، ص٧٤.



ماستەرەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ((شوێنی ناو رۆمان جیاوازە لەچەمکی شوێن لەفیزیاو فەلسەفەدا، چونکە ئەو شوێنێکی نا ئاساییە لەزەینی رۆماننووس دایە و لەهۆشی خوێنەریشدا لەرێگەی دەقەوە دروستدەبێت و ئەو شوێنە بەهۆی زمانەوە دروستبووە))[٢٤]. هەروەها (د. عبدالله مسلم الکساسبە) هەمان بۆچوونی هەیە و پێیوایە: ((دەرکەوتنی کارەکتەرەکان و گەشەکردنی رووداوەکان یارمەتیدەرن بۆ دروستبوونی بنیاتی شوێن لە رۆماندا و شوێن تەنیا بە چوونە ناوی پاڵەوان و کارەکتەرەکان نەبێ دروست نابێ))[٢٥] بەڵام هیچ کامێك لەم بۆچوونانە بەتەواوی دروست نین و ئەگەر شوێنی ناو رۆمان تەنیا لەزەینی رۆماننووس دابێت بۆچی هەمان ئەو کەرستانە بەکاردێنێتەوە کەلەشوێنی واقیعیدا هەن و ئەگەر هیچ پەیوەندییەك نییە لەنێوان ئەم دوو شوێنەدا چۆن خوێنەر راستەوخۆ لەرێگەی خوێندنەوەی رۆمانێکەوە قەناعەت بەراستی ئەو شوێنانە دەکات کە لەرۆمانەکەدا هەن و وا هەست دەکەی کە شوێنی راستەقینەن؟

هەروەها گەشەکردنی رووداوەکان و هاتنە ناوەوەی کارەکتەر بۆ شوێنێك، شوێن دروستناکەن، شوێن خۆی هەیە و (الکساسبە)خۆی ئەو رایەی هەیە کەشوێن ((حەقیقەتێکە لە حەقیقەتەکانی ژیان، ئەگەر حەقیقەتی بنەڕەتی ژیان نەبێ))[٢٦]. بەڵام ئەو گۆڕانەی کارەکتەر یا رووداوێك لەشوێندا دەیکات، جۆرێك لەزیندوێتی بەشوێن دەدات و وادەکات جوڵەی تێبکەوێت و لەرێگەی ئەو گۆشە نیگایەی کە رۆماننووس بەکاری دێنێ وا دەکات ئێمە ئاشنای گۆشەیەکی دیکەی شوێن بین کە لەرۆماندا هەیە.

### ٣- بەراوردکردنی توخمی شوێن لەداستان رۆماندا:

لە داستاندا یەکەی شوێن هەیە و شاعیر تابۆی بکرێ دەبێ ئەم یەکەیە بپارێزێ و هەوڵبدات لەسنووری شوێنێکی دیاریکراو کە رووداوە سەرەکییەکانی داستانی لێ روودەدات

(٢٤) بناء الرواية العربية في الكويت(١٩٦٢-١٩٨٨)، رسالة ماجستير، مركز دراسات خليج العربي، جامعة البصرة، ايلول-١٩٨٩م، ص١٠١.

(٢٥) تجربة سليمان القوابعة الروائية، ص١٥٦.

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

دەرنەچێت. لە ڕۆمانیشدا ڕۆماننووس بۆ دروستکردنی فەزای ڕۆمانەکەی دەتوانێ تاکە شوێنێك بەکاربێنێت. دەشتوانێ تا دەیخوازێ شوێنەکانی ڕۆمانەکەی بگۆڕێت.

لە هەردوو ڕەگەزە ئەدەبییەکەدا ئەو شوێنانەی باسیاندەکرێ پێویستە فراوان بن، بۆ ئەوەی لەگەڵ قەوارە و خەسڵەتی ڕەگەزەکەدا بگونجێن و ئەو زەمینەیە بسازێنن کە پاڵەوان و کاراکتەرەکان بۆ جوڵانەوە پێویستیان پێیەتی. ئەوەندە هەیە لەداستاندا دەبێت فراوانییەکە لەسنوری تاکە شوێنێك دابێت، بەڵام لەڕۆماندا دەکرێ هەموو شوێنەکانی ناو ڕۆمان فراوان بن.

مەرج نییە هەموو ئەو شوێنانەی لەداستاندا باسیان کراوە شوێنی ناواقیعی بن، هەروەها مەرج نییە ئەو ناوانەی لێیان نراون ناوی دروستکراوبن. لەڕۆماندا بەهەمان شێوەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەهەردوو ڕەگەزەکەدا شوێن ڕاستەقینە بێت یا خەیاڵی وەکو ئەوەی لە واقیعی ژیانی ئێمەدا هەیە ناخرێتە بەرچاو، و تێکەڵبوونی لەگەڵ خەیاڵدا بۆتە هۆی ئەوەی لێکۆڵەر هەبن چ لە داستاندا و چ لەڕۆماندا لەبارەی شوێنەوە ئەوبیرەیان هەبێ کە ئەو شوێنانەی لەهەردوو ڕەگەزەکەدا دەبینرێن شوێنی خەیاڵین و هیچ پەیوەندییەك بە واقیعەوە نایانبەستێتەوە کە لەیەکەمیاندا هۆکارەکەی کۆنی ئەو شوێنانەیە کە باسیانکراوە و ئێستا نەماون و لە دووەمیشیاندا هۆکارەکە بەهونەری کردنی شوێنی ڕۆمانەکەیە.

شاعیر لەداستاندا پەیوەستە بەبیری گشتی و گشتگیریەوە و هەمیشە خۆی لەوردەکارییەکان بەدوور دەگرێت. بۆ توخمی شوێن لەداستاندا هەمان کاردەکات و تەنیا باسی لایەنە گشتییەکانی شوێنێك دەکات و ناچێتە ناو وردەکارییەکان بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەر بەهەموو لایەنەکانی شوێنەکە. هەرچی ڕۆمانە بەهۆی زاڵبوونی بیری تاکگەرایی و بۆرژوازیەت لەسەری، بەتەواوی ڕۆدەچێتە ناو ناساندنی شوێنەکان و خوێنەری ڕۆمان شارەزای تەواوی وردەکاری شوێنەکانی ناو ڕۆمانەکە و هەموو ئەو شتانە دەبێت کە لەشوێنەکەدا هەن.

ئەرکی شوێن لەداستاندا، لەڕازاندنەوە و دروستکردنی فەزایەك بۆ دەرکەوتنی توخمەکانی دیکە تێناپەڕێت، بۆیە شوێن لە داستاندا پلەیەك دەکەوێتە دوای توخمەکانی دیکەی داستانەوە. لە ڕۆماندا ئەو دوو ئەرکەی شوێن لە داستاندا دەیانگێڕێت، ئەویش بەهەمان ئەرك هەڵدەستێت و ئەرکی دیکەش دەگێڕێت، وەك لەخۆ گرتنی تەواوی توخمەکانی دیکەی ڕۆمان و زیاتر پیشاندانی واقیعیەتی ڕۆمانەکە و زۆر جاریش خۆی دەبێتە خودی مەبەست، بۆیە نەك شوێن لە ڕۆماندا وەك توخمێکی سەرەکی سەیری دەکرێت، بەڵکو زۆرجار هەموو توخمەکانی دیکە لەخزمەتی ئەودا دەبن.



## ب- توخمی شوێن لە ڕووی پراکتیکەوە:

### ١- توخمی شوێن لە داستانی (مەم وزین) دا:

داستانی (مەم و زین) وەك داستانێکی ڕۆژهەڵاتی تایبەتە بەنەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی دراوسێ لێی بەشدار نین. یەکێك لەو هۆکارانەی کەزیاتر مۆرکی کوردبوونی بە داستانەکە بەخشیوە ناوی شوێنەکانی ناو داستانەکەیە، بەتایبەتی ناوی ئەو شارەی کەبەسەرهاتی خۆشەویستی (مەم و زین) ی تێدا ڕوودواوە:

((بوهتان ژ مەزن هەتا بچووکان
نسوان و کەچ و بەنات و بووکان))[٢٧]

شاری بۆتان شارێکی کوردییەو دەکەوێتەباکوری کوردستانەوە، ناوێکی دیکەی هەیە کە (جزیرە) یە:

((تەختێ وی جزیر و بەختێ مەسعوود
طالع قەوی و مەقامێ مەحموود))[٢٨]

لەم داستانەدا (جزیرە) تاکە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانەو (خانی) یەکەی شوێنی لەداستانەکەدا پاراستووە، بەڵام تەنیا خۆی بەناو شار نەبەستووە و سنووری شوێنی داستانەکەی فراوانتر کردووە:

((صەف صەف د مەشینە کوهـ و دەشتان
ڕەف ڕەف دخوشینە سەیر و گەیشتان))[٢٩]

لەناو شاردا (خانی) بەکۆمەڵێك شوێنی ڕاستەقینەی ئاشنا کردووین، بەڵام ئاشنا کردنەکە لەسنووری زانیاری گشتی دەرنەچووە و تەنانەت ناوی تایبەتیشی بۆ شوێنەکان دا نەناوە:

((دیتن د مەحەللە و د سووکان
هەر کووچەو غورفە و شباکان))[٣٠]
((باغەك وە هەبوو ئەمیر زەیدین

---

(٢٧) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٣٠٩.
(٢٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.
(٢٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.
(٣٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

باغێ ئیرەمێ د چوو ب مزگین))[٣١]

لەداستانی(مەم و زین) دا شوێنی خەیاڵی هەن کە هەندێکیان شوێنی خەیاڵی ئاسایین و هەندێکیان فانتازین و بەهیچ شێوەیەك لەواقیعدا هەست بەبوونیان ناکرێ:

((صەحرا هەمی بوونە صەحن و بوستان
ساحل بوویە گولشەن و گولستان))[٣٢]

لەو ناوچەیەی کە شوێنی روودانی رووداوەکانی داستانی (مەم و زین) ە هیچ بیابانێکی لێ نییە، بۆیە خودی (صەحرا) شوێنێکی خەیاڵیی ئاساییە، لێرەداو دواتریش ئەو گۆڕانە سەیرو خێرایە بەسەر شوێنەکەدا دێت زیاتر لەخەیاڵی بوونی نزیکدەکاتەوە نەك لەواقیع.

(خانی) کاتێك وەسفی باغ و ئاو و کانی بۆتامان بۆ دەکات، وەسفەکەیان لە سنووری خەیاڵ تێدەپەڕێنێت و دەڵێ:

((هەر رەوضە و ریاضێ خولدێ ئەکبەر
هەر چەشمە و ژ عەینێ ئابێ کەوثە ر))[٣٣]

بێگومان ئەگەر شوێنی وا لەواقیعی شاری (جزیرە) دا هەبن بەم شێوەیە نین و شاعیر بەهۆی هونەری لێکچواندنەوە کە هەر باغێکی بە بەهەشت چوواندووە و هەرکانییەکی بە ئاوی کەوسەر، شوێنەکانی زۆر سەرنج راکێشکردوون و دەستکاری کردوون، بۆیە بە شوێنی خەیاڵی فانتازی دادەنرێن. هەروەها دەڵێت:

((ڤێرا ب نەوا د گرتن ئاهەنگ
هەر نەھ فەلەکان ب سەر ذکر دەنگ))[٣٤]

بیری بوونی نۆ فەلەك لەئاسماندا لە بیرێکی فانتازی زیاتر بۆ بوونی شوێنێکی فانتازی شتێکی دیکە نییە.

---

(٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

(٣٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٧.

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.



((ئەڤ قەصرە کو هەشت طەبەق عەیانن
یەك یا منە حەفت طەبەق د وانن))[٣٥]

(خانی) باسی شوێنێکی فانتازی دەکات کە(بەکر) و (مەم و زین) لەوێن و کۆشکێکی هەشت نهۆمیشیان هەیە، ئەو شوێنە بەهەشتە، بەڵام فانتازی بوونی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەهەشتەی خانی دروستیکردووە کە بەبڕوای ئەو کەسە خراپەکانی وەکو (بەکر) دەچنە بەهەشت، بەڵام لە هزری ئاییندا بەهەشت تەنیا شوێنی کەسانی چاکە.

وەکو گوتمان داستانی(مەم و زین) باس لە چینی میرو بەگزادەکان دەکات، بۆیە ئەو شوێنانەی ئەوان زیاتر هۆگریانن و تیایاندا پەروەردەبوون و کاریگەری زۆریان لەسەر کەسییەتی ئەوان هەیە، دیوەخان و حەرەم و سەرا. . . هتد، کە لە کۆشکی هەر بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوادا ئەمانە دەبینرێن:

((تاجدین ب ڤە طەرزی چوو سەرایێ
مەم ما ل دەری د گەل دوعایێ))[٣٦]

((ئەهلێ حەرەمێ بەزینە سەر وێ
جۆبار رەوان کرن ل سەر وێ))[٣٧]

(سەرا) بۆ (تاجدین) شوێنێکی هۆگرە، ئەو کوڕی سەردەفتەری میرە و لە میرزادان خوێنراوەتەوە. هەروەك حەرەم بۆ(زین) (هۆگرە) و(زین) وەك خوشکی میر زۆرینەی هەرەزۆری ژیانی لەوێدا بەسەربردووە.

پاڵەوان و ئەو کەسانەی دیکەی ناو داستان کە هەموویان بەشێوەیەك لە شێوەکان دەچنەوە سەر بنەماڵەی میران، زۆربەی شوێنەکان جگە لەوانەی باسمان کرد و چەند شوێنێکی دیکەی دیاریکراو نەبێت، شوێنەکانی دیکە بۆ ئەوان ناهۆگرن و هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەوان و شوێنەکانی دیکەدا نییە:

((صەحرا و چەمەن دکرنە مەسکەن
بەیداو و دەمەن دکرنە گولشەن))[٣٨]

---

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٤.

(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.

((وەقتیٚ وە کو چوونە سەرمەزاران
وان دی مریەك د نێڤ دو داران))[39]

(صەحرا) بۆ هەموو کوردێك نەك تەنیا بۆ بنەماڵەی میرانی (بۆتان) شوێنێکی ناهۆگرە و هیچ پەیوەندییەك بۆ هۆگری، کورد بەبیابان نابەستێت. (گۆڕستان) بەهەمان شێوە شوێنێکە بۆ ماوەیەکی کورت نەبێت خەڵکی تیایدا نامێنێتەوە، بۆیە کاریگەری ئەوتۆی نابێت لەسەر پەروەردە و هۆشی پاڵەوان یا کەسەکان:

((هاڤێشتە چالەکیٚ ب زاری
تەشبیهی ب گۆڕیٚ تەنگ و تاری))[40]

چ (زیندان) و چ (گۆڕ) دوو شوێنی ناهۆگرن و مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ئارەزوی ئەم دوو شوێنە ناکات، بەڵام مەرج نییە شوێنە هۆگر یا ناهۆگرەکان بەرەهایی هۆگر یا ناهۆگر بن، ئەم دوو خەسڵەتەی شوێن دەوەستنە سەر ئەو کاریگەری یا ئاسوودەیی یا دڵتەنگییەی کەبۆ پاڵەوان یا کەسەکە دروستی دەکەن:

((نەزهەتگەهـ و شەهنشین و ئەیوان
لیٚ بوونە حەصا رو حەبس و زیندان))[41]

لایەنی کەم لێرەدا(نەزهەتگە) شوێنی هۆگرە بەڵام دەبینین بەهۆی باری دەروونی زین و دووری لە(مەم) ئەم شوێنە لە شوێنێکی هۆگرەوە گۆڕاوە بۆ شوێنێکی ناهۆگر.

لەژیاندا شوێن هەن فراوان و کراوەن خەڵکی دڵی پێیان خۆش دەبێت، و بۆ هەموو خەڵکی هەیە سەردانی ئەم شوێنانە بکەن و شوێنەکان تایبەت نەکراون بەهیچ کەسێك:

((باژێر و کەلات و خانی بەردان
تەشبیهی ب نەژدەیان و جەردان))[42]

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.
(٣٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥.
(٤٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.
(٤١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٩.
(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.



(باژێر و کەلات) شوێنی کراوەن و هەموو کەس تیایاندا دەژی و دەتوانیٚ بچێتە ناویان و سنووردار نەکراوە بۆ کەسێك، بەڵام (خانوو) شوێنێکی داخراوە و تایبەتە بەکەسێك یا چەند کەسێکی دیاریکراوەوە:

((ناچار ژ هێشەتیٚ دچوو دوور
هەمدەرد د بوو دگەل شەطیٚ کوور))[43]

سەر رۆخی رووباری دیجلە شوێنێکی کراوەیە، شوێنێکی زیندووە و جوڵەی تێدایە و ئاوەکەی هەمیشە لە رۆیشتن و گۆڕاندایە.

**٢- توخمی شوێن لەرۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:**

لەرۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا شوێن هێندە گرنگە کە خودی رۆمانەکە بەناوی شوێنێکە، کە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ەو ((جەلادەتی کۆتر ئەو کورەیە کەلەشاری مۆسیقارە سپییەکان هاتۆتەوە))[44]. لەم رۆمانەدا شوێن تەنیا وەك زەمینەیەك بۆ چاکتر دەرکەوتنی توخمەکانی دیکەی رۆمان سوودی لێوەرنەگیراوە، بەڵکو شوێن کاریگەری زۆریشی لەسەر توخمەکانی دیکەی رۆمان هەیە بۆ نموونە کاتێك کە (جەلادەتی کۆتر) دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی دەبینین هەڵوێستی بەرانبەر (سامیری بابلی) دەگۆڕێت و رۆماننووس دەڵیٚ: ((بەر لەوەی پیٚ بخەنەسەر یەکەمین شەقامی شار، جەلادەت لەباران دەوەستاو دەیگوت: سامیری بابلی، لە ئێستاوە، لەم ساتەوە تۆ دیلی منیت، تۆ ئەسیری منیت))[45]. (جەلادەت) تا ئەو کاتەی لەباشورە و لەشوێنێکە ئەو تێیدا نامۆیە بەهیچ شێوەیەك بە(سامیری بابلی) ناڵێت تۆ دیلی منیت، تەنانەت بیری تۆڵە سەندنەوە یاچاکتر بیڵێین بیر لەسەپاندنی عەدالەت ناکاتەوە بەسەریدا، بەڵام کەدەگەڕێتەوە شاری خۆی هەموو ئەو مافانەی بیر دەکەونەوە کە ئەو لەم وڵاتەدا هەیەتی.

هەروەها پیرۆزی شوێنمان لای رۆماننووس بۆ روون دەبێتەوە بەوەی کوردستان بەشوێنێك دادەنیٚ بۆ پاکبوونەوەی جەلادەکان. (سامیری بابلی) لەزۆنگاوەکانی باشور دەهێنێت و لە

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.
(٤٤) بەختیار عەلی، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٩.
(٤٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٧.

کوردستاندا دادگایی دەکات و لە هەموو ئەو گوناهانە پاکی دەکاتەوە کە کردوونی، ئەمەجاری دووەمی پاکبوونەوەی (سامیر). جاری یەکەمیش (سامیر) هەر لەکوردستان پاك بووەتەوە کەدوای یەکێك لەمۆسیقا ژەنەکان دەکەوێت و پاشان خۆی دەڵێت: ((دوای چەندین سەعات مۆسیقاو مەلە، مۆسقاو ئاو، فلووت و پاکی، ئاوازو ئیشراق، لەئاو هاتمە دەرەوەو بووم بەمرۆڤێکی دیکە))[٤٦].

لە(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا شوێنەکان چ خەیاڵی بن یاواقیعی ناوی تایبەتی خۆیان هەیە و رۆماننوس بەهیچ شێوەیەك گشتێتی بەم شوێنانە نابەخشیَ، بەو واتایەی تەنیا چەند زانیاریەکی کەم لەبارەی شوێنەکانەوە بەخوێنەر بدات و رووە و وردەکارییەکان نەچیَ، بەپێچەوانەی ئەمەوە رۆماننوس بەوردی شوێنەکان بەخوێنەر دەناسێنیَ و لەگشتێتی رزگاریان دەکات و تایبەتی بوونیان پێدەبەخشێت: ((پرتەقاڵی سپی ماڵێکی دوو نهۆم بوو، هەڵبەت جگە لەژێرزەمینە گەورەکەی...، ساڵۆنێکی گەورەبوو، سەحنێکی بازنەیی لەناوەڕستدا. . . دوودەرگای ساجی گەورە... نهۆمی خوارەوەی پرتەقاڵی سپی ژووری دانیشتن، مەتبەخ، ساڵۆنی تەلەفزیۆن، نووسینگەی حیسابات، شوێنی خۆگۆڕین، مەخزەنی جل و بەرگی کچەکان و حەمام و توالێتەکانی لێبوو. قاتی سەرەوەش بێئەندازە گەورەبوو، لەلای چەپەوە. . . دەستەیەکیان ژووری کچەکان بوو... دەستەیەکی بچوکتریش ژووری مۆسیقارەکان بوو))[٤٧] بەهۆی ئەو وەسفە وردانەوە (پرتەقاڵی سپی) لەهەر تیاترۆخانەیەکی دیکە جیادەکرێتەوە، بۆیە لەرۆماندا گۆڕینەوەی شوێنەکان لەئارادا نییە بیَ ئەوەی هەست بە گۆڕان و نەگونجان بکەین.

لەم رۆمانەدا شوێنەکان دابەشی سەردوو جۆر کراون، شوێنی واقیعی کەلەسەرەتادا هەموو شتەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن، وشوێنی خەیاڵی کە رۆماننووس خۆی دروستی کردوون.

مەبەستی رۆماننووس لەدروستکردنی ئەم دوو شوێنە ئەوەیە ئێمە ئاشنای دوو جیهان بکات، جیهانێکی واقیعی کە هەر هەموومان بە رۆماننووسەوە تێیدا دەژین و جیهانێکی خەیاڵی کە لەبۆچوونەکانی رۆماننووس بەرانبەر بەژیان دروستبووە و رۆماننووس لەرێگەی ئەو جیهانەوە پێمان دەڵیَ ئەو جیهانە واقیعیەی کە هەیە ئەگەر گۆڕانکاری تێدا بکەین و هەوڵی بەرەو پێشبردنی بدەین وەکو ئەو جیهانەی لێدیَ کە رۆماننووس بۆمانی دروستکردووە.

(٤٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.

(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨-١٢٩.



(عەلی شەرەفیار) لەسەرەتای رۆمانەکەدا کە بە گێڕانەوەی سەفەرێکی خۆی دەست پێدەکات دەڵیَ: ((سەرەتای ئەم چیرۆکەمان لەفرۆکەخانەی سخێپهۆلەوە لەنزیك ئەمستردامەوە دەست پێدەکات))[٤٨] ، پاشان لەسەر گێڕانەوەی سەفەرەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((دەبایە لەرێگەی شامەوە بگەڕێمەوە بۆ وڵات))[٤٩]. لەو سەفەرەدا(شاروخی شاروخ) دەبینێت و شاروخ پێی دەڵیَ: ((مامۆستا تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان؟))[٥٠]. کە باسی شەڕی کەنداویشمان بۆ دەکات دەڵیَ: ((دەیەها سەرباز لەملاولای جیهان گەیشتنە ئاوە نێودەوڵەتییەکانی کەنداو))[٥١].

(ئەمستردام، شام، کوردستان، ئاوەکانی کەنداو) هەموویان شوێنی واقیعین و رۆماننووس لە رۆمانەکەیدا مەزراندوونی. ئەم شوێنانە هەریەکەیان شوێنێکی تایبەتن و سنوور و ماوەیان لە نێواندایە و رۆماننوس بەکاریهێناون و خۆی نەبەستۆتەوە بەتاکە شوێنێکەوە، ئەمە جگە لەوەی چەندین شوێنی خەیاڵی و فانتازی لەرۆمانەکەدا هەن.

کاتێك کە (موسای بابەك) بۆ یەکەمجار جەلادەت بەناو شاری(تەپ و تۆزە زەردەکان) دەگێڕێت پێی دەڵیَ: ((ئەم شارە لەراستیدا هیچ نییە جگە لەزەویەکی خەیاڵی، زەوییەك لەهیچ جێگایەکی دیکەی دونیا ناچێت))[٥٢]. ئەو شارە ناوی شاری(تەپ و تۆزە زەردەکان)ە، لەناوەڕاستی بیاباندایە و هەمیشە لەگۆڕاندایە، کە (جەلادەت) لەو شارە دەمێنێتەوە و شارەزای دەبێت بەم شێوەیە لێی دەدویَ: ((هەندێك رۆژ شارێکی گەورەبوو کە ئاسان نەبوو تخوبەکانی ببینین، پڕلەکوچەو ئاوەدانی، هەندێکجاریش بچوکدەبووەوە بۆ گوندێکی چکۆلانە))[٥٣]. ئەوەی لەهەمووشتێك سەیرترە لەم شارەدا ئەوەیە کە ژنان بەڕێوەی دەبەن(موسای بابەك) دەڵیَ: ((ژنانیش وەك ئێمە دێن و دەڕۆن، بەڵام ئەوان یاساو رێساکانی

(٤٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

(٤٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

(٥٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

(٥١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

ئەم جێگایە دەستنیشاندەکەن))[٥٤]. رۆماننووس دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمێکی یەکجار دێرین کە ((لەسەرەتای بوونەوە ئافرەت خاوەنی دەسەڵات بووە و لەژیانی کۆمەڵایەتیدا پلە و پایەی بەرزی ئایینی تا دەگاتە پلەی خواوەندێتی و دایکی هەموو خواوەندەکان بۆ ئەو تەرخان کرابوو))[٥٥] بۆیە بەئاگاییەوە بێ یا بەبێ ئاگایی رۆماننووس ئارەزووی دروستبوونی وڵاتێک دەکات کە ئافرەتان تێیدا باڵا دەستبن.

هەندێك شوێنی دیکە هەن سنووری خەیاڵ دەبەزێنن و دەچنە ناو فانتازیا و جگە لەداخوازیەك بۆبوونی شوێنێکی لەم جۆرە شوێنی وا لەسەر زەویدا نین، بەڵام رۆماننووس پێیوایە ((ئەگەر شەڕ و وێرانکاری نەبووایە دەبوو هەموو شارەکانی جیهان ئاوەهابن))[٥٦]. کەچی شەڕهەیە و بەردەوامە، بۆیە دروستبوونی شاری لەم جۆرە مەحاڵە.

جەلادەت دەڵێ: ((شاری مۆسیقارە سپییەکان شارێکە تامرۆڤ نەچێتە ناوی نازانێت چییە؟))[٥٧] هەروەها دەڵێ: ((شەقامێك هەبوو شەوبوو، شەقامێکی دیکەی تەنیشتی رۆژ. شەقامێك هەبوو هەتاو شەقامێك هەبوو پڕ لەگەڵای خەزان، کوچەیەك پڕبوو لەباڵندەو کوچەیەك پڕبوو لەماسی سپی کەبەهەوادا دەفڕین))[٥٨]. رۆماننوس دەیەوێ بڵێ لەم شارەدا هەموو شتێك هەیە مرۆڤ دەتوانێ هەرشوێنێك هەڵبژێرێت کەخۆی حەزی لێدەکات.

لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا بەهۆی زۆری شوێنەکان و جوڵانەوەی بەردەوامی کارەکتەرەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، کارەکتەر لەهەندێك شوێندا هەست بەئاسوودەیی دەکەن و هۆگریان دەبن و لەهەندێك شوێنی دیکە بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە (جەلادەتی کۆتر) دەڵێ: ((لەراستیدا ئەوەی منی والێکرد دوای ئیسحاقی لێو زێڕینیش بکەوم بۆ ناو چیاکان تەنیا ئارەزووی من نەبوو بۆ مۆسیقا، بەڵکو سیحری ئەو زمانە سەیرەی

(٥٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

(٥٥) دکتۆر نەجم ئەڵوەنی، ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی(لێکۆڵینەوە)، دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧ز، ل١٤.

(٥٦) بەختیار عەلی، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل١٩٢.

(٥٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥١.

(٥٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٤.



بوو، کەوای دەکرد بێ هیچ بیرکردنەوەیەك بەدوایدا بڕۆم))[٥٩]. (جەلادەت) خۆی کارەکتەرێکی چیاییەو لەناوچە چیاییەکان گەورەبووە، بۆیە ئاشنایەتییەکی تەواوی لەگەڵ چیاکاندا هەیە. هەروەها حیکایەتخوان لەبارەی ژیانی (موسای بابەك) دەڵێ: ((لە خەستەخانەیەکدا دەبێتە پزیشك، بەردەوام لەناو پزیشك و برینپێچ و سستەرەکاندا باس لەرۆڵی هونەر دەکات))[٦٠]. (موسای بابەك) دکتۆرە و نەخۆشخانە بۆ دکتۆران شوێنێك نییە دڵیان لێی تەنگ بێ، ئەوان لەوێدا گەورەترین خزمەت پێشکەشی مرۆڤ دەکەن.

(دالیا) کچە کوردێکە بەرلەوەی زانکۆ تەواو بکات دووچاری ئەوە دەبێت لەبری ئەوەی بێتەوە ناو داروو دەوەن و ئاوی وڵاتەکەی، دەچێت ژیان لە بیابانێکی دوورە دەست بەسەردەبات، جەلادەت دەڵێ: ((دالیا لەو رۆژەوەی هاتبووە سەر سنووری ئەو سەحرایە، دەیزانی بیابان هیچ نییە جگە لەئارەزوویەکی ترسناك بۆ دووبارەبوونەوە))[٦١]. دالیا لەسەحرادا لەگەڵ شوێنەکە ناگونجێت و هەست بەمەترسییێکی گەورە دەکات لەبیابان، بۆیە شوێنەکە بۆ ئەو دەبێتە شوێنێکی نا هۆگر.

شوێنی ناهۆگری دیکە هەن کە کارەکتەرەکان تیایدا هەست بەترس ناکەن، بەڵام ئارەزووی مانەوەیان نییە تیایدا. لەکاتی برینداربوونی جەلادەت و بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە ژێرزەمینی پرتەقاڵی سپییدا بەم جۆرە باسی ژیانی ئەو کاتی دەکات: ((ئاراستەی دەنگ و سروشتی ئەو تاریکییەی دەورم پێیدەگوتم کە من لەژێر زەمینێکدام. غەریزەی جیاکردنەوەی شەو و رۆژ هێشتا لەناومدا زیندوو بوو دڵنیابووم شەوە))[٦٢]. بەگشتی ژێرزەمین شوێنێکی ناهۆگرە، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێك وابێت، جاری واهەیە بەپێی باری دەروونی کارەکتەرو گونجانی لەگەڵ شوێنەکەدا شوێنەکە دەگۆڕێت. (موسای بابەك) دەڵێ: ((جەلادەتی کۆتر جگە لەمن و دالیا تا ئێستا هیچ مەخلوقێکی دی، نەچۆتە ئەو دیو ئەو دەرگایەوە. . . تۆ تەنیا کەسێکی دوای ئێمە پێدەنێیتە ئەم مۆزەخانەیەوە))[٦٣]. ئەو مۆزەخانەیە لەژێر

(٥٩) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧

(٦٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

(٦١) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.

(٦٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

(٦٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

زەمینێکدایەو زۆر گەورەیە بەڵام هەرسێ کارەکتەر دڵیان لێدەکرێتەوەو نهێنی گەورەی خۆیان لەوێدا هەڵگرتووە.

لەژیاندا شوێنی کراوە و داخراو هەن و رۆمانیش وەك نزیکترین بەرهەم لەواقیع ئەم دووجۆرەی شوێنی تێدان. کاتێك کە جەلادەت و سەرهەنگ قاسم ماڵی خۆیان جێدێڵن و لەگەڵ ئیسحاقی لێوزێڕین دەڕۆن، (عەلی شەرەفیار) هەواڵی گەیشتنی ئەوانمان بۆ ماڵی ئیسحاق پێدەگەیەنێ و دەڵێ: ((دوای چەند سەعاتێك رۆیشتن، جەلادەتی کۆترو سەرهەنگ قاسم لەگەڵ ((ئیسحاقی لێوزێڕین)) گەیشتنە ماڵێکی قەشەنگ))[٦٤]. ئەو ماڵە ماڵی ئیسحاقی لێو زێڕینە، بۆیە بە شوێنێکی داخراو دادەنرێت.

(جەلادەتی کۆتر) دەڵێ: ((تاکسییەك بەردەوام لەبەردەم باڵەخانەکەی تیاتری پرتەقاڵی سپیدا دەوەستا))[٦٥]. هەروەها دەڵێ: ((دواجار خۆی کرد بەوباغچە زەردەدا کەدەکەوتە بەردەم ئوتێلە سووتاوەکەی منەوە))[٦٦]. چ تیاترۆخانە و چ باغچەی گشتی شوێنی گشتین و هەموو خەڵك دەتوانن بچنە ناویانەوە.

## ٣- بەراوردکردنی توخمی شوێن لەداستانی (مەم و زین) و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

لەداستانی(مەم و زین)دا پاڵەوان گرنگترین توخمە، بۆیە ناوی بەرهەمەکە بەناوی ئەوانەوە ناو نراوە. لە(شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا شوێن گرنگترین توخمە و بەرهەمەکە بەناوی شوێنێکی رۆمانەکەیە، چونکە لە (مەم و زین)دا شوێن تەنیا وەکو توخمێك بۆ دەرخستنی توخمەکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا سەرەڕای لەخۆگرتنی توخمەکانی دیکەو زەمینەسازی بۆیان شوێن کاریگەرییەکی زۆری بەسەریانەوە هەیە.

بناغەی داستانی (مەم و زین) لەسەر یەك شوێن دامەزراوە کە شاری (بۆتان) ە. لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا دەیان شوێن دەبینین. وەکو کوردستان، باشوری

(٦٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٦٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

(٦٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٨



عێراق، شاری مۆسیقارە سپییەکان، شاری تەپ و تۆزە زەردەکان، ئۆقیانوسەکانی هاوار. . . هتد.

لەداستانەکەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی شوێنەکان کراوە و شاعیر نەچۆتە ناو وردەکارییەکانەوە. لە(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا رۆماننووس، وردەکارییەکانی شوێنمان پیشان دەدات.

لەهەردوو دەقەکەدا شوێنی خەیاڵی و شوێنی فانتازی هەن. لەیەکەمیاندا شاعیر باوەڕی بەبوونی ئەم جۆرە شوێنانە هەیە، لە دووەمیشیاندا رۆماننووس خوازیاری دروستبوونی شوێنی لەم جۆرەیە. لای (خانی) هەموو کەسێك، چاك و خراپ بۆی هەیە بچێتە ئەو بەهەشتەی بڕوای پێیەتی، بەڵام لەلای (بەختیار) تەنیا کەسانی چاك بۆیان هەیە بچنە (شاری مۆسیقارە سپییەکان).

لە(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك شوێنی تێدان، بۆیە هۆگری و ناهۆگری زیاتر دەوەستێتە سەر کارەکتەرەکە، بەڵام لە(مەم و زین) چونکە بیری گشتی زاڵە، زۆربەی کات هەر شوێنێك بۆ پاڵەوانێك ناهۆگر بێت بۆ هەموو ئەوانی دیکە ناهۆگرە.

## تەوەری چوارەم

## توخمی رووداو لە داستان و لە رۆماندا

### أ- توخمی رووداو لە رووی تیۆرییەوە:

رووداو پەیوەندییەکی پتەوی بەگێڕانەوەوە هەیە، بەو واتایەی گێڕانەوە ئەرکی ئەوەیە لە دەقدا رووداوێك یا چەند رووداوێك بگێڕێتەوە کەبەسەر پاڵەوانێك یا کارەکتەرێك داهاتوون. کەواتە بۆ ئەوەی گێڕانەوە هەبێ پێویستە رووداوێك لە ئارادابێت ئەگینا پرۆسەی گێڕانەوە دروست نابێت و ئەو کاتیش دەق دروست نابێت. گرنگترین شت لە دەقدا گێڕانەوەیە. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە توخمی رووداو لەناو دەقدا هیچی لە توخمەکانی دیکەی بنیاتی دەق کەمتر نییە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا هەمووکات پەیوەندی رووداو لە واقیعدا لەگەڵ دەقی ئەدەبی یەك لایەنەیە؟بەو واتایەی ئایا تەنیا ئەدەب رووداوەکانی خۆی لەواقیع وەردەگرێت و بەهۆی رەگەزە ئەدەبییەکانەوە لاساییان دەکاتەوە یا جار ناجارێك ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە دەبێتەوە و واقیعیش سوود لەو رووداوانە وەردەگرێت کە لەناو ئەدەبدا هەن؟

ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت ئەوەیە زۆرینەی کات ئەدەب رووداوەکانی خۆی لەناو واقیعی ژیاندا هەڵدەبژێرێت و دەیخاتە دووتوێی دەقە ئەدەبییەکانەوە، کەچی(ئۆسکار وایلد) دەڵێ: ((زۆرجاران ژیان لاسایی هونەر دەکاتەوە))[1] ئەمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە زۆرجار شاعیر یا نووسەر رووداوەکانی خۆی لەواقیعەوە وەرناگرێت و بە خەیاڵی خۆی چەند رووداوێك دروستدەکات بەهۆی کاریگەری رووداوەکانەوە رەنگە خەڵکانێك هەبن لاسایی ئەو رووداوانە بکەنەوە.

(د. عزالدین اسماعیل) دەڵێ: ((رووداوی هونەری ئەو زنجیرە هەڵکەوتانەن کە بەگێڕانەوەیەکی هونەری گێڕدراونەتەوە، چوارچێوەیەکی تایبەت لەخۆی دەگرێ))[2] ئەمە

---

(١) ئەنوەر حسین، رۆمانێك لەگفتوگۆدا، ل٥٥.

(٢) الأدب وفنونه، ص١٨٦.



مانای ئەوە نییە کە رووداوێك خۆی هونەرییە یا لەژیاندا رووداوی هونەری رودەدەن و شاعیر یا نووسەر دێ ئەو رووداوانە هەڵدەبژێرێت، مەبەست ئەوەیە رووداوەکان لە ژیاندا روودەدەن و شاعیر یا نووسەر ئەو رووداوانە هەڵدەبژێرن و دواتر بەهۆی گێڕانەوە و هونەرەکانی گێڕانەوەوە دەیانکەن بە رووداوی هونەری و لە چوارچێوەیەکی هونەریی دایان دەڕێژنەوە. (د. انگونیوس بگرس) لەم بارەیەوە دەڵێ: ((رووداو کۆمەڵێ بەسەرهاتە کەحیکایەتخوان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراو رێکیان دەخاتەوە، گەشەدەکەن و گرژدەبن بەپێی ئەو چوارچێوە هونەرییەی بۆی کێشراوە و، پەیوەندییەکی تۆکمەشیان بە کارەکتەرەکانەوە هەیە و دواتریش بۆ خزمەتی (چنین) کارلێك دەکەن))[3]. پەیوەندی رووداو بە چنینەوە لەو سۆنگەیەوە دێ کە چنین وەکو(تان) وایە و رووداوەکانیش (پۆ)ی ئەو تانانەن، بۆیە چنین بەهەر شێوەیەك بێت رووداوەکان بەو شێوەیە بەدوای یەکدا رێکدەخرێن.

دووجۆر رووداو هەن کە ((رووداوی سەرەکی و رووداوی پاشکۆیی))[4] ن. رووداوی سەرەکی بنەڕەتی دەقە ئەدەبییەکەن و زۆر بە فراوانی و هەمەلایەنییەوە شاعیر یا نووسەر مامەڵەیان لەگەڵدادەکات و زۆرینەی زۆری تەکنیکەکانی رۆمان لەناو ئەو دەقانەدا پراکتیزە دەکرێن. هەرچی رووداوی پاشکۆیی یا لاوەکین ئەوا نووسەر ئازادە لەوەی چۆن باسیان بکات و چەند درێژیان بکاتەوە. ئەو رووداوانە ئەرکی سەرەکییان بەخشینی زانیاری زیاترە بە خوێنەر لەبارەی رووداوەکانی دیکە لەگەڵ بەخشینی جۆرێك لەهەمەرەنگی بەبابەتەکانی دەقەکە و فراوانکردنی ئەو دەقە.

### ١- توخمی رووداو لەداستاندا:

(بلینسکی) دەڵێ: ((لەداستاندا رووداو لەهەموو شت زیاتر دەسەڵاتی هەیە))[5]. بوونی دەسەڵاتی رووداو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییەی کە رووداو لەداستاندا هەیەتی و ئەو ئەرکەی کە داستان دەیگێڕێ. شاعیر مەبەستییەتی ئەو رووداوانەی کەهەن بە کاملترین شێوە بیانگەیەنێتە خوێنەر و لەوێدا مەبەستی هەرە سەرەکی رووداوە نەك شتی دیکە.

---

(٣) الأدب (تعریفه، انواعه، مذاهبه)، ص١٥٥.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٥) دکتۆر عیزەالدین مصطفی رسول، لێکۆڵنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل٣٤.

لە داستاندا وەك ئەوەی یەكەی كات و یەكەی شوێن هەن ((یەكەی رووداویش))[٦] هەیە و شاعیر دەبیّ تاكە روداوێك هەڵبژێرێت و درێژی بكاتەوە و ئەو رووداوەمان بۆ بگێڕێتەوە و ((یەكەیەكی ئەندامی  بۆ دروست ببێت))[٧] و لەگەڵ یەكەی كات و یەكەی شوێن تەبابیەك دروست بكەن و لەگەڵ یەكتری بگونجێن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردنی تاكە رووداوێك یا زۆرجار هەڵبژاردنی ماوەیەكی دیاریكراو لە رووداوێك داستان لە مێژوو جیادەكاتەوە. مێژوو هەموو رووداوێك و وردەكاری تەواوی سەردەمێكمان بۆ دەگێڕێتەوە جا ئەو رووداوانە گرنگ و كاریگەر بن یا رووداوی ئاسایی بن، بەڵام داستان ناتوانێت بە هەمان شێوەی مێژوو، و بەو فراوانییەی كە لەمێژوودا هەیە رووداوەكانمان بۆ بگێڕێتەوە. لەداستاندا گێڕانەوەی زیاتر لە رووداوێكی سەرەكی مانای گێڕانەوەی زیاتر لە كاتێكە. بە هێنانە ناوەوەی دووكاتی جیاواز بۆناو داستان، داستان یەكێتی كات لەدەست دەدات هەروەك گێڕانەوەی زیاتر لە رووداوێك دەبێتە هۆی لەدەستدانی یەكێتی رووداو، و شاعیر ناتوانیّ گونجان لە نێوان دوو رووداوی سەرەكی دا دروستبكات ئەگەر بێت و ئەو دوو رووداوە بەسەر یەك پاڵەوان یا لەیەك سەردەمدا روویان دابێت. بوونی زیاتر لە رووداوێكی سەرەكی سستەمی زنجیرەیی گێڕانەوە لە داساندا تێكدەدات و لایەنی كەم شاعیر دەبێت رووداوێك رابگرێت تا ئەویتریان بگێڕێتەوە و بەهۆی خەسڵەتی داستان شاعیر ناتوانیّ ئەم كارەبكات، بۆیە داستان تەنیا رووداوێكی سەرەكی دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە كە لەداستاندا رووداوی دیكە نین، چونكە ((داستان بەدەوری رووداوێكی گرنگ و سەرەكییدا دەسوڕێتەوە، رووداوی ناوەندی لێی جیادەبنەوە و ئاڵۆزی گرێی داستانەكە زیاتر دەكەن))[٨] و پێویستە بەجۆرێك لەگەڵ رووداوە سەرەكیەكە گونجان و چوونە ناو یەك دروستبكەن هیچ كاریگەرییەكی نەرێنی نەكەنە سەر رەوتی رووداوی سەرەكی داستان و یارمەتیدەری رووە و پێشبردنی زیاتری رووداوەكە بن و لەو كاتەی گرێی داستانەكە پێویستی بە ئاڵۆزی هەیە ئەوان سەرچاوەیەك بن بۆ ئەو ئاڵۆزیە و كاتێكیش گرێی داستان رووە و كرانەوەو كۆتایی دەڕوات، رووداوە لاوەكییەكان یارمەتیدەربن بۆ ئەوەی رووداوەكان بیّ كەم و كوڕی بە كۆتا بگەن، ئەگەرچی لەوەی دووەمیاندا رووداوی لاوەكی كەم بەكاردێت، چونكە رەوتی كات و رووداوی داستانەكە خێرا دەبێت و رەنگە بوار بۆ باسكردنی رووداوی لاوەكی زۆر فراوان نەبێت و مەبەستی شاعیر ئەوەبێت تەنیا رووداوی سەرەكی بە باشترین شێوە بگەیەنێتە ئەنجام.

ئەو رووداوانەی لەداستاندا باسیان دەكریّ كۆمەڵێك رووداون كە لەوانەیە پێشتر روویاندابیّ و ئێستا شاعیر بۆ ئێمەیان دەگێڕێتەوە، ((یەكیّ لە تایبەتمەندییەكانی داستان لەهەر كات و شوێنێكدا ئەوەیە لەو رووداوانە دروستدەبێت كە خەڵكی پێشتر لەبارەیانەوە دواون))[٩] ، بەڵام ناكریّ هەموو رووداوێكی ئاسایی ببێت بە بابەتی داستان و ((رووداوی داستان لە بنچینەدا رووداوی پاڵەوانییەتی نیشتیمانین))[١٠] و باس لەو كار و كردەوە ناوازانە دەكەن كە رۆڵەكانی نیشتمان ئەنجامیان داوە و كردارەكانیان یا ئەوەتا زۆر بەچاكی بەسەر خەڵكیدا كەوتوونەتەوە، یا كاریگەری زۆریان لەسەر هەست و دەروونی خەڵكی هەبووە و مێژوویەكیان بۆخۆیان تۆماركردووە و لە بیر و هزری خەڵكیدا بەنەمری ماونەتەوە و رووداوەكەیان نەفەوتاوە، ئەگەرچی هەندێك ئاڵوگۆڕی لە رووداوەكاندا بكرێت، بەڵام گۆڕانەكان گۆڕانی ریشەیی نین و گۆڕانی سادەن. ئەوەی تارادەیەكی زۆر گۆڕان لەرووداوەكاندا دەكات ئەوا خودی شاعیرە كە سەرەڕای ئەوەی داستانەكەمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆچوونەكانی خۆشی لە رێگەی داستانەوە دەردەبڕێت.

ئەگەرچی سنوورەكانی بەشداریكردنی شاعیر لەداستاندا دیاریكراون و شاعیر بۆی نییە هەرچۆنێك بیەویّ بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ رووداوەكاندا بكات، بەڵام بەو هۆیەی داستان ئەدەبە و بەشێكی ئەدەبیش خەیاڵە، بۆیە دەكرێت شاعیر لەچۆنییەتی گێڕانەوەی رووداوەكاندا بەشداربێت.

لەناو داستاندا سەرەڕای بوونی خەیاڵی ئەدەبی، خەیاڵی گشتیش هەیە. بەو مانایەی رووداوەكانی داستان وەكو رووداوی لەرادەبەدەر و زۆرجاریش سەرووی دەسەڵات وتوانای مرۆڤ پیشاندەدرێن و خەڵكیش باوەڕیان پێیان هەیە و ((دەكریّ لەداستاندا ئێمە بگەینە سنووری

(٦) ف.ف. كوزینوف، الرواية ملحمة العصر الحديث، ص٦١.

(٧) الدكتور محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، ص٩١.

(٨) الدكتور انطونيوس بطرس، الادب(تعريفه، انواعه، مذاهبه)، ص٥٥.



(٩) دكتر ذبيح الله صفا، حماسه سرايى در ايران، ص٢٨.

(١٠) الدكتور ميشال عاصى، الفن والادب، ص١٧٠.

کارە ناماقوڵەکان کە بەهۆیانەوە پەرجو دروست دەبن))[١١] خەڵکی بەئاسانی باوەڕ بەو ڕووداوانە دێنن و پێشتر بەو ڕووداوانە گۆشکراون، و وەکو ڕووداوی پیرۆز سەیریان کردوون، بۆیە کاتێك شاعیرێك ئەو ڕووداوانەیان بە خەیاڵێکی زۆرەوە بۆ دەگێڕێتەوە لایان نامۆ نین و بە ئاسایی وەریاندەگرن.

بەڵام (دیڤد دیچز) پێیوایە: ((نابێت داستان لەڕووداوی ناماقوڵ دروستبکرێت))[١٢].
ئەگەرچی ئەم گوتەیەی (دیچز) ڕووداوی ناماقوڵ لەداستاندا ڕەت ناکاتەوە، بەڵام ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ڕووداوی سەرەکی داستانەکە لەسەر کاری ناماقوڵ دابمەزرێت، ئەگینا لە ڕووداوە لاوەکییەکان ئەگەر کاری ناماقوڵیش هەبن ئاساییە، بەڵام دەبێ شاعیر کارامەو لێزان بێت لە چۆنییەتی دامەزراندنی ئەو جۆرە ڕووداوانەدا.

خەیاڵی ناو داستان زیاتر لەو ڕووداوە ناماقوڵانە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە داستان دەبێتە ((تێکەڵیەك لە حەقیقەت و خەیاڵ))[١٣]. حەقیقەت لەو ڕوانگەیەوە کە ڕووداوێکی مێژوویی واقیعی ڕوویداوە و خەیاڵییش لەو زیادە ڕۆییانەی کە هەریەکە لە خەڵك و شاعیر بۆ زیاتر گەورە پیشاندانی ڕووداوەکە ئەنجامی دەدەن. لەلایەکی دیکەوە بۆ پێدانی هەردووخەسڵەتی ((نموونەیی و کەماڵ))[١٤] بەدەقەکە، بۆیەچەمکی لاساییکردنەوە لەداستاندا بەتەواوی جێبەجێ ناکرێ و ئەو ڕووداوانەی لەواقیع ڕوویانداوە بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ڕوویانداوە نەگوازراونەتەوە بۆ ناو دەقی ئەدەبی. ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن بێ کەم و کوڕی نین و ڕووداوەکان لەلایەن مرۆڤی ئاساییەوە، ئەگەرچی قارەمانیش بن، ئەنجامدراون و کارێکیش کە مرۆڤ بیکات هەرگیز ناگاتە پلەی کەماڵ و یەکێکیش لەخەسڵەتە هەرە دیارەکانی داستان ئەوەیە ڕووداوەکانی بێ کەم و کوڕی بن و خودی داستانەکە هیچ کەم و کوڕیەکی تێدا نەبینرێت، بۆیە شاعیر ناچار دەبێ خەیاڵ بەکاربێنێ تا ڕووداوەکانی بێ کەم و کوڕی بکات.

(١١) الدکتور محمد غنیمی هلال، النقد الادبی الحدیث، ص٩٢.

(١٢) شیوەهای نقد ادبی، ص٨٦.

(١٣) علی بو ملحم، في الادب وفنونە، ص٢٣.

(١٤) ف.ف.کوزینوف، الروایة ملحمة العصر الحدیث، ص٧٦.



**٢- توخمی ڕووداو لە ڕۆماندا:**

ئەگەر لە داستاندا (یەکێتی ڕووداو) یەکێك بێت لە بنەما بنەڕەتییەکانی دروستبوونی داستان ئەوا لە ڕۆماندا شتێك نییە بەناوی ((یە کێتی ڕووداو))[١٥] و ڕۆماننووس ئازادە لەوەی چەند ڕووداوی سەرەکی لەناو ڕۆمانەکەیدا بەکاربێنێت، هەروەها ئازادیشە لەوەی ئاخۆ ئەو ڕووداوانەی بەکاریان دێنێ ڕووداوی واقیعین، یا کۆمەڵێك ڕووداون کە ڕۆماننووس خۆی دروستی کردوون.

(L. M ʿAbbèci. vincent) دەڵێ: ((کرۆکی ڕۆمان کارە خەیاڵییە کانیەتی))[١٦] و ڕۆماننووس هیچ کات لەخەیاڵ ناپنگێتەوە و لەهەر شوێنێك هەست بکات بابەت یا ڕووداو یا هەرتوخمێکی دیکەی ناو ڕۆمان خەیاڵی تێدایە و لە خزمەتی دەقەکەدایە ڕۆماننووس ڕاستەوخۆ سوودی لێدەبینێت، بۆیە ئاساییە لەناو ڕۆمانێکدا هەندێ ڕووداوی خەیاڵی و هەندێکی واقیعی ببینین. لەهیچ کاتێکیش لەو کاتانەدا پەیوەندی ڕۆمان لەگەڵ واقیعدا بێهێز نابێت و ڕۆماننوس ((ڕووداوگەلێکی هاوشێوەی ژیان پێشکەش دەکات و تا ئەو ڕادەیەی دەتوانێ بە دیاردە ڕاستەقینەکان ڕەنگی دەکات))[١٧] ، بۆیە ئەو خەیاڵەی لە ڕۆماندا بەکاردێت مەرج نییە هەمووکات بۆ ئەوەبێت ڕووداوی دژە واقیعی پێدروست بکرێن یا کۆمەڵێك ڕووداو دروستبکات کە لە واقیعدا نەبن، بەڵکو ڕۆماننووس کاتێك خەیاڵ دەکات بۆ دروستکردنی ڕۆمان هەمان ئەو کەرەسانەی واقیع بەکاردێنێتەوە کە لەواقیعدا ڕووداویان پێدروست دەبێت. تا ئێرەش خەیاڵی ڕۆماننووس و واقیعی ژیان لەگەڵ یەکدا تەبان، دواتر ڕۆماننووس دێت لەبری ئەوەی بەهەمان ئەو شێوەیەی ئەو کەرەسانە ڕووداوێکیان لە ژیاندا دروستکردووە، لاسایی هەمان ڕووداو بکاتەوە دێت بە خەیاڵی خۆی و بەهەمان کەرەستە ڕووداوی دیکەی نوێمان بۆ دروستدەکات و جیاوازیی دەخاتە نێوان ئەو ڕووداوانەی کەلەژیاندا هەن و ئەوانەی خۆی دروستیان دەکات. جیاوازیش لەنێوان ڕووداوەکانی ڕۆمان و ڕوداوەکانی ژیان هەر ئەوە نییە ڕاستی ئەوە بسەلمێنین لە کاتێکدا ناتوانین بە ئەوی تریان بگەین تەنیا لەچوارچێوەی دەقدا نەبێت، بەڵکو ڕووداوەکانی ڕۆمان زۆر سەرنجڕاکێشترن لە ڕووداوە

(١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(١٦) نظریة الانواع الأدبیة، ص٤١٢.

(١٧) میشال بوتور، بحوث في الروایة الجدیدة، ص٨.

راستەقینەکان.[18] هۆکاری ئەمەدەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو ستاتیکا و جوانکارییەی کەرۆماننووس بەهۆی خەیاڵەوە لەناو دەقەکەدا دروستی دەکات.

ئەگەر لەداستاندا هەوڵی ئەوە درابێت کە داستان رووە و کامڵبوون ببرێت، ئەوا لەرۆماندا هەوڵی ((تەواوبوونی هەریەك لە (هزری بنەڕەتی) و(حەقیقەتی ئیستاتیکی) تایبەت بەکاری ئەدەبی دەدرێت))[19]. ئەگەر شاعیر لە کۆتایی بەرهەمەکەی چاوەڕوانی ئەوەبێت کە بەرهەمەکەی بەتۆکمەو کامڵ سەیر بکرێت، ئەوا رۆماننووس بەدوای بەتەواوی گەیاندنی هەردوو لایەنی هزری و ئیستاتیکیدا دەگەڕێت، تا بزانێت ئایا توانیویەتی ئەو هزرەی کە ئەو دەیەویست لەرێگەی رۆمانەکەیەوە بیگەیەنێت گەیاندوویەتی یا نا، بەڵام دەبێ لەوە ئاگادار بین کە رۆماننووس هەرگیز بەدوای کەماڵدا ناگەڕێت، چونکە چ رۆمان وەك رەگەزێکی ئەدەبی و چ دەقێکی رۆمان وەك بەشێك لەو رەگەزە ئەدەبییە هەرگیز کامڵ نابن، لەبەر ئەوەی کامڵ بوونی رۆمان مانای پێگەشیتنیەتی و هەر رەگەزێکی ئەدەبی پێبگات مانای گەیشنیەتی بە دوا پلە و زۆر نابات رووە و لاوازی و لەناوچوون دەچێت، بۆیە یەکێك لە هۆکارە هەرە گەورەکان بۆ مانەوەی رۆمان نا کامڵ بوونیەتی. دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە رۆمان ناتوانێ بیری کامڵ دەربڕێت، بەڵام ئەو بیرەی رۆماننووس دەری دەبڕێت رەنگە بە تەنیا لای خۆی بیرێکی کامڵ بێت و چ خۆی و چ خەڵکانی تریش پێیان وانییە ئەمە تاکە بیری کامڵە  یا ئەمە تاکە رووداوێکە کە بتوانێ بگاتە دوا پلەو کەماڵ.

هەروەها رووداوەکانی رۆمان ((قۆرغ نەکراون بۆ باسکردنی رەوشتی پاشا و میرەکان، بەڵکو چینە کۆمەڵایەتییەکانی بەتەواوی جیاوازییەکانەوە وێنا کردووە))[20] ئەمەش نزیکایەتی پتری بەرۆمان بەخشیوە لەواقیع و مەودای هەڵبژاردنی رووداوەکانی لەواقیع زیاتر کردووە. رۆماننووس دەتوانێ ژیانی پاشا یا میرێك بکات بە رووداو، و بابەتی رۆمانەکەی و لەهەمان کاتدا دەتوانێت ژیانی بەندەیەك یا کرێکارێك یا هەر کەسێکی دیکەی ناو کۆمەڵگەکەی بکات بە بابەتی رۆمانەکەی و چەند رووداوێك لەژیانی ئەو کەسانە هەڵبژێرێت و بەشێوازێکی ئەدەبی دایانرێژێتەوە و رۆمانێکیان لێدروستبکات. هەروەها بۆی هەیە ئەو رووداوانەی باسیان دەکات کۆمەڵە رووداوێك بن کە بەسەر کەسێکی مێژوویی دا هاتوون.

---

(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

(١٩) ف.ف.کوزینوف، الرواية ملحمة العصر الحديث، ص٧١.

(٢٠) الدكتور انطونيوس بطرس، الادب(تعريفه، انواعه، مذاهبه)، ص١٦١.



### ٣– بەراوردکردنی لایەنی تیۆری توخمی رووداو لە داستان و رۆماندا:

سەرەنجام بە تێگەیشتن لە رووداوەکانی داستان و رۆمان دەگەینە ئەوەی کە لە داستاندا (یەکێتی رووداو) هەیە و وا لەشاعیر دەکات بەهیچ شێوەیەك زیاتر لە رووداوێکی سەرەکی بەکارنەهێنێت و رووداوەکانیش هەمیشە لە چوارچێوەی پاڵەوانە مێژوویەکانی چینی دەسەڵاتداران دەسوڕێنەوە و ئەو جوامێریانە نیشان دەدەن کە ئەوان لە پێناوی نیشتمان نواندوویانە، بەڵام لە رۆماندا (یەکیەتی رووداو) نییە و رۆماننووس ئازادە لەوەی چەند رووداوی سەرەکی و چەندی لاوەکی لە رۆمانەکەیدا بەکاربێنێت. هەروەك ئازادیشە لەوەی چ جۆرە رووداوێك بۆ رۆمانەکەی هەڵبژێرێت، کە تیایدا هەمان ئەو رووداوانەی کراونەتە بابەتی داستان بکرێن بەبابەتی رۆمان و لە رۆماندا سوود وەرگرتن لە کەسایەتی و رووداوی مێژوویی کارێکی ئاساییە.

لە داستاندا سەرەڕای ئەو سنوورەی بۆ شاعیر دیارکراوە، ناتوانێ زۆر دەستکاری رووداوی سەرەکی داستان بکات، بەڵام جارجار ئەگەر لەدووتوێی داستانەکەشدا نەبێت لەسەرەتا و کۆتایی داستانەکەدا بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و هەندێك گۆڕان ئەگەرچی کەمیش بێت لەداستاندا دروست دەکات. رووداوەکانی داستان کۆنن و پشت بە پشت شتێکیان بۆ زیاد کراوە و هەندێکیان لێ کەم کراوەتەوە، ئەم جۆرە گۆڕانانە، گۆڕانی گشتین و دەقەکە نەنووسراوەتەوە، بۆیە لای هەموخەڵکی گۆڕانەکەروودەدات و زۆرجار دەبێتە هۆی بوونی زیاتر لەدەقێك و زیاتر لە جۆرێکی گێڕانەوە بۆ داستانێك، بەڵام کاتێك داستان دەنووسرێتەوە لەم کێشانە رزگاری دەبێت.

گۆڕان لە رووداوەکانی رۆمان زۆر ئاساییە و رۆماننووس بەهەر شێوەیەك بیەوێت مامەڵە لەگەڵ رووداوەکانی رۆماندا دەکات. رووداوەکانی رۆمان واقیعی بن یا خەیاڵی، رووداوێك بن لە مێژوودا روویاندابێت و میللەت شانازیان پێوە بکات، یا دروستکراوی بیر و خەیاڵی رۆماننووس بن، لە هەموو بارەکاندا، کاتێك رۆماننووس دەیانخاتە ناو رۆمانەکەیەوە و بە هزرو خەیاڵی خۆی دەیانمەزرێنێت، گۆڕانیان بەسەر دادەهێنێت.

لەداستان و لەرۆمان خەیاڵکردن کارێکی ئاساییە و لە هەردووکیاندا خەیاڵ دەبینرێت و لەهەردووکییاندا رووداوی نا ئاسایی هەن کە لەتوانای مرۆڤ بەدەرن و تارادەیەك ناماقوڵ دێنە بەرچاو، و کردەنی نین، بەڵام ئەوەندە هەیە لە داستاندا نابێ رووداوی سەرەکی رووداوێکی ناماقوڵ بێت، هەروەك لە رۆماندا بەهۆی نزیکی لەواقیعەوە دەبێت رووداوەکانی ناماقوڵ

نەبن، بەڵام ئەمە مانای وانییە لە ڕۆماندا ڕووداوی ناماقوڵ بەرچاو ناکەون، لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە شاعیر و ڕۆماننووس بتوانن ئەو ڕووداوە لە ڕادەبەدەرانە بە شێوەیەکی وا دەربڕن و لەشوێنێکی وای دەقدا بیانچەزرێنن، بیانووی ئەوتۆیان بۆ بێننەوە کە بەهیچ شێوەیەك خوێنەر هەست بەوە نەکات کە ئەم ڕووداوانە ڕووداوی کردەنی نین و ناکرێ لەواقیعدا ڕووبدەن.

بۆ قەناعەت پێهێنانی خوێنەر هەر یەکە لەداستان و ڕۆمان هۆکاری خۆی لەژێر دەستدایە. لەداستاندا بوونی بیری گشتی و باوەڕی گشتی لەسەرەتادا و بەگەورە زانینی پاڵەوان و ڕووداو هۆکارن بۆ ئەوەی کاتێك خوێنەر داستانەکە دەخوێنێتەوە ڕووداوەکان لەلای ئاسایی بن. لە ڕۆماندا نەبوونی هیچ سنوورێك بۆ ڕۆماننووس و نەبوونی سنوور بۆ شێواز و چۆنیەتی مەزراندنی ڕووداوەکان و لەمانەش گرنگتر نەبوونی هیچ بەربەستێك لەبەردەم خەیاڵکردن، وا لەرۆماننووس دەکەن بەئاسانی بتوانێت قەناعەت بە خوێنەری خۆی بێنێت و زۆر جار لەرێگەی ئەو ڕووداوە نالۆژیکیانە جوانترین دیمەن دروستبکات. بەڵام دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین لە هەردوو ڕەگەزەکەدا کارامەیی شاعیر و ڕۆماننووس لە چۆنیەتی قەناعەت پێهێناندا گرنگە.

لەداستاندا شاعیر هەمیشە بەدوای کەماڵدا دەگەڕێت، بۆیە هەموو کات هەوڵدەدات کاملترین ڕووداو هەلبژێرێت، یا ئەگەر کاملترین ڕوووداویشی لەژیاندا پێ دەستەبەر نەبوو کە ڕەنگە بە دەستهێنانی کارێکی کامڵ بەمانا داستانییەکەی لە ژیاندا مەحاڵ بێت، بۆیە شاعیر پەنا دەباتە بەر خەیاڵ یا خەیاڵی گشتی بۆ پیشاندانی ئەو پەڕی کاملی لەبەرهەمەکیدا. هەرچی ڕۆماننووسە بەدوای کاملیدا ناگەڕێت و بۆ نووسینی بەرهەمی کامڵ دروست نەبووە کەئەم بۆچوونە یارمەتیدەریەتی بۆ ئەوەی بتوانێ هەرچ ڕووداوێك لەژیاندا ڕوودەدات بیکات بەبابەتی ڕۆمانەکەی و لە ڕێگەی ئەوان و تەواوی توخم و هونەرەکانی گێڕانەوەوە بگات بەوەی ئەو هزرانەی هەیەتی بەدروستی بیانگەیەنێتە خوێنەر و بەرهەمەکەشی لە ئیستاتیکا بەدوور نەبێت و لەرێگەی هەرووکیانەوە بتوانێت تەواوی ئەرکی ئەدەب بەجێبگەیەنێت.

لێرەدا دەبێت ئەوە ڕووون بکەینەوە کە مەبەست لە کەماڵ لەداستاندا، تەنیا مانای ئەوە نییە کە داستان بەرهەمێکی بێکەم و کوڕییە، یا ناکاملی ڕۆمان مانای هەبوونی کەم و کوڕییە لە ڕۆماندا، بەڵکو کاملی لەو ڕوانگەیەوەیە کە لەداستاندا هەرگیز شاعیر دان بەوە دانانێت کە پاڵەوانی داستان بە ویستی خۆی کارێکی هەڵەی ئەنجامداوە، بۆیە ئەگەر هەڵەش بکات ئەوا هەڵەکەی بە هەڵەیەکی قەدەری دادەنرێت. یا ڕوودانی ڕووداوەکانی داستان



هەمیشە بەو ئاقارە دادەبرێن کە ئەو ڕووداوانە ئیدی خستنەسەر هەڵناگرن و جۆرێك حەتمیەت لە ڕوودانی ڕووداوەکاندا دەبینرێن بەوەی تەنیا دەبێت بەو شێوەیە بن کە شاعیر ویستوویەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاعیر لە هەڵبژاردنی ڕووداوەکاندا کاملترینی هەڵبژاردووە و خۆشی دەستی هەبووە لە زیاتر گەورەکردن و کاملتر نیشاندانی ڕووداوەکاندا. هەرچی لە ڕۆمانە دیسان نەبوونی کەماڵ بەمانای بوونی کەم و کوڕی نایەت و بەمانای پیشاندانی کەم و کوڕی کارەکتەرەکان و هەر هۆکارێکی دیکە کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا دێت.

ڕۆماننووس هەرگیز بەهانە بۆ ئەوە ناهێنێتەوە کاتێك یەکێك لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی هەڵەیەك دەکات و ئەو وەکو مرۆڤ لە کارەکتەر دەڕوانێت و بۆی هەیە مرۆڤیش هەرکات هەڵەبکات، کاتێکیش ڕۆماننووس ئامادەنییە بەهانە بۆ کارەکتەرەکەی بێنێتەوە هەوڵی بەکەماڵ گەیاندنی توخمەکانی دیکە نادات کە لە ڕۆمانەکەدا هەن، بۆیە ڕۆماننووس زۆر بە سانایی ڕووداوێکی ئاسایی ژیان هەڵدەبژێرێت و بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە، بەڵام شاعیر هەمیشە هەوڵی کاملکردنی ڕووداوە ناکاملەکان دەدات.

### ب- توخمی ڕووداو لە ڕووی پراکتیکەوە:

#### ١- توخمی ڕووداو لەداستانی (مەم و زین) دا:

ڕووداوەکانی داستانی (مەم و زین) وەکو زۆرینەی داستانە جیهانییەکانی دیکە خەڵکی پێی ئاشنا بوونە و زۆریان (مەم و زین) یا (مەمی ئالان) یان بیستووە، بۆیە ڕووداوەکانی ناو (مەم و زین) (خانی) دای نەهێناون و خۆیان لەناوخەڵکیدا بڵاوبوونەو (خانی) وەکو خەڵکی دیکە گوێی لێبوونەوە پێیان سەرسام بووە و شاکارێکی لێدروستکردوون:

((نەغمێ وە ژ پەردەییێ دەرینم
زینێ و مەمێ ژ نوو ڤەژینم))[٢١]

(خانی) وەکو کەسێکی ڕاستگۆ لەسەرەتادا ئەوەمان پێدەڵێت کە (مەم و زین) هەبوونە و ئەو دەیەوێ دووبارە بیانژیێنێتەوە، ئەو ڕووداوانەی ناو (مەم و زین)یش بە:

(٢١) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٦٦.

((هندەك ژڤەسانێ د بوهتان
هندەك دبەهانە هن د بوهتان))[22]

ئەوانەی کە ئەفسانە بوونە و لە شاری بۆتان دا باو بوونە (خانی) سوودی لێوەرگرتوون، بۆچوونی خۆی و شێوازی خۆشی لەناودا دەربڕیوە ئەوانە بە بەهانە و بوختان دادەنێت. چونکە وەك لەدەقەکەدا دەردەکەوێت (خانی) بابەتی کوردایەتی و تەسەوفی ئیسلامی خستۆتە ناو دەقەکە کە ئەمە لە بنەڕەتدا لەناو (مەم و زین) ی فۆلکلۆریدا نابینرێت. هەروەك هەندێك رووداوی ئەفسانەیی و لەرادەبەدەری لەناو دەقەکەدا لاداون و بە بیری خۆی شتی دیکەی لە جێگادا داناون. بۆ نموونە دەسپێکی داستانەکە (مەم و زین) ی فۆلکلۆریی بە رووداوێکی ئەفسانەیی دەستپێدەکات کە سێ خوشکی پەری دەستیان تێدا هەیە تا(مەم و زین) بەیەك بگەن، هەرچی (خانی) یە ئەوا ((ئەو سەرەتا ئەفسانەیەی لاداوە چیرۆکەکەی بەسەرەتایەکی خەیاڵی دەستپێکردووە، بەڵام خەیاڵەکەی لەواقیع وەرگیراوە نەك لە ئەفسانەو (پەری و شتی وا)))[23] ئەو سەرەتایەی (خانی) بە بیری خۆی دایڕشتووە لە جەژنی نەورۆزدا دەستپێدەکات:

((دەورا فەلەك ژ بەختێ فەیرۆز
دیسان کو نوما ژ نووڤە نەورۆز))[24]

دەستپێکردنی داستانەکە بەم شێوەیە لە دوو لادا داستانەکەی سەرکەوتووتر کردووە، لەلایەك (خانی) خۆی رزگارکردووە لە بیرو باوەڕێکی ئەفسانەیی و خۆی سەرەتای بۆ داستانەکە داناوە. لەلایەکی دیکەوە دەستپێکردنی یەکەم رووداوی داستانەکە بە نەورۆز و ئەو وەسفانەی خانی بۆ نەورۆزی کردووە، کارێکی گەورەیە. (خانی) دەیەوێ وەك ئەوەی (مەم و زین) بۆ خەڵکی بژیێنێتەوە و خەڵکی بەنەمر سەیری داستانەکەی بکەن، ئاوا نەورۆز و دابی نەورۆز بۆ خەڵکی تۆمار بکات و بەنەوەکانی دوای خۆی بڵێ باوانی ئێوە بەم شێوەیە نەورۆزیان دەکرد. هەروەك نەورۆز بۆ کوردان سەرەتای ساڵی نوێیە و دەسپێکی هەموو شتێکە، بۆیە دەبێت دەسپێکی یەکێك لەگەورەترین شاکارە کوردییەکانیش بێت کە(مەم و زین) ە.

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

(٢٣) الدکتور عز الدین مصطفی رسول، احمدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) شاعرا ومفكرا فیلسوفا و متصوفا، ص٢١٩.

(٢٤) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٨٩.



گۆڕینی رووداوێکی ئەفسانەیی بە رووداوێکی خەیاڵی کە لە واقیعەوە سەرچاوەی گرتبێت بەرای من لای (خانی) زیاتر بۆ لایەنی دووەم دەگەڕێتەوە، واتە بۆ هێنانە ناوەوەی نەورۆز بۆ ناو باسەکە، لەبەر ئەوەی تەنیا لەیەك باردا (خانی) بەهۆی لایەنی یەکەمەوە رووداوەکان بە نەورۆز دەستپێدەکات کە خەڵکی باوەڕیان بە رووداوە ئەفسانەییەکە نەمابێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە خەڵکی ئەو سەردەمە باوەڕیان بە رووداوە ئەفسانەییەکەی سەرەتا هەبووە، بەو هۆیەی بابەتەکە پەیوەندی بە ئایینەوە هەبووە و هەر شتێکیش کە لەسەروی دەسەڵاتی مرۆڤەوە بێت و بەئایینەوە ببەسترێتەوە خەڵکی باوەڕی پێدێنن، بەڵام خانی مەبەستی بووە نەورۆز بخاتە ناو داستانەکەو ئەو کارەشی بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە.

((ئیلاکو تەنێ مەمۆ و تاجدین
وان دانە خوە دوختەرانە تەزیین))[25]

دەچنە ناو خەڵك و لەوێدا سەدان گەنج ولاو بە جلی رازاوە دەبینن، بەڵام دوو کوڕی یەکجار جوان دەبینن و لە جوانیان سەرسام دەبن:

(((فی الجملە) ژ عەقل و جانی تێربوون
(فی الحال) ژ دوور ڤە هەردوو گێژ بوون))[26]

هەر لەوێدا

((ئەنگوشتەرێ دوان جوانان
کێشان ژ ئەصابعێد خودانان
خاتەم ژ ئەناملێد خوە کێشان
دانینە جهان ژ بوویی نیشان))[27]

گۆڕینەوەی ئەنگوستیلەی هەرچواریان لەگەڵ یەکدا دەبێتە دەستپێك بۆ ناسینی(مەم و زین) و (تاجدین و ستی). دواتر دایەن دەچێتە لای (مەم و تاجدین):

((مەخصوص ژنك ستی و زینان
هاتم ل وە خوەش بکم برینان))[28]

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

ئیدی دوای ناسینی یەکتری دەبنە دڵدار و دولبەر (تاجدین و ستی) هەر زوو دەبن بەهاوسەری یەك و (مەم و زین) دەمێننەوە. دوای ئەوە (مەم و زین) لەسەرکانی یەکتر دەبینن و (میر) لە راو دەگەڕێتەوە و هەردووکیان دەکەونە هەڵوێستێکی خراپ و (زین) لە پشت (مەم) خۆی دەشارێتەوە و (تاجدین) بە هانایانەوە دێت:

((مالا خوە ژ رەنگێ قەومێ زەردەشت
دا ئاگر و گازیا خوە راهەشت))[٢٩]

پاشان (بەکر) بەم رووداوە دەزانێت و لە رێی ئەوەوە (میر) کە برای (زین)ە لە رووداوەکە ئاگادار دەبێت و (میر) داوای شەترەنج لە (مەم) دەکات و گرەوی لەگەڵ دەکات. لەسەرەتادا (مەم) شەترەنجەکە دەباتەوە بەڵام دواتر بەهۆی فێڵێکی (بەکۆ)وە (مەم) دەدۆڕێنێ:

((سێ دەست برن ژ میر تەمامی
موفسد فکری ژ وێ مەقامی
زین دی کو ل پەنجەرێ دیارە
مهرە ل مەهێ دکەت نەڤارە. . .
چاڤێ د مەمێ کو دین روخێ زین
مفت دانە ژ دەست خوە فیل و فەرزین))[٣٠]

بەهۆی دۆڕانیەوە (مەم) دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە و دوای ساڵێك مانەوە لەزیندا دەمرێت دواتر (زین) بەهۆی خەفەتی ئەوەوە دەمرێت.

ئەمە رووداوی سەرەکی (مەم و زین) ەو وەك هەر داستانێکی دیکە یەکێتی رووداوی تێدایە و (خانی) زۆر بە کارامەیی توانیویەتی بەشەکانی ئەو رووداوە بەدوای یەکدا بێنێت و بێ کەم و کوڕی و ئاڵۆزی و نەشیاوی بەرهەمەکە پێشکەشبکات.

لە داستانەکەدا رووداوی لاوەکی دەبینرێن کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە رەوتی رووداوی سەرەکی داستانەکە و پاڵەوانەکەیەوە نییە:

((عەقدا ستیێ مە کر ل تاجدین

(٢٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.
(٢٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.
(٣٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٦.



ئیجابە ئەڤە قەبوولە ئامین))[٣١]

ئەگەرچی (مەم و تاجدین) هاوڕێن و (زین و ستی) خوشکن، بەڵام دەبینین بە بۆیەك بوونی ئەوان هیچ لەو ئەنجامە ناگۆڕێت کە (مەم و زین) پێی دەگەن، بۆیە رووداوەکان ئەگەرچی وەکو پێویست، پێویستە باسبکرێن و لەئەنجامدا ئەگەر باسیان نەکرابوایە ئەوا پرسیاری ئەوە لای خوێنەر دروست دەبوو ئایا (تاجدین و ستی) چییان بەسەر هات؟ بەڵام وەك گوتم گۆڕانێکی لەئەنجامی ئەو تراژیدیایە دروست نەکرد کە دەبووایە بەسەر (مەم و زین) دا بێت. (خانی) دەڵێ:

((زاڤا ب ئەدەب کو چوو ژ دەردان
شەمعا کو ل پشت حیجاب و پەردان))[٣٢] ئەمەرووداوێکی دیکەی ناسەرەکییە کە تێیدا شەوی بووك و زاوایەتی (تاجدین و ستی) دەگێردرێتەوە.

بەڵام بەهۆی ئەو رووداوەوە ئەگەرچی زۆر بەدرێژی گێردراوەتەوە، هیچ پێشکەوتنێك لەرەوتی رووداوە
سەرکییەکەدا نابینین.

هەروەك لە پێشتردا گوتمان داستان بەدوای کەماڵ دادەگەڕێت و شاعیر دەیەوێت رووداوێك پێشکەشبکات بێ کەم و کوڕی بێت:

((خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی
مەیدانا کەمالێ دیت خالی))[٣٣]

ئەو دەیەوێ بۆ نەتەوەکەی شتێکی کامڵ پێشکەش بکات، بۆ ئەم مەبەستە بابەتی عیشق و رووداوی ژیانی دوو عاشق هەڵدەبژێرێت تا لەرێگەیانەوە مەبەستەکانی خۆی دەربڕێت:

((ظاهرکرنا جەمالێ عیشقە
ثابت کرنا کەمالێ عیشقە))[٣٤]

(خانی) جوانترین و ناسکترین و پڕبەهاترین چەمکی هەڵبژاردووە تا لەرێگەیەوە بەرهەمێکی بێ کەم و کوڕی بنووسێ، لای ئەو هەروەك لەو دێڕە شیعرەدا دەردەکەوێت لە یەکەمیاندا لایەنە

(٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.
(٣٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.
(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.
(٣٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

جوانەکانی عیشقمان نیشان دەدات کە ئەمە لە ژیانی دونیادا هەستی پێدەکرێت ئەو جوانییەیە وا لەمرۆڤ دەکات بچێتە ناو پرۆسەکەو هەنگاوی دووەم بهاوێژێت کە هەنگاوی کەماڵەو پەیوەندی بەو دونیاوە هەیە و عاشقبوونی شتێکە لەسەروی میتافیزیکەوە. لە ئەنجامیشدا چ داستانەکەو چ پاڵەوانەکە دەگەنە پلەی کەماڵ و داستانەکە شاکارێکی لێدروست دەبێت و پاڵەوانەکەش لە ئەنجامدا بە عیشقی خۆی دەگات کە عیشقی حەقیقییە و هەموو سۆفییەك ئارەزووی دەسکەوتنی عەشقی حەقیقی دەکات. (مەم) یش کاتێك لەناو زیندانە دەبێت بە سۆفی و عیشقی خوای دەکەوێتە گیانەوە و لە ئەنجامدا بەو عیشقەی دەگات:

((ئەم چوونە حوچووری میری میران
وی حاکمی حاکم و فەقیران ))[٣٥]

هەرچەندە لە دەسپێکدا (خانی) هەوڵیداوە خۆی لە رووداوی ئەفسانەیی و رووداوی لەرادەبەدەرو دەرەوەی توانای مرۆڤ بەدوور بگرێ، بەڵام لە دووتوێی داستانەکەدا رووداوی لەو جۆرە هەر دەبینرێن:

((یەعنی کو ل سەر مەمی و زینی
شین بوو ژ نەعرەتا ئەڤینی. . .
رابوو خوە گهاندە هەردوو داران
بوو مانعی وەصلی هەردوو یاران))[٣٦][٤]

وەك دەبینین (خانی) نەیتوانیوە یا نەیویستوە وەك ئەوەی سەرەتای داستانەکەی لەئەفسانەوە گۆڕی بۆ سەرەتایەکی خەیاڵی، ئاواش کۆتایی داستانەکە لە کۆتاییەکی ئەفسانەییەوە بگۆڕێت بۆ کۆتاییەکی خەیاڵی سەرچاوە گرتوو لەواقیع. مانەوەی کۆتاییی داستانەکە بەم شێوە ئەفسانەییە ئەو باوەڕەمان پتەوتر دەکات کە (خانی) لە سەرەتادا هێندەی مەبەستی هێنانە ناوەوەی نەورۆز بووە هێندە مەبەستی لابردنی رووداوێکی ئەفسانەیی نەبووە.

٢- توخمی رووداو لەرۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

لەرۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا رووداوی زۆر دەبینرێن کەهەردوو جۆری رووداو پێکدێنن. لەم رۆمانەدا، وەك تەواوی رۆمانەکانی تری جیهان هیچ خۆبەستنەوەیەك نییە بەتاکە

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٧.

(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩-٣٣٠.



رووداوێك و چەندین رووداوی مەزن کەبەسەر نەتەوەی کورددا هاتوون رۆماننووس بۆمانی دەگێڕێتەوە.

رووداوەکانی ئەم رۆمانە هەموویان کۆمەڵێك رووداون و تەواوبوونە و کاتەکانیان کاتی رابردوون. رووداوە سەرەتاییەکان لەو کۆدێتایەوە دەستپێدەکەن کە بووە هۆی کوشتنی (عبدالکریم قاسم). دکتۆرێکیش بەناوی(موسای بابەك) کە کوردە و لەبەغدا دادەنیشێ بە لایەنگری کۆمۆنیستەکان لەقەڵەم دەدرێت و دەستگیر دەکرێت. (عەلی شەرەفیار)دەڵێ: ((کە کۆدێتای شوبات رووددەدات لەدوای یازدە سەعات لە کوشتنی ((قاسم)) پاسەوانە ناسیونالیستەکان کە میلیشیایەکی دڕندەی کۆدێتا چییەکانن، دەدەن بەسەر ماڵەکەیدا، تابلۆکانی دەسووتێنن و پەیکەرەکانی دەشکێنن و خۆشی رەوانەی زیندانێکی گەورە دەکەن))[٣٦] دوای ئەوەی بەردەبێ لەنەخۆشخانەی شار دەیگوازنەوە بۆ بیابان و لەوێ دەبێ چارەسەری نەخۆشی خێڵەکانی بیابان بکات، تاوردە وردە ئەو ناوچەیە ئاوەدانی لێ پەیدادەبێت و بەهۆی ئەو شەڕانەی لە وڵاتدا روودەدەن لەوێدا شارێك بەناوی(شاری تەپوتۆزە زەردەکان) دادەمەزرێت و ئەو دەبێت بە پزیشکی ئەو شارە.

ئینجا دێتە سەر ژیانی (جەلادەتی کۆتر) کە هەر لەمنداڵییەوە دایکی دەمرێت و لای باوکی وبراو براژنەکەی دەبێت و لە دراوسێیەکییەوە فلووتێکی بۆ جێدەمێنێت و لەرێی ئەوەوە بەهرە مۆسیقیەکەی دەردەکەوێت و باوکی دەینێرێتە بەر خوێندنی مۆسیقا، بەهۆی مۆسیقاوە تووشی رووداوێکی ئۆتۆمبێل دەبێت. (جەلادەت) دەڵێ: ((چەند ساڵێك لەمەوبەر کە هێشتا منداڵ بووم، زۆر منداڵ بووم لەگەڵ تیپی مۆسیقای شارەکەماندا سەفەرمکرد بۆ شارێکی تر. . . پاسەکەمان وەرگەڕاو هەموو سەرنشینەکانی مردن من نەبێت))[٣٧]. دواتر (جەلادەت) (سەرهەنگ قاسم و ئیسحاقی لێوزێڕین) دەناسێ و لەرێگەی (ئیسحاق)ەوە فێری مۆسیقایەکی نەمر و جاوید و پەرجو ئاسا دەبن و دواتر بەیەکەوە لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەرگەلی کورد دەگیرێن و (سەرهەنگ و ئیسحاق) دەکوژرێن و (جەلادەت) رزگاری دەبێ. دوای ئەوەی (جەلادەت) لەو کارەساتە گەورەیە کە کارەساتی ئەنفال و زیندە بەچاڵکردنی خەڵکی کوردستانە لەبیابان رزگاری دەبێت، لەشاری (تەپوتۆزە زەردەکان) دەگیرسێتەوە و لەگەڵ ئەو رووداوانەدا باس لە شەڕی عێراق و

(٣٦) بەختیار عەلی، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل١٩٥.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

ئێران دەکات. دواتر دێتە سەرباسی جەنگی کوێت و رزگارکردنی کوێت لەدەستی عێراق و دەڵێ: ((بەرلە دەستپێکردنی پایز بەچەند هەفتەیەك دەیەها هەزار سەرباز لەملاو لای جیهانەوە گەیشتنە ئاوە نێودەوڵەتییەکانی کەنداو))[٣٨] دواتر باس لە تێکشکانە مێژووییەکەی لەشکری عێراق دەکات و باس لەراپەڕینەکان و دامرکاندنەوەی راپەڕینی ناوچەی باشور دەکات و ئینجا(شەرەفیار) دەڵێ: ((جەلادەتی کۆتر شەوێکی باران بەسواری ئەسپێکی سپییەوە گەیشتەوە قەراغ شار، شاری راستەقینەی خۆیان))[٣٩].

دواتر دادگایەك بۆ (سامیری بابلی) دادەنێت و دەست بەسەفەرێکی خەیاڵی دەکات بۆ دۆزینەوەی شایەتەکانی ئەو دادگایە کە سامیر هەریەکەیانی بەجۆرێك لەژیان بێبەشکردووە. (جەلادەت) دەڵێ: ((من رۆژی ١٩٩٣/٦/١٥م وەك مێژووی تەواوەتی ئەو دادگایە دەستنیشانکرد))[٤٠]. لەم دادگایەدا (سامیر بابلی) بڕیاری کوشتنی بۆ دەردەکرێت. کاتێکیش بۆ حیزبە کوردستانییەکان ئاشکرا دەبێت (جەلادەت) چەند نەخشەیەکی نهێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لایە، حیزبەکان هەریەکەی بۆ خۆی هەوڵدەدات ئەو نەخشانە بەدەستبێنن و لەئەنجامدا جەلادەت دەکوژن. دوای ئەوە جەلادەت سەفەرێك بۆ(شاری مۆسیقارە سپییەکان)دەکات، دەگەڕێتەوە ((مستەفا شەونم باسی رۆژە سەختەکانی شەڕی ناوخۆی بۆ دەکات))[٤١]. پاشان هەوڵی نووسینەوەی یادگارییەکانی دەدات و لەگەڵ تیپێکی مۆسیقادا لەسەرتاسەری وڵاتدا مۆسیقا دەژەنن تا رۆژێك ماڵاوایی یەکجاری دەکات.

لەم رۆمانەدا بەشێکی زۆری ئەو رووداوانەی لەماوەی چارەکە سەدەیەك بەسەر گەلی کورددا هاتوون دەگێڕدرێنەوە. زۆربەیان رووداوی مێژوویی گەورەن و لەواقیعدا روویانداوە، بەڵام رۆماننووس بەهۆی ئەو خەیاڵە زۆرەی هەیەتی و ئەو زمانە شیعرییەی بەکاریهێناوە واقیعەکەی سەرنجراکێشتر کردووە. هەروەها کۆمەڵێك رووداوی خەیاڵیشی تێدا دەبینرێن کە رەگەکەیان لە واقیعدا هەیە، بەڵام لەراستیدا روویاننەداوە، بۆنموونە پێکهێنانی دادگا کە ئەمەیان زیاتر لە داخوازییەکی رۆماننووس دەچێت لەوەی رووداوێکی راستەقینە بێت.

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٧.

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣١.

(٤١) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٥.



هەندێك رووداوی تر هەن کە لە سنووری ئەقڵی مرۆڤ بەدەرن و رووداوی فانتازین و سنووری خەیاڵیشیان بەزاندووە. (سامیری بابلی) بە (جەلادەتی کۆتر) دەڵێ: ((ئەی منداڵی نەجیب تۆ لەرۆحی مندایت، تۆ ئێستا بەقوڵایی ژیانی مندا سەفەردەکەیت))[٤٢]. (بەختیار عەلی) خۆی پێمان دەڵێت: ((پێشتر ئەدەب شتی وای تیا نەبووە یەکێك بەرۆحی یەکێکی تردا سەفەربکات، ئەمەیان نابێت))[٤٣]. جا ئەمە ئەگەر لەئەدەبدا هاوشێوەی نەبێ ئەوا لە واقیعدا ناتوانین هاوشێوەی دەستبخەین. رۆماننووس لەم سەفەرەدا رووداوێکی جوانی دروستکردووە و لەرێی رووداوەکەشەوە پێمان دەڵێت ئەو کارەی ئەو کردوویەتی لەناو ئەدەبدا کارێکی ناوازەیە.

لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا سەرەڕای بوونی ئەو هەموو رووداوە سەرەکییانە، رووداوی لاوەکیش دەبینرێن، بۆ نموونە (جەلادەت) دەڵێ: ((جارێك فلووتم بۆ هەندێك پێشمەرگە لێدا، یەکێکیان لێم نزیکبووە و گوتی تۆ وات کرد من ژیانم خۆشبوێت. . . ژیانی خۆم نا، ژیانی ئەوانی تر ژیانی دوژمنەکانم رۆیشت و لەو سەر گەڕیایەوە و گوتی ئیسحاقی لێو زێڕین مژدەم بەرێ مژدە کەسم نەکوشت))[٤٤]. ئەمە رووداوێکی لاوەکییە و کارێکی ئەوتۆ لەرەوتی گێڕانەوەدا ناکات، بەڵام خزمەتێکی زۆر بەباتەکە دەکات و یارمەتی حیکایەتخوانی داوە ئەوکارانەمان زۆر بەگەورە نیشان بدات کە مۆسیقا دەتوانێت ئەنجامیان بدات. لێرەدا رۆماننوس توانیویەتی ئەوە لەخوێنەر بگەیەنێ کە مۆسیقا کاریگەری ئەوەی هەیە وا لەمرۆڤ بکات دەست لە کوشتنی دوژمنەکەی هەڵبگرێ.

(سامیری بابلی) لە بارەی باوکییەوە دەڵێت: ((لەبن خەیمە ئەفسانەییەکانی ئەودا وەزیرەکان دادەنران و لادەبران، لەزاری ئەوەوە عەشیرەتەکانی باشوورو ناوەڕاست کۆدەبوونەوە. . . چەندەها جارچوو بۆبینینی سەرکردە ئەفسانەییەکانی شۆڕش))[٤٥]. هەروەها (جەلادەت) دەڵێ: ((من هاوڕێیەکی مۆسیقارم هەبوومرد ناومانانابوو(جەمیلی پرۆشە). . . لەهەرچوارمان دەنگی خۆشتربوو، لەهەرچوارمان باشتر فلووتی دەزانی. . . من گوێم لێنەبوو بدات بەزەویەکەدا، بەڵکو وەك نیشتنەوەی گەڵایەك لەسەر زەوی بەو چەشنە نیشتەوە، کە گەیشتینە سەری مردبوو))[٤٦].

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠١.

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٦.

(٤٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(٤٥) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.

(٤٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٥.

ئەمانە هەردووکیان رووداوی لاوەکین رۆماننووس لەهەریەکەیاندا مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە. لەیەکەمیاندا رووداوەکەی، بۆیە هێناوەتەوە تا پێمان بڵێت دەکرێ مرۆڤ لەناو عەرەبەکانیشدا کەسی چاك بدۆزێتەوە، بۆ نموونە (زوهێری بابلی) باوکی (سامیر) مرۆڤێك بووە هەموو تەمەنی لە پێناو ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی مرۆڤەکاندا سەرفکردووە.

لە دووەمیاندا، لەبەرایی رۆمانەکەدا (ئیسحاق) بەجەلادەت و سەرهەنگ قاسم دەڵێت: ((مۆسیقا دەتوانێت کارەساتەکان هێورکاتەوە. . . دەتوانێت مردن ئاسانتر بکات))[٤٧]. لەنموونەی دووەمدا ئەنجامی ئەم قسەیەی ئیسحاق دەبینین کاتێك (پروشە) لەسەر بینایەیەکی بەرز دەکەوێتە خوار پێویستە بەخێراییەکی زۆر بکەوێتە خوارەوە، بەڵام ئەو بەهۆی مۆسیقاوە وەك گەڵای دار دەکەوێتە سەر زەوی و مۆسیقا مەرگەکەی ئاسان دەکات.

وەك گوتمان لە رۆماندا گەیشتن بە کەماڵ نییە، یا ناتوانین رووداوێك یا بۆچوونێك هەڵبژێرین و بڵێین ئەمەیان گەیشتۆتە پلەی کەماڵ. بوونی ئەو هەموو رووداوانەش لە رۆمانێکدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەرۆماندا هەر کارەکتەرێك تێگەیشتنێکی جیاوازی لە کارەکتەرەکەی دیکە لەبەرامبەر هەر دیاردەیەك هەیە، باشترین نموونە بۆ ئەم مەبەستە دادگایی کردنی (سامیری بابلی) و ئەو بۆچوونانەیە کە هەریەك لەقوربانییەکان لەبەرامبەر عەدالەتدا هەیانە.

### ٣- بەراوردکردنی توخمی رووداو لەداستانی (مەم و زین) و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

رووداوی داستانی (مەم و زین)ی (خانی) رووداوێکی کۆنە و خەڵکی پێی ئاشنان و خانی لە خەڵکی وەرگرتووە و بەشێوازی خۆی و بەوشێوازەی بەگشتی داستانی رۆژهەڵاتی لەسەری دەڕوات داڕشتۆتەوە. زۆرینەی رووداوەکانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) رووداوی مێژوویین و بەسەر میللەتی کورددا هاتوون، وەکو ئەنفال و زیندە بەچاڵ و راپەڕین و کۆڕەو. . . هتد. بەڵام جیاوازی رووداوی مێژوویی لە(مەم وزین)و (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ئەوەیە(خانی) بەهەموو شێوەیەك هەوڵیداوە رووداوەکەی وەك رووداوێکی مێژوویی گەورە دەربکەوێت، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە ئەو رووداوەی لە کەسێکی دیکە بیستووە رووداوەکە رووداوێکی مێژووییە، بەڵام لە(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا ئەگەرچی رووداوی مێژوویی بەکارهێنراون،

(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.



بەڵام هەرگیز وەکو رووداوی مێژوویی مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا نەکراوە و هەمووکات رۆماننووس هەوڵدەدات خۆی لە گێڕانەوەی مێژوویی رووداوەکان دوور بگرێت.

هەروەك (خانی) پێمان دەڵێت هەندێ لەو رووداوانە لەو شوێنەدا بڵاون کە ئەوی تێدا دەژی و هەندێکی دیکەش داهێنانی بیری ئەون. (بەختیار عەلی)ش پێمان دەڵێت ئەو رووداوانەی ئەم بەکاری هێناون رووداوی واقیعین و بەسەر کارەکتەرەکانی ئەودا هاتوون، بەڵام ئاشکرایە واقیعی ناو دەق و واقیعی ژیان جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە دەکرێ چەندین نموونە لە نموونەی کارەکتەرەکانی رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لە ژیاندا ببینرێن.

لە هەردوو دەقەکەدا رووداوی لاوەکی دەبینرێن کە مەبەست لێیان روونکردنەوە یا شیکردنەوەی رووداوێکە بۆئەوەی یارمەتی خوێنەر بدرێت تا پتر ئاشنای رووداوەکان بێت. هەروەك لە(مەم زین)دا درێژی رووداوە لاوەکییەکان لەدرێژی رووداوە لاوەکییەکانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) زیاترە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی داستان لەتاکە رووداوێکی سەرەکی پێکدێت، بۆیە بواری دەرکەوتنی رووداوە لاوەکییەکان زیاترە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە رۆماندا کۆمەڵێك رووداوی سەرەکی هەن و رۆماننووس زیاتر هەوڵی گێڕانەوەی ئەو رووداوە سەرەکییانە دەدات، بۆیە رووداوە لاوەکییەکان بە کورتی دەگێڕدرێنەوە.

لە داستاندا شاعیر هەمیشە هەوڵی گەیشتن بەکەماڵ دەدات، بۆیە گەورەترین رووداو هەڵدەبژێرێت کەبەسەر پاڵەوانێك یا خانەوادەیەکی ئۆرستۆکراتی داهاتوون. لە(مەم و زین)دا یەکێك لە رووداوە هەرە گەورەکان کەبەسەر خانەوادەی میرەکاندا هاتوون گێڕدراوەتەوە کە رووداوی خۆشەویستی نێوان(مەم و زین) ە. لە(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا رووداوەکان رووداوی مێژوویی گەورەن، بەڵام لەوێدا پاڵەوان پاڵەوانێکی مێژوویی نییە، بەڵکو کارەکتەرێکی ئاساییەو کۆمەڵێ رووداوی زۆر گەورەی بەسەردا هاتوون. لێرەدا دەکرێ ئەوە بڵێین بەهۆی سنوورداری داستان و بوونی یەکێتییەکانی(کات، شوێن، رووداو) ماوەی بیرکردنەوە بەرتەسك کراوەتە و ئەمانە هیچ بوارێك بۆ خوێنەر ناهێڵنەوە تا بۆچوونی دیکەی لەبەرانبەر رووداوەکان بەمێشك دابێن. شاعیری سەرکەوتوو دەتوانێت سوود لەو یەکیەتییە ببینێت و بەرهەمێکی کامڵ پێشکەش بکات، بەڵام لە رۆماندا ئەو یەکیەتییە نییە و فرە دەنگی و فرە رەنگی لەهەموو لایەنەکاندا دەبینرێن، بۆیە هەست بە کەماڵ ناکرێت و هەمیشە هەست دەکەیت شتێکی دیکەی جیا لەوەی رۆماننووس بۆمانی دەگێڕێتەوە هەیە.

# تەوەری پێنجەم
# توخمی کارەکتەر لەداستان و رۆماندا

## أ- توخمی کارەکتەر لە رووی تیۆرییەوە:

ئەگەر هەریەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی پەیوەندی بە ئەوی ترەوە هەبێت، ئەوا کارەکتەر پەیوەندی بە هەموویانەوە هەیە و گۆڕان و مانەوە و تەنانەت هەستکردن بە بوونیان لەکارەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ((مێژووی شتەکان پەیوەستە بە مێژووی کارەکتەرەکانەوە))[1] و دەبێ باس لەدووەمیان بکرێ تا بتوانین باسی یەکەمیان بکەین. ئەمە لەو روانگەیەوە نا کە ئێمە ناتوانین بە رووتی و بێ ئەوەی باسی کارەکتەرێك بکەین لەشوێنێك بدوێن، بەڵکو لەو سۆنگەیەوە کە پەیوەندی شتەکان بەکارەکتەرەوە هێندە بەهێزە رەنگە لەکاتی ناساندنیاندا ئەگەر باس لەکارەکتەر نەکرێ، ئەو زانیاریانەی لەسەر شوێنێك دەیدەین زانیاری تەواو نەبن.

(د. محمد غنیمی هلال) پێناسەیەکی وردی بۆ کارەکتەر کردووەو پێیوایە: ((کارەکتەر لە چیرۆکدا

خولگەی واتاکان و تەوەری هزر و بۆچوونە گشتییەکانە))[2]. هەرکاتێك نووسەر کارەکتەرێك هەڵبژێرێت یا دروستی بکات لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا دەیگونجێنێ کە لە هزری خۆیدان و دەیەوێ لەرێگەی دەقەکەوە دەریانبڕێ، ئەو هزرانەش یا لەرێگەی قسە کردنی راستەوخۆی کارەکتەرەکانەوە دەردەبڕێن یا لەرێگەی هەڵسوکەوت و ئەو کردارانەی لەناو دەقەکەدا ئەنجامی دەدەن و لە رێگەی ئەو ئەنجامانەی کە لەکۆتایی دەقەکەدا پێی دەگەن.

بۆیە (هێنری جێمس) پێناسەی کارەکتەر بەو شێوە پرسیارییە روون دەکاتەوە ((کارەکتەر چییە؟ شیکردنەوەی رووداوەکان. رووداو چین؟ پیشاندانی کارەکتەرن))[3]. نە رووداوی بێ کارەکتەر و نەکارەکتەر بێ زەمینە و رووداو بوونیان هەیە، بەڵام دەکرێ ئێمە لەو رونکردنەوانەی

(١) محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، www.awu-dam.org

(٢) النقد الأدبی الحديث، ص٥٦٢.

(٣) مصطفی مستور، مبانی داستان کوتاه، انتشارات نشر مرکز، چاپ دوم، تهران، ٢٠٠٥، ص٣٢.



(هێنری جێمس) پرسیارێك بکەین، ئاخۆ وەك ئەوەی رووداوەکانی ناو هەر چیرۆکێك پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان بە واقیعەوە هەیە بەهەمان شێوە کارەکتەرەکانیش هەمان پەیوەندییان بە واقیعەوە هەیە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەو پێناسەیەی کە (رۆلان بارت) بۆ کارەکتەری کردووە، نەخێرە و ئەو کارەکتەر بە ((بەرهەمی کارێکی نووسراو))[٤] دادەنێ و هەموو بۆچوونێك لە بارەی کارەکتەرەوە بەرتەسك دەکاتەوە لەچوارچێوەی ئەو دەقە ئەدەبییەی کەکارەکتەرەکەی تێدایە و لەدەرەوەی سنووری دەق هیچ مانایەك بۆ کارەکتەرەکە ناهێڵێتەوە. ئەم بۆچوونەی (بارت) ناکرێ بەدروست وەربگیرێ لەبەر ئەوەی ئەگەر کارەکتەری ناو دەق پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە نەبێت-ئەگەرچی هەیەتی-ئەوا خودی بەرهەمە ئەدەبییەکە پەیوەندی بە کۆمەڵگەو ئەو واقیعەوە هەیە کە بەرهەمەکەی تێدا دروستبووە ((مادامەکی کارەکتەر لە منداڵدانی کۆمەڵگە لەدایك دەبێت بەو مانایەی رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگایە، بۆیە دەبێت بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پەتی))[٥] و دەکرێ وێنەی هاوشێوەی نێو دەق لەژیاندا ببینینەوە.

جۆرەکانی کارەکتەر لەناو دەقی ئەدەبیدا زۆرن و بەپێی گۆڕانی ژیان و پەیدابوونی کەسایەتی جۆراوجۆر لەناو دەقی ئەدەبیدا جۆرەکانی کارەکتەر دەگۆڕێت، بەڵام مەرج نییە هەموو جۆرەکانی کارەکتەر لەناو دەقێکی ئەدەبیدا ببینرێن، یا ئاساییە ئەگەر جۆرێك لەجۆرەکانی کارەکتەر یا زیاتر لەجۆرێکیش لەناو دەقەکەدا بەزرێنرێن.

کارەکتەر بەپێی ئامادەبوونیان لەناو رووداوەکاندا دەکرێن بە کارەکتەرە سەرەکییەکان و کارەکتەرە لاوەکییەکان.[٦] کارەکتەرە سەرەکییەکان ئەرکی هەڵسوڕاندنی رووداوەکان و بەشداری راستەوخۆیان لەگۆڕینی رێڕەوی رووداوەکاندا دەکەوێتەسەر. هەرچی کارەکتەرە لاوەکییەکانن ئەوا لەخزمەت کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەبن و رۆشنایی زیاتر دەخەنە سەر ژیان و رەفتار و هەڵوێستەکانی ئەوان.

(٤) محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، www.awu-dam.org

(٥) احمد ابراهيم هواری، البطل المعاصر في الرواية المصرية، ص١٤.

(٦) الدکتور محمد غنیمی هلال، النقد الأدبي الحديث، ص٥٣٣.

هەروەها لەناو بەرهەمە چیرۆکییەکاندا هەردوو جۆری کارەکتەری ((چەسپاوstatic و پەرەسێن[7] (dynamic) هەیە. ئەمانە وەك لەناوەکانیان دەردەکەوێت بەهۆی گۆڕان و نەگۆڕانیان و کاریگەری ڕووداوەکان لەسەریان جۆرەکەیان دیاردەکرێت.

کارەکتەری چەسپاو ((کارەکتەرێکە لە چیرۆکدا ناگۆڕێت، یان گۆڕانێکی کەمی بەسەردا دێت، بەواتایەکی دیکە ئەم جۆرە کارەکتەرە لە کۆتایی چیرۆکدا بەهەمان شێوەی سەرەتای چیرۆکەکە دەمێنێتەوە))[8]. هەرچی کارەکتەری پەرەسێنە ئەوا کاریگەری ڕووداوەکانی لەسەرەو کارەکتەرە کە لە ڕووداوەکانی ناو دەقدا شت فێر دەبێت و جیهانبینی خۆی لەڕێگەی تێگەیشتن لەو ڕووداو، و گۆڕانانەی ناو دەقدا فراوانتر دەکات، چونکە ((کارەکتەری پەرەسێن و یەکریز بەردەوام لەناو چیرۆکدا ئامادەی گۆڕان وگۆڕانکارییە، لایەنێك لەکەسایەتی یا باوەڕو جیهانبینی یا خەسڵەت و تایبەتمەندی دەگۆڕێت))[9]. بەجۆرێك ئەو کارەکتەرەی ئێمە لەسەرەتای بەرهەمە ئەدەبیەکەدا پێی ئاشناین، دەبینین لەکۆتایی چیرۆکەکەدا بووە بە کارەکتەرێکی دیکە و لەهەموو لایەنەکانەوە ڕووە و پێش چووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

لەڕووی دەرکەوتنیشیانەوە لەناو دەقدا دەتوانین کارەکتەرەکان بە ((کارەکتەری سادە(flat) و بازنەیی(Round) یا چەند ڕەهەندی دابەشبکەین))[10]. کارەکتەری سادە لەناو دەقدا، بۆیە پێدەگوترێت سادە لەبەر ئەوەی تەنیا ((یەکێ لەلایەنە مرۆییەکانی خۆی لە چیرۆکدا بەدیاردەخات))[11]. لایەنەکانی دیکەی لە ناودەقدا دەرناکەون و خوێنەر تەنیا بەو لایەنە ئاشنا دەبێت. جا لایەنەکەی ئەرێنی بێت یا نەرێنی. هەروەها دەکرێ کارەکتەری سادە بەیەك ڕستە دەربڕێت و هەرگیز خوێنەر بە ئەنجامدانی کارێك دووچاری سەرسوڕمان نەکات[12] و خوێنەر بە

(٧) مصطفى مستور، مبانی داستان کوتاه، ص٣٥.

(٨) جمال میر صادقی، عناصر داستان، ص٩٣.

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

(١٠) دکتر عبدالحسین فرزاد، درباره نقد ادبی، نشر قطرة، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨١، ص١٣٣.

(١١) مصطفى مستور، مبانی داستان کوتاه، ص٣٥.

(١٢) میریام آلوت، رمان به روایت رمان نویسان، ترجمەو علی محمد حق شناس، نشر مرکز، چاپ دوم، تهران -١٣٨٠، ص٤٩٩-٥٠٠.



ئاسانی خۆی و کارەکانی بناسێتەوە و لەکاتی خوێندنەوەی کارەکان بێ بیرکردنەوە لە کارەکتەرەکە بگات.

کارەکتەری بازنەیی ئەو کارەکتەرەیە کە ((بەتەواوی شێوەکانی خۆی لەناو چیرۆکدا ئامادە بێت))[13]. وردە وردە خۆی بە خوێنەر بناسێنێت و خوێنەر بە هەموو لایەنەکانی ژیان و بیرکردنەوەی خۆی ئاشنا بکات و لەڕێی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات خوێنەر تووشی جۆرێك سەرسوڕمان بکات بەوەی پێشتر خوێنەر چاوەڕوانی ئەو کارەی لەکارەکتەرەکە نەکردووە، بەڵام ئەمە شتێکی نهێنی بووە لای کارەکتەر و لایەنێك بووە لەو لایەنانەی کارەکتەر تا ئەو کات پیشانی خوێنەری نەداوە.

دوو جۆری دیکەش لەکارەکتەر لەناو دەقە چیرۆك ئامێزەکان بەدی دەکرێن کە کارەکتەری ئەرێنی و کارەکتەری نەرێنین و ((ئەرێنی کارەکتەر مانای جوڵان و کارلێککردن لەگەڵ ڕووداوەکان دەگەیەنێ هەروەك لەژیانی واقیعیدا دەیبینین و نەرێنیش واتا سستی و هەڵنەستان بەهیچ ڕۆڵێکی

ئەرێنی لەوەی کە لەڕووداوەکاندا ڕوودەدات))[14]. ئەگەرچی ئەمە مانای ئەوە نییە کەکارەکتەری نەرێنی هیچ ڕۆڵێکی لەبەرەو پێشبردن یا وەستاندن یا گۆڕینی ڕووداوەکاندا نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە کارەکتەری نەرێنی ڕۆڵی لە چاککردن و کردنەوەی گرێ کوێرەی ڕووداوەکاندا نییە، ڕووداوەکان زیاتر ئاڵۆز دەکات و کارەکتەرە ئەرێنییەکان پتر دووچاری کێشە و گرفت دەکات.

لەوەی کە باسمان کرد دەکرێ جۆری کارەکتەرەکان لەم چوارجۆرەی خوارەوە کۆ بکەینەوە کە هەریەکەیان لە ڕوویەکەوە لەناو دەقدا دەبینرێن:

١- لەڕووی کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان:کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی هەن.

٢- لەڕووی بوونی کاریگەری ڕووداوەکان لەسەریان:کارەکتەری چەسپاو و پەرەسێن هەن.

٣- لەڕووی دەرکەوتنیان لەناو دەقدا:کارەکتەری سادەو بازنەیی هەن.

٤- لەڕووی چۆنیەتی ئەو کارانەی لەناو دەقدا ئەنجامیان دەدەن:کارەکتەری ئەرێنی و نەرێنی هەن.

(١٣) مصطفى مستور، مبانی داستان کوتاه، ص٣٥.

(١٤) الدکتور عبدالله مسلم الکساسبة، تجربة سلیمان القوابعة الروائیة، ص٨٤.

ئەم جیاکردنەوەیە، جیاکردنەوەیەکی رەها نییە، بەو واتایەی هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەو جۆرانەی کارەکتەردا نەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە پەیوەندییان لەنێواندا هەیە و جیاکردنەوەشیان تەنیا بەمەبەستی پتر ناسینیانە ئەگینا زۆر ئاساییە کارەکتەرێك بکەوێتە خانەی زیاتر لە جۆرێکی کارەکتەر. بۆ نموونە دەکرێ کارەکتەرێك پەرەسێن بێت و لەهەمان کاتیشدا کارەکتەری سەرەکی بێت و بازنەیی بێت.

### ١– توخمی کارەکتەر لە داستاندا:

وەك گوتمان لە داستاندا رووداو رووداوێکی مەزنە، ئەو رووداوە مەزنە هەر لەخۆیەوە دروست نەبووە و پێویستیی بە یەکێك هەبووە بۆ ئەوەی دروستی بکات یا رۆڵی تێدا بگێڕێت کە ئەویش پاڵەوانی داستانەکەیە، بۆیە لە داستاندا بوونی پاڵەوان لەبوونی رووداو گرنگترە و پاڵەوان هۆکاری دروستبوونی رووداوە. لەم بارەیەوە(احسان سرکیس) دەڵێ ((داستان هیچ نییە جگە لە گێڕانەوەیەکی یەك بەدوای یەکی کردارەکانی پاڵەوانێك لەپاڵەوانەکان))[١٥]. راستە شاعیر رووداوێك بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەم رووداوە رووداوی تایبەتە بە پاڵەوانێك و ئەو ئەنجامی داوە و ئەو پاڵەوانە کەسێکی سادەو ئاسایی نییە. ئەگەرچی مرۆڤە بەڵام کۆمەڵێ توانای پێ بەخشراون، هەر بەتەنیا لە یەك مرۆڤدا نین و لە داستاندا ((پاڵەوان وێنەیەکی نموونەیی دروستدەکات بۆ مرۆڤ و بۆ ئەوەی کە مرۆڤایەتییە))[١٦]. بۆیە پاڵەوانی داستان پاڵەوانێکی بێکەم و کوڕییە و لەهەموو لایەنەکاندا باشترین سیفەت و ئاکار ی پێبەخشراون هەتا ئەو کەرستانەی پاڵەوان بەکاری دێنێ جۆرێك لە تایبەتمەندی پاڵەوانانەیان پێوە دیارە.

نموونەیی بوونی پاڵەوانی داستان وای لێکردووە زۆر کەم هەڵە بکات و ئەو هەڵەیەی کە لێی روودەدات هەڵەیەکی قەدەرییە و لەتوانای پاڵەوانی داستاندا نییە خۆی لێ رزگار بکات. پاڵەوانی داستان هەرچەندە نموونەیی و لێهاتوویێت و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا بشکێت ناتوانێت جگە لەو قەدەرەی کەبۆی دیاریکراوە نوێنەری هیچ بابەتێکی دیکە یا کۆتاییەکی دیکە بێت[١٧] ،

(١٥) الآداب القديمة و علاقتها بتطور المجتمعات، ص٢٢٩.

(١٦) فراس السواح، الاسطورة و المعنى، دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة، الطبعة الثانية، بدون مكان الطبع، ٢٠٠١، ص١٦.

(١٧) ميخايل باختين، الملحمة والرواية، ص٦٢.



بۆیە بۆ چەلەنگی و لێهاتوویی پاڵەوان سنووورداری هەیە و ناکرێ بیرمان بۆ ئەوە بچێت کە هەر کارێك پاڵەوان بیەوێ ئەنجامی دەدات و لەهیچ کارێك ناپنگێتەوە. لەبەرئەوەی لەداستاندا قەدەر زاڵە بەسەر رەگەزەکەدا هەرچیەك کە روودەدات پەیوەندی بەقەدەرەوە هەیە و قەدەریش لەسەرەتادا دیاری کراوە و نەدەتوانرێ بگۆڕدرێت و نەدەتوانرێ خۆی لێ لابدات. ئەگەریش توانای ئەو کارە هەبووایە ئەوا بێگومان پاڵەوانی داستان کە خۆی کەسێکی نموونەیی و بەتوانایە بەر لەهەر کەسێك ئەو کارەی بۆ خۆی دەکرد. بۆنموونە ((مردنی پاڵەوانی داستان پاژێکی جیانەکراوەیە لەبابەتی داستان))[١٨]. پاڵەوانی داستان بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت خۆی لەو مەرگە حەتمیە رزگاربکات، بەڵکو هەموو ئەو ئازایەتی وپاڵەوانێتی و مێرخاسیەی دەینوێنێ سەرەنجام بۆ ئەوەیە بەو مەرگە بگات و ئەو مەرگەیە وا لە پاڵەوانی داستان دەکات بەنەمری بمێنێتەوە و هەموو کات لەبیری میللەتەکەی دابێت. بەو هۆیەی ئەگەرچی قەدەر مەرگی بۆ ئەو هەڵبژاردووە و ناتوانێت بەرەو پیری نەچێت، بەڵام لای رۆڵەکانی میللەتەکەی وا دەردەکەوێت ئەو لە پێناوی بابەتێکی گەورە خۆی رووبەرووی مەرگ کردۆتەوە کە رەنگە ئەگەر بەهۆی مەرگی ئەوەوە نەبێت دەیان کەسی دیکە دووچاری مەرگ ببنەوە. یا زۆرجار پاڵەوانی داستان لە پێناو بابەتێکی رووحی، بۆ نموونە عەشق خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەوەی پیرۆزی بابەتەکە لای رۆڵەکانی میللەتەکەی روون بکاتەوە و تۆوی ئەوەیان لەدڵدا بچێنێ کە ئەم بابەتە مرۆڤایەتیانە بابەتی گرنگن و لە دەستدانی ئەو بابەتانە مانای لەدەستدانی بەشێکی رەوشتیی گەورەیە لەژیانی مرۆڤایەتیدا. کەواتە ئەو مەرگەی بەسەر پاڵەوانی داستاندا دادێت، خوێنەری داستان تووشی شۆك ناکات، ئەگەرچی مەرگی پاڵەوان کاریگەری زۆری بەسەر خوێنەرەوە دەبێت، بەڵام خوێنەر خوازیاری شتێکی دیکە نییە دژی ئەو مەرگە و بەو قەدەرە رازیە کە خودا بۆ پاڵەوانەکەی داناوە.

لەداستانە یۆنانیەکاندا لەبری خودا، خواوەندەکان دانەری قەدەرن بۆ پاڵەوان و بە پێچەوانەی داستانە رۆژهەڵاتییەکان لە ((داستانە یۆنانیەکاندا چیرۆکی خواوەندەکان وەکو چیرۆکی پاڵەوانەکان دەگێڕدرێتەوە))[١٩]. خواوەندەکان دەبن بەیەکێك لە پاڵەوانەکانی ناو داستانەکە، بەڵام ئەوەندە هەیە دەبێت شاعیر زۆر بەتوانا ولێزانانە خواوەندەکان بێنێتە ناو

(١٨) ف.م.جيرنومسكى، الدراسات الادبية المقارنة، ص٣١٠.

(١٩) شكرىمحمدعياد، البطل في الادب والاساطير، دار المعرفة، الطبعة الثانية، مطبعة المعرفة، القاهرة، ١٩٧١، ص٦٦.

داستان و لەهەموو کاتێکدا، بەتایبەتی لەکاتی روودانی رووداوی ئاسایی نابێ ئەم کارە بکات. شاعیر لەو کاتەدا خواوەندەکان دێنێتە ناو داستانەکە کە پاڵەوان دووچاری کێشەیەکی زۆر گەورە بووە و دەرچوون لێی مەحاڵە.

هەروەها زۆرجار لە داستانە یۆنانیەکاندا باس لەکێشە و گرفتی نێوان خواوەندەکان دەکرێت بەوەی هەندێکیان لاگیری لایەنێك دەبن و هەندێکی دیکە لاگیری لایەنێکی تر، بۆیە لەداستاندا ((تەنیا ئیرادەو عەقڵی مرۆڤ تاکە کەرەستەی بەر دەستی پاڵەوان و تەنانەت گەورەترین کەرەستەی بەردەستی نەبوونە، بەڵکو بەرلەمانەو لەسەروی ئەمانەوەش پاڵپشتی لەرادەبەدەر لەلایەن خواوەندەکانەوە دەهات))[٢٠] و خواوەندەکان گەورەترین پاڵپشتی پاڵەوانەکان بوونە.

\لەوبۆچوونانەی سەرەوەدا نموونەیی بوونی پاڵەوانمان بەتەواوی بۆ روون دەبێتەوە، بەوەی پاڵەوان خۆی کەسێکی تارادەیەك کامڵ و بێ کەم و کوڕییەو خواوەندەکانیش یارمەتی دەدەن و سەرەنجام هەرکارێك کە ئەنجامی دەدات سەرکەوتن بەدەست دێنێت.

بەهەمان ئەو شێوەیەی رووداوەکانی داستان لەرووداوە مێژووییە دێرینەکان وەردەگیران، پاڵەوانەکانیش لەکەسایەتییە مێژووییەکان وەردەگیران و هەریەکێکیش لەپاڵەوانەکانی دیکەی داستان خاوەنی ناوی خۆیان بوون، بەڵام ناوەکان یا ناوی مێژوویی یا ناوی نموونەیی بوون.

لەلایەکی دیکەوە وەك ئەوەی (ئەی. کلاب) پێمان دەڵێت: ((هەموو کەسایەتیەکی مێژوویی دەتوانێ جەماوەر تووشی سەرسوڕمان بکات، بەچاوپۆشین لەسروشتی کارەکەی (ئەگەرهاتوو شۆڕشگێر یابەرگری کاری نیشتیمانەکەی یا لادەر و ڕێگربوو) هەموو مافێکی هەیە بۆ ئەوەی ببێت بە پاڵەوانی داستان))[٢١] لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەی (کلاب) دا ئێمە رووبەرووی دوو بۆچوون دەوەستین کە لەیەکەمیاندا ئەو پەیوەندییە گرنگەی لەنێوان مێژوو، وداستاندا هەیە بۆمان روون دەبێتەوە، کە هەرپاڵەوانێك ئەگەر مێژوویی بێت کاریگەری زۆری لەسەر قەناعەت پێهێنانی خوێنەران دەبێت. هی دووەمیشیان ئەوەیە (ئەی. کلاب) لای ئاساییە ئەگەر پاڵەوانی داستانێك ڕێگر بێت. بەڵام ئەم رایە زۆر پەسەند نییە، و پاڵەوانی

(٢٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(٢١) عدد من الباحثين السوفيت، نظرية الادب، ص١٣٨.



داستان دەبێت ((میللی و خۆشەویستی خەڵك بێت و مەرد بێت))[٢٢]. لەکاتێکدا ئەو پاڵەوانە ڕێگر و چەتە بێت چۆن دەتوانێ لایەنی کەم خۆشەویستی خەڵك بەدەست بێنێ، بۆیە ئەگەر شاعیر پاڵەوانەکەی لە مێژوو وەربگرێت ئەوا پێویستی بەوە هەیە پاڵەوانە مێژووییەکەی نموونەی رەوشت بەرزی و مەردایەتی و ئازایەتی نواندن بێ و کارێکی ئەنجام نەدابێت بووبێتە هۆی لەدەستدانی خۆشەویستی خەڵکی. ئەو خەڵکەی ئەو پاڵەوانە وەکو نوێنەرێکی خۆیان سەیر دەکەن و، وەکو مامۆستایەکی فێرکاریش لێی دەڕوانن تا خۆیان و نەوەکانی دوای ئەوان هەمان ئەو خەسڵەتە بەرزانە ون و پشت گوێ نەخەن کە پاڵەوانە مێژووییەکەیان هەیبووە.

## ٢- توخمی کارەکتەر لە رۆمان دا:

لەرۆماندا ((کەسەکان ئەوندە گرنگن دەبنە هۆی پێکەوە گرێدانی هەموو رەگەزە پێکهێنەرەکانی تری وەك (زمان، کات، شوێن)))[٢٣]. لە رۆماندا کارەکتەر جێگەی خۆی لەست نەداوە و تەوەری سەرەکی ئەوەو توخمەکانی دیکە لەخزمەتی ئەودا دەبن و تا رادەیەکی زۆریش بەوەوە پەیوەست دەبن. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کەبەدەر لە کارەکتەر رۆمان دروست نابێت یا راستتر بڵێین ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە تەنیا(کارەکتەر) دەتوانێ ببێ بەپاڵەوانی رۆمانێك، بەڵکو لە رۆماندا دەکرێ هەموو شتێك ببێتە پاڵەوان[٢٤]. توخمەکانی دیکەی ناو رۆمان زۆر بەئاسایی دەکرێ ببن بە کارەکتەری رۆمانەکە و لێرەدا دەگەینە ئەوەی کەلە ناو رۆماندا مەرج نییە تەنیا مرۆڤ دەوری کارەکتەر بگێڕێت، ئەمەش بەقۆناغ بووە و ئەم جۆرە کارەکتەرانە تەنیا لەرۆمانی نوێدا دەبینرێن ولەرۆمانە بەراییەکاندا بەرچاو ناکەون.

هەروەها ((دەکرێ یەك رۆمان هەڵگری ژمارەیەکی زۆر لەپاڵەوان بێت، هەریەکەشیان ئەو شوێن و زەمەنە بگرێت کەپێویستی پێیەتی تا رۆڵێك ببینێت))[٢٥] لە رووی رۆڵ بینینەوە

(٢٢) دکتر سیروس شمیسا، انواع ادبی، ص١٢٠.

(٢٣) محەمەد ئەمین عەبدوڵلا، شاکەس لەرۆمانی کوردی کوردستانی عێراق دا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، نامەی ماجستێر، ٢٠٠٠ز، ل٥.

(٢٤) عەبدولرەحمان مونیف، تیشکێك بۆ سەر رۆمان، لە عەرەبییەوە شیرین.ك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٥.

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

دەكرێ زیاتر لە كارەكتەرێكی سەرەكی لەناو رۆماندا رۆڵی دیار و بەرچاوو بنەڕەتیشیان بۆ بەرەو پێشبردنی ڕێڕەوی رووداوەكان پێبدرێت، بەڵام سەرەنجام لەناو ئەم كارەكتەرانەدا كارەكتەرێكی سەرەكی هەیە كە لە هەموو ئەوانی دیكە زیاتر رۆڵی بینیوە و ئەو كاتە بۆمان دەردەكەوێت كە تەواوی كارەكتەرەكانی دیكە بۆ خزمەتی ئەو دروستكراون و ئەو لەوانی دیكە دیارترە. نەك بەو مانایەی كارەكتەری سەرەكی رۆمان لەكارەكتەرەكانی دیكە تایبەتمەندی زیاتری هەیە، بەڵكو بەو مانایەی ((كارەكتەری سەرەكی لە رۆماندا مرۆڤێكی ئاساییە بەهەموو مانای وشەكە ئەمەشە وای لە رەخنە گران كردووە ناوی لێ بنێن(پاڵەوانی نا پاڵەوان[٢٦](un heroic hero))) .

كارەكتەری رۆمان ناتوانێ كارێكی لەرادەبەدەر ئەنجام بدات، ئەگەرچی لە رۆمانی نوێدا ئەنجامدانی كاری لەرادەبەدەر بۆتە كارێكی ئاسایی و هەموو كارەكتەرەكانی ناو رۆمان بەهۆی ئەو خەیاڵە زۆرەی كە لەرۆماندا هەیە دەتوانن كاری لە رادەبەدەر ئەنجام بدەن و ((پاڵەوانی رۆشنبیر لەپاڵەوانی داستان بە پلەیەكی بەرچاو نزیك دەبێتەوە))[٢٧]. چیتر لەچوارچێوەی كارە ئاساییەكاندا نامێنێتەوە، تەنیا جیاوازیەك كەلە نێوان پاڵەوانی داستان و كارەكتەری سەرەكی رۆماندا دەمێنێتەوە ئەوەیە لە داستاندا تەنیا خودی پاڵەوان دەیتوانی بەكاری لەرادەبەدەر و پەرجو ئاسا هەڵسێ، بەڵام لەرۆماندا هەركارەكتەرێك بۆی هەیە ئەم كارە بكات و دەبێتە هۆكار بۆ پتر واقیعی پیشاندانی كارەكەیان. تا رۆماننووس پێمان بڵێ ئەو كارەی ئێوە دەیبینن و من لە مەملەكەتەم دروستم كردووە كارێك نییە تایبەت بێ بەتەنیا كەسێك و هەموو كەسێك دەتوانێ ئەنجامی بدات، بۆیە لەبری سەرسوڕمان پێویستە كارەكان بە ئاسایی وەربگیرێن.

تایبەتمەندیەكی دیكەی كارەكتەری سەرەكی رۆمان، خەسڵەتی تاك بوونیەتی كەسەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ كاریگەری بیری(دیكارت) و فەلسەفەكەی كە لەوێدا جیاوازی دەكەوێتە نێوان تاك و كۆمەڵگە. لە (دیكارت) ەوە كارەكتەری رۆمان سەربەخۆیی وەردەگرێت و ئارەزووی دەربڕینی خەونەكانی دەكات[٢٨]. ئەوەش نەك بەو مانایەی تاك هیچ پەیوەندییەكی

(٢٦) احمد ابراهیم الهواری، البطل المعاصر في الروایة المصریة، ص٣٩.

(٢٧) عدد من الباحثین السوفیت، نظریة الادب، ص١٠٧.

(٢٨) محمد كامل الخطیب، الروایة والیوتوبیا، ص٥٣.



بە كۆمەڵگەوە نامێنێت، ئەمە كارێكی كردەنی نییە، بەڵام لەدوای پەیدابوونی بیری تاكبوون چۆنیەتی ئەو پەیوەندیانەی كە تاك و كۆمەڵگە بەیەكەوە دەبەستێتەوە گۆڕاون و كارەكە تەنیا لەو سنوورەدا نەمایەوە كە كۆمەڵگە چی بیەوێ و چی پەسند بكات تاك ئەوە ئەنجامبدات، بەڵكو ئەمجارەیان تاك ئەو كارەدەكات كەخۆی پێی باشە لەچوارچێوەی سنووری كۆمەڵگەش دەرناچێت بۆ ئەوەی ئەنجامدانی كارەكەی نەبێتە هۆی پچڕانی ئەو پەیوەندیەی تاك بەئەوانی دیكەوە هەیەتی كە سەرەنجام هەموویان كۆمەڵگە پێكدێنن.

هەندێك لە رەخنەگرانی رۆمان پێیان وایە ((كارەكتەرەكانی رۆمان-بەگشتی-بنیاتێكی واقیعی لێكدراویان هەیە كە راستگۆیی خۆیان لەبەیەكچوونیان لەگەڵ مرۆڤە راستەقینەكان وەردەگرن))[٢٩] لە بەرانبەریشدا هەندێكی دیكە لەسەر ئەوەن كە ((كارەكتەرەكانی رۆمان بوونێكی واقیعیان نییە، بەڵكو چەمكێكی خەیاڵكردن و مانای چەند دەربڕینێكی بەكارهێنراو لە رۆماندا دەگەیەنن))[٣٠]. هەریەكێك لەم دوو بیروڕایە لایەنی ئەرێنی خۆیان هەیە. ئەگەر كارەكتەری رۆمان تەواو واقیعی بێت وەك ئەوەی چۆنە ئاوا لە ژیاندا وەربگیرێت ئەوا وەك ئەوەی لێدێت رۆماننووس مێژووی ژیانی كەسێكمان بۆ بگێڕێتەوە و دەقی رۆمانەكە بەدەر دەبێت لە هەر ئیستاتیكایەك كە هەیە. ئەگەریش كارەكتەری رۆمان كارەكتەرێكی خەیاڵی بێت و تەنیا بەمەبەستی ئەوە دروستكرابێت رۆماننووس لەرێگەی ئەوەوە چەند بیرو رایەك دەربڕێت ئەوا ((دەبێت بەكارەكتەرێكی میكانیكی بێ ئەوەی گیانی لەبەربێ))[٣١] ، بۆیە لەسەر رۆماننووس پێویستە كارەكتەرەكانی نەبەو شێوە واقیعی بن كەبەتەواوی لەكۆمەڵە كەسانێك بچن لەواقیعەوە وەریگرتبن بۆ ئەوەی رۆمانەكەی نەبێتە وێنەیەكی فۆتۆگرافی ژیان، نە هێندەش خەیاڵی بن خوێنەر هیچ خەسڵەتێكی ئەوان لەژیاندا نەبینێتەوە.

لە رۆماندا مەرجی پێشینە بۆ رۆماننووس لە ئارادا نین بەوەی دەبێ كارەكتەرەكانی تەنیا كەسانی ئایینی یا مێژوویی یا سیاسی و. . . هتد، بن. رۆماننووس ئازادە لەوەی كارەكتەرەكانی چ جۆرە كەسایەتیەك بن، بۆنموونە دەكرێ كارەكتەرەكانی رۆمان كارەكتەری

(٢٩) الدكتور جهاد عطا نعیسة، في مشكلات السرد الروائي، www.awu-dam.or

(٣٠) محمد عزام، شعریة الخطاب السردي، www.awu-dam.org

(٣١) الیزابیث بویت، متابعات الروائي وشخصیاته، ترجمة عبدالوهاب الوكیل، مجلة الثقافة الاجنبیة، العدد(٤) السنة الرابعة-١٩٨٤، ص٢٠١.

((مێژوویی، ئەفسانەیی، خوازراو، کارەکتەری کۆمەڵایەتی بن))[32]. هەروەك دەکرێ هەر کەسایەتییەکی دیکەی ناو کۆمەڵگە ببێتە کارەکتەری رۆمان.

### ٣- بەراوردکردنی توخمی کارەکتەر لە داستان و رۆماندا:

پاڵەوانی داستان کەسێکی سادەنییە وتوانای ئەنجامدانی کاری لە ڕادەبەدەری هەیە وبۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە خواوەندەکان یا کەسێکی ئایینی پاڵپشتی پاڵەوان دەکەن. لە ڕۆماندا و بەتایبەتی لە ڕۆمانی نوێدا کاری لە ڕادەبەدەر لەلایەن کارەکتەرەکانەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام جیاوازی لە نێوان ئەنجامدانی کاری لەڕادەبەدەر لەلایەن کارەکتەری داستان و ڕۆمان لەوەدایە لە داستاندا تەنیا پاڵەوان دەتوانێ بەکاری لەڕادەبەدەر هەڵبستێ، بەڵام لەرۆماندا بەشێکی کارەکتەرەکان توانای ئەو کارەیان هەیە. لەداستاندا بەهۆی پاڵپشتی خواوەندەکان و گەورەیی پاڵەوان لەدیدی خەڵکییەوە و لەرۆماندا بەهۆی ئەو زەمینە سازیەی رۆماننووس لەناو رۆمانەکەیدا دەیکات کارەکان بەئاسایی وەردەگیرێن.

پاڵەوانی داستان کەسێکی نموونەییە و هەموو ئەو ئازایەتی و مەردی نواندن و توانا دارییەی لەناو مرۆڤەکاندا بەگشتی هەیە لەپاڵەواندا کۆکراوەتەوە و زیاتری خراوەتە سەر، بۆیە زۆر بەئاسانی دەتوانین پاڵەوانی سەرەکی لە پاڵەوانەکانی دیکەجیابکەینەوە. لە رۆماندا جیاکردنەوەی کارەکتەری سەرەکی کارێکی ئەوەندە قورس نییە، ئاسانی ئەم کارە لەوەوەیە کە رۆماننووس هەوڵی کەمکردنەوەی ئەرکی کارەکتەرەکانی دیکە دەدات بۆ ئەوەی کارەکتەری سەرەکی زیاتر دەربکەوێت.

لەبەرانبەر نموونەیی بوونی پاڵەوان لەداستاندا، لەرۆماندا تاکبوون هەیە و ئەم دووانە تەواکەری یەکترن، ((نموونەیی بوونی پاڵەوانیش نەك هەر لە(تایبەتمەندی تاك) بوون جیا نییە، بەڵکو ئەم دوانە:واتە نموونەیی بوون و تایبەتمەندی تاکبوون، پێکەوە بەستراون و تەواوکەری یەکترن))[33]. هەردووکیان سەرەنجام بەکۆمەڵگە و واقیعی کۆمەڵگە دەبەسترێنەوە.

(٣٢) محمد عزام، شعرية الخطاب السردی، www.awu-dam.org

(٣٣) سیروس پرهام ((دکتۆر میترا))، کارەکتەر سازی ریالیستی لە رۆمان و چیرۆکی کورتدا، لە فارسیەوە حەم کەریم عارف، گۆڤاری رامان، ژمارە (٤٤)، ٥ ی شوباتی ٢٠٠٠، ل١٥٨.



پاڵەوانی داستان لەبەر ئەوەی بەقەدەرەوە بەستراوەتەوە و خۆی کەسێتییەکی مێژووییە، بۆیە جگە لەو رووداوەی کەهەیە و جگە لەو کۆتاییەی کەبۆی دیاریکراوە ناتوانێ ببێ بە پاڵەوانی رووداوێکی دیکە. هەرچی کارەکتەری سەرەکی رۆمانە لەبەر ئەوەی لەسەرەتادا بۆی دیاری نەکراوە دەبێ لەئەنجامدا بەکوێ بگات بۆیە ئاساییە ببێ بە کارەکتەری هەر رووداوێك. (تۆلستۆی) دەڵێت: ((لەناوەڕاستی کاری خۆمدا نازانم کە کارەکتەری سەرەکی من دوای پێنج دەقیقەی دیکە چی دەڵێت. من بەسەرسامییەوە چاودێری دەکەم))[34]، بۆیە رۆماننووس دوای ئەو پێنج دەقیقەیە چی بە خەیاڵدا بێت ئەوە بە کارەکتەرەکەی دەکات.

زۆرینەی کات، پاڵەوان و کەسەکانی دیکەی داستان، کەسایەتی مێژووین و لەمێژوو وەردەگیرێن، بەڵام لەرۆماندا دەکرێ کارەکتەرەکان کارەکتەری مێژوویی بن و دەشکرێ هەرجۆرە کارەکتەرێکی دیکە بن.

## ب- توخمی کارەکتەر لە رووی پراکتیکەوە:

### ١- توخمی کارەکتەر لەداستانی (مەم و زین) دا:

لەداستانی(مەم وزین) دا دووپاڵەوانی سەرەکی هەن کە هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی بەشداری داستانەکە دەکەن و داستانەکەش بەمردنی ئەوان کۆتایی دێت، ئەم دوو پاڵەوانە(مەم وزین)ن ناوی داستانەکە هەر بەناوی ئەوانەوەیە.

((ئەنبازێ فەرەح شەریکێ غەم بوو
سەرگەشتەئێ غەم ب ناڤێ مەم بوو))[35]

(مەم) ئاشقی(زین) ەو هەردووکیان یەکتریان خۆشدەوێت و لەبەر ئەوەی خۆشەویستی بەتەنیاو یەکلایەنە ناکرێ، بۆیە (مەم) پێویستی بەکەسێکی دیکەهەیەکە(زین)ە:

((راوی وە هە گۆتەمن موعەمما:
ئەو حوور ب ناڤێ زین موسەمما ))[36]

(٣٤) جمال میر صادقی، ادبیات داستانی، ص٤١٩.

(٣٥) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٨٣.

(خانی) لەسەرەتای داستانەکەیدا، سەرەڕای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی ئەم دوو پاڵەوانە زۆر بەناخی کارەکتەرەکان ڕۆناچێت و تەنیا باسی عەشقی ئەو دوو کەسە دەکات، بەڵام دواتر بۆچوونی ئەم دووانەمان بەرانبەر بە ژیان پێدەڵێت:

((سەد سال بگێڕی من تو مەحبووس
ما ئەز قە دبم ژ وەصلێ مەئیووس))[37]

پاڵەوان بڕیاری گەیشتنی بەیارداوە، بۆیە دەبێ پێی بگات و هەموو ژیانی خۆشی بۆ ئەو گەیشتنە تەرخانکردووە.

(زین) بەم شێوە بۆچوونی خۆی بەرانبەر ژیان دەردەبڕێ:

((مەم بۆ من و مەرحەمەت ژ بۆ تە
غەم بۆ من و سەلطەنەت ژ بۆ تە))[38]

(زین) خوشکی میرە و میر سامانێکی زۆری هەیە، بەڵام ئەو ئامادەیە واز لەو سامانە بێنێ بەمەبەستی گەیشتن بەمەرامی خۆی. لێرەدا (خانی) هاو ئاستییەك لەنێوان (زین و مەم) دا دروستدەکات لەمەشدا سەرکەوتوو بووە و سەرکەوتنیشی لەوەدا بووە بەسەرکەوتنی داستانەکەی.

لەداستانەکەدا پاڵەوانێکی سەرەکی دیکە هەیە کە میری ناوچەکەیە و برای (زینە):

((زیبەندەئێ مولك و زەینێ دین بوو
ناڤێ وی ئەمیر (زەینەدین) بوو))[39]

میر بۆیە بەپاڵەوانی سەرەکی دادەنرێت، چونکە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لەگۆڕینی ڕەوتی ڕووداوەکان و چارەنووسی پاڵەوانەکانی دیکە. لە زۆربەی ڕووداوەکاندا بەشدارە و لەسەرەتای داستانەکەوە تا کۆتاییەکەی دەورێکی گرنگ دەگێڕێت.

لە ناو داستاندا، پاڵەوانەکان دابەشی سەردوو جۆر دەبن:پاڵەوانی سەرەکی و پاڵەوانی لاوەکی. لە(مەم وزین) یشدا پاڵەوانە سەرەکییەکان بریتی بوون لە (مەم، زین، میر).

(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.



پاڵەوانەکانی دیکە هەموویان لاوەکین، لەبەرئەوەی دەرکەوتنیان لەناو ڕووداوەکاندا سنووردارە و کاریگەریان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان زۆر کەمترە لەکاریگەری پاڵەوانە سەرەکییەکان.

بۆ نموونە(ستی) وەردەگرین کە بەشداری هەیە لەناو ڕووداوەکاندا، بەڵام ڕۆڵەکەی وەکو ڕۆڵی پاڵەوانە سەرەکییەکان نییە و بەشداریەکەشی ڕێژەیی یە.

(ستی) لەسەرەتاوە تا ئەو کاتەی شو بە (تاجدین) دەکات دەوری هەیە لە ڕووداوەکاندا، بەڵام دوای ئەوە وردە وردە ڕۆڵەکەی کەم دەبێتەوە و بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی گرنگی نابێت لە ڕووداوەکانی پاشتردا.

هەمووپاڵەوانەکانی (مەم وزین) چەسپاون و هەریەکەیان هەر لەسەرەتاوە بۆ مەبەستێکی دیار دانراون و شاعیر لەسەرەتاوە دەزانێ ئەرکی هەریەکەیان چییە. بۆیە لە(مەم و زین) دا پاڵەوانی پەرەسێن نابینرێن.

(تاجدین) وەکو پاڵەوانێکی دیار و هاوڕێی (مەم) لەسەرەتاوە تاکۆتایی لایەنی چاکەی گرتووە و لەسەر چاکەکردن بەردەوامە لەگەڵ ڕووداوەکاندا ناگۆڕێت. هەروەها (خانی) دەڵێ:

((تاجدین و چەکۆ د گەل برایی
ڕابوون ب تەعەصصوب و تەبایی
گۆتن: گەلێ جوندیان ڤە وەستن
هوون جوملە نە سەرخوەش و نەمەستن))[40]

(تاجدین) لەم هەڵوێستە و لە چەند شوێنێکی دیکەشداهەمیشە (مەم) لەناخۆشی و تەنگ و چەڵەمە ڕزگار دەکات.

پاڵەوانی سادە بەشداری زۆریان نییە لەناو ڕووداوەکانی داستاندا، لە(مەم و زین) دا ئەم جۆرەی پاڵەوان هەن، بۆ نموونە (عارف و چەکۆ) وەردەگرین، (خانی) دەڵێ:

((تاجدین دو برا هەبوون د قەللاش
مانەندی دو شاهبازێ جەمماش
دائم دلێ دوژمنان دسۆتن
یەك عارف و یەك چەکۆ دگۆتن))[41]

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩.

(٤١) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

(عارف و چەکۆ) لێرەداو لەتەواوی داستانەکەدا تەنیا روویەکیان دەرکەوتووە ئەویش ئازایەتی و سوارچاکی و نەبەردیانە، بۆیەبە پاڵەوانی (سادە) دادەنرێن.

(مەم) کە سەرەڕای ئەوەی پاڵەوانی داستانەکەیە کارەکتەرێکی(بازنەیی)شە، چونکە ئێمە شارەزای زۆرینەی لایەنەکانی ژیانی (مەم) ین. (مەم) عاشقە و عاشقێکی بێگەرد. دواتر ئەو عیشقە بێگەردەی دەگۆڕێ بۆ عیشقێکی خودایی لەگەڵ ئەوەشدا:

((مەم فێرس و بەطل و سینە صافە
خاس ما ب تە ڕا کو بێ خلافە))[٤٢]

سوارچاکی و پاڵەوانی و دڵسافی و راستگۆیی هەم بەگوفتار و هەم بەکردار ئەو لایەنانەی دیکە (مەم)ن کە ئێمە لەناو داستانەکەدا پێیان ئاشنا دەبین.

سەرتاپای داستانی (مەم وزین) کێشەیە لەنێوان هێزی چاکە و هێزی خراپەدا، کەهەریەکەیان هەوڵی پەراوێز خستن و کەمکردنی دەسەڵاتی ئەویتر دەدات بۆ ئەوەی هەر کاتێك پێویست بێت لەناو بردنی ئاسان بێت، بۆیە لەزەمینەیەکی وادا ئاساییە پاڵەوان هەبن کاری ئەرێنی ئەنجام بدەن و لەبەرانبەریش دا پاڵەوانی نەرێنی هەبن. (تاجدین) و(بەکر) لەداستانەکەدا تا رادەیەکی زۆر هێمان بۆ چاکە و خراپە، کە یەکەمیان هەموو کات لایەنگیری چاکەیە و دووەمیشیان لایەنگیری خراپە.

لەم داستانەدا، بێجگە لە (تاجدین) پاڵەوانی دیکەی ئەرێنی هەن، بۆ نموونە(گورگین) پاڵەوانێکی سادەیە، لەهەمان کاتدا ئەرێنییە، چونکە لەکاتێکدا (مەم) لەگەڵ باوکی گورگین لە شەترەنج دەدۆڕێنێ ئەو راستەخۆ خەبەری تاجدین دەدات تا لەوە ئاگاداری بکاتەوە کە باوکی دەیەوێ مەم بخاتە زیندانەوە:

((سەرداریێ کوڕان ب ناڤێ گورگین
(فی الحال) خەبەر گهاندە تاجدین
ئەو بەطل کو بوو ژ حالی واقف
ڕابوون ب وی ڕا چەکۆ و عارف
شێران ڤە رەساند قەید و زنجیر

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.



هەرسێ ب تەبایی چوونە نك میر))[٤٣]

(بەکر) وەکو کەسێکی بەد فەڕ و لایەنگری خراپە بەکەسێکی (نەرێنی) دادەنرێت، چونکە هەرچی خراپییەك هەیە ئەو بەرانبەر (مەم و زین) ئەنجامیان دەدات:

((ترسا من ئەوە ب کبر و کینێ
گوغیان بکەتن ژ پاشی زینێ))[٤٤]

ئەمە کاریگەرترین فێڵە کە بەکر لە (میر) ی دەکات و پێی دەڵێت: مەم دوای ئەوەی زین بەدەست دێنێ لێت هەڵدەگەڕێتەوە و داوای میرایەتی دەکات. ئەمەش بۆ (میر) زیانێکی دوو سەرەیە لەلایەك خوشکەکەی لەدەست دەدات و لەلایەکی دیکە میرایەتی کە ئەمەی دووەمیان وەك لەدەقەکەدا دەردەکەوێت لەلای میر لەوەی یەکەمیان گرنگترە.

## ٢- توخمی کارەکتەر لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

کارەکتەرەکانی رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) بە شێوەیەکی گشتی کارەکتەری ناجێگیرن و هەمیشە لە گۆڕاندان.

کارەکتەری سەرەکی لە م رۆمانەدا(جەلادەتی کۆتر) ە، کە دوو ناوی دیکەی هەن(جەلادەت ئیسماعیل، جەلادەتی قەقنەس) تەواوی رووداوەکان لەدەوری ئەو دەسوڕێنەوە. ئەو خۆشی پێمان دەڵێت: ((من تەنیا پاڵەوانی ئەم چیرۆکەم، ئەمە لەو چیرۆکانە نییە کەزیاد لە قارەمانێکی هەبێت، من یەکەم و دواهەمین قارەمانی ئەم چیرۆکەم))[٤٥]. هەروەها دەڵێت: ((دواجار ئەم چیرۆکە لەبەرگەوە تا دواهەمین لاپەڕە لەسەر ژیانی من قسەدەکات و لەدەوری تەمەنی من دەسوڕێتەوە))[٤٦]. ئەمە راستە، بەڵام لەگەڵ (جەلادەت) دا کارەکتەری سەرەکی دیکە هەن. کە رۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەگێڕن و دەرکەوتنی زۆریان هەیە لەناو دەقەکەدا. بۆ نموونە(دالیا سیراجەددین) ئەو کچەی لە تیاترۆوەی پرتەقاڵی سپی ئیشدەکات، (سامیری بابلی)کە رزگارکەری (جەلادەتی کۆتر) ە و هەر لەسەرەتای ژیانییەوە تا دەمرێت هەموو شتێك لەبارەی ژیانییەوە دەزانین.

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥.
(٤٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.
(٤٥) بەختیار عەلی، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٢١٠.
(٤٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

کارەکتەرە سەرەکییەکانی رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)کۆمەڵێك کارەکتەرن توانای ئەنجامدانی کاری لەرادەبەدەریان هەیەو خاوەنی شتی سەیریشن. (جەلادەت) دەتوانێ لەمەرگ بگەڕێتەوە و هاتووچۆی نێوان مەرگ و ژین بکات و وەك خۆشی پێمان دەڵێت: ((من بۆنی باڵندەم دەکرد، لەزمانیان تێدەگەیشتم))[٤٧]. سەرەڕای ئەوە خۆی خاوەنی کۆمەڵێك باڵندەی ئەفسانەییە. (دالیا سیراجەددین) ((لە تێکەڵاوبوونی زیاد لەمرۆڤێك دروستبووبوو))[٤٨]. ((دالیا سیراجەدین تەنیا کچێك نەبوو کۆمەڵێك فریشتەی چکۆلانەی هەبوو))[٤٩]. (سامیری بابلی) ش لەسەرەتادا کۆمەڵێ سەگی سەیری هەن و دواتر دەبێتە خاوەنی دوو ئەسپی ئەفسانەیی.

لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کارەکتەری لاوەکی زۆرن و هەریەکەیان بەشدارییەکی کەمی لەرۆمانەکەدا هەیە و دواتر ون دەبێت. بۆ نموونە تەواوی ئەو کارەکتەرانەی قوربانیی دەستی (سامیر)ن کارەکتەری لاوەکین. ئەگەرچی ئەوان لەرووداوێکی گەورەی ناو رۆمانەکەدابەشدارن، کەدادگایی کردنی (سامیری بابلی)یە، بەڵام ئەمە تاکە رووداوێکە کە ئەوان تێیدا بەشدارن، بۆیە بەکارەکتەری لاوەکی دادەنرێن. (جەلادەتی کۆتر) دەڵێ: ((یەکەمین شاهیدی من باوکی سەرهەنگ قاسم بوو. . . پەپولە جەمال. . . ئەمیری گوڵەباغ کەلووتی دەبڕن. . سوارەی فەتحوڵلا بوو. . حەلیم شێواز. . .))[٥٠] ئەمانە و چەندین کارەکتەری دیکەی لاوەکی لەناو رۆمانەکەدا هەن.

وەك گوتمان زۆربەی کارەکتەرەکانی ناو رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) کارەکتەری ناجێگیرن، واتە جۆرێکی کارەکتەرن کەلەگەڵ گۆڕانی رووداوەکان ئەوانیش دەگۆڕێن، بەڵام رۆمانەکە بەدەر نییە لە(کارەکتەری چەسپاو). وەکو (موسای بابەك و شاناز سەلیم و دالیا سیراجەددین) نموونەی کارەکتەری چەسپاون لەم رۆمانەدا. تا تەواوبوونی رۆمانەکە (موسای بابەك) وەکو خۆی دەمێنێتەوە ئامادە نییە ئەو نهێنیانەی دەیزانێ بە (جەلادەت) ی بڵێ. (جەلادەت) لەرێگەی تر و لەرێی کارەکتەری دیکەوە پەی بەو نهێنیانە دەبات کە موسای بابەك دەیزانین.

هەروەها (شاناز سەلیم) و (دالیا سیراجەددین) یش، لەسەرەتای رووداوەکانەوە تا کۆتایی رۆمانەکە هیچ گۆڕانێکی گرنگ لەژیانیاندا روونادا تەنیا یەك سیفەت و یەك ئامانجیان هەیە. بۆ

(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(٤٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

(٤٩) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

(٥٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٧-٤٢١.



نموونە (دالیا سیراجەددین) لەش فرۆشی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ چارەنووسی دڵدارەکەی کەناوی (باسمی جەزائیری) یەبزانێت. تاکۆتاییش بەو هیوایە دەژیت کە رۆژێك هەواڵێکی ئەو کوڕە بزانێت. تەنانەت چوونی بۆ شاری (سۆزانییەکان) یش بەپلەی یەکەم پەیوەندی بەو ئامانجەوە هەیە.

بەپێچەوانەی ئەو کارەکتەرانەوە کۆمەڵێ کارەکتەری دیکە هەن هەمیشە لەگۆڕاندان و لەگەڵ بەسەرهاتنی هەر رووداوێك بەسەریاندا تێڕوانینێکی جیاوازیان بەرانبەر بەژیان بۆ دروست دەبێت. من

لێرەدا(جەلادەتی کۆتر) بەنموونەی کارەکتەری پەرەسێن دەهێنمەوە.

(جەلادەتی کۆتر) یەکێ لە قۆناغەکانی گۆڕانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی لە ئەنفال رزگاری دەبێ و دەچێتە شاری (تەپ و تۆزە زەردەکان). بۆ پاراستنی ژیانی ناچار دەبێ لەگەڵ سۆزانی و مۆسیقا ژەنەکانی ئەوێدا درۆ بکات بۆ ئەوەی رازی هاتنی بۆ ئەو شوێنە ئاشکرا نەبێت. لەم بارەوە دەڵێت: ((من لەسەر دانیشتن و پێکەنین و درۆکانی خۆم بەردەوام بووم))[٥١].

(دالیا سیراجەددین) بەترس و گومانەکانی، کارێکی زۆر دەکاتە سەر دەروونی ئەم کاراکتەرە، وای لێدەکات هەمیشە بترسێ و گومان لەهەموو کەسێکی ئەو شارە بکات تەنیا (موسای بابەك) نەبێ. سەبارەت بەم حاڵەتەش دەڵێ: ((ئەوساڵە دوورو درێژانە خۆ شاردنەوە و خۆونکردن لەپرتەقاڵی سپیدا، وانە بەردەوامەکانی دالیا سیراجەدین، ئەو گومانە قوڵ و ترسناکەی دالیا بەرامبەر زۆرکەس هەیبوو بەجۆرێك لەجۆرەکان لەمنیشدا سەوزبووبوو))[٥٢].

(شاری مۆسیقارە سپییەکان) بەهۆی زۆری ئەو رووداوانەی تێیدایە و گەورەیی قەوارەکەی، رێژەیەکی بەرچاو کارەکتەری سادەی تێدان کەتەنیا روویەکی کەسایەتییان باس دەکرێت و جاری واش هەیە باسکردنەکە لە سنووری رستەیەك تێناپەڕێت، بۆ نموونە: ((گێلاس ناوی کچێکی ئاوارە بوو کەتەنیا بۆ هەفتەیەك لەگەڵ خێزانەکەی هاتە ئەو ئوتێلە))[٥٣]. لەوەندە بترازێ ئێمە هیچ شتێکی دیکە لەبارەی گێلاسەوە نازانین. هەروەها لەباسی(بیلالی بابلی) دا ئەوەندە وتراوە:

(٥١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٦.

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٠.

((بیلالی بابلی بە فرمێسکەوە وەسیەتەکەی باوکی دامێ و من خوێندمەوە))[٥٤][٤]. تاکە کارێك کە بیلالی بابلی لەم ڕۆمانەدا ئەنجامی دابێ گەیاندنی ئەو نامەیەیە بە سامیری بابلی.

لە ڕۆمانەکەدا هەندێ کارەکتەری دیکەی لاوەکی هەن، کە ڕۆڵێکی زۆر کەم لە ڕووداوێك دەبینن و دواتر دیار نامێنن، بۆنموونە جەلادەت براو براژنێکی هەن کەلەسەرەتای ژیانی جەلادەت و دوای مردنی دایك و باوکی بەخێوکردنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، بەڵام هەردووکیان زۆر بەخراپی سەودای لەگەڵدا دەکەن و ئەو مافانەی خۆشی لە ماڵەکەدا هەیەتی لێی زەوت دەکەن. ڕۆماننووس خۆی پێمان دەڵێت: ((جەوەدەتی کۆترو سوهەیلەی ژنی، دوو کارەکتەرن دەتوانن تەواو لەبیریان بکەن، چونکە هەرگیز شوێنێکی گرنگیان لەو ڕۆمانەی ئێمەدا نییە))[٥٥] بەڵام باس نەکردنی ئەم دوو کارەکتەرە بەقازانجی ڕۆمانەکە تەواو نەدەبوو، لەبەر ئەوەی ڕۆماننووس هەر زوو ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبۆوە، ئەگەر دایکی جەلادەت لەوکاتەدا مردبێت کەئەو تەمەنی شەش مانگ بووە ئەی کێ جەلادەتی بەخێو کردووە؟ بەڵام بەو چەند دێڕەی کە باسی ئەو دوو کارەکتەرە کراوە وەڵامی ئەم پرسیارە دراوەتەوە.

لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا کارەکتەری ئەرێنی و نەرێنی هەن. (شاروخی شاروخ) کارەکتەر ێکی ئەرێنییە و لەناو ڕۆمانەکەدا نوێنەری چاکەیە. کارەکتەری دیکەش هەن کەکاری چاکە ئەنجام دەدەن بەڵام کاری خراپیش دەکەن. هەرچی شاروخە تەنیا بەئەنجامدانی کاری چاك هەڵدەستێت. جەلادەتی کۆتر لەبارەیەوە دەڵێت: ((من هاوڕێی ئەو مۆسیقارە مردووەی ناوخۆتم کە بەناوی هەموو مۆسیقارە مردووەکانەوە هاتووم، من مۆسیقارە مردووەکان ناردوویانم. . . منیش کۆمەکت دەکەم))[٥٦]. دوای گەڕانەوەی جەلادەت بۆ کوردستان شاروخ وەکو ڕێپیشان دەرو پارێزەر لەگەڵ جەلادەتدا دەبێت و ئاگاداری تەواوی هەڵسوکەوتەکانی دەبێت.

لەبەرانبەردا (شاناز سەلیم) وەکو کارەکتەرێکی (نەرێنی) دوای ناسینی جەلادەتی کۆتر هۆکارێکی هەرەسەرکی ئەو کێشانەیە کەبەسەر جەلادەتدا دێن و تا مردنی جەلادەتیش شاناز واز لە خراپییەکانی خۆی ناهێنێ (جەلادەت) دەڵێ: ((شاناز دەستێکی گەورەی لەداڕشتنی سیناریۆی مردنی مندا هەبوو))[٥٧].

(٥٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

(٥٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٠.

(٥٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٢.



### ٣- بەراوردکردنی توخمی کارەکتەر لەداستانی(مەم و زین) و ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا:

لەداستانی(مەم و زین) و لەڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا گەلێ جۆری کارەکتەر بەدی دەکرێن کە ئێمە لەبەشە تیۆرییەکەدا باسمان کردوون.

سەرجەم پاڵەوانەکانی داستانی (مەم و زین) لەجۆری کەسایەتی نەگۆڕن و هەریەکە لەسەرەتاوە چۆن بووە، تاکۆتاییش بەهەمان شێوە دەمێنێتەوە. وەك (مەم، زین، میر، بەکر، تاجدین، و. . . هتد).

لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا، زۆربەی کارەکتەرە سەرەکییەکان دەگۆڕێن، گۆڕانەکانیش بەگوێرەی ڕووداوەکان و بەرەو پێشچوونیان بەدەر دەکەون. وەك گۆڕانی (جەلادەتی کۆتر و سامیری بابلی). هەروەها کارەکتەری دیکەش هەن سەرەڕای ئەوەی بەکارەکتەری سەرەکی دادەنرێن، بەڵام بیر و کردار و ڕەوشت و ئامانج و بەگشتی کەسا یەتییان هیچ گۆڕانێکی گرنگی تێدا دەر ناکەوێ وەکو (دالیا سیراجەددین و موسای بابەك).

لە هەردوو دەقەکەدا ڕۆچوون بەناخی پاڵەوان و کارەکتەرەکان هەیە. لە (مەم و زین) دا (خانی) لەسەرەتای داستانەکەدا تەنیا وێنەی لایەنی دەرەوەی پاڵەوانەکان دەکێشێ، بەڵام کاتێك دەگاتە ئەو بەشانەی کە لایەنی سۆفیزم بەئاشکرا هەستیان پێدەکرێت و سۆفیزمیش پەیوەستە بەلایەنی ناوەوەی مرۆڤ بۆیە شاعیر ناچار دەبێت ڕووە و ناخی پاڵەوان و بچێت. لە ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) ڕۆچوون بەناخی کارەکتەرەکان زۆرە و هۆکارەکەی دوو لایەنن: یەکێکیان ئەوەیە خودی بەرهەمەکە زیاتر لەتاك دەدوێ نەك گشت، بۆیە ڕۆمانەکە زیاتر بایەخ بەشیکردنەوەی ناخی کارەکتەرەکان داوە و کەمتر خەریکی لایەنی دەرەکی ئەوان بووە. ڕۆمان ئەوەندە بەتەنگ لایەنەدەرەکییەکانەوە نییە. دووەمیشیان بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە مۆسیقایە و مۆسیقاش پەیوەندی بەناخ و هەستی مرۆڤەوە هەیە بۆیە بۆ ناساندنی مۆسیقا و کەسێتی مۆسیقاژەن ڕۆماننووس پێویستی بە شۆڕبوونەوە هەیە بۆناو ناخی کارەکتەرەکان.

# بەشی سێیەم

# هونەرەکانی گێڕانەوە لە داستان و ڕۆماندا

## هونەرەکانی گێڕانەوە لە داستان و ڕۆماندا:

لەناو داستاندا هونەرەکانی گێڕانەوە زۆرن و لەرۆماندا زۆرتر. هەر هونەرێکی گێڕانەوە لەناو دەقی ئەدەبیدا ئەرکێك یا زیاتر لەئەرکێك دەگێڕێت. گرنگی هەریەکێك لە هونەرەکانی گێڕانەوە لەگرنگی هیچ کام لەتوخمەکانی گێڕانەوە کەمتر نییە، وەك ئەوەی بەنەبوونی توخمێکی گێڕانەوە هەست بەنەبوونی کەم و کوڕی و ناتەواوی دەقی ئەدەبیی دەکەین، ئاوا بەنەبوونی هونەرێك لە هونەرەکانی گێڕانەوە دەقی ئەدەبیی کەم و کوڕی تێدەکەوێت.

## تەوەری یەکەم
## هونەری وەسف لە داستان و ڕۆماندا

### أ- هونەری وەسف لە رووی تیۆرییەوە:

وەسف یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ توخمەکانی گێڕانەوەدا هەیە. شاعیر یا نووسەر لەرێگەی وەسفەوە زانیاری زیاتر لەبارەی هەر یەك لە کارەکتەر و شوێن بەخوێنەر دەدات.

(وەسف) ((وێنەگرتنێکی زمانی واتا داره))[1]. شاعیر یا نووسەر زمان وەك ئامێری وێنەگرتن و گواستنەوەی ئەو واقیعە بەکاردێنێ کە دەیەوێ لەناو دەقەکەدا واقیعێکی دیکەی پێ دروست بکات کە هاوشێوەی واقیعی ژیان بێت، بەڵام کت و مت لەو نەچێت و کۆمەڵێك خەسڵەتی هەبن کە لەو جیا بکرێتەوە. خەسڵەتی جیاکەرەوەی ژیان و تایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی دەبنە هۆی ئەوەی جیاوازی بکەوێتە نێوان ئەو دوو جیهانەوە. بەم جۆرە وەسف نەك تەنیا ئەو نێوەندەی بۆ وێنەگرتن و وەسفکردن بەکاری دەهێنێ لەوەسفکردنی واقیعدا جیاوازە، خۆشی لەو وەسفەدا جیاواز دەبێت کە لەواقیعدا هەیە. وەك(د. احمد زياد محبك) دەڵێت: ((وەسف شێوە و رەنگەکان بەو جۆرە ناگوازێتەوە کە چاو دەیانبینێ، بەڵکو بەپێی گۆشەنیگایەکی دەروونی هونەریی ئیستاتیکی دەیگوازێتەوە))[2]. ئەم بۆچوونەی (محبك) بەر لایەنی دووەمی تیۆری لاساییکردنەوە لای (ئەرەستۆ) دەکەوێت، شاعیر یا نووسەر بەم شێوەی

(١) محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، www.awu-dam.org

(٢) متعة الرواية، ص٣٧.



لە شتەکان دەدوێ یا بەم شێوەیە وێنایان دەکات کە دەخوازێ کەرەستە و شتەکان لەژیاندا بەم جۆرە بن و خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بن.

پەیوەست بوونی وەسف بەو گۆشەنیگایەی کە بۆ گێڕانەوە بەکاردێت وای کردووە لەلایەك پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ئەم دوو کەرستەیەی ناو دەقدا هەبێت، و لەلایەکی دیکەوە دووهەمیان چۆنییەتی دەرکەوتن و بەکارهێنانی یەکەمیان دیاربکات. بۆنموونە ((کە گێڕانەوە پارچەپارچەبێت وەسفی شوێن دابەشبوو، و لەبەر یەك هەڵوەشاوە دەبێت، کاتێکیش بینینەکە فراوان بێت وەسفی شوێنەکە یەکگر و گشتی دەبێت))[3]. ئەگەر ئەو گۆشە نیگایەی بۆ گێڕانەوەی دەقەکە بەکارهاتووە

ڕاناوی سەربەخۆی (ئەو) بێت، ئەوا وەسفەکە یەکپارچە دەبێت و حیکایەتخوان بەتەنیا ولەسەریەك وەسفی هەر شتێکیان بۆ دەکات کە بیەوێت، بەڵام کاتێك بۆ گێڕانەوە(من) بەکارهاتبێت، ئەوا وەسفی شتەکان و کارەکتەرەکان بە بەش بەشی بەخوێنەر دەگات و هەمووی بەسەر یەکەوە نییە و هیچ کامێك لە کارەکتەرەکان ناتوانن وەسفی تەواوی شتێکمان بۆ بکەن ئەگەر ئەوانی دیکە تێیدا بەشداربن، بەڵام ئەگەر بەتەنیا توخمەکە یا کەرستەکە تاکە کارەکتەرێك ببینێت ئەوا (من) وەکو (ئەو) ی لێدێت و (من) وەسفی شتەکانمان هەمووی بەسەر یەکەوە پێدەڵێت.

لەناو دەقدا گرنگی وەسف لەگرنگی هیچ هونەر یا توخمێکی گێڕانەوە کەمتر نییە، وەك(تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح) دەڵێت: ((وەسف پێویستییەکی سەرەکی گێڕانەوەیە، زۆر زەحمەتە بێ وەسف بتوانین بگێڕینەوە، بەڵام کارێکی ئاسانە وەسف بکەین بێ گێڕانەوە))[4]. هەر شتێکیش کاتێك دەبێت بە پێویستی ئەوا بەناچاری دەبێت سوودی لێوەربگیرێت و بەکاربهێنرێت.

بەکارهێنانی وەسف ((ئەوەندە پەسندە کە لە پێناوی پەروەردەکردن و گەشەکردنی قارەمانانی (کارەکتەر) ی چیرۆکدا بێت. دیمەن و دیاردەکان دەبێت کار لەئامادەبوونی کارەکتەر بکەن: هەروەها شت و جل و بەرگ و ناوەوەی ماڵان کە دەرخەری کارەکتەرن، دەبێت

(٣) محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، www.awu-dam.org

(٤) بینای شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی کوردیدا، ل١٧٨.

زۆر بەوردی وەسف بکرێن))[٥]، بەڵام نابێ بە وردی وەسفکردنی شتەکان ببێتە هۆکار بۆ چەق بەستوویی پرۆسەی گێڕانەوە بۆ ماوەیەکی درێژ و درێژ دادڕی لەوەسفکردندا بگاتە ئەو رادەیەی خوێنەر بێزار بکات.

(باڕۆن) دەڵێت: ((یەکەمین شت پێویستە ئاگاداری بین ئەوەیە وەسف بەمەبەستی وەسف کردن بەکار نەهێنرێت))[٦]. بەوەی تەنیا قەوارەی دەقەکەی پێ گەورە بکرێت یا تەنیا ئامانج ئەوە بێت خوێنەر هەندێك زانیاری لەسەر ئەو کەرستە یا کارەکتەر و شوێنانە بەدەست بێنێ کە وەسفیان دەکرێت، و پێویستە نووسەر لەگەڵ وەسفکردنی هەریەکێك لەمانە سەرەڕای زانیاری بەخشین لەبارەیانەوە، وابکات خوێنەر شتی دیکەیان لێ هەڵبهێنجێت و زەمینە سازی دروستبکات بۆ ئەو رووداوانەی لەدوای وەسفەکە دێن، بەجۆرێك ئەگەر وەسفی کارەکتەرێك یا شوێنێك بکات کە بە رووداوی دوای وەسفەکە هەڵدەستن یا دەبنە ئەو شوێنەی کە رووداوەکانی تێدا روودەدات، ئەوا ئەو زەمینەیە دروستبکات کە خوێنەر هەست بە ئامادەیی ئەو کارەکتەرە یا ئەو شوێنە بکات بۆ ئەنجامدان یا لەخۆگرتنی رووداوەکە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە وەسف هەمان ئەو رۆڵە دەگێڕێت کەگێڕانەوە لەناو دەقدا پێی هەڵدەستێت ((گێڕانەوە بەدوای یەکدا هاتنی کاتی رووداوەکان پێك دەهێنێ کەچی وەسف شتە هاو شوێنەکان و ئەو شتانە دەنوێنێ کە لە شوێندا یەکتر دەبڕن))[٧].

ئەرکی وەسف لەخۆگرتنی رووداو و کردارەکانی ناو بەرهەمێك نییە و ئەرکی ((پشکنینی شتەکان و پێکهاتەکانیانە، لەگەڵ کارەکتەرەکان و هەڵسو کەوتیان))[٨]. هەروەها مانای ئەوە نییە کە وەسف هیچ پەیوەندییەکی بە گێڕانەوەوە نییە. (رۆلان برنۆڤ) دەڵێت: ((دەتوانین وەسف بۆ دروستکردنی میلۆدیای گێڕانەوە بەکاربێنین))[٩]. خەسڵەتی وەسف ئەوەیە دەتوانێ کورت بێت و دەتوانرێ بە پێی پێویستی دەق شاعیر یا نووسەر درێژی بکاتەوە، درێژکردنەوە و

(٥) سیروس پرهام ((دکتۆر میترا))، کارەکتەر سازی ریالیستی لە رۆمان و چیرۆکی کوردتدا، ل١٥٨.

(٦) الدکتور عبدالله مسلم الکساسبە، تجربە سلیمان القوابعە الروائیە، ص١٤٢.

(٧) نەجم خالید نەجمەددین ئەلوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردی دیدا، ل٢٠٢.

(٨) الدکتورموریس أبو ناضر، الألسنیة والنقد الأدبي، دار النهار للنشر، بیروت، ١٩٧٩، ص١٣٣.

(٩) عالم الروایة، ص١٠٧.



کورتکردنەوەی وەسف هۆکارن بۆ ئەوەی ئایا ئاوازی دەق خاو بێت یا خێرا، وەستا و بێت یا جوڵاو.

لەم دوو بۆچوونەدا دوو ئەرکی گرنگی وەسفمان بۆ دەردەکەوێت کە یەکێکیان پشکنین و بەدیارخستنی کارەکتەرەکان و شوێن و کەرەستەکانی ناو دەقە، و ئەوی دیکەیان دروستکردنی ئاوازی گێڕانەوەیە.

بوونی ئەم ئەرکانەی وەسف بۆچوونی رەخنەگرانی کلاسیك دەخاتە لاوە کە پێیان وابوو وەسف ((توخمی رازاندنەوە و زەخرەفەی ناو دەقە))[١٠] کە ئەمە ئەرکێکی هەرە سادەی وەسفە. سەرەڕای ئەم سێ ئەرکە(د. عبدالله مسلم الکساسبە) دوو ئەرکی دیکە بۆ وەسف دیاردەکات کە یەکێکیان ئەرکی دیارکردنی رەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرە و ئەوەی دیکەیان ئەرکێکی نادیارە و لە رێی وەسفی شتەکانەوە خوێنەر کێشی ناو دەقەکە دەکات و لەرێی وەسفی شتەکانەوە ئەو بۆچوونەی لا دروستدەکات کە کەرستە و کارەکتەرەکان واقیعین و خەیاڵی نین[١١].

بە گشتی دەکرێ ئەرکی وەسف لەسێ خاڵدا کۆ بکرێتەوە:

١- بەخشینی ئیستاتیکا و میلۆدی بەدەق.

٢- بەخشینی زانیاری و روونکردنەوەی خەسڵەتە ناوەکیی و دەرەکییەکانی پاڵەوان و کارەکتەر.

٣- بەخشینی چەمکی واقیعی بەدەق.

بە پێی ئەو ئەرکانە و چۆنییەتی ئەو وەسفەی لەناو دەقدا هەیە جۆرەکانی وەسف دیار دەکرێن:

(محمد عزام) بە پێی درێژی و کورتی وەسفەکان دوو جۆر وەسفی دیارکردوون:

١- وەسفی درێژ دادڕ کە حیکایەتخوان هیچ شتێك ناپەڕێنێت و هەموو وردەکارییەکان دەگێڕێتەوە.

(١٠) شجاع مسلم دغیم العاني، البناء الفني في الروایة العربیة في العراق، ص٢٣٩.

(١١) تجربة سلیمان القوابعة الروائیة، ص١٤٢.

٢- وەسفی هەڵچنراو کە هەندێك شت دەگێڕێتەوە و لەهەندێك لایەندا بوار بەخوێنەر دەدات خۆی مەزندەی چۆنییەتی بوونی شتەکان بکات[١٢].

هەروەها (جیفری لیچ) جۆرەکانی وەسف دابەش دەکاتە سەر ((وەسفی ماددی و تەجریدی و، وەسفی خودی و بابەتی))[١٣]. لە وەسفی مادیدا شتێك دەخرێتە سەر ئەو کەرستانەی رەهەندی کات و شوێنیان هەیە لەگەڵ بوونی شێوە و رەنگ و خێرایی و جوڵە. هەرچی وەسفی تەجریدییە ئەوا زیاتر لایەنی تایبەتمەندی و بارودۆخ و هەڵکەوتە زەینی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە[١٤]. وەسفی خودی زیاتر وەسفی کارەکتەرەکان دەگرێتەوە کە لەهەردوو لایەنی دەرەکی و ناوەکی کارەکتەرەکان دەدوێت.

ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە هەموو جۆرەکانی وەسف پەیوەندییان بە کارەکتەر و شوێنەوە هەیە و لەناو دەقدا وەسفی ئەم دوو توخمە دەکرێت.

**١- هونەری وەسف لە داستاندا:**

گوتمان وەسف بریتییە لە وێنە گرتنێکی زمانی بۆ ئەو کارەکتەر و پاڵەوان و شوێن و کەرستانەی لەواقیعدا هەن و روونمان کردەوە کە بوونی زمان بۆ وەسف چ گرنگییەکی هەیە. زمانی داستان تارادەیەکی زۆر زمانێکی سادەیە و دوورە لە ئاڵۆزی و شاعیر هەمیشە هەوڵدەدات خوێنەر بەزووترین کات لێی تێبگات، بۆیە ئەو وەسفانەی لەداستاندا هەن تارادەیەکی زۆر سادەن و ئاڵۆزیان تێدا نییە. (د. سیرۆس شەمیسا) پێیوایە لەبەر ئەوەی شێوازی داستان لایەنی ماددی و بەرجەستەی تێدایە، بۆیە شاعیر لە جێگای وەسفکردنی ئازایەتی، کەسێکی ئازا وەسف دەکات[١٥]. بەم جۆرە خۆی رزگار دەکات لەوەسف کردنی شتێکی واتایی و دێت شتێکی بەرجەستە کە پاڵەوان یا کارەکتەرێکی دیکە وەسفدەکات و لەم رێیەوە بە دروستی خۆی لەگەڵ زمانی داستان دەگونجێنێ.

(١٢) شعرية الخطاب السردي، www.awu-dam.org

(١٣) اللغة والعالم القصصي، ص١٦.

(١٤) سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

(١٥) انواع ادبی، ص١١٠.



تێگەیشتن لە بابەتێکی واتایی کارێکی ئاسان نییە و لایەنی کەم پێویستی بەبیرکردنەوەی زۆر هەیە تا لێی تێدەگەین، بەو هۆیەی بابەتە واتاییەکان پەیوەندییان بە مێشکی مرۆڤەوە هەیە و تێگەیشتنیش لەو شتانەی بەرجەستە نین و نادیارن زۆر قورسترە لەو شتانەی کەلەبەر دەستن و دەبینرێن، بۆیە ئەو زمانەی بۆ وەسفکردنی شتێکی بەرجەستە بەکاردێت ئاسانترە لەو زمانەی شتە واتاییەکانی پێ شیدەکرێنەوە.

داستان وەك بەرهەمێکی کامڵ پێویستە هەموو ئەو توخم و هونەرانەی لەناویدا بەکار هاتوون و سوودیان لێوەرگیراوە کامڵ بن و تا بکرێ لە هەڵە بەدوور بن. وەسف وەك یەکێك لەو هونەرانەی ناو داستان بەدەر نییە لەو رێسایە و ((پێویستە تادەکرێ بەدەربێ لەهەڵە کردن))[١٦] و دەبێ شاعیر یەکجار ورد بێت لەبەکارهێنانی ئەو وەسفانەی کە لەناو داستانەکەیدا بەکاریان دێنێ، بەڵام وردبینی بەو واتایە نا کە شاعیر وێنەی ورد و درشتی شوێنێك یا کارەکتەرێکمان پێ بڵێت، شاعیر ئەم کارە ناکات و ((هیچ پەیوەندییەکی بە وەسفکردنی پاژەکانەوە نییە))[١٧]. لە چوارچێوەی وەسفە گشتییەکان دەرناچێ. ئەگەر ئەم کارە بکات ئەوا کاملییەکەی لەدەست دەدات. لەبەر ئەوەی تەواوی داستان بۆ ئەوەیە لە رێگەیەوە خزمەت بەگشت بکرێت و هەموو ئەو شتانەی لە رێگەوە دەردەبڕێن کە پەیوەندییان بەگشتەوە هەیە کە شاعیریش لەو رێسایە لابدات و بەرەو وەسفکردنی وردەکارییەکان بچێت ئەوا بەگشتی لە کامڵ بوون لایداوە و بەرهەمەکەی نابێتە بەرهەمێکی کامڵ و ئەو لادانە دەبێت بەکەلێنێك لەداستانەکەیدا.

دەبێ ئەوە بڵێین کە لە داستاندا وەسفی زۆر دوور و درێژ بەرچاو دەکەون، بەڵام دوور و درێژی وەسفەکان مانای بەوردی وەسفکردنی شتەکان یا پاڵەوان و کارەکتەرەکان ناگەیەنێت و وەسفەکان هەرچەندە درێژبن هەر لە سنووری وەسفە گشتییەکەدا دەمێننەوە وردەکارییەکان وەسف ناکرێن.

وەسف پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەلاسایی کردنەوەوە هەیە و شاعیر پێویستە ئاگاداری چۆنییەتی ئەو لاساییکردنەوەیە بێت، بەتایبەتی لەداستاندا کە لاسایی کردنەوە تێیدا زاڵە. ئەگەر وەسفەکە وەکو ئەوە بکات کە لەواقیعدا ئەنجامی داوە ئەوا کارەکەی بێ کەم و کوری

(١٦) دیود دیچز، شیوەهای نقد ادبی، ص٨٨.

(١٧) دکتر سیروس شمیسا، انواع ادبی، ص٢٠٧.

دەبێت و رەخنەی لێ ناگیرێت، بەڵام ئەگەر شاعیر بەوە تاوانبارکرا کە وەسفەکانی لەگەڵ وەسفی راستەقینەی شتەکاندا نایەنەوە، ئەوا پێویستە بڵێ من شتەکانم لەو سۆنگەیەوە وەسف کردووە کەدەکرێ شتەکان وابن، بەڵام ئەگەر وەسفەکە نەوەك وەسفی راستەقینەی شتەکان و نە وێنەی شتەکان بێت، دەکرێ بەو شێوەیە وەڵامی رەخنەکان بداتەوە کە وەسفەکە لەگەڵ باوەڕی گشتیدا تەبایە[18]. لێرەدا گرنگی باوەڕی گشتیمان لەداستاندا بۆ دەردەکەوێت کەنەك هەر داستان وەکو دەربڕێکی باوەڕی گشتی بەکاردێت، بەڵکو باوەڕی گشتی زۆرینەی کات رزگارکەری شاعیرە لەو کێشانەی دووچاری دەبن لەکاتی نووسینی داستانەکەیدا. سەرەنجام چ ئەو خزمەتەی داستان بەباوەڕی گشتی دەکات و چ ئەوەی باوەڕی گشتی وادەکات داستان لای خەڵکی قەبوڵکراوبێت، هەردووکیان دەکەونە خزمەتی گەیاندنی باوەڕە گشتییەکەوە.

لەداستاندا وەسفی سروشت و بەهار و شوێنەکان دەکرێت لەگەڵ وەسفکردنی خۆشی و ناخۆشیی شوێنەکان، هەروەکو وەسفی پاڵەوان و کارەکتەرەکان و جوانییان یان ناشیرینیان، چاکی و خراپییان دەکرێت، هیچ سنوورێك رێگە بە شاعیر ناگرێت تا خۆی لە وەسفکردنی ئەو شتانە دوور بگرێت، بەڵام لە داستاندا سەرەڕای بوونی ئەمانە، رووداو یاپاڵەوان یا شوێنی لەرادەبەدەریش هەن و وەسفکردنیان کارێکە بە ئەرێنی بەسەر داستانەکەدا ناکەوێتەوە و نەك هەر ئەوە، بەڵکو (دێڤد دیچز) لەگەڵ ئەوەیە کە ((هێنانی هەر بابەتێکی نامومکین بۆ وەسفکردنی شتەکان هەڵەیە))[19]. نابێت شاعیر پەنا بۆ بۆچوونی نامومکین ببات تا وەسفی پاڵەوان یا شوێنی پێ بکات.

بوونی وەسفی بابەتە لە رادەبەدەرەکان لەداستاندا تەنیا لەو کاتانەدا رێیان پێدەردێت، کە شاعیر هەست بکات بە وەسف کردنی لەم جۆرەی شتەکان کاریگەری زیاتریان بەسەر خوێنەر دەبێت و باشتر دەتوانێت بچێتە ناو ناخی و زیاتر بیکێشێتە ناو داستانەکەوە.

(١٨) دیود دیچز، شیوەهای نقد ادبی، ص٨٨.

(١٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.



## ٢- هونەری وەسف لە رۆماندا:

ئەگەر وەسف گرنگترین هونەری ناو رۆمان نەبێت، ئەوا یەکێکە لە گرنگترین هونەرەکانی. (نەجم خالید ئەلوەنی) پێیوایە ((ناکرێت رۆمانێك بنووسرێت بێ ئەوەی وەسفی تێدا هەبێت))[20].

رۆمان یەکێکە لەو بەرهەمانەی زۆر بەچڕو پڕی وەسفی تێدا دەبینرێت و زۆر بەکەمی نەبێ کارەکتەرێك یا شوێنێك لە ناو رۆماندا نابینینەوە کە وەسف نەکرابێت(د. احمد زیاد المحبك) دەڵێت: ((رۆماننووس هیچ نییە تەنیا وێنەکێشی دیکۆر و وێنەکێشی کارەکتەرەکان نەبێت))[21]. ئەو وێنە کێشییەی رۆماننووس بۆ شوێن و کارەکتەر دەیکات لە رێگەی هونەری وەسفەوە ئەنجامی دەدات. ئەم کارەی بۆ ((وێنەکێشانی شوێنی رۆمانە و هاوشێوە کردنییەتی لەگەڵ شوێنی جیهانی واقیعدا))[22]. بەم پێیە مەبەست لەبەکارهێنانی شوێن لە رۆماندا تەنیا رازاندنەوە یا تەنیا مەبەست وەسفکردن نییە و هەروەها وەسفکردن خودی مەبەستەکە نییە، بەڵکو ناساندنی کارەکتەر و شوێنەکان دەبێتە مەبەستی سەرەکی وەسف کردنەکە.

هاوشێوەکردنی شوێنی رۆمان لەگەڵ شوێنی واقیعیدا گرنگترین کارێکە کە هونەری وەسف لەناو رۆماندا دەیگێڕێت. رۆمان خۆی بە نزیکترین بەرهەمی ئەدەبی لە واقیع دا دادەنێت. لە رێگەی وەسفەوە رۆماننووس دەیەوێ ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی واقیع بەهێزتر بکات و، وای دەربخات هەریەك لەو کارەکتەر و شوێنانەی لە رۆمانەکەدا هەن لە واقیعی ژیاندا نموونەیان دەبینرێت، ئەگەر خودی خۆشیان لە واقیعدا نەبن.

لەوەسفی کارەکتەردا رۆماننووس پێویستە بەوردی ئاگاداری باری دەروونی و بیرکردنەوە و ئەو رەهەندانە بێت کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستکردنی لایەنی ناوەوەی کارەکتەر و لە رووی دەرەوەدا پێویستە ئاگاداری هەڵس و کەوتی کارەکتەرەکە بێت، سەرەڕای بایەخدان بەم دوو لایەنە لەوەسفکردنی کارەکتەردا، پێویستە رۆماننووس گرنگی بدات بەو پەیوەندییەی کە لە نێوان لایەنی دەرەکی و ناوەکی کارەکتەردا هەیە و بتوانێ گونجانێك لەنێوان هەردوو لایەنی

(٢٠) بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردی دا، ل٢٠٠.

(٢١) متعة الروایة، ص٣٨.

(٢٢) تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، بینای شوێن لەدوو نموونەی رۆمانی کوردیدا، ل٤٧.

کارەکتەردا دروستبکات. لەبەرئەوەی نەگونجاندنی ئەم دوو لایەنە لەگەڵ یەکدا سەرەنجام نا سەرکەوتوویی لە دروستکردنی کارەکتەری لێدەکەوێتەوە و گونجاندنیشی سەرکەوتن.

لە وەسفکردنی شوێندا، سەرکەوتن ((تارادەیەك بەندە بە شارەزایی ڕۆماننووس لەو ناوچەو شوێنانە کە کردونیەتە گۆڕەپانی ڕووداو و کارەکتەرکانی))[٢٣]. ئەمە ئەگەر شوێنەکە شوێنێکی واقیعی بێت و ڕۆماننووس بەدەستکارییەکی کەمەوە گواستبێتیەوە ناو دەقەکە، بەڵام ئەگەر شوێنەکە خەیاڵی یا فانتازی بێت و دروستکراوی بیری ڕۆماننووس بێت ئەوا پێویستە ڕۆماننووس ئاگاداری وردی هەبێت لەو وەسفانەی بەو شوێنانەی دەدات و گونجانێکی دروست لە نێوان ئەو کەرستانەی لە شوێنەکە و خودی شوێنەکەدا هەن دروست بکات.

ڕێژەی ئەو وەسفانەی کە هەن لە ڕۆماندا سنووردار نین و لە ڕۆمانێك بۆ ڕۆمانێکی دیکە جیاوازن، هەروەها وەسف کردنی کارەکتەرێك لە کارەکتەرێکی دیکە یا شوێنێك لە شوێنێکی دیکە جیاوازە. وەسف ((لە هەندێ ڕۆمان دا لەوانەیە چەند لاپەڕەیە بخایەنێ بەڵام لەهەندێکی تردا تەنیا کۆپلەیەکی بچکۆڵە پێك دەهێنێ و زوو کۆتایی دێت))[٢٤].

وەسف لە ڕۆماندا دەوەستێتە سەر پێویستی ڕۆمانەکە بۆ وەسف نەوەك ئارەزووی ڕۆماننووس بۆ ئەم کارە و لەسەر ڕۆماننووس پێویستە خۆی لە زیادە ڕۆیی لە وەسفکردندا بەدوور بگرێت و وردی لەوەسف کردنی کارەکتەر و شوێن و شتەکان بەوە لەیەك نەداتەوە کە دەبێ وەسفێکی دوورودرێژی شتەکان بکات، بەڵکو ئەوەندە وەسفی شتەکان بکات تا ئەو ئامانجە دەپێکێ کە لەرێگەی وەسفەکەوە دەیەوێ پێی بگات. کە ئەم کارەشی کرد ئەوا وەسفێکی سەرکەوتوو ئەنجام دەدات. بە پێچەوانەی ئەمەوە دەچێتە ناو ئەو ڕۆمانانەی بەردەوام دەناڵێنن لە زیادەڕۆیی لە وەسف کردندا[٢٥]. بوونی وەسفی زۆر و درێژ لەڕۆماندا بێزارییەکی تەواو لای خوێنەر دروستدەکات لەبەر ئەوەی وەسف تارادەیەکی زۆر وەستانی تێدایە و بزاوتی ناو ڕۆمان هێواش دەکاتەوە.

زیادە ڕۆیی لەوەسفکردنی ڕۆماندا لە دوو لایەنەوە کاریگەری نەرێنی بەسەر ڕۆماندا دەبێت، یەکێکیان ئەو بێزارییە لای خوێنەر ڕۆماندا دروستی دەکات و ئەویتریان گەورەکردنی

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

(٢٤) نەجم خالید نەجمەددین ئەلوەنی، بینای کات لەسێ نموونەی کوردی دا، ل١٩٨.

(٢٥) محەمەد نوری ئەحمەد، بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا، ل١٧٧.



قەبارەی دەقەکەیە کە ئەم دوو خەسڵەتە دژ بەیەکن، بەڵام گەورەیی قەبارەی ڕۆمانێك لەکاتێکدا نابێتە کێشە ئەگەر ڕۆماننووس توانیبێتی سەرکەوتووانە هەموو توخم و هونەرەکان بەزرێنێت و بزاوت و جوڵەیەکی زۆر بخاتە ناو ڕۆمانەکەوە.

ئەگەر لەلای ڕۆماننووسە بەرایییەکان، وەسف تەنیا وەکو کەرستەیەکی رازاندنەوە بەکارهاتبێت و ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە جەختیان لەسەر بەکارهێنانی ئەم جۆرە وەسفە کردبێتەوە ئەوا، ئەو ئەرکانەی وەسف لەناو ڕۆماندا دەیانبینێ قۆناغ بە قۆناغ گۆڕاون و لە ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخدا ئەرکی دیکە بە وەسف دراوە.

لە ڕۆمانی نوێدا ((وەسف ئەو بەردەوامییەی هەیە کەلای فلۆبێر و کافکا هەبوو، کە یەکەمیان بە وردی و بەڵگە هێنانەوە ناسرابوو، و دووەمیشیان بە دووبارەکردنەوە لەوەسف کردنی شت و بینینی لە هەموو لایەکانییەوە))[٢٦]. پەیڕەوکردنی ئەم دوو ڕەوتە لەلایەن ڕۆماننووسانەوە وای لێکردوون ئەوەندە وردبن وەك ئەوەیە ڕۆماننووس بە کامیرایەکی سینەمایی وێنەی شتەکانی بۆ گرتبین. هەروەها تاکخوازی لای ڕۆماننووسان و قەناعەت نەهێنان بەوەی تەنیا لایەنێکی کەرستە یا توخمێك وەسف بکرێت و وازی لێبهێنرێت وای کردووە لە هەموو لایەنەکانی شتەکان بدوێن و خوێنەر بە ورد و درشتی هەر توخمێك ئاشنا بکەن کە وەسفی دەکەن.

لە ڕۆمانی نوێدا ئەرکێکی دیکە خراوەتە سەر ئەرکەکانی دیکەی وەسف و ئێستا وەسف بووە بە ((ئاستێك لە ئاستەکانی دەربڕین، لە تاقیکردنەوەیەکی ئاڵۆزدا لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی دەقدا تێکەڵ دەبێت بۆ ئەوەی مانایەك بگەیەنێت یا هەڵوێستێك، یا دەردەسەرییەك دەربڕێت))[٢٧]. کاتێك وەسف دەگاتە ئەو ئاستەی خۆی شتەکان و لێیان بدوێت ئەوا ڕاستەوخۆ چەمکی وەسف لە نێوەندەوە بۆ خودی مەبەست دەگۆڕێت، بۆیە لە ڕۆمانی نوێدا جیا لەوەی نێوەندە خودی مەبەستیشە.

(٢٦) شجاع مسلم دغيم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص٢٤٥.

(٢٧) صالح ابراهيم، الفضاء و لغة السرد في روايات عبدالرحمن منيف، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى، دار البيضاء-المغرب، ٢٠٠٣، ص١٣١.

### ٣- بەراوردکردنی هونەری وەسف لەداستان و ڕۆماندا:

لە داستاندا لەبەر ئەوەی هەموو کات ئەو گۆشە نیگایەی بۆ گێڕانەوە بەکاردێت لە ڕێگەی ڕاناوی (ئەو) دەبێت، بۆیە وەسفەکانی یەك پارچەن و شاعیر وەسفی هەر کەسێك یا هەر شوێنێك جارێك بەتەواوی دەکات. هەرچی ڕۆمانە لەبەر ئەوەی گۆشە نیگای بەکارهاتوو لە ویدا دەگۆڕێت و هەموو کات(ئەو) شتەکانمان بۆ ناگێڕێتەوە، جاری وا هەیە (من) ەکان شتەکان وەسف دەکەن و وەسفکردنی هەر یەکێك لەوانە ڕەنگە لە کاتێکدا بێت و ڕەنگیشە وەکو یەك وەسفی یەك شت نەکەن.

چ لە داستان و چ لە ڕۆماندا وەسف ڕۆڵ دەبینێ لە خێرا یا هێواش ڕۆیشتنی ڕەوتی گێڕانەوە. وەسفەکانی داستان وەسفی سادەن و تابکرێ شاعیر خۆی بەدوور دەگرێ لەوەسفکردنی شتە واتاییەکان و زیاتر خۆی بە مادییەت دەبەستێتەوە، بەلام لە ڕۆماندا دەکرێ سوود لەهەموو جۆرەکانی وەسف ببینرێت، ئەگەرچی لە ڕۆماندا و بەتایبەتی لە ڕۆمانی نوێدا وەسفی خودی زیاتر باوە.

شاعیر و ڕۆماننووس لە مەزراندنی وەسفدا پێویستە لەسەریان زۆر وردبن. لەداستاندا شاعیر پێویستە ورد بێت بۆ ئەوەی هەڵە نەکات، لەبەر ئەوەی داستان بەهۆی کاملییەوە هەڵە قبوڵ ناکات. لە ڕۆماندا وردی پێویستە بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە کەرستە وەسفکراوەکان لەگەڵ یەکتردا بگونجێن و سەرەنجام ببنە دەربڕی ئەو پەیامەی کە ڕۆماننوس دەیەوێ بیگەیەنێ.

لە هەردوو ڕەگەزی ئەدەبیدا نابێت زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وەسفدا بکرێت، و بۆ هەردووکیان زیادەڕۆیی لەوەسف دا دەبێتە مایەی چەقبەستوویی و وشکی دەق و لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی بێزاری خوێنەر.

## ب- هونەری وەسف لە رووی پراکتیکەوە:

### ١- هونەری وەسف لە داستانی (مەم و زین) دا:

زمانی داستانی (مەم و زین) شیعرە و زمانی شیعری داستانیش سادە و دوور لە ئاڵۆزییە. لە هەمانکاتدا پڕیەتی لە هونەرەکانی رەوانبێژی کە زیاتر مەبەست لێیان رازاندنەوەی داستانەکەیە. وەسف لە داستانی (مەم و زین) دا ئەم دوو لایەنەی تێدا بەدی دەکرێن، وەسفێکی سادەی کارەکتەر و شوێن و شتەکان و لەهەمانکاتدا وەسفێکی رازاوە کەزۆر کەم دێرە شیعرێك دەبینینەوە هونەرێك لەهونەرەکانی رەوانبێژی تێدا نەبێت.

(خانی) لەوەسفی (زین و ستی) دا دەڵێت:

((ئەووەل فکرن د زولف و خالان

دیتن کو دلان دبن ب تالان

گاڤا فکرین د قەوسێ ئەبروو

بوون شوبهەتی وەسمە ژێ سیەه روو))[28]

تێگەیشتن لەم دوو دێرەی سەرەوە زۆر ئاسانە و هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نییەو جوانکارییەکی بەرزی تێدایە. لەهەمان کاتدا ئەو وەسفە هەڵگری زانیارییە و کاتێك خوێنەر ئەم دوو دێرە دەخوێنێتەوە ئاگاداری جوانی هەریەك لە (زین و ستی) دەبێت. هەروەك وەسفی جوانی هەریەك لەو دوو پاڵەوانە دەسپێکێکە بۆ ئەوەی خوێنەر کاتێك چەند دێڕێك دوای ئەمە لەخۆچوونی (مەم و تاجدین) بەهۆی جوانی (زین و ستی) دەخوێنێتەوە، بۆچوونی وای بەخەیاڵدا نەیەت کە کاری لەم جۆرە مەحاڵە.

وەسف لەدەقدا زیاتر پەیوەندی بە دوو توخمەوە هەیە:(پاڵەوان و شوێن). لەداستانی (مەم و زین) یشدا هەمان شت دەبینین، (د. مارف خەزنەدار) دەڵێ: ((لە چیرۆکی مەم و زین و لەگەڵێ فەسڵ و بابەتدا وەسفی سروشت و ئادەمیزاد، بەتایبەتی دولبەر، بەدی دەکرێ، لەهەندێ جێ وەسفێکی سادەی جوانی فۆتۆگرافیانە دەخاتە پێش چاوی خوێنەر))[29].

(٢٨) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل١٤٥.

(٢٩) مێژووی ئەدەبی کوردی -بەرگی دووەم، ل٣٦٤.



بۆئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی روون وەسفی پاڵەوان یا کارەکتەر و شوێن لە (مەم و زین) و (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دابخەینە روو باسی هەریەکەیان بە جیا دەکەین:

### أ- وەسفی پاڵەوان لە داستانی (مەم و زین)دا:

لەوەسفی پاڵەواندا ئەو دوو بنەمایەی بۆ وەسف دانراون هەردوو جۆری وەسفی کورت و وەسفی درێژی لێ کەوتوونەتەوە، شاعیر سوودی لەهەردووکیان وەرگرتووە و بەکاریهێناون، بۆ نموونەی (وەسفی کورت) وەسفی ئەو پیرە وەردەگرین کە (بەکر) ی لە بەهەشتدا بینیوە:

((گۆ پیرەکێ مهرداری عاشق

قەولێ وی ژ رەنگێ صوبحی صادق))[30]

(شاعیر) زۆر بەکورتی وەسفی ئەو کارەکتەرە دەکات، و لە سێ تایبەتمەندی ئەو ئاگادارمان دەکاتەوە، کە بریتین لە(پیری، بەزەیی، راستگۆیی) و هیچ وەسفێکی دیکەی ئەو پاڵەوانەمان بۆ ناکات. ئەو وەسفە کورتەی (خانی) کردوویەتی دوو هۆکاری هەن، یەکەمیان ئەوەیە رووداوەکانی داستانەکە تەواوبوونە و تاکە رووداوێك مابێت رووداوی بینینی (بەکر) ە لە بەهەشتدا، بۆیە هیچ پێویستییەك بۆ وەسفێکی درێژ لە ئارادا نییە. دووەمیشیان ئەوەیە (خانی) بۆیە ئەو چەند سیفەتەی ئەو پیرەمان پێدەڵێت، تا ئێمە باوەڕ بەو رووداوە فانتازییە بکەین کە بۆمانی دەگێڕێتەوە و بە باسکردنی هەردوو سیفەتی(پیری و راستگۆیی) توانیویەتی ئەم کارەبکات.

وەسفەکانی ناو داستانی(مەم و زین) زیاتر وەسفی درێژن بە تایبەتی ئەو وەسفانەی تایبەتن بە (مەم و تاجدین) و (زین و ستی) زۆر بەدرێژی وەسفی ئەوان دەکات. لەوەسفی (زین و ستی) دا (خانی) دەڵێت:

((یەك زێدە شرین زیادە مەحبووب

یەك رووحێ قولووب و حووریێ مەقلووب

یەك ئەسمەر و یا دوێ زەری بوو

یەك حووری و یا دووێ پەری بوو. . .

گەردەن تە د گۆ د دەستێ ساقی

قاروورەیە پوڕ شەرابێ باقی))[31]

(٣٠) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٣٣٣.

(خانی) وەسفی هەردوو پاڵەوان لە سی و شەش دێردا دەکات و بەدرێژی هەموو وەسفەکانیان دەخاتەروو. مەبەست لەم درێژییە رازاندنەوەی داستانەکە و دەرخستنی توانای شاعیرە لە رازاندنەوە و وەسفی پاڵەوانەکاندا.

(وەسفی تەجریدی) لە داستانەکەدا هەیە و شاعیر وەسفی لایەنە زەینی و کۆمەڵایەتییەکانی پاڵەوانەکانی خۆی کردووە، لە وەسفی (میر) دا دەڵێ:

((موحتاجێ سەخاوەتا وی حاتەم
مەغلووبێ شەجاعەتا وی روستەم))[٣٢]

(سەخاوەت و ئازایەتی) دوو خەسڵەتی گرنگن کە لە مرۆڤدا هەبن. (میر) خاوەنی ئەو دوو خەسڵەتەیە و لە هەردوو کیشیاندا لە (حاتەمی تەی) و (رۆستەمی زاڵ) تێپەڕاندووە. ئەوەی گرنگە لێرەدا وەسفی پاڵەوانەکە کراوە نەك وەسفی ئازایەتی و سەخاوەت.

زۆرینەی ئەو وەسفانەی لە بارەی پاڵەوان دەکرێن وەسفی بابەتین و خودی نین و شاعیر زیاتر باس لەرەنگ و روخساری جوان و ناشیرینی پاڵەوان دەکات لەبری ئەوەی بچێتە ناو ناخیان و وەسفی ئەو شتانە بکات کە لەناو خود و هزری ئەواندا هەیە. (خانی) بەم شێوەیەی خوارەوە وەسفی چەند خزمەتکارێکی (میر) مان بۆدەکات:

((هەریەك د مەقامێ حوسنێ رۆژەك
هەریەك ب کەلامێ سینە سۆژەك
هەریەك ب کەمالێ بەدرێ ماهەك
هەریەك ب جەمالێ صەدرێ شاهەك))[٣٣]

هەموو ئەو لێکچواندنانەی بۆ وەسفکردنی خزمەتکارەکان بەکارهاتوون لەوەسفکردنی جوانی ئەوان تێناپەڕێت.

لە هەندێ شوێنی دیکەدا -ئەگەرچی بەکەمی- شاعیر سنووری وەسفکردنی بابەتی دەبەزێنێ و دەچێتە ناخی پاڵەوانەکانەوە:

(٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤-٧٥.
(٣٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.
(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.



((زینا کو ب دەردێ هەجرێ غەمگین
بێ صەبر و سوکوون قەرار و تەمکین))[٣٤]

لەم دێرەدا باری دەروونی (زین) وەسف کراوە کە هەمیشە لە دڵە راوکێ دایە و لە هیچ شوێنێك دڵی جێگیر نابێت و ناکرێتەوە.

**ب -وەسفی شوێن لە داستانی (مەم و زین) دا:**

وەسفی سروشت یەکێکە لەو وەسفانەی دەچێتە ناو وەسفی شوێن و لە (مەم و زین) یش دا ئەو وەسفە هەیە. (خانی) بەم جۆرە وەسفی بەهار دەکات:

((ڤان سونبول و لالەئێ د غەررا
رەیحان و بنەفشەئێ موطەررا. . .
ئەڤ باغ و بەهار و بەرگ و ئەثمار
ئەنوار و شوکووفە جەمعێ ئەزهار))[٣٥]

لەم دوو دێرەدا وێنەیەکی فۆتۆگرافیانەی جوان دەبینین کە شاعیر تێیدا وەسفی بەهاری(جزیرە) مان بۆ دەکات کە بەهارێکی پڕ لە سونبول و لالە و رەیحانە و وەنەوشەو درەخت و بەرهەمە.

لە(مەم و زین) دا هەندێك شوێن بە کورتی وەسف کراون و هەندێکی دیکە بە درێژی، بۆ نموونە لەکاتی مارە برینی (تاجدین و ستی) دا، شاعیر بە درێژی وەسفی شوێنەکەمان بەم شێوەیە دەخاتە بەرچاو:

((کێشا وی ب مەجلسا خوە خوانەك
گۆیا کرە فەرشێ ئاسمانەك. . .
قورصێ مەه و میهرێ ئاسمانی
ئینان تە د گۆ ب جایی نانی
ئەڤ لەنگەریێ د زیڤ و زێڕین
شوبهەت فەلەکێ د ژۆر و ژێرین))[٣٦]

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٩.
(٣٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١-٣٢٢.

لەو پارچە شیعرە بەدوورو درێژی و لە سی و پێنج دێڕە شیعردا ئەوەمان دەخرێتە بەرچاو کە لە ماڵی(میر) چ شتێك هەبووە و تارادەیەك شاعیر دەچێتە ناو باسکردنی وردەکاری شتەکانەوە.

بۆ (وەسفی کورت) نموونەی ئەو چاڵە وەردەگرین کە (مەم) ی تێدا زیندانی کراوە:

((هاڤێتنە چالەکی ب زاری
تەشبیهی ب گۆڕی تەنگ و تاری
مەکرووهـ وەکی دەهانێ ئەژدەر
مەنکوور وەکی نەکیر و مونکەر))[٣٧]

(تاریکی و تەنگی و بێ دەرگایی) چەند وەسفێکی کورتن شاعیر بۆ ئەو چاڵەی کردووە و ئێمە تەنیا ئەو سێ سیفەتەی ئەو چاڵە دەزانین و ئیدی نازانین ئەو چاڵە چۆن بووە. شاعیر ناچێتە ناو وردەکارییەکانی وەسفی ئەو شوێنە و بە وردی وەسفی هیچ شتێکمان بۆ ناکات هەموو وەسفی چاڵەکە لەو دوو دێڕە شیعرە تێناپەڕێت. هۆکاری ئەم کورتبڕیە بۆ ئەوەیە شاعیر دوای ئەو دوو دێڕە راستەو خۆ پێمان بڵێت:

((ڕوونشت دوێ ڤە عابدانە
زندان ل وی بوویە چللەخانە
ئەو جهـ ل وی بوویە چاهێ نەخشەب
ئەو مەهـ گەڕیا هلالێ یەك شەب))[٣٨]

لەبەر ئەوەی راستەخۆ شوێنەکە بەم شێوەیە دەگۆڕێت و دەبێتە (شوێنێکی خودی) بۆیە ئەو نایەوێ لەسەرەتادا وەسفی هەموو شتە ناخۆشەکانی ناو ئەو زیندانە بکات، بۆ ئەوەی دواتر رازاندنەوەی بەو شێوەیە ئاسان بێت و وەسفی شوێنەکە لە وەسفێکی ماددی رووتەوە ببێ بە وەسفێکی رووحی کە پاڵەوانی داستان هەستی پێدەکات.

لە (مەم و زین) دا گەلێ شوێنی بابەتی وەسف کراون، بۆ نموونە (خانی) لەبارەی دەشت و دۆڵەکانی (جزیرە) دەڵێ:

(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩-١٤٠.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.



((هەریەك ژ نەوال و کوهـ و دەشتان
رەهـ شوبهەتێ گۆشەیێد بهشتان
هەر رەوضەو ریاضێ خولدێ ئەکبەر
هەر چەشمە ژ عەینێ ئابێ کەوثەر))[٣٨]

ئەگەرچی ئەم وەسفانە وەسفی ورد نین و گشتین، بەڵام وەسفی زۆر رازاوە و جوانن. خوێنەر کاتێك لەگەڵ وەسفدا کەمێك پشوو دەدات بەبوونی وەسفی لەم جۆرە پشووەکەی بەسوودتر دەبێت و توانای پتر پەیدا دەکات بۆ خوێندنەوەی پاژەکانی دیکەی داستانەکە.

لەوەسفی شوێن لە داستاندا وەسفی تەجریدی نییە، شوێن خاوەنی هەردوو رەهەندی کات و شوێنە و رەهەندی زەینی لە شوێندا بەدی ناکرێت. لەبەرانبەردا وەسفی ماددی زۆرە بۆ نموونەی ئەمە ئەو کورسییە وەردەگرین کە لە رۆژی بوکێنی (ستی) لەسەری دانشتووە و (خانی) بەم شێوەیە بۆمانی وەسف دەکات:

((هەر تەختە ژ عوودێ صەندەلووسی
تەختەك خەتە بەندێ ئابنووسی
عەرشەك ژ جەواهران مورەصصەع
بەلقیس جەلیس و لێ مورەببەع))[٣٩]

خانی لە رێی وەسفی ئەم کورسییەوە کە موبالەغەیەکی زۆری تێدا کراوە، ویستوویەتی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی (ستی) و بنەماڵەی (میر) بخاتە روو، چونکە (ستی) خوشکی (میر) بووە.

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٧.

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

## ٢- هونەری وەسف لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

### أ- وەسفی کارەکتەر لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

لە ڕۆماندا ئەگەرچی کاری وەسف تەنیا ڕازاندنەوە نییە و ئەرکی دیکەی دەکەونە سەرو زۆرینەی کات وەسف بەئەرکی ڕازاندنەوە هەڵناستێ، بەڵام هەندێ جار وەسف بۆ ئەو ئەرکە سەرەتاییەی خۆی دەگەڕێتەوە و دەبێتە مایەی ڕازاندنەوە، سەرەڕای بینینی ئەرکی دیکە. بۆ نموونە حیکایەتخوان ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) بەمجۆرە وەسفی (دالیا سیراجەددین) مان بۆ دەکات: ((خانمێك بوو لەوانەی دەبێت هەناسەی قوڵیان بۆ هەڵکێشیت، لەو جوانە سەیرو ئەفسانەییانەی گەر لەگەڵیشیاندا بخەویت هێشتا هەستناکەیت توانیوتە بیانگریت و پێیانبگەیت. جوانییەك هەمیشە عاسی و ئەفسوناوی دەمێنێتەوە. جوانییەك دواجار دەیتوانی هەندێك کەس تا ناو مردن بەدوای خۆیدا ڕاکێشێت))[٤٠]. ڕۆماننووس مەبەستی ئەوەیە ئەوە لە خوێنەر بگەیەنێ کە (دالیا سیراجەددین) کچێکی جوانە و جوانی(دالیا) ڕازاوەیی بەم قسانە بەخشیوە. مەبەستیشی لە نیشاندانی ئەم جوانییە ئەوەیە کاتێك (دالیا) لە ڕێگەی جوانییەکەیەوە کۆمەڵێك شت دەکات لای خوێنەر بەئاسانی بکەوێتەوە.

گەورەیی قەوارەی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەردوو جۆری وەسف، وەسفی کورت و وەسفی درێژ بەرێژەیەکی زۆر لەرۆمانەکەدا هەبن. (جەلادەتی کۆتر) کاتێك دەستگیردەکرێت و ئەو سەربازانە دەبینێت کەئەو و مامۆستاو هاوڕێکەی ئەنفال دەکەن بەمجۆرە وەسفیان دەکات: ((نزیکی پازدە سەرباز بوون، هەر پازدەیان لەیەکدەچوون، بەڵکو دەتوانم بڵێم تەواو وەکو یەك بوون، هەموو یەك قەوارە بوون، هەموو یەك شێوەی سەیرکردن و ڕەفتاریان هەبوو، هەر پازدەیان بەیەکەوە دەجوڵانەوە، بەیەکەوە هەڵدەستان و دادەنیشتن، هەموویان هەمان جلی بەڵەکیان لەبەردابوو، بەیەك شێوە قەیتانی پێڵاوەکانیان گرێدابوو))[٤١]. ڕۆماننووس بە کورتی وەسفی ئەو پازدە کەسەمان بۆ دەکات و مەبەستی ئەوەیە بڵێ، لەم وڵاتەی ئێمەدا هەموو کەسەکان وا لێکراون وەکو یەك بن، بەیەك جۆر هەڵسوکەوت بکەن و وەکو یەك بیربکەنەوە و هیچ کەس بۆی نییە لەوانی دیکە جیاواز بێت.

(٤٠) بەختیار عەلی، ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٧١.

(٤١) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.



بۆ وەسفی درێژ (مستەفا شەونم) وەردەگرین کە ڕۆماننووس بەم شێوەیە پێمان دەناسێنی ((من هەر ڕوخساری ئەو پیاوەم بینی زانیم مستەفای شەونمەپیاوێکی قەڵەو بە تیشێرتێکی هاوینەی سپییەوە، مووە سپییەکانی بە چڕیەکی زۆر لە ملوانی تیشێرتەکەوە هاتبوونە دەرێ، چاکەتێکی ڕەشی ئەستووری لەبەردابوو کە بە جۆرێکی نائاسایی دوو سێ ڕیز قۆپچەی لەچاکەتی ئاسایی زیاتر بوو، چاکەتەکەی وەك پاڵتۆی دەریاوانە ڕوسەکان تا سەرەوە داخرابوو، بەڵام بەوەدا یەخەیەکی کراوەی هەبوو نەیتوانی بوو ملوانی تیشێرتەکەی داپۆشێ، قژێکی ڕەش و درێژی هەبوو، دەموچاوێکی پفکردووی سوور بە جووتێك چاوی کاڵ و زۆر گەورەوە. بەڵام لەیەکەم نیگایەوە دیاربوو ترسێك و شەرمێك لە ڕوخساریایەتی. . . کە پێدەکەنی بە جۆرێکی سەیر دەگەشایەوە و خوێن دەزایە سەر کولمەکانی، کە پەستیش دەبوو خەمێکی قووڵ قووڵ دەکەوتە سەر ڕوخساری. . . پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردابوو، جووتێك پێڵاوی بۆیاخکراوی ڕەش کە بەجۆرێکی سەیر دەبریسکانەوە، ڕۆژنامەیەکی لە بن دەستدابوو.))[٤٢] (بەختیار عەلی) بۆ ئەوە وەسفی قەڵەوی (مستەفای شەونم) مان بۆ ناکات تا پێمان بڵێت کابرایەکی قەڵەوە، بەڵکو بۆ ئەوە ئەم وەسفەمان پێ دەڵێت تا دواتر هۆکارەکانی ئەو قەڵەوییە و زۆر خواردنی ئەم کارەکتەرەمان پێ بڵێت و لەئەنجامدا لەم دەروازەیەوە دەچێتە ناو هەموو ژیانی (مستەفای شەونم) ەوە.

وەسفی دەروونی لە ڕۆمانەکەدا زۆرن. ڕۆماننووس بەم جۆرە وەسفی زەین و باری دەروونی (دالیا سیراجەددین) مان بۆ دەکات: ((هەندێجار زۆر غەمگین، هەندێجار زۆر ڕووخۆش بوو، هەندێجار زۆر پڕدوو، هەندێجار هیچ قسەیەکی نەدەکرد، هەندێجار زۆر نەرم و نیان و هەندێجاریش بێڕەحم بوو))[٤٣]. (غەمگینی، ڕووخۆشی، نەرم و نیانی. . . هتد) بابەتی واتایین و بەرجەستە نین و ڕۆماننووس لە ڕێگەی کۆکردنەوەی هەموو ئەو سیفەتانە پێمان دەڵێت (دالیا) لە ڕووی باری دەروونی کارەکتەرێکی ناجێگیرە.

لەم ڕۆمانەدا تا ڕادەیەکی زۆر وەسفە خودییەکان کاریگەریی زیاتریان لەسەر خوێنەر هەیە لەو کاریگەرییانەی کە وەسفە بابەتییەکان لەسەر خوێنەری جێی دەهێڵن. ڕۆمانووس لە ڕێگەی وەسفی خودییەوە چەندین زانیاریمان پێدەدات لەپاڵ ئەوەی وەسفی کارەکتەرەکەمان بۆ دەکات،

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥١-٤٥٢.

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

بەڵام لە وەسفی بابەتیدا ئەگەرچی لەپاڵ وەسفکردندا زانیاری دیکەمان پێدەدرێن، بەڵام لەچاو ڕێژەی ئەو زانیاریانەی لەوەسفی خودییەوە پێمان دەگات زۆر کەمن. با بۆ ئەم دووجۆرەی وەسف دوو نموونە وەربگرین، کە بۆ (وەسفی خودی) وەسفی (جەلادەتی کۆتر) و بۆ (وەسفی بابەتی) وەسفی (شاناز سەلیم) وەردەگرین. (بەختیار عەلی) بەم جۆرە وەسفی (جەلادەتی کۆتر) دەکات: ((جەلادەتی کۆتر تا پتر فێری مۆسیقا دەبوو، شتێکی قورس و غەمگین تر لە ڕۆحیدا سەریهەڵدەدا، تا پتر دەیتوانی بە فلوتەکەی ئاسمان و ڕووبار و گیا و تریفە بکاتە مۆسیقا، پتر غەمگین دەبوو، تازیاتر هەستی بە شادی داهێنان و فێربوون بکردبایە، غەمێکی دیکەی تاریك و تاڵاوێکی دیکەی پڕ تەلیسم لە دڵیدا بە نهێنی گەورە دەبوو، تا زیاتر لە کەماڵ نزیکببایەتەوە هەستی دەکرد شتێکی ونکردووە))[٤٤]. لەم وەسفەی (جەلادەت) دا ڕۆماننووس پێماندەڵێ مرۆڤەکان هەرچەندە شارەزابن و هەرچەندە واهەست بکەن کە زۆر شت دەزانن، هێشتا دەیانمێنێ تا بتوانن وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لەژیاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. هەرکاتێك هەر کەسێك هەستبکات گەیشتۆتە کەماڵ و حەقیقەتی خۆی دۆزیوەتەوە ئیدی پێویستی بەبیرکردنەوە نییە، ئەوا لەم کاتەدا لەهەموو کات زیاتر هەست بەبۆشاییەك دەکات و بەدوای شتێکی دیکەدا دەگەڕێت.

لە بەرانبەر ئەمەدا کاتێك ڕۆماننووس وەسفێکی بابەتی (شاناز سەلیم) مان بۆ دەکات بەم شێوەیە لێیدەدوێت: ((خانمێکی باڵا بەرزی سینەپڕ، بەڵام بە ڕوخسارێکی منداڵانەوە. لەشێکی پڕی هەبوو. . . بە کەمەرێکی باریك. . . من بۆ چەند دەقیقەیەك لەبەردەم جوانییەکەیدا هێندە حەپەسام، نەمدەزانی دەڵێت چی و بۆچی هاتووە))[٤٥]. لێرەدا تاکە مەبەستی ئەم وەسفکردنە نیشاندانی جوانی (شاناز سەلیم) ە.

**ب- وەسفی شوێن لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:**

لەم ڕۆمانەدا وردی لەوەسفکردن چ لەو وەسفانەی کەکورتن و چ لەوانەی درێژن هەیە، بۆنموونە جەلادەت کاتێك باسی ژوورەکەی خۆی لە (پرتەقاڵی سپی) دا دەکات بەم شێوەیە وەسفی دەکات: ((ژوورەکەم ژوورێکی چکۆلانەبوو، قەرەوێلەیەکی تازە و مێزێکی سپی کۆنی

(٤٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

(٤٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨١.



تێدابوو، چەرچەفەکان پەمەیی و سەرینەکان زەردێکی سپیباو بوون))[٤٦]. ئەگەرچی ئەمە وەسفی تەواوی ژوورەکە نییە بەڵام کەرستەکانی بە وردی وەسف کراون.

وەسفی شوێنەکان لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا زۆر درێژن و ئەمە بەمەبەست کراوە. وەك پێشتر گوتم شوێن لەم ڕۆمانەدا گرنگترین توخمە. بۆیە لەتوخمی شوێن و لەهونەری وەسفی شوێن دا گرنگی زۆر بە شوێنەکان دراوە بەتایبەتی شوێنە خەیاڵییەکان. (جەلادەتی کۆتر) لەبارەی گەلەرییەکەی (موسای بابەك) ەوە دەڵێت: ((گەلەرییەکی گەورەبوو، لەهەزاران وێنە و تابلۆ دروست بووبوو، لە سەدان پەیکەری چکۆلە و نەخش و هەڵکۆڵین و زەخرەفەی سەر تەختە. لەسەدان کاری مینیتۆر و کۆلاج و گرافیك. . . هەزاران تابلۆ بوون زۆریان بێناو بوون لەقۆناغی زەمەنی جیاواز جیاوازدا هاتبوونە ئەو ژێرزەمینە نهێنییە. هەندێکیان چیرۆکی تابلۆکان و، هەندێکیشیان بێناو و زانیاری لەوێدا هەڵواسرابوون. هەندێك لە تابلۆکان کاری هونەرمەندی ناسراوبوون، هەندێکیشیان بە فڵچەو دەست و پەنجەی هەندێ کەسی نەناس کێشرابوون. بەگشتی هونەری کەسانێك بوون لە ژێرەوە مێژووی هونەری ئەو مەملەکەتەیان نووسیوەتەوە. . . لەشوێنێکدا سەدان تابلۆم بینی کە لەبەرەکانی جەنگدا کێشرابوون. . . گەلەرییەکی نهێنی و سەیربوو، پڕبوو لەسوچ و پێچ، هەرگیز تێنەدەگەیشتی کەی و لەکوێدا تەواو دەبێت. . . بەخەتێکی سپی ئێجگار جوان نووسرابوو ((شاری مۆسیقارە سپییەکان))))[٤٧]. (جەلادەت) وەسفێکی یەکجار دوورودرێژی گەلەرییەکەمان بۆدەکات کە لەرێگەی ئەم وەسفە دوور و درێژەوە دەیەوێت گەورەیی شوێنەکەمان پێ نیشانبدات و زۆری تابلۆکانمان پێبڵێت. ئەمە هەمووی بۆ ئەوە دەکات تا گەورەیی تابلۆی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دەربخات و لەناو ئەم هەموو تابلۆیەدا لەهەرهەموویان زیاتر جەلادەت ئەم تابلۆیە پەسند دەکات و پێی وایە تابلۆیەکی جاویدە.

گەلێك وەسفی مادی شوێن لەم ڕۆمانەدا کراوە بۆ نموونە(عەلی شەرەفیار) لەوەسفی ئەو بازاڕەی ماڵی (ئیسحاقی لیوزێرین) ی لیوە نزیکە دەڵێت: ((شەقامەکان بۆنی ئەو ماستفرۆشانەیان لێدەهات کە بەمەنجەڵکانیانەوە لەسەر شۆستەکان چاوەڕوانی کڕیاریان دەکرد، زۆربەی میوانەکانی شارۆچکەکە ئەو سەربازانە بوون کە یان لەشەڕ دەگەڕانەوە یان

(٤٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤-١٢١.

دەچوون بۆ شەڕ... پیرەمێردێك لەسەر عەرەبانەیەكی كۆن كەلاكی حەیوانێكی سەربڕدراوی دەگوازتەوە و دەیگووت ((ئەم شارە بووە بە بەحر)). . . ئەو چایخانە چكۆلە و چێشتخانە سەفەرییەخێرایانەی نانیان بۆ میوان و هەڵاتوان دروستدەكرد بۆنێكی تری دابوو بەو شارۆچكەیە))(٤٨). ئەم وەسفە، وەسفێكی ماددی و ئاسایی شارێكە و هیچ مەودایەكی دەروونی پێ نەدراوە و رۆماننووس لە رێی ئەم وەسفەوە باری دەروونی ئەو كارەكتەرە بخاتە بەر چاو، بەڵام لەو نموونەیەدا كە (داڵیا) بە (جەلادەت) دەڵێ: ((جەلادەتی كۆتر تۆ دەڵێیت چی دەتەوێت گاڵتە بەم شارە بكەیت؟ بڵێیت، نەسیمی سوبحگاهانی لێ نییە، شنەی شەماڵی لێ نییە))(٤٩). لەم وەسفەدا رۆماننووس توانیویەتی لەیەككاتدا وەسفی دوو شوێنمان بۆبكات و بەراوردی نێوان دوو شوێنمان بۆ بكات. كە یەكێكیان شاری(تەپ و تۆزە زەردەكان)ەو جگە لە تۆزی لم هیچ شتێكی دیكە لەو شارەدا نییە، لەبەرانبەردا ئەوەمان پێدەڵێت پێشووتر (جەلادەت) لە شوێنێك ژیاوە كەپڕبووە لە نەسیمی بەیانیان و شنەی شەماڵ.

لە رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەكان) دا وەسفی بابەتی ئەگەرچی لە سنووری وەسفكردنی دەرەكی شوێن تێناپەڕێت، بەو واتایەی شوێنەكان شوێنی زەینی نین و پەیوەندیان بە هۆشی رۆماننووس و زەینی ئەوەوە نییە، بەڵام وەسفەكان وردن و بەتەواوی شتەكان ئاشنامان دەكەن.

(جەلادەت) كە بۆ یەكەمجار ماڵی (موسای بابەك) دەبینێ بەم شێوەیە وەسفی دەكات: ((سەرەتا هیچ كەس نەیدەتوانی بزانێت ئەو ماڵە چەند گەورەیە. . . قەرەوێڵەیەكی كۆن، دۆڵابێكی تەختەی كاڵەوە بوو. . . لەژوورەكەی تەنیشتیدا كتێبخانەیەكی گەورەم بینی، كە رەفی پڕكتێب بەشی هەرەزۆری دیوارەكانی گرتبوو. . . وێنەی یاریكەرە كۆنەكان. . . وێنەیەكی فەیرۆز لە فیلمی بیاع الخواتم دا. . .))(٥٠). ئەم وەسفە وا لەخوێنەر دەكا هێندە زانیاری لەبارەی شوێنەكەوە پەیدابكات وەك ئەوەی خۆی ماڵەكەی دیبێت.

لەم رۆمانەدا هەندێ شوێن پەیوەندییان بەخەیاڵ و زەینی رۆماننووس یا كارەكتەرەوە هەیە، بۆ نموونە(عەلی شەرەفیار) ی حیكایەتخوانی بەشێكی رۆمانەكە بەمجۆرە باسی

(٤٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨-٢٩.

(٤٩) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

(٥٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.



شوێنێكمان بۆدەكات كە شەوێك بەهۆی مۆسیقاوە (جەلادەت و ئیسحاق و سەرهەنگ قاسم) پێی دەگەن: ((شەوێكیان شێتانە مۆسیقایان لێدەدا، هەرگیز هیچ كاتێكی دی بەو جۆرە مۆسیقایان لێ نەدابوو، مانگ وەك درندەیەكی مەست بەسەرسەریاندا وەستابوو، رووناكییەك كە پێدەچوو لە پەیمانێكی كۆندابێت لەگەڵ ئەو هەموو زوڵمەتەی گەردوون بەدوایانەوە بوو، وەك كەوتبنە زەویەكەوە نەسەر بەرۆژ بێت و نەبەشەو، خاكێك گوڵە ئەستور و مەزنەكانی بەبارتەقای گوڵی ناو ئەفسانەكان بوو، دەنگی هاوارەكانی وەك هاواری فریشتە وەهابوولەنێوان جۆگەو جوێبارەكانی بەهەشتدا))(٥٢). مۆسیقا كاریگەریەكی زۆری لەسەر دەروونی هەرسێ كارەكتەرەكە هەیە و وای لێكردوون چیا و دۆڵ و رووبارەكان بەو جۆرە ببینن كە حیكایەتخوان بۆ ئێمەی وەسفكردووە.

### ٣- بەراوردكردنی هونەری وەسف لە داستانی(مەم و زین) و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەكان) دا:

ئەو زمانەی لە(مەم و زین) دا وەسفی پێكراوە زمانێكی سادەیە و دوورە لە ئاڵۆزی. زمانی وەسفی (شاری مۆسیقارە سپییەكان) زمانێكی ئاڵۆز نییە و خوێنەر حەز بەخوێندنەوەی دەكات، بەڵام بەهۆی خستنەسەری ئەركی زیاتر بۆ وەسف و جارجار بەكارهێنانی رەمز لەوەسفەكاندا زمانی رۆمانەكە لەو شوێنانەدا كەمێك قورس دەبێت.

لە(مەم و زین) دا وەسف زیاتر بەمەبەستی رازاندنەوە بەكارهاتووە، ئەگەرچی لەهەندێ شوێندا وەسفەكە ئەركی زانیاری پێدان دەبینێ. كەچی لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەكان) دا، جگە لەو دوو ئەركە، وەسف بۆ بەراوردكردنیش بەكارهاتووە.

لە داستانی (مەم و زین) دا وەسفەكان زیاتر بابەتین و وەسفی خودیان كەم تێدایە، چونكە ئەركی شاعیر ئەوەیە لەدەرەوەی شتەكان بوەستێت. لە(شاری مۆسیقارە سپییەكان) دا وەسفەكان هەم خودین و هەم بابەتین بەو هۆیەی هەردوو جۆری حیكایەتخوان لە رۆمانەكەدا دەبینرێن.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٤١-٤٢.

لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا لەوەسفی کورت و درێژدا وردەکاری لەوەسفکردنی توخمەکاندا هەیە، بەڵام لە(مەم و زین) دا وەسفەکان درێژبن یا کورت وردەکارییان تێدانییە و وەسفەکان لەسنووری شتە گشتییەکان تێناپەڕن.

وەسفی درێژ لە هەردوو دەقەکەدا زۆرن، بەڵام لەهیچ یەك لەو دەقانەدا خوێنەر هەست بەبێزاری ناکات. لە(مەم و زین) دا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەلاغەتکارییە بەرزەو رازاندنەوەیەی لەدەقەکەدا هەیە و لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا بەهۆی زمانە شیعرییەکەی و گرنگی ئەو توخمانەی وەسفیان کراوە.



## تەوەری دووەم
## هونەری دایەلۆگ لە داستان و رۆماندا

### أ- هونەری دایەلۆگ لە رووی تیۆرییەوە:

قسەکردنی نێوان پاڵەوان و کارەکتەرەکانی دەقی چیرۆك ئامێز لەرێگەی دایەلۆگەوەیەو لەمیانی قسەی ئەواندا خوێنەر زیاتر زانیاری دەست دەکەوێ و ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەواندا پەیدا دەکات.

(جەمال میر سادقی) پێناسەی (دایەلۆگ) دەکات و دەڵێت: ((دایەلۆگ قسەکردنە لەنێوان دوو کارەکتەر یا زیاتر ئاڵوگۆڕ دەکرێت))[1] و هەریەك لەکارەکتەرەکان بۆچوونی خۆی لەبەرانبەر ئەو بابەتە دەردەبڕێت کە قسەی لەسەر دەکرێت.

(باقر جواد الزجاجی) لەو پێناسەیەی کەبۆ هونەری دایەلۆگی کردووە قوڵتر دەچێتە ناو ناساندنی هونەرەکەوە و دەڵێت: ((سیفەتێکی عەقڵییە، ناسنامەی هزری و دەروونی تایبەتی بە کارەکتەرەکان دەدات، ئەو ناسنامەیەی لەناو دەقی ئەدەبیدا کارەکتەرێك لەئەوانی دیکە جیادەکاتەوە))[2].

قسەکردن پەیوەندی بەعەقڵەوە هەیە و زیاتر نێوەندە لەبری ئەوەی خودی مەبەست بێت و تەواوی ئەو بیر و باوەڕانە دەگوازێتەوە کە لەبیری پاڵەوان یا کارەکتەرێکدا هەن. بۆیە ئەگەر خودی دایەلۆگ هونەرێکی دەرەکی بێت و لەرێی چەند ئەندامێکی دیاریکراوی جەستەی کارەکتەرەوە ئەنجامبدرێت، ئەوا ئەو پەیامانەی دەیانگوازێتەوە پەیامی هۆشی و دەروونین و لە ئەنجامدا دەبنە ناسنامە بۆی، بەو هۆیەی ناسنامەی کارەکتەر چەند پەیوەستە بە ناسینی خەسڵەتە دەرەکییەکانەوە زیاتر لەوە پەیوەستە بەو بنەمایانەی کەکارەکتەری لەسەر دروستبووە وەك هزر و بیرکردنەوە و باری دەروونی و. . . هتد.

ئەو پەیوەستییەی دایەلۆگ بەلایەنە هزری و دەروونییەکانەوە هەیەتی وای لە (شجاع مسلم العانی) کردووە بڵێ: ((دایەلۆگ تەنیا وێنەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی زمان یا

(١) عناصر داستان، ص٤٦٦.

(٢) الرواية العراقية وقضية الريف، دار الرشيد للنشر، دار الحرية للطباعة، العراق- بغداد، ١٩٨٠، ص١٦٧.

قسەکەرمان نیشان نادات، بەڵکو بۆی هەیە وێنەی روحی قسەکەریشمان نیشان بدات))[٣] و خوێنەر لەهەردوو رەهەندی دەرەکی و ناوەکی پاڵەوان یا کارەکتەرەکان ئاگادار بکاتەوە و لەرێی هەڵس و کەوت و مامەڵە و چۆنییەتی ئەوپەیوەندییەی بەکارەکتەرەکانی دیکەوە هەیەتی لایەنە کۆمەڵایەتییەکەمان بخاتە بەرچاو و لە رێگەی ئەو گوتانەی کارەکتەر لەبەرانبەر ئەوانی دیکەدا دەریدەبڕێت بەلایەنە دەروونی و رۆحیەکەی کارەکتەرمان ئاشنا بکات، لەم بارەیەوە (د. نەجم خالید ئەلوەنی) دەڵێت: ((نووسەر لە رێی دایەلۆگەوە دەتوانێت باری دەروونی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی وسیاسی وفیکری وئایینی کارەکتەرمان پێ بناسێنێ))[٤]. کاتێکیش خوێنەر ئاشنای هەموو ئەو زانیاریانە دەبێت دەربارەی کارەکتەر، ئەوا لە دوو تویی بەرهەمەکەدا هەر جوڵانەوەیەك یا گفت و گۆیەك کە پاڵەوانێك یا کارەکتەرێك ئەنجامی دەدات ئەو دەیناسێتەوە و بۆی نابێت بەکارێکی لەناکاو، چونکە ئەو پێشتر لەرێگەی دایەلۆگەوە بە زۆرینەی ئەو خەسڵەتانە ئاشنابووە کە لەپاڵەوان یا کارەکتەرکاندا هەن.

لە نێوان دایەلۆگ و گێڕانەوەدا پەیوەندییەکی پتەو هەیە، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین دایەلۆگ تەواوکەری گێڕانەوەیە و ((ئەو بەو شتانە هەڵدەستێ کە گێڕانەوە پێی هەڵناستێ، پێویست ناکات شتێك بە دایەلۆگ دەربڕدرێت ئەگەر بتوانرێ لەرێی گێڕانەوەی ئاساییەوە دەربڕێت، بەڵکو کاری دایەلۆگ ئەوەیە ئەگەر شتێك نەتوانرێ بە شێوەیەکی رێك لەرێگای گێڕانەوەوە دەربڕێت ئەوا دایەلۆگ بەکاربێنێت))[٥]. بەم پێیە ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر دایەلۆگ ئەرکێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی هونەری گێڕانەوە هونەرێکی فراوانە و پانتاییەکی فراوانی ناو دەق داگیر دەکات و بەو هۆیەوە تواناداریەکی زۆری هەیە لەگەیاندنی شتەکان و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی، جا ئەگەر هونەری گێڕانەوە بەو هەموو توانایەیەوە نەتوانێت کۆمەڵێك ئەرك جێ بەجێ بکات و لەبری ئەو دایەلۆگ بەئەنجامدانی ئەو ئەرکانە هەڵبستێ

(٣) البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص٣٧٧.

(٤) تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، دەزگای رۆشنبیری شەفەق، کەرکووك-٢٠٠٦، ل١٥.

(٥) خالد سهر محی الساعدي، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية، ص٩٢.



ئەوا گومان لەوەدا نامێنێت ئەو ئەرکانەی دایەلۆگ لەناو دەقی ئەدەبیدا دەیانگێڕێت ئەرکی گرنگن.

(ئیبراهیم یونسی) ئەو ئەرکانەی دایەلۆگ لەناو دەقی ئەدەبیدا دەیانگێڕێت لەم چەند خاڵەدا پیشان دەدات:

((١- بەچڕی دروستکردنی کارەکتەر و وەسفکردنی خودی کارەکتەرەکانی رۆمان.

٢- بەرەو پێشبردنی رووداوەکانی رۆمان.

٣- کەمکردنەوەی قورسایی ئەرك.

٤- خستنە رووی رووداوەکانی رۆمان.

٥- رازاندنەوەی شوێن.

٦- پێدانی زانیاری پێویست بە خوێنەر.))[٦].

سەرەڕای ئەم ئەرکانە دایەلۆگ ئەرکێکی گرنگتر دەگێڕێت کە ئەرکی هاوسەنگی راگرتنی نێوان کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەیە. هەروەك (فاتح عبدالسلام) دەڵێت: ((لەگەڵ دایەلۆگدا جۆرێك لەیەکسانی و هاوسەنگی لەنێوان پاژی گێڕانەوە و پاژی چیرۆکی دروست دەبێت))[٧]. گرنگی ئەم ئەرکەی دایەلۆگ لەهەموو ئەو رەگەزە ئەدەبییانەدا هەیە بە هۆی گێڕانەوەوە دەگێڕدرێنەوە. دروستبوونی هاوسەنگی لە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەتدا، مانای پتر واقیعی بوونی کارەکان دەگەیەنێ و بەرهەمە چیرۆك ئامێزەکانیش مەبەستیانە وەکو رووداوی واقیعی باوەڕ پێکراو دەربکەون بەو مەبەستەی کاریگەری زیاتر لەسەر خوێنەر دروستبکەن.

ئەرکی جۆراو جۆری دایەلۆگ لەناو دەقی ئەدەبیدا، بۆتە هۆی دروستبوونی جۆری دایەلۆگی جیاواز. (جیرار جینیت) سێ جۆری دایەلۆگ دیاردەکات کە ئەمانەن:

١- دایەلۆگی هەڵگێراو یا راستەوخۆ کە قسەی کارەکتەر وەکو خۆی دەگوازرێتەوە دوور لە بەشداری حیکایەتخوان.

(٦) هنر داستان نویسی، مؤسسەو انتشارات نگاه، چاپخانه ایران یکتا، چاپ هفتم، تهران، ١٣٨٢، ص٣٥.

(٧) فاتح عبدالسلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى بيروت- ١٩٩٩، ص٤٢.

٢- دایەلۆگی گێڕاوە کە قسەی کارەکتەرە و حیکایەتخوان وەکو ڕووداوێك لە ڕووداوەکان دەیگێڕێتەوە.

٣- دایەلۆگی گوازراوە یا شێوازی ناراستەوخۆ لە دەربڕینی قسەی کارەکتەرەکان کە حیکایەتخوان بە گێڕانەوەیان هەڵدەستێ.[8]

(د. نەجم ئەڵوەنی) سەرەڕای دیاریکردنی هەردوو جۆری(دایەلۆگی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ) دووجۆری دیکە دەخاتە سەر ئەم جۆرانە کە بریتین لە(دایەلۆگی سادە، دایەلۆگی لێکدراو).[9] لێکۆڵەر هۆکاری ناونانی (دایەلۆگی لێکدراو) مان بۆ ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: ((بۆیە بەم جۆرە دایەلۆگە دەڵێین دایەلۆگی لێکدراو، چونکە لە یەك کاتدا دەتوانێت دوو ئەرك لە گێڕانەوەدا جێبەجێ بکات، یەکەمیان ئەرکی شیکارییە واتە هەڵوێستەکان شیدەکاتەوە و هەڵیان دەسەنگێنێ و هۆیەکانیان ڕوون دەکاتەوە. دووەمیشیان ئەرکی وەسفییە واتا وەسفی کەس و دیاردە و ڕووداوەکان دەکات))[10].

لە دیاریکردنی ئەم جۆرانەی دایەلۆگ دا، دوو باوەڕمان لا دروستدەبن، یەکێکیان ئەوەیە هەرجۆرێك لەم جۆرانەی دایەلۆگ لەناو دەقدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەو پێیەی هەر یەکێك لەم جۆرانە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەرکێك یا زیاتر لە ئەرکێك، بۆ نموونە ڕەنگە بەلای ئێمەوە دایەلۆگی ڕاستەوخۆ گرنگ بێت، چونکە کارەکتەر ڕاستەوخۆ خۆیمان پێدەناسێنێ و لەگەڵمان دەدوێت. بەڵام لەناو دەقدا هەندێجار دەشێ دایەلۆگی ناراستەوخۆ لە دایەلۆگی ڕاستەوخۆ کاریگەرتر بێت لەبەر ئەوەی بێ پچڕاندن لەلایەن حیکایەتخوانەوە دەگاتە خوێنەر.[11]

لایەنی دووەمیان ئەوەیە دروستبوون و ڕێژەی بەکارهێنانی زۆرینەی ئەو جۆرانەی دایەلۆگ پەیوەستن بەو گۆشە نیگایەی کە شاعیر یا ڕۆماننووس بەکاریدێنێ بۆ گێڕانەوەی دەقەکەی. بۆ نموونە ئەگەر گێڕانەوەکە لە ڕێی ڕاناوی سەربەخۆی (ئەو) گێڕدرابێتەوە ئەوا ڕێژەی دایەلۆگی

(٨) سامی سویدان، المتاهة والتمویه في الروایة العربیة، دار الاداب، الطبعة الاولی، بیروت-٢٠٠٦، ص١٣٧.

(٩) تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل٣١-٦٨.

(١٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(١١) نەوزەت ئەحمەد عوسمان زێباری، ڕەگەزەکانی چیرۆك لە داستانی (مەم و زین)، ل٦٢.



ڕاستەوخۆ یەکجار کەم دەبێت یا هەر نامێنێت و ئەگەر (من) بە کار بێت ئەواپێچەوانە دەبێتەوە.

**١- هونەری دایەلۆگ لە داستاندا:**

ئەگەر هونەرەکانی دیکەی گێڕانەوە لەداستاندا، ئەرکیان تەنیا لەتاکە ئەرکێك تێپەڕی نەکردبێت و گرنگی هونەرەکانی گێڕانەوە لەچاو توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە کەمتر بێت، ئەوا ئەم بۆچوونە لە بەرانبەر هونەری دایەلۆگ دا بۆچوونێکی نادروست دەردەچێت و ((دایەلۆگ یەکێکە لە توخمە گرنگە هونەرییەکانی داستانە شیعری میللی))[12]. کاتێکیش داستان ئەم قۆناغە بەڕێ دەکات و دەگاتە قۆناغی داستانی کلاسیکی، دایەلۆگ ئەو گرنگییەی لەدەست نادات و هەمان ئەو ئەرکانە دەگێڕێت کە لەوە و پێش هەیبووە.

(د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ) بۆ دەرخستنی گرنگی هونەری دایەلۆگ گوتەیەکی (مەکسیم گۆرکی) مان بە نموونە بۆ دەهێنێتەوە و دەڵێت: ((گۆرکی ئەڵێت، داستان دوو ڕێگا ئەگرێت: دیالۆگ و وەسف کردن))[13]. وەسف کردن بۆ زانیاری بەخشین و ڕازاندنەوە و وەستانی کاتە کە هەندێجار وەستانەکە وەستانێکی تەواو دەبێت و هەندێجاریش بزاوتێکی کەم هەیە بۆ بەرەو پێشچوونی کاتی گێڕانەوە. لە دایەلۆگدا سەرەڕای ڕازاندنەوە چێژبەخشینیش هەیە، وەسفکردنی پاڵەوانەکانیش لە ڕێی دایەلۆگەوە کارێکی ئاساییە و دەکرێ شاعیر پەنای بۆ ببات. هەروەها لە دایەلۆگدا کات ناوەستێت و لەگەڵ قسەکردنی پاڵەوانەکان لەگەڵ یەکدا ڕەوتی کاتی گێڕانەوە بەرەو پێش دەچێت، بەڵام بەرەو پێشچوونەکە ڕەوتێکی خێرای نییە و هێواشە و دروست لەگەڵ کاتی حیکایەتدا هاوسەنگە، بەدروستکردنی ئەم هاوسەنگییە، لە نێوان کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوە لە داستاندا، شاعیر هۆکارێکی دیکەی نزیکبوونەوەی داستان لەواقیع دەستەبەردەکات و لە دوو ڕێگەوە سوود لە هونەری دایەلۆگ دەبینێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. لە ڕێگەی یەکەمدا لە ڕێی گێڕانەوەی گفتوگۆی پاڵەوانەکان لەگەڵ یەکدا دەمانگێڕێتەوە بۆ واقیع، چونکە لەژیاندا کەسەکان لەگەڵ یەکتردا

(١٢) دکتۆر نەجم خالید ئەڵوەنی، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل٩.

(١٣) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل٣٣.

گفتوگۆ دەکەن و هی دووەمیشیان نزیکردنەوەی هەردوو کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەتە لە یەکتر کە بەهۆیانەوە خوێنەر هەست بەپتر واقیعی بوونی ڕووداوەکان دەکات، چونکە دایەلۆگ تەنیا قسەکردنێکی پەتی نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ خستنە ڕووی ڕووداوەکان و تاکە ڕووداوێکیش کە بەتەواوی لە ڕووداوی واقیعی بچێت ئەوانەن کەبەهۆی دایەلۆگەوە دەخرێنە ڕوو.

لە داستاندا ئەو دایەلۆگانەی لەنێوان پاڵەوانەکان ئەنجامدەدرێن ((پرسیار و وەڵام و قسەکردنی داستانین کە پیا هەڵدانی تێدایە))[١٤] ، بەڵام ئەم پیاهەڵدانە مەرج نییە پیاهەڵدانێك بێت شاعیر ڕاستەوخۆ پێمانی بڵێت، دەكرێ پیاهەڵدانەكە بەجۆرێك بێت خوێنەر لەكاتی خوێندنەوەی دایەلۆگەكاندا بگات بەكۆمەڵێك خەسلەت و تایبەتمەندی زۆربەرز لەبارەی پاڵەوانەكان و لەو ڕێگەیەوە شاعیر مەبەستی سەرەكی خۆی دەپێكێت كە بە گەورە نیشاندانی پاڵەوانەكان و بەخشینی كۆمەڵێك خەسلەتە بەوان، ئەم خەسلەتانەش لەكەسانی ئاساییدا نین. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا ئەو قسانەی كە لە نێوان دوو پاڵەوان دەكرێن و شاعیر مەبەستی لێیان پیاهەڵدانی هەركامێكیان بێت، دەكرێ پیاهەڵدانەكەیان لە چ سنوورێك دابێت؟

(دێڤد دیچز) وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە و دەڵێت: ئێمە ناكرێ تەنیا تەماشای خودی دایەلۆگەكان بكەین و بڕیاری خۆمان بدەین، بەڵكو دەبێ سەیری ئەو كەسان بكەین كە ئەم قسانە دەكەن و هۆكاریكردنی ئەم قسانەش لای ئەوان بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا مەبەست لێیان سود گەیاندنی زیاترە بەخۆیان، یا مەبەست لێیان گەیاندنی زیانە بە ئەوی دیكە.[١٥] كەواتە ئەو شتەی سنووری پیاهەڵدان لەڕێگەی دایەلۆگەوە لەداستاندا دیاریدەكات نە خودی دایەلۆگەكەیە و نە پیاهەڵدانەكان، بەڵكو ئەو پاڵەوانانەن كە پیاهەڵدانەكەیان بۆ ئەنجامدەدرێ، ئاخۆ چەند لەگەڵیان دەگونجێت، لەگەڵ ئەو سوودەی بەپاڵەوانەكان دەگات لەڕێگەی ئەو پیاهەڵدانانەی لەڕێگەی دایەلۆگەكانەوە ئەنجامدەدرێن.

لەو زیانانەی كە لە ڕێگەی دیالۆگەوە بەپاڵەوانەكانی دیكەی دەگەیەنێت ئەوەیە تا چەند دەتوانێ لەڕێی ئەو قسانەی لەگەڵ پاڵەوانانی دیكە دەیكات خۆی بەرز بكاتەوە و ئەوانی دیكە بەنزم نیشانی خوێنەر بدات، لەبەر ئەوەی یەكێك لە ئەركە تایبەتییەكانی دایەلۆگ

(١٤) دكتر سيروس شميسا، انواع ادبى، ص١١٢.

(١٥) شيوەهاى نقد ادبى، ص٨٩.



لەداستاندا ئەوەیە ((پاڵەوانەكان لەڕێگەی پرسیار و وەڵامەكانەوە دەبێ ڕووحی یەكتر لاوازبكەن))[١٦]. كە ئەمە هەندێجار دەبێتە هۆی لەدەستدانی لەسەرخۆیی و توانـاداری پاڵەوان لەسەر زاڵبوونی بەسەر شتەكان و كارێك ئەنجامدەدات كە ببێتە هۆی دروستبوونی كێشەیەكی گەورە بۆ پاڵەوان و ڕەنگە لەئەنجامدا ببێتە هۆی لەناوچوونی پاڵەوان.

لەداستاندا لەبەر ئەوەی ئەو گۆشە نیگایەی بۆ گێڕانەوە بەكاردێت ڕاناوی سەربەخۆی(ئەو) ەو حیكایەتخوان لەجۆری حیكایەتخوانی(هەمووشتزان) ە، بۆیە لەداستاندا جۆری دایەلۆگەكان ناراستەخۆن و شاعیر لەبری پاڵەوانەكان قسەدەكات یا ڕاستتر بڵێین شاعیر ئەوقسانەی كە پاڵەوانەكان لەگەڵ یەكتری دەیكەن، ئەو بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە و ڕێگە نادات گوێگر بێ نێوەند گوێی لە قسەكردنی ئەوان بێت و شاعیر خۆی دەكات بەو نێوەندەی نێوان پاڵەوانەكان و خوێنەر.

## ٢– هونەری دایەلۆگ لە ڕۆماندا:

دایەلۆگ وەك هونەرێكی گێڕانەوە لەتەواوی ڕەگەزە ئەدەبییە چیرۆك ئامێزەكاندا هەیە و سوودی لێوەردەگیرێ، بەهۆی سوودگەیاندنیشیەوە هیچ چیرۆكنووسێك نابینینەوە كە دەستبەرداری بەكارهێنانی دایەلۆگ بێت. دەستبەرداربوونی دایەلۆگ مانای وازهێنانە لە نزیكردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەكە لە واقیع و بێبەشكردنی خوێنەران لەو چێژەی كەلەڕێگەی دایەلۆگەوە پێیان دەگات لەگەڵ بێبەشبوونی بەرهەمە ئەدەبییەكە لە هەموو ئەو ئەركانەی دایەلۆگ لەناو هەر دەقێكی ئەدەبیدا دەیانگێڕێ.

ڕۆمانیش وەكو یەكێك لەو ڕەگەزە ئەدەبیانەی كە هونەری دایەلۆگ بەفراوانی تێدا بەكاردێت و هونەرێكی گرنگە لە بنیاتی ڕۆماندا، سەرەڕای ئەو ئەركانە چەند ئەركێكی دیكەش لە ڕۆماندا دەگێڕێت وەك (جەمال میر سادقی) پێمان دەڵێت دایەلۆگ لە ڕۆماندا: ((چنین فراوانتر دەكات و دەروونی كارەكتەرەكان دەخاتە ڕوو، دەیانناسێنێ و كاری ڕۆمانەكە بەرەو پێشەوە دەبات))[١٧]. لە ڕێگەی ئەو دایەلۆگەی لە نێوان كارەكتەرەكانی ڕۆمان ئەنجامدەدرێ بەبێ هیچ خۆماندوو كردنێك لەلایەن ڕۆماننووسەوە بێ ئەوەی ئەركێك بخاتە سەرخۆی تا ئەو كارە ئەنجامبدات، تەنیا بە بەكارهێنانی هونەری دایەلۆگ دەتوانێ سنووری چنینەكەی فراوان بكات و ئەوەندەی پێویستی بێ

(١٦) دكتر سيروس شميسا، انواع ادبى، ص١١٣.

(١٧) جمال مير صادقى، عناصر داستان، ص٤٦٣.

دەتوانێ سوود لە دایەلۆگ وەربگرێت، بەو واتایەی رۆماننووس پەیوەست نییە بەوەی بۆ نووسینی رۆمانەکەی رێژەیەکی دیاریکراو لە دایەلۆگ بەکاربێنێت، لەهەمانکاتیشدا سنوور نییە بۆ کورتی یا درێژی دایەلۆگەکان و لەمەشیاندا رۆماننووس خۆی سەرپشکە ئایا ئەو دایەلۆگانەی بەکاریان دێنێ کورت بن یا درێژ، بەڵام مەرجە رۆماننووس لە بەکارهێنانی دایەلۆگی کورت یا درێژدا کارامەبێت و بتوانێ لەو شوێنانە ئەو هونەرە بەکاربێنێت کە پێویستن، بەتایبەتی دایەلۆگە درێژەکان، چونکە ((زۆر قسەکردنی بێ ئامانج و درێژدادڕی لەقسەکردندا خوێنەر بێزار دەکەن و رۆماننووس پێویستە خۆی لەمانە دووربگرێ، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کە نووسەر بیەوێ لە رێی زۆر قسەکردنی کارەکتەرەکانەوە تایبەتمەندی کارەکتەرەکەمان بۆ دەربخات))[18]. ئەمەو ئەگەر هاتوو بۆ گێڕانەوە راناوی سەربەخۆی (ئەو) بەکارهاتبوو، رۆماننووس تایبەتمەندی کارەکتەرەکانمان پێدەڵێت، بەڵام ئەگەر راناوی بەکارهاتوو بۆ گێڕانەوە (من) بوو ئەوا لە میانی دایەلۆگی نێوان کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکدا، خوێنەر راستەوخۆ ئاشنای تایبەتمەندییەکانی ئەوان دەبێ و بەمەش زیاتر چێژ لە رۆمان وەردەگرێ بێ ئەوەی رۆماننووس، یان حیکایەتخوان بۆچوونێکی سنووردارییان بەسەر دا بسەپێنن.

(ئەندریە مالرۆ) پێی وایە: ((دایەلۆگ لە رۆماندا بەر لەهەر شتێك خزمەتی بەرجەستەکردن دەکات))[19]. (جەمال میر سادقی) یش پەسەندی هەمان بۆچوونی (ئەندریە مالرۆ) دەکات، بەڵام ئەم پێیوایە لەبەر ئەوەی دایەلۆگ ئەرکی بەرجەستەکردنی توخمەکانی ناو دەقە، بۆیە دایەلۆگ سەربەخۆ نییە و پەیوەستە بە شتی دیکەوە.[20]

لەم دوو بۆچوونەدا هەردوو رەخنەگر لەسەر ئەوە کۆکن ئەرکی دایەلۆگ بەرجەستەکردنە، بەتایبەتی بەرجەستەکردنی کارەکتەر  کە لەرێگەی دایەلۆگەوە خوێنەر هەستدەکات لەبەردەم کارەکتەرێکی وەهمی لە کاغەز دروستکراو نەوەستاوە، بەڵکو لە بەردەم کەسێك دایە دەتوانێ بیر بکاتەوە و بۆچوونی بەرانبەر شتەکان هەبێت کە لەئەنجامدا بۆچوونەکانی لە رێگەی قسەکردنەوە دەرببڕێت.

---

(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٥.

(١٩) اسكل بلوك- هيرمان سالنجر، الرؤيا الابداعية، ل٢٢١.

(٢٠) عناصر داستان، ل٤٦٦.



بەو توانایەی کارەکتەر لە قسەکردندا هەیەتی دەتوانێ توانای ئەوە پەیدا بکات خۆی لەکارەکتەرێکی تارادەیەك وەهمییەوە بکات بە تەنێکی زیندوو، و بەرجەستە کە توانای قسەکردنی هەیە و لەو رێگەیەشەوە گەورەترین خزمەت بە هەر رۆماننووسێك دەکات کە مەبەستی ئەوەی هەبێت بەرهەمەکەی وەکو بەرهەمێکی واقیعی دەربکەوێت و توانای ئەوە پەیدابکات بەباشترین شێوە قەناعەت بە خوێنەر بکات بۆ هەربۆچوونێك کە لەرێگەی رۆمانەکەوە هەوڵی داوە دەریببڕێت. ئەمە هەموو مانای ئەوەیە کارەکتەر لە رێگەی دایەلۆگەوە سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە و تەنیا لەو رێگەیەوە راستەوخۆ دەتوانێ خۆی بناسێنێ، بۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کاتێك  توخمێکی هونەری بتوانێ سەربەخۆیی بەتوخمێکی دیکە بدات ئایا دەشێ بۆخۆی سەربەخۆ نەبێت؟

وەڵامی ئەمە بێگومان نەخێرە، بەخشینی سەربەخۆیی بەئەوانی دیکەو بەرجەستەکردنیان مانای لەدەستدانی سەربەخۆیی دایەلۆگ نییە، بەڵکو ئەمە ئەرکێکی دیکەی گرنگی دایەلۆگە کە لەناو رۆماندا دەیبینێ و ئەگەر دایەلۆگ هونەرێکی سەربەخۆ نەبێت ناتوانێت بەو هەموو ئەرکە گرنگانە لەناو رۆماندا هەڵبستێت. هەڵسانیش بەو هەموو ئەرکە گرنگانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ((دایەلۆگ حاڵەتێکی چەسپاوی نییە و پەرەسێنە))[21] و گۆڕانی بەردەوامیشی هەمیشە وادەکات نوێ ببێتەوە و ئەرکی جۆراوجۆر ببینێت.

ناچەسپاوی دایەلۆگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارەکتەرانەی کە قسە دەکەن و سوود لە دایەلۆگ وەردەگرن بۆ تێگەیاندنی کارەکتەرێکی دیکە. ئەو زمانەی هەر کارەکتەرێك بەکاری دێنێ جیاوازە لەو زمانەی کارەکتەرێکی دیکە بەکاریدێنێ. لەم بارەوە (تانیا ئەسعەد) دەڵێ: ((دەبێت رەچاوی زمانی شوێن و ژینگەی کارەکتەرەکان و ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و فیکرییان بکرێت و ئاوێتەی زمانی ئەدەبی دەقەکە بکرێت))[22]. بۆ رۆمان و رۆماننووس ئەمە کارێکی زۆر قورس نییە، بەتایبەتی ئەگەر بۆ گێڕانەوە راناوی سەربەخۆی (من) بەکارهاتبێت ئەوا هەر کارەکتەرێك دەتوانێت وەك خۆی قسە بکات و بەو شێوەیە قسە بکات کەخۆی لەسەری راهاتووە و لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت ئەو شێوەزارە بەکاربێنێت کە خۆی قسەی پێدەکات.

---

(٢١) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٥.

(٢٢) بینای شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی کوردیدا، ل١٧١.

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەگەر راناوی (ئەو) بۆ گێڕانەوە بەکارهات، ئەوا ئێمە ناتوانین شێوەزاری جیاواز لەسەر زاری کارەکتەرەکان لەکاتی دایەلۆگدا ببیستین و حیکایەتخوان بۆی هەیە کاتێ دایەلۆگی نێوان کارەکتەرەکان بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە هەمان ئەو شێوەزارە بەکاربێنێت کە کارەکتەرەکان قسەی پێدەکەن، بۆیە دەکرێ لەدایەلۆگدا و لە هەر رۆمانێکدا ئەگەر رۆماننووس بیەوێ، کارەکتەرەکان بەو شێوەیە بدوێن کە خۆیان دەیانەوێ و لە ئەنجامیشدا رۆمانەکەی پێ بەهێز دەبێت، بەتایبەتی لە رۆمانی نوێدا لەبەر ئەوەی ((لەسەدەی بیستەمدا شێوەزار و دایەلۆگ پێگەی یەکەمیان لە رۆماندا گرتووە))[٢٣] و بنیاتی کارەکتەر لەسەر ئەمانە دامەزراوە.

لە رۆماندا نابێت هیچ هاودژیەك هەبێت لە نێوان کارەکتەر و ئەو بۆچوونانەی دەریدەبڕێت و دەبێت رۆماننووس زۆر بەوردی ئاگاداری ئەوە بێت کە کارەکتەرەکانی لەکاتی دایەلۆگدا چی دەڵێن. بۆنموونە ناکرێ کارەکتەری رۆمان کەسێکی نەخوێندەوار بێت و رۆماننووس تووشی هەڵوێستی وای بکات وەڵامی پرسیاری فەلسەفی بداتەوە، بەڵکو دەبێ لەسەرەتادا کارەکتەری چۆن و بۆ چ مەبەستێك دروستکردووە، لە رێگەی دایەلۆگەوە زیاتر ئەو مەبەستانە لە کارەکتەرەکانی بەدیاربخات بۆ ئەوەی زەمینەساز بکات تا خوێنەر بەر لە ئەنجامدانی هەرکارێك لەلایەن کارەکتەرەوە چاوەڕوانی شتێکی لەم جۆرە لەکارەکتەر بکات و وابکات ((هەموو دێڕێ لە دایەلۆگ شوێن پێی بایەخی شەخسیەتی پێوە دیاربێت)))[٢٤] و خوێنەر لەهەر قسەیەك کارەکتەر دەیکات زانیاریەکی نوێ لەبارەی ئەوەوە بەدەست بێنێت.

### ٣– بەراوردکردنی هونەری دایەلۆگ لە داستان و رۆماندا:

لە داستاندا هونەری دایەلۆگ هونەرێکی گرنگە و ئەو گرنگییەش لەداستانی فۆلکلۆرییەوە دەست پێدەکات و کاتێك داستانی نووسراو پەیدادەبێت گرنگی دایەلۆگ کەم نابێتەوە بەڵکو زیاتر دەبێت و کاتێکیش رۆماننووسان سوود لەم هونەرە وەردەگرن ئەرك و جۆری جۆراوجۆری لێدروست دەکەن و لەبەرانبەریشدا گرنگی هونەرەکە زیاتر دەبێت.

بەهۆی ئەو گرنگییەی هونەری دایەلۆگ لە داستان و رۆماندا هەیەتی و بەهۆی پەرەسەندنی هونەری دایەلۆگ لەهەردوو رەگەزەکەدا ئەم هونەرە ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت.

---

(٢٣) اسكل بلوك-هيرمان سالنجر، الرؤيا الابداعية، ص٢٢٢.

(٢٤) ئەدوارد بلشن- دایانداو بتفاید، رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، ل٣٥.



هەروەها لە هەردوو رەگەزەکەدا دایەلۆگ پەیوەندی راستەوخۆی بەخودی پاڵەوان و کارەکتەرەوە هەیە و دەبێتە بەرجەستەکەر و دیارخەری ئەو تایبەتمەندییانەی پاڵەوانێك یا کارەکتەرێك هەیەتی.

لە داستاندا ئەو دایەلۆگەی لەنێوان پاڵەوانەکاندا بەکاردێت جۆرێك لە پیاهەڵدانی تێدایە، کەچی لە رۆماندا دایەلۆگ زیاتر بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکان و دەرخستنی بۆچوونی هەر کارەکتەرێك لەبەرانبەر هەر کێشەیەك دەخاتە روو بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا کۆمەڵێ بۆچوون لەلای خوێنەر دروست بن و ئەو بتوانێ لەژیانی خۆی فێری ژیانێکی فرە رەهەندی و چارەسەری جۆراو جۆر بێت بۆ هەر کێشەیەك نەك لەبەرانبەر هەر کێشەیەکدا یەك بۆچوونی هەبێت.

یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دایەلۆگ لە داستاندا ئەوەیە پاڵەوانەکان بە هۆی دایەلۆگەوە هەوڵی دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی یەکتر دەدەن کە لەوانەیە لە ئەنجامی دەرکەوتنی ئەو خاڵە لاوازانە پاڵەوان دووچاری لە دەستدانی جڵەوی عەقڵی بێت و دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەرچێت و کارێك بکات ببێتە هۆکار بۆ بینینی تەنگ و چەڵەمەی زۆر و لە ئەنجامدا ببێتە هۆی مردنی. بەڵام لە رۆماندا ئەو جۆرە دایەلۆگانە بەرچاو ناکەون کە مەبەست لێی لاوازکردنی بەرانبەر بێت بە مەبەستی لەناو بردنی، بەڵکو دایەلۆگەکان زیاتر بۆ دەربڕینی بیرو رایەو مەبەست لێیان پیشاندانی رێی راستی ژیانە بە ئەوانی دیکە.

لە داستاندا لەبەر ئەوەی ئەو گۆشە نیگایەی رۆماننووس بەکاری دێنێ لە رێی راناوی سەربەخۆی (ئەو) ەوەیە، بۆیە هەموو دایەلۆگەکان (دایەلۆگی ناراستەوخۆ) ن. لە رۆمانیشدا ئەگەر بۆ گێڕانەوە راناوی (ئەو) بەکارهات ئەوا هەموو جۆرەکانی دایەلۆگ لە جۆری (دایەلۆگی ناراستەوخۆ) دەبن، کەچی ئەگەر (حیکایەتخوان / کارەکتەر) یا بەتەنیا راناوی سەربەخۆی (من) بەکاربێت ئەوا زیاتر دایەلۆگەکان (دایەلۆگی راستەوخۆ) دەبن و دەکرێ دایەلۆگی ناراستەوخۆش ببینین.

لە هەردوو رەگەزەکەدا دایەلۆگ ئەرکی هاوسەنگی نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەت دەبینێت و وا دەکات هەردوو رەگەز زیاتر لە واقیع نزیك ببنەوە.

بۆ رێژەی سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی هونەری دایەلۆگ لە داستان و لە رۆماندا سنوورێك نییە کە بۆ شاعیر یا رۆماننووس دیاریکرابێت و هەردووکیان ئازادن لە چەندێتی و چۆنێتی سوود وەرگرتن لێی، بەڵام لە هەردوو رەگەزەکەدا مەرجە شاعیر و رۆماننووس کارامە بن لە بەکارهێنانیدا.

## ب- هونەری دایەلۆگ لە رووی پراکتیکەوە:

### ١– هونەری دایەلۆگ لەداستانی (مەم و زین) دا:

لەبەر ئەوەی شاعیران، بەخۆیان داستان دەگێرنەوە، بۆیە پەنا بۆ دایەلۆگی ناراستەوخۆ دەبەن و دایەلۆگی راستەوخۆ لە گێرانەوەی رووداوەکاندا بەکار ناهێنن. لە (مەم و زین) یشدا (خانی) خۆی شاعیر و حیکایەتخوانی داستانەکەیە و بۆ گێرانەوە راناوی (ئەو) ی گۆشەنیگای (هەموو شتزان) ی بەکارهێناوە، بۆیە لە (مەم و زین) دا دایەلۆگی راستەوخۆ نییە و هەموو ئەو دایەلۆگانەی بەکارهاتوون (دایەلۆگی ناراستەوخۆ) ن و (خانی) وەك نێوەندێك ئەو گفت و گۆیانەمان بۆ دەگوازێتەوە کە پاڵەوانانی داستانەکە لەگەڵ یەکتری ئەنجامی دەدەن. (خانی) دایەلۆگی نێوان (میر) و (بەکر)مان بەم شێوەیە بۆ دەگێرێتەوە:

((رۆژا کو ستی تە دایە تاجدین
وی ژ ئالی خوە دائیە مەمێ زین
میر گۆ چ عەجەب نەکر ب من پرس
یانە قە نەمایە وی ژ من ترس؟
گۆ: ما تو نزانی ئەو کوسانە
میرزایە جوانە پەهلەوانە))[٢٥]

(خانی) لە دێری دووەم و سێیەمدا بەهۆی هەردوو دەربڕینی (میرگۆ) و، وشەی (گۆ) وە، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەمە ئەوە دایەلۆگەکان دەگێرێتەوە و پاڵەوانەکان نین قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن. جگە لەمە لەو دایەلۆگەدا (بەکر) دەیەوێت رقی (میر) بەرانبەر دوو کەس هەڵبستێنێ کە یەکێکیان (تاجدین) ی زاوایەتی و ئەوی دیکەشیان (مەم) ە. (بەکر) لە رێی ئەو دایەلۆگەی لەگەڵ (میر) ئەنجامی دەدات سەرکەوتووانە دەتوانێ ئامانجی خۆی بپێکێ و وادەکات (میر) پەیمان بدات کە (زین) نەدا بە (مەم). بە هەمان شێوە (خانی) یش مەبەستی خۆی پێکاوە و توانیو یەتی لە رێی ئەو دایەلۆگەوە گرێی داستانەکەی بگەنێتە ئاڵۆزترین پلە.

هەر لە رێی دایەلۆگی ناراستەوخۆوە (بەکر) دەتوانێ گەورەترین شکست بە (مەم) بهێنێ کە لە کاتی شەترەنج کردندا داوا لە ئەو و (میر) دەکات جێگاکانیان بگۆڕنەوە. (خانی) بۆمان دەگێرێتەوە و دەڵێت:

(٢٥) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل١٧٤.



((گۆ:بەند و لەیز و جە ب دۆرن
هوون هەردوو جهان ب هەڤ بگۆڕن))[٢٦]

بەر لەوەی (میر) و (مەم) جێگاکانیان بگۆڕنەوە (مەم) سێ دەس شەترەنجی لە میر بردۆتەوە، بەڵام دوای ئەو دایەلۆگە و جێگا گۆڕینەوەیان میر شەش دەس لە مەم دەباتەوە و لە ئەنجامدا ئەو گرەوەشی لێدەباتەوە کە لەنێوانیاندا هەبوو.

لە (مەم و زین) دا دەبینین شاعیر سوودی لە دایەلۆگ وەرگرتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێ زانیاریمان دەربارەی رووداوەکان و ململانێی نێوان پاڵەوانەکان پێ بگەیەنێ. بەمەش وای کردووە کە دایەلۆگ دەوری لە گێرانەوەدا هەبێت. بۆ نموونە (خانی) دەڵێت:

((لەورا ژ دەمێ نەبی بێ مورسەل
بوو ئەڤ خەبەرە صەحیح و مورسەل:
دونیا کو بهشتا کافرانە
مەئوایێ بەلایێ موئمنانە))[٢٧]

وەك دەبینین شاعیر هێندەی مەبەستی گێرانەوەی ئەو دایەلۆگەی پێغەمبەری ئیسلامە لەگەڵ هاوەڵانیدا و گەیاندنی زانیاری ناو دایەلۆگەکەیە هێندە مەبەستی خودی دایەلۆگەکە نییە کە ئەمە مانای وانییە لەمجۆرە دایەلۆگدا، دایەلۆگ پلەی دووەم وەردەگرێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە دایەلۆگ و گێرانەوە بەیەکەوە دێن.

(خانی) دایەلۆگی نێوان (زین و پەروانە) بەم شێوەیە دەگێرێتەوە:

((گەه گاه ژ دەست دلێ بریندار
ناچار دبوو ژ جانێ بێزار
پەروانە دکر ب ئاتەشێ غەم
پەروانە دکر ژ بۆ خوە هەمدەم
کەی طائرێ ئاشنایی فیرقەت
وەی بولبولێ بۆستانی حیرقەت
ئەی حوجەتێ عاشقێ د صائب
وەی موبطلێ موودەعییێ کاذب))[٢٨]

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦.

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

لە ڕێی ئەم دایەلۆگەوە(خانی) زیاتر مەبەستێتی لایەنی دەروونی (زین) مان بۆ دەربخات کە کەسێکی تەنیا و دڵ تەنگە و دڵی بە هیچ کەسێك ناکرێتەوە، بۆیە بۆ ڕەواندنەوەی کەمێك لە خەمەکانی لەگەڵ پەروانە دەدوێت تا گلەییەکانی خۆی ئاراستەی ئەو بکات.

لە داستانی (مەم و زین) دا (دایەلۆگی سادە) و (دایەلۆگی لێکدراو) هەن کە لەیەکەمیاندا مەبەست تەنیا گواستنەوەی قسەکردنی سادەی نێوان پاڵەوانەکانە، بۆ نموونە(خانی) بۆمان دەگێڕێتەوە کە (حەیزەبوون) دەڵێت:

((بێژن کییە؟ دا بچم ببینم
حاضر بگرم ژ بۆوە بینم
وان گۆتنە حەیزەبونا ساحر
دەردێ ل مە ئەی تەبیبێ ماهر))[٢٩]

لەم دایەلۆگەدا جگە لە قسەکردنێکی سادەی نێوان پاڵەوانەکان و پێدانی زانیاری بەیەکتری هیچیتر بەدی ناکەین، بەڵام لە نموونەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە کە دایەلۆگی نێوان (مەم و تاجدین) و ئەو (پیر) ەیە کە ئەوان پرسیاری (زین و ستی) لێدەکەن ئەو وشانەی بۆ گفت و گۆ کردن بەکارهاتوون وشەو دەربڕینی سادە نین. (خانی) دەڵێ:

((وان گۆ: تە نەدی ئەو چ ڕەنگن
وی گۆ: دوو کوڕن زیادە شەنگن
وان گۆ ب شیر و شەش پەڕن ئەو
یان ب خەدەنگ و خەنجەرن ئەو
وی گۆ کو ب غەمزە و ب ئاوڕ
خەڵقی د کوژن وەکی ب کەیڕ))[٣٠]

ئەو پرسیارانەی کە (مەم و تاجدین) لە بارەی ئەو دوو کەسەی خەڵك لە دەوریان کۆبۆتەوە کە (زین و ستی) ن، لە (پیر) ەکەی دەکەن و ئەو هەموویان وەڵام دەداتەوە و ئەمەش مانای وایە پاڵەوانەکان لەڕێی دایەلۆگەوە زانیاریان بەیەك بەخشیوە. سەرەڕای ئەوەی وەسف کردن

(٢٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.



لەناو دایەلۆگەکەدا هەیە و (پیر) ەکە بە (زین و ستی) دا هەڵدەڵێت و وەسفیان دەکات کە زۆر جوان و چاو بەغەمزەن. هەر لەڕێی ئەم دایەلۆگەوە (خانی) ئازایەتی و نەبەردی هەریەك لە(مەم و تاجدین) مان بۆ دەردەخات کە دەبینین (مەم و تاجدین) بەر لەهەر شتێك پرسیاری ئەوە لە (پیر) دەکەن ئایا ئەو چەکەی کە ئەو دوو کەسە هەڵیانگرتووە چ چەکێکە، چونکە ئەوان وەکو دوو پاڵەوانی ئازا ئامادەی ڕوو بە ڕوو بوونەوەن لەگەڵ هەرکەسێکدا و ئەگەر خاوەنی هەرجۆرە چەکێك بێت. بەڵام (پیر) وەڵامیان دەداتەوە کە ئەوانە نە شیر و نە خەنجەر و نەهیچ جۆرە چەکێکی تریان هەڵنەگرتووە و بە غەمزەی چاوەکانیان خەڵکی دەکوژن. (خانی) بەهای جوانی و گەورەیی عیشقمان پیشاندەدات، هەروەها ئەوەش دەردەخات کە(مەم و تاجدین) پاڵەوانن و لە ڕووبەڕووبوونەوەی شیرو خەنجەر ناترسن، بەڵام کاتێك چاویان بە جوانی (زین و ستی) دەکەوێت خۆیان پێناگیرێت و لەهۆش خۆیان دەچن، بۆیە (خانی) لەڕێی ئەم دایەلۆگەوە مەبەستی خۆی دەپێکێت و وا لە خوێنەر دەگەیەنێ کە عەشق لەهەر شتێکی دیکەی ژیان گەورەترە.

سەرەڕای ئەو جۆرانەی دایەلۆگ کە لەناو داستانی (مەم و زین) دا هەن و هەریەکەیان ئەرکێك یا زیاتر لە ئەرکێك دەگێڕێت، دایەلۆگ لە(مەم و زین) دا ئەرکی دیکەش دەگێڕێت. یەکێك لەو ئەرکانە هاوسەنگی نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەتە. (خانی) بۆمان دەگێڕێتەوە کە (حەیزەبوون) ی دایەنی (زین و ستی) لە کاتی گەڕانەوەیان لە ئاهەنگی نەورۆز بەم شێوەیە قسەیان لەگەڵدا دەکات:

((گۆ ئەی هەوەسێ دل و هناڤان
هەریەك ژ وە روهنیا دو چاڤان. . .
بێژن کو موقەددەمە چ ڕەنگە
ئەڤ حیرەتە یا خیالە بەنگە. . .
وان گۆتنە دایەئێ نهانی:
ئەم صوبحێ کو چوونە دەر ژ خانی))[٣١]

ئەو کاتەی بۆ دایەلۆگی نێوان دوو کەس پێویستە لەژیاندا هەر ئەوەندە کاتە دەخایەنێ کە حیکایەتخوان بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە.

(٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨-١٠٩.

ئەرکێکی دیکە کە دایەلۆگ لە داستاندا دەیبینێ دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی پاڵەوانەکانی ترە. کاتێ (مەم و زین) لەگەڵ یەك دەبن لەناو باغی میردا و (میر) دەچێتە ناو باغەکەی خۆی، (مەم) لەوێدا دەبینێ و زینیش خۆی شاردۆتەوە و (تاجدین) دەزانێ کە (زین) لەگەڵ (مەم) ە ئەگەر رزگاری نەکات ئەوا دەکەوێتە هەڵوێستێکی خراپتر لەوەی کە ئێستا تێیدایە، بۆیە دەچێتە ناو دایەلۆگی نێوان (میر) و (مەم) و دەڵێ:

((گۆ: گوهـ مەدەنە مەمێ یێ دینە
مالخۆلیە وی عەقل چو نینە!))[٣٢]

(تاجدین) (مەم) بە کەسێکی شێت دەداتە قەڵەم بۆ ئەوەی (میر) زۆر بیر لەقسەکانی نەکاتەوە، ئەمەش کەمکردنەوەیە لەکەسایەتی و پاڵەوانێتی (مەم)، کەچی مەبەستی (تاجدین) لەم قسانە رزگارکردنی (مەم) ە نەوەك دووچاری کێشەکردنی. بەڵام لەو نموونەیەدا کە(میر) گرەو لە (مەم) دەباتەوە و داوای لێدەکات ناوی خۆشەویستەکەی خۆی پێبڵێت، لەسەرەتادا (مەم) قسە ناکات کەچی دوای ئەوەی (بەکر) دەڵێت:

((گۆ: من دیە یا مەمێ حەباندی
کیژەك عەرەبانە لێڤ دەقاندی
سەرتا ب قەدەم رەشە وەکی قیر
نە لائیقی بەحث و خوەستنا میر!))[٣٣]

(مەم) تورە دەبێت و راستەوخۆ بە (میر) دەڵێت کە ئەو (زین) ی خۆشدەوێت و لەمەدا (بەکر) سەرکەوتوو دەبێت و لە ئەنجامدا (مەم) تووشی زیندان و مەرگ دەکات.

### ٢– هونەری دایەلۆگ لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) رۆمانێکی فرە دەنگە، بەو واتایەی زیاتر لە حیکایەتخوانێکی هەیە و بۆ گێڕانەوە سود لە هەردوو راناوی (ئەو) و (من) وەرگیراوە، بۆیە لەم رۆمانەدا هەردوو جۆری دایەلۆگ (دایەلۆگی راستەوخۆ و دایەلۆگی ناراستەوخۆ) هەن. (جەلیلی باران) لە بارەی ناسنامەی (جەلادەتی کۆتر) بەمشێوەیە لەگەڵ (جەلادەت) دەدوێ:

(٣٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١.

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.



((تۆ پێت وایە رۆژێك لە رۆژان جەلادەتی کۆتر بوویت؟

پرسیارێکی کوشندە بوو، من بێئەوەی تەماشای بکەم گوتم: بەڵێ من پێم وایە، رۆژێك لە رۆژان جەلادەتی کۆتر بووم.

بە جیدیەتێکی سەیرەوە دەستی گرتم و گووتی: کەواتە تۆ دەتوانیت فلووتێکی سیحراوی بژەنیت؟ دەتوانیت؟ قسە بکە دەتوانیت یا ناتوانیت؟

بە کەساسییەکەوە گووتم ناتوانم، جەلیلی باران ناتوانم. . . تۆ دەزانیت من جەلادەتی کۆترم؟ کە ناتوانم ئیدی بۆ پرسیارم لێدەکەیت.

بە هەموو هێزێکییەوە دەستی کێشا بەمێزەکەی بەردەسمانداو گووتی: کەواتە بۆ درۆ دەکەیت؟ بۆ دەڵێیت من جەلادەتی کۆترم؟))[٣٤]. ئەمە دایەلۆگێکی راستەوخۆیە و بۆ گێڕانەوە راناوی (من) بەکارهاتووە کە یەکێك لە کارەکتەرەکانی رۆمانەکە کە (جەلادەتی کۆتر) ە بۆمانی دەگێڕێتەوە. لەم دایەلۆگەدا (جەلادەت) روو بەرووی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك دەبێتەوە کە پەیوەندییان بە ناسنامەی ئەوەوە هەیە کە ئایا ئەو (جەلادەتی کۆتر) ە یا نا؟ رۆماننوس لەم دایەلۆگەدا زۆر سەرکەوتوو بووە، چونکە لەسەرتاپای رۆمانەکەدا رۆماننووس مەبەستی ئەوەیە رێز و بایەخ بۆ مۆسیقا بگێڕێتەوە. لەم دایەلۆگەدا ناسنامەی جەلادەتی بەستۆتە بە تواناداری لە ژەنینی مۆسیقادا، (جەلیلی باران) بە جەلادەت دەڵێ ئەگەر بتوانی فلووتێکی سیحراوی بژەنی ئەوا (جەلادەتی کۆتر)ی، بەڵام ئەگەر نەتوانی ئەم کارە بکەیت ئەوا (جەلادەت) نیت و لە ئەنجامدا ناسنامە و ناوێکت نابێت. (بەختیار عەلی) لە رێی ئەم دایەلۆگە و لەرێی بەستنەوەی ناسنامەی (جەلادەت) بە مۆسیقاوە بە ئێمەی خوێنەر و کۆمەڵگە دەڵێت ئەگەر ئێوەش توانای ژەنینی مۆسیقا و ئارەزووی گوێگرتن لە مۆسیقای نەمر دەکەن ئەوا خاوەنی ناسنامەن و ئەگەریش ناتوانن نە مۆسیقایەکی نەمر دابهێنن و نە گوێ لە مۆسیقای جاوید بگرن ئەوا بێ ناسنامە دەمێننەوە.

(جەلادەت) دەڵێ: ((یەکەم پرسیار لەدکتۆر بابەکم کرد گووتم: دکتۆر پێمبڵێ دالیا سیراجەدین ماوە یاخود نەماوە؟ دکتۆر کەمێك چاوی کزکردو گووتی: پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئێمە خۆمان ماوین یا مردووین؟))[٣٥]. پێشتر گووتم زۆرێك لە کارەکتەرەکانی ناو رۆمانی

(٣٤) بەختیار عەلی، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٣٦٢.

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨١.

(شاری مۆسیقاره سپییەکان) توانای هاتوچۆکردنیان هەیە لەنێوان ژیان و مەرگدا، لەم (دایەلۆگە راستەوخۆ) یەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەو کارەکتەرانە نازانن خۆیان مردوون یا زیندوون، بەو واتایەی ئەمانە جۆرە کارەکتەرێکن ناتوانن مردن و ژیان لەیەکتری جیابکەنەوە، یا خەڵکی لەسەردەمێکدا دەژین  مردوویێتی و زیندووبوون هیچ جیاوازیەکیان نییە.

لە رۆمانی (شاری مۆسیقاره سپییەکان) دا (دایەلۆگی ناراستەوخۆ) هەن کە حیکایەتخوانانی رۆمانەکە (عەلی شەرەفیار و جەلادەتی کۆتر) بۆ ئێمەیان دەگێڕنەوە. (جەلادەت) دایەلۆگی نێوان تارمایی (باسمی جەزائیری) و (دالیا سیراجەددین) مان بەم شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە: ((کەمێك وەستا وەك ئەوەی لە کورسییەکەی بەرامبەریدا گوێ لەوەڵامێك بگرێتەوە کە من ناتوانم بیبیستم. دوای ئەوەی بەرامبەرەکەی رستەکانی تەواو دەکرد، سەری بادا و گووتی: بەڵام تۆ وات نەگووت، تۆ دەتگووت، ئێمە لە هەموو شتێك بەهێزترین هەتا لە مردنیش، هەتا لەو دیوارانەش کە مردن و ژیان لەیەکتری جیادەکەنەوە))[٣٦]. ئەوەی گرنگە ئەوەیە رۆماننووس لە رێی ئەو توانا بەهێزەی عەشق هەیەتی وا دەکات ئەم دوو کارەکتەرە لەگەڵ یەك قسە بکەن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەم دایەلۆگەدا باوەڕی تەواوی (دالیا سیراجەددین) مان[٣٧] بەرانبەر عەشق بۆ روون دەبێتەوە.

(عەلی شەرەفیار) لەبارەی دایەلۆگی نێوان (جەلادەتی کۆتر و جەلیلی باران) دەڵێت: ((جەلیلی باران. . . بە ئەدەبەوە دەپرسێت: برام تۆ ناوت چییە؟ جەلادەت بە ئارامی سەیریدەکات و دەڵێت: ناوم جەلادەتی کۆترە. جەلیلی باران وەك ئەوەی شۆکێکی ئەلیکتریك لێیبدات را دەچەنێت، چاوانی پڕدەبن لەئاو و دەستی دەگرێت و پێیدەڵێت: هاوڕێم بەراستی پێمبڵێ؟ تۆ ناوت چییە؟))[٣٨]. (جەلادەتی کۆتر) ئەو منداڵەی ماوەیەکی زۆرە خەڵکی بیریان چۆتەوە و کەس باسی نەکردووە لەناکاو دەردەکەوێتەوە و بە (جەلیلی باران) دەڵێت من (جەلادەتی کۆتر) م کە هونەرمەندێکی گەورەیە، بۆیە جەلیل لە کاتی بیستنی ناوی جەلادەتدا تووشی شۆك دەبێت.

(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٤.

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٤.



لە رۆمانی (شاری مۆسیقاره سپییەکان) دا جۆرەکانی دیکەی دایەلۆگ دەبینرێن کە دایەلۆگی (سادە و لێکدراون). ئەگەرچی لەم رۆمانەدا زۆرینەی ئەو دایەلۆگانەی هەن دایەلۆگی لێکدراو و ئاڵۆزن، بەڵام دایەلۆگی سادەش هەن کە خوێنەر جگە لەمانای ئاستی سەرەوەی رستەکان خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ دایەلۆگەکان ناکات.

(عەلی شەرەفیار) لەبارەی یەکەمین دایەلۆگ و یەکەمین چاو پێکەوتنی نێوان (جەلادەتی کۆتر) و (سەرهەنگ قاسم) دەڵێت: ((کوڕە قژ زەردەکە پاش ماوەیەك وەستا و لە حەشارگەکەی خۆیەوە سەری دەرهێناو بەزەردەخەنەوە گووتی: برادەر، تۆ فلووتێکی جوان دەژەنیت، من ناوم سەرهەنگ قاسمە. . . تۆ چۆنی برادەر؟ بۆ نایەیتەسەر پێکەوە مۆسیقا لێدەین؟

جەلادەتی کۆتر پێیگووت: من ناوم جەلادەتی کۆترە، گەر تۆ حەزبکەیت، پێمخۆشە بەیەکەوە مۆسیقا لێبدەین))[٣٩]. لەم دایەلۆگەدا جگە لەیەکتر ناسینی جەلادەت و سەرهەنگ قاسم ناتوانین هیچ خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو قسانە بکەین.

گوتم لە (شاری مۆسیقاره سپییەکان) دا رێژەی دایەلۆگە سادەکان کەمە لە بەرانبەر ئەمەدا رێژەی (دایەلۆگی لێکدراو) یەکجار زۆرە. ئەمەش بۆ رۆمانێکی وەکو (شاری مۆسیقاره سپییەکان) کارێکی ئاساییە، چونکە هەم خودی رۆماننووسەکە لەگەڵ ئەوەی رۆماننووسە، نووسەر و شاعیر یشە، لە هەمان کاتیشدا ئەو بابەتانەی لە رۆمانەکەدا هەوڵی شیکردنەوەیان دراوە بابەتی فەلسەفین و قسەکردن لەسەریان وردبوونەوە و زیاتر لە خوێندنەوەیەك هەڵدەگرێت.

(جەلادەت) دیداری خۆی و (فهمی البصری) مان بەم شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە: ((گووتی خەمت نەبێت وەها مۆسیقات لەیاد دەبەمەوە لە هێزی هیچ مەخلوقێکی زیندوودا نەبێت بیرت بخاتەوە))[٤٠] لەرێی ئەم دایەلۆگەوە رۆماننووس حەقیقەتی وڵاتێکمان دەخاتە بەرچاو کە لە زۆربەی وڵاتانی دیکە شتی لەمجۆرە نییە. لە هەموو شوێنێك خەڵکی فێری مۆسیقا دەکرێن، بەڵام لەو وڵاتەی جەلادەت تێیدا دەژی لەبری هەبوونی مامۆستا بۆ فێرکردنی مۆسیقا، مامۆستا هەن مۆسیقا لە بیر مۆسیقا ژەنان دەبەنەوە.

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

(جەلادەت) دایەلۆگی نێوان خۆی و (دالیا سیراجەددین) مان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێك دالیا داوا لە (جەلادەت) دەکات لە (پرتەقاڵی سپیی) دا خۆی وەك کوڕی پوری ئەو بناسێنێ، بەڵام جەلادەت پێی دەڵی: ((پێم باشە بمرم و تۆ نەکەم بە کچی پوری خۆم. بە تووڕەییەوە سەیری کردم و گووتی درۆ دەکەیت، درۆ دەکەیت تۆ ئێستا حەزناکەیت بمری. بە ورکێکی کەمێك منداڵانەوە گووتم حەز دەکەم بژیم بەڵام حەزناکەم تۆ کچی پورم بیت))[٤١].

(دالیا سیراجەددین) لە پێناو نەمردن و بە زیندویی مانەوەی جەلادەت بە مەترسیدارترین کار هەڵدەستێ، بەڵام ئەو ئامادە نییە دالیا بکات بە کچی پوری خۆی، ئەمە بۆ؟ (دالیا سیراجەددین) ئەگەرچی کچێکی خوێندەوار و تێگەیشتووە، بەڵام کارەکتەرێکە وەك تەواوی کچەکانی دیکەی شاری (تەپ و تۆزە زەردەکان) سۆزانییە، بۆیە جەلادەت ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئەو بکات بەکچی پوری خۆی. (بەختیار) لە ڕێی ئەم دایەلۆگەوە کەسایەتی پیاوی ڕۆژهەڵاتیمان دەخاتە بەرچاو کە ئەو بە هیچ شێوەیەك قەبوڵی ئەوە ناکات نزیکایەتی لەگەڵ کەسێکی سۆزانیدا هەبێت، ئەگەر بێت و ئەو کەسە خۆشی ئەو کارەی هەڵنەبژاردبێت و ئاڵۆزییەکانی ژیان دووچاری ئەو کارەیان کردبێت.

(جەلادەتی کۆتر) دایەلۆگێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە نێوان خۆی و (موسای بابەك) دایە و دەڵێت: ((جیاوازی نێوان جەلاد و فریشتە ئەوەیە جەلاد مافی کوشتنی نییە و خەڵك دەکوژێت، بەڵام فریشتە مافی تۆڵەی هەیە و تۆڵە ناکاتەوە، تۆ کامیانیت؟. . . ها پێم بڵێ کامیانیت، دەتەوێ کامیان بیت؟. . . من دەستم دەکرد بە گریان و بەدەم فرمێسکەوە دەمگووت: هیچیان، دکتۆر موسا، هیچیان، من دەمەوێت مرۆڤ بم و تەواو))[٤٢]. (بەختیار عەلی) لە ڕێی ئەم دایەلۆگەوە پێمان دەڵێت مرۆڤ ئەگەر بیەوێ لێبوردە و بەخشندە و چاك بێت پێویست بەوە ناکات ببێت بە مەخلوقێکی دیکە، بەڵکو مرۆڤ بوون بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ چاك بێت، (جەلادەت) لەنێوان جەلاد و فریشتە مرۆڤ هەڵدەبژێرێت و ئامادە نییە ببێت بە شتێکی دیکە.

بەهۆی ئەو فرە دەنگییەی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا هەیە زۆرجار کارەکتەرەکان لەکاتی دایەلۆگ کردندا بە شێوەزاری ناوچەیی خۆیان قسەدەکەن (جەلادەتی

(٤١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.



کۆتر) دەڵێ: ((کەچاوم داگرت دەستی ئەمیری گوڵە باغم بینی کە گووتی: مامۆستا خودا عەفووتکا قسانم لۆ هەیە؟))[٤٣]. هەروەها (نەسرین فەخری) دەڵێ: ((پێمگووت سەیدی بمکوژە. . . سەیدی عینسان لەم دونیایە بە دوو شت دەژی، بە دەست و پەنجە و بە حەیاو حورمەت. . . بەساقەی سەگەکانت بم، یەکێکیانت برد ئەوی تریشیان مەبە))[٤٤]. دەبینین هەریەك لە (ئەمیری گوڵە باغ) و (نەسرین فەخری) بەو شێوەزارە قسە دەکەن کە لەناوچەکەیاندا هەیە، کە لەلایەك بووەتە مایەی قسەکردنێکی ڕێك و ڕەوانی کارەکتەرەکان و لەلایەکی دیکەش واقیعیەتی زیاتری بە ڕۆمانەکە و ڕووداوەکانی بەخشیوە.

## ٣- بەراوردکردنی هونەری دایەلۆگ لە داستانی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:

لە داستانی (مەم و زین) دا دایەلۆگی ڕاستەوخۆ نابینرێن بەهۆی ئەو گۆشە نیگایەی بۆ گێڕانەوەی (مەم و زین) بەکارهاتووە، لە بەرانبەردا و لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا هەموو جۆرە دایەلۆگێ سوودیان لێوەرگیراوە و بەکارهاتوون. نەبوونی جۆری دایەلۆگی ڕاستەوخۆ لە (مەم و زین) دا بۆتە هۆی ئەوەی ڕێژەی جۆرەکانی تری دایەلۆگ بە تایبەتی دایەلۆگی ناراستەوخۆ زۆر زیادبکات، بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا لەبەر ئەوەی گێڕانەوەکان دابەشی سەر ڕاناو (ئەو) و (من) کراون، بۆیە ئەو جیاوازییە لە ڕێژەی بەکارهێنانیاندا زۆر هەستی پێناکرێت.

لە هەردوو دەقەکەدا هونەری دایەلۆگ سەرەڕای بینینی ئەرکی جۆراوجۆر، ئەرکی هاوسەنگی کردن و لەیەك نزیکردنەوەی نێوان کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوە دەبینێت.

لە داستانی (مەم و زین) دا دایەلۆگ ئەرکێکی گرنگ دەگێڕێت کە دەرخستنی خاڵی لاوازی پاڵەوانی سەرەکی داستانەکەیە لە ڕێی پاڵەوانێکی دیکەوە کە دەرکەوتنی ئەو خاڵە لاوازە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لە ناوچوونی پاڵەوانی سەرەکی کە (مەم) ە. بەڵام لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا دایەلۆگی لەم جۆرە نابینین کە پاڵەوانەکان لە ڕێگەیەوە هەوڵی لەناوبردنی یەکتری بدەن. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتی هەریەك لە داستان

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

(٤٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٨-٤٢٩.

و رۆمان. پاڵەوانی داستان پاڵەوانێکی کامڵە و مرۆڤی کامڵیش نابێت کەم و کورتی هەبێت یا نابێ کەم و کوڕیەکانی ئاشکرا و لەبەرچاوان بن، بۆیە لە داستاندا سوود لە هونەری دایەلۆگ وەردەگیرێ تا پاڵەوان هەڵەیەك بكات و بە هۆیەوە دووچاری كێشەو گرفت و مەرگ ببێتەوە. بەڵام لە رۆماندا لەبەر ئەوەی كارەكتەرەكان كارەكتەری ناكامڵن و هەموو كات ئامادەی هەڵەكردنن و هەمیشە خاڵە لاوازەكانیان لەبەرچاون، بۆیە پێویست بەوە ناكات لە رێی دایەلۆگەوە خاڵە لاوازەكانی ئەوان دەربخرێن.

لە هەردوو دەقەكەدا (دایەلۆگی سادە) دەبینرێن، بەڵام رێژەی بەكارهێنانی دایەلۆگە لێكدراوەكان زۆر لە رێژەی بەكارهێنانی دایەلۆگی سادە زیاترە. كە لەیەكەمیاندا هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو وەسفە زۆرانەی شاعیر لەرێی دایەلۆگەوە دەریدەبڕێت و لە دووەمیشیاندا هۆكارەكەی بوونی ئەو بابەتە گرنگانەن كە كارەكتەرەكان لەنێوان خۆیاندا قسەی لەسەر دەكەن.

لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەكان) دا لە دایەلۆگی نێوان كارەكتەرەكان بە كارهێنانی شێوەزاری جیاوازی زمانی كوردی دەبینین. بەڵام لە (مەم و زین)، بەهۆی تاك دەنگی لە گێڕانەوە هەست بەبەكارهێنانی شێوەزاری جیاواز ناكەین لە دایەلۆگەكاندا.



# تەوەری سێیەم
# هونەری مۆنۆلۆگ لە داستان و رۆماندا

## أ- هونەری مۆنۆلۆگ لە رووی تیۆرییەوە:

زاراوەی (مۆنۆلۆگ) وەك زۆربەی زاراوەكانی دیكەی بواری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی زاراوەیەكی گریكییە كە لەلێكدانی هەردوو، وشەی (((monos)(تاك) و (logos) قسەكردن دروستبووە))[1]. لەناو دەقدا (تاك) پاڵەوان یا كارەكتەرە و وەك تەنێكی زیندوو بزاوتی هەیە و قسە دەكات، زۆر جار ئەو قسەكردنەی لەگەڵ پاڵەوان و كارەكتەرەكانی دیكەی ناو دەقەكەیە و هەندێ جاریش قسە كردنەكەی تەنیا لەگەڵ خۆیەتی وخۆی دەدوێنێ و گرنگی بە هەبوونی ئەوانی تر نادات، یا لایەنی كەم چاوەڕوانی ئەوە ناكات كەسێك هەبێت وەڵامی قسەكانی بداتەوە.

لە(مۆنۆلۆگ) ی ناو دەقدا، تاك قسە دەكات و هەمان ئەو تاكەش گوێگرە، بۆیە ئەو كێشەیەی پاڵەوان یا كارەكتەر لێیدەدوێ كێشەی خودی پاڵەوان یا كارەكتەرەكەیە و ئەو دەیەوێ خۆی بابەتەكە چارەسەر بكات دوور لە وەرگرتنی بۆ چوونی ئەوانی دیكە یا رێگەدان بەخۆ تێهە ڵقورتاندنیان.

(تزیفتیان تۆدۆرف) دەڵێت: ((مۆنۆلۆگ شیكردنەوەی هۆشی كارەكتەرە))[2] وئەم شیكردنەوەیەش خودی كارەكتەر دەیكات و دوورە لە بەشداری هەر كارەكتەرێكی دیكە. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە پاڵەوان یا كارەكتەر بۆچی مۆنۆلۆگ هەڵدەبژێرێ تا لە رێگەیەوە ئەو كێشانەی هەیەتی لەگەڵ خۆیدا چارەسەری بكات، یا چ نهێنیەك هەیە لە ناخی پاڵەوان یا كارەكتەردا و ئەو ناتوانێ لە رێگەی هونەرەكانی دیكەوە بە ئێمەی بڵێ و پەنا دەباتە بەر مۆنۆلۆگ؟

---

(١) محمود فلكی، روایت داستان(تئورهای پایەیی داستان نویسی)، چاپ اول، نشر بازتاب نگار، تهران-١٣٨٢، ص٤٢.

(٢) فاتح عبد السلام، الحوار القصصی تقنیاته وعلا قاته السردیه، ص١٠٩.

له ژیانی ئاساییدا مرۆڤ کاتێك لەگەڵ خۆی دەدوێ ئەو کاتەی کەسی لانەبێ و هەست بە ئارامی بکات و ئەو هەستەی لا دروست بێت کە فەزایەك رەخساوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو شتانەی لە ناو  ناخ و مێشکی داهەن و تاڕادەیەك لەوانی دیکەی شاردونەتەوە بە تەنیا لێیان بدوێت و لێیان ورد بێتەوە.

مرۆڤ کاتێك قسە لەبارەی ئەو کێشانە دەکات کە هەیەتی ئەوا ڕاستەوخۆ هەست بە ئاسوودەیی دەکات و تاڕادەیەك هەست بەبوونەوەی گرێ کوێرەکانی ناو ناخی دەکات، بەڵام لەوانەیە هەندێ شت هەبن لەوە نهێنی تر بن مرۆڤ بتوانێ بە ئاشکرا و لەگەڵ ئەوانی تر لێیان بدوێ و لەهەمان کاتیشدا پێویستی بە قسەکردن هەیە بۆ ئەوەی هەست بەو ئاسوودەییە بکات کە بەهۆی قسەکردنەوە بۆی دەڕەخسێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر قسەکردن، بەڵام قسەکردن لەگەڵ خۆی نەك لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. ئەمەشە وای کردووە پەیوەندی هەبێت لە نێوان مۆنۆلۆگ و سایکۆلۆژیادا.[3] و سایکۆلۆژیا لەو بابەتانە دەکۆڵێتەوە کە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە لەناخی مرۆڤەوە هەنگاوێك ڕووەو سەرەوە        دێن و ئەرکی کەسی سایکۆلۆژی ئاسان دەکەن، چونکە گەیشتن بە ناخ کە شوێنی کارکردنی دەروونناسانە لەسەر مرۆڤ کارێکی ئاسان نییە.

(رۆبەرت هێمفری) دەڵێ: ((مۆنۆلۆگ ئەو هونەرەیە کە لە چیرۆك نوسین دا بەکاردێت و ناواخنی دەروونی کارەکتەر و کردارە دەروونییەکانی پیشاندەدات — بێ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی یا پاژەیی لێی بدوێت- لە کاتێکدا ئەو کردارانە لە ئاستی جیاوازی ڕێکخستنی هۆشی دان بەرلەوەی بە مەبەست دەربڕدرێن))[4]. بوونی ئاستی جیاواز و پێنەگەیشتنی مۆنۆلۆگ لەڕووی دەربڕینەوە بەو مانایە نییە کە مۆنۆلۆگ کەم وکورتی تێدایە و ناساندنی بەم جۆرەی مۆنۆلۆگ هەرگیز راست نیە و خودی مۆنۆلۆگ ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەو هونەرێکی کامڵە، بەو هۆیەی ئەرکی ئەو دەرخستنی دەستپێنەگەیشتووترین شوێنە لە جەستەی مرۆڤدا کە ناخییەتی. کەواتە مۆنۆلۆگ لەو شوێنەدا ئیشدەکات کە هیچ هونەرێکی دیکە ناتوانێ بەو قوڵییە لەو شوێنەدا ئیشبکات، لە هەمان کاتیشدا ئەوە ڕاست نییە کە مۆنۆلۆگ نابێتە وشەو

---

(٣) نیان نوشیروان فؤاد، التكنيك والموضوعات الدالة بين القصة الانكليزية والعربية والكردية المعاصرة، رسالة ماجستير، كلية الاداب — جامعة صلاح الدين، ١٩٩٥م، ص٦٣.

(٤) تيار الوعى في الرواية الحديثة، ترجمة الدكتور محمود الربيعى، دار المعارف، مصر، ١٩٧٥، ص٤٤.



ڕستە، ئەگەر وابێ ئەی خوێنەر لە ڕێگەی چییەوە لە ناخی کارەکتەرەکان ولە خودی مۆنۆلۆگ تێدەگات. جیا لەوەش زۆر جار ئەو کەسەی مۆنۆلۆگ ئەنجام دەدات دەنگی بەرز دەکاتەوە و قسە دەکات. جا ئەگەر مۆنۆلۆگ و ئەو بۆچوون ودەربڕینانەی لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە دەردەبڕدرێن نەگەیشتبن بە و ئاستەی قسەیان لەسەر بکرێت ئەی ئەو قسەکردنانە و دەربڕینی ئەو وشەو ڕستانە لە کوێوە دێ، بۆیە لێرەدا مەبەست لە قسەنەکردن لەسەر ئەو شتانەی لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە دەردەبڕدرێن ئەوەیە پاڵەوان یا کارەکتەر ئەو قسانەی دەریاندەبڕێت بە مەبەستەوە نایانکات و وەك قسە کردنی ئاسایی بەرنامە ڕێژی بۆ ناکات، بۆیە هەم مۆنۆلۆگ هونەرێکی پێگەیشتووە وهەم خودی ئەو شتانەی لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە دەردەبڕدرێن توانای ئەوەیان تێدایە بە قسە دەرببڕدرێن، بەڵام پاڵەوان یا کارەکتەر هەموو ئەو شتانە دەشارێتەوە تاخۆی بۆ خۆی چارەسەری کێشەکانی بکات دوور لە ئەوانی دیکە.

مۆنۆلۆگ لەناو دەقدا ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت و زۆر چڕە و وردەکاری زۆری تێدایە لە دەلالەتکردن لەناوەوەی پاڵەوان یا کارەکتەر.[5] چڕی و وردی لە مۆنۆلۆگدا دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگرتنی ئەو شتانەی کە پاڵەوان یا کارەکتەر لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە دەریاندەبڕێت و ئەو شتانەی لەناو ناخی ئەواندا هەن و تا بواریش بۆ مۆنۆلۆگ نەرەخسێت ئەوان ئامادەی بیرکردنەوە نابن لەو شتانە، بەڵام کاتێك ئەو زەمینەیە رەخسا کە پاڵەوان یا کارەکتەر لەگەڵ خۆی بدوێ، راستەوخۆ ئەو کارە دەکات و هەموو ئەو شتانەی لەناخی دا هەن لەرێی مۆنۆلۆگەوە دەریان دەبڕێت، هەر بۆیەشە مۆنۆلۆگ لەناو دەقدا ((کت و پڕی بە چیرۆك دەبەخشێت))[6] و خوێنەر راستەوخۆ لەشتە شاراوەکانی ناو ناخی پاڵەوان یا کارەکتەر تێدەگات.

هەروەها لە مۆنۆلۆگدا لەبەرئەوەی تارادەیەك پەیوەندی بە یادگارییەکانەوە هەیە و لە ((جیهانی یادگارییەکانیشدا رابردوو، و ئێستا داهاتوو تێکەڵ دەبن و کات مانای خۆی لەدەست دەدات))[7]. ئەگەرچی لەدەستدانی مانا لەلایەن کاتەوە بەمانای نەمانی کات نییە و

---

(٥) خالد سهر محى الساعدى، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية، ص٩٣.

(٦) ليون سرمليان، تقنية رواية تيار الفكر و الحديث الفردى الداخلي، ترجمة د. عبدالرحمن محمد رضا، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد الثالث- السنة الثانية، خريف ١٩٨٢، ص٨٦.

(٧) خالد سهر محى الساعدى، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية، ص٩٣.

کات لەناو ناخی مرۆڤیشدا هەر هەیە، بەڵام لەوێدا و بەتایبەتی لەکاتی مۆنۆلۆگدا ئەو لۆجیکە لەدەست دەدات کە لەژیاندا یا لەناو دەق و لەدەرەوەی کارەکتەر هەیەتی. بەهەمان شێوە لەمۆنۆلۆگدا ((شوێن و کەلوپەلەکانیش بۆماوەیەك دیار نامێنن))[8]. لەئەنجامدا تاك کە دروستکەری مۆنۆلۆگە تارادەیەك لەهەردوو توخمی کات و شوێن رزگار دەبێت و رزگاربوونیشی یارمەتی دەری دەبێت بۆ ئەوەی بە کت و پڕی هەموو ئەو شتانە بگێڕێتەوە کە خوێنەر مەبەستێتی.

ئەرکێکی دیکە کە مۆنۆلۆگ لەناو دەقی چیرۆکئامێزدا دەیگێڕێت، بەرجەستەکردنی کارەکتەرە.[9] پێشتر لەبارەی هونەری دایەلۆگەوە ئەوەمان گوت کە بەهۆی قسەکردنەوە پاڵەوان یا کارەکتەر زیاتر لەواقیع نزیك دەبێتەوە و خۆی وەکو تەنێکی زیندوو، و بەرجەستە پیشاندەدات. جا ئەگەر دایەلۆگ بتوانێ ئەم کارە بکات ئەوا هونەری مۆنۆلۆگ هەنگاوێك لەپێشترە بۆ هەڵسان بەکاری بەرجەستەکردنی پاڵەوان یا کارەکتەر، چونکە دایەلۆگ لەرێی لایەنە دەرەکییەکانەوە هەوڵی دەرخستنی لایەنە ناوەکییەکان دەدات و خوێنەر دەبێ زۆربەی کات هەوڵبدات لەرێی قسەکردنەوە بە شتە شاراوەکانی ناو ناخی پاڵەوان یا کارەکتەر ئاشنا بێت. هەرچی لە مۆنۆلۆگدا خوێنەر بەبێ هیچ نێوەندێك (جگە لەحیکایەتخوان) بەم شتە شاراوانە ئاشنا دەبێت و پاڵەوان یاکارەکتەر خۆی هەوڵی بەخشینی زانیاری لەبارەی خۆیەوە دەدات، کەواتە مۆنۆلۆگ لەناو دەقدا چوار ئەرك دەگێڕێت کەبریتین لە:

١- دەرخستنی ناخی پاڵەوان یا کارەکتەر و ئاشنا کردنی خوێنەر بەو زانیاریانەی لەناو هۆش و ناخی ئەواندا هەیە.
٢- یارمەتی پاڵەوان یا کارەکتەر دەدا بۆ ئەوەی ئەو بۆچوون و شتانەی لەناخی دا هەن بەچڕی و وردبینییەوە دەریانبڕێت.
٣- بەخشینی کت و پڕی بەدەق لەگەیاندنی ئەو زانیاریانەی حیکایەتخوان دەیەوێت بە خوێنەریان بدات.
٤- دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرجەستەکردن و زیاتر واقیعی بوونی پاڵەوان یا کارەکتەر.

---

(٨) عبد الرضاعلی، عبدالرحمن مجید الربیعی بین الروایة والقصة القصیرة، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، الطبعة الاولی، بیروت- لبنان، ١٩٧٦، ص٢٣.

(٩) خالد سهر محی الساعدی، البناء الفني في الروایة التاریخیة العربیة، ص٩٣.



بەپێی ئەو گۆشە نیگایە و ئەو راناوەی لەگێڕانەوەدا بەکارهاتووە، جۆرەکانی مۆنۆلۆگ دیاریدەکرێن و رەخنەگرانیش لەدیارکردنی جۆرەکانی مۆنۆلۆگدا ئەگەرچی لەیەکەوە نزیکن، بەڵام جۆرێك لەتێکەڵاوی لە دەستنیشانکردنی جۆرەکاندا دەبینرێت.

(رۆبەرت هێمفری) لە کتێبەکەیدا کە لەسەر شەپۆلی هۆش نووسیویەتی دوو جۆری سەرەکی مۆنۆلۆگ دیار دەکات کە بریتین لە ((مۆنۆلۆگی راستەوخۆ و مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ))[10].

(جمال میر سادقی) یش جۆرەکانی مۆنۆلۆگ بەسێ جۆر دیاریدەکات:

((١- مۆنۆلۆگ.
٢- مۆنۆلۆگی درامی.
٣- خۆ دواندن.))[11]

لەم دیاریکردنەدا نووسەر لەدوو خاڵدا گشتێتی بەکارهێناوە و جۆرەکانی بەوردی دیارینەکردووە. لەخاڵی یەکەمدا باس لەمۆنۆلۆگ دەکات، بەڵام پێمان ناڵێت ئەو کامە جۆری مۆنۆلۆگی مەبەستە. ئایا مەبەستی مۆنۆلۆگی راستەوخۆیە، یا مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ لەبارەی ئەم پۆلینەوە (د. نەجم ئەڵوەنی) دەڵێت: (جەمال میر سادقی) لەوەدا راستی نەپێکاوە کاتێ کە مۆنۆلۆگی درامی و خۆدواندن بە دوو شێوەی دیکەی مۆنۆلۆگ ژماردووە. ئەگینا ئەم دووانە یەکن و لە شانۆدا ئەکتەر ناچارە دەنگی بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی تەماشاکەران لە قسەکانی بگەن و ئاگایان لە ناخ و دەروونی ئەو بێ، بەڵام لە داستان و چیرۆك و رۆماندا کە مۆنۆلۆگی درامی دەمەزرێنرێ، پێی دەگوترێ خۆدواندن.[12] لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا گێڕانەوەی ناخ بە شێوەیەکی لۆجیکی ئەنجام دەدرێ و لە رووی واتاوە قسەکانی کارەکتەر گونجانی تێدا دەبێت و وشەکانی پەراگەندە نابن. بەم سیفەتانەش ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە لە جۆری مۆنۆلۆگی راستەوخۆ و تەنانەت ناراستەوخۆش جیا دەبێتەوە.[13]

---

(١٠) تیار الوعی في الروایة الحدیثة، ص٤٤.

(١١) عناصر داستان، ص٤١١.

(١٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.نەجم ئەڵوەنی) مامۆستای کۆلیژی زمان زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، ٢٠٠٧/٩/٨.

(١٣) مصطفی مستور، مبانی داستان کوتاه، ص٢٨.

(نجيب العوفى) يش لەژێر کاریگەری تیۆرە دەروونیەکاندا جۆرەکانی مۆنۆلۆگ بەم شێوەیی خوارەوە دیاریدەکات:

١- مۆنۆلۆگی هۆشیار.

٢- مۆنۆلۆگی نا هۆشیار.

٣- مۆنۆلۆگی داڕشتن یا لەدەستدانی هۆش.[١٤]

یەکەم و دووەم جۆری ئەم دیاریکردنە جیاوازییەکی نییە لەگەڵ جۆری مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەڵام جۆری سێیەم کە (مۆنۆلۆگی داڕشتنە) جۆرێکە بە زیاد دیاریکراوە و هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ جۆری دووەمدا یا ڕاستتر بڵێین دەچێتە ناو جۆری دووەم، چونکە ئەم دیاریکردنە لە جۆری دووەمدا (منی باڵا) دەسەڵاتی نامێنێت و (ئەو) باڵا دەست دەبێت و کاتێکیش ئەو باڵادەست بێت هیچ بەربەستێك لەبەردەم مێشك نامێنێت تا ڕێگر بێ لەوەی پاڵەوان یا کارەکتەر چی بڵێ یا چی بەبیردابێ.

لە ڕوانگەی بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانە و بە بواردنی ئەو جۆرانەی کە ناکەونە ناو جۆرەکانی مۆنۆلۆگەوە، مۆنۆلۆگ ئەم جۆرانەی هەیە:

١- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ.

٢- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ.

٣- خۆ دواندن.

(مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ) چەند تایبەتمەندییەکی هەن کە بریتین لە ((یەکەم: بۆ نووسینی کەسی یەکەم بەکاردێت و نووسەر لادەبرێت. دووەم: بۆ خوێنەر ئاراستە ناکرێت. سێیەم: بەو شێوەیە وەردەگیرێت کە ڕوویداوە))[١٥] و ڕازاندنەوە و بەلاغەتگەری و وشە ئارایی تێدا نییە.

جۆری دووەمیشیان کە (مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ)یە لەڕێی ((کەسی سێیەمەوە دەردەبڕێت))[١٦] و ڕاناوی سەربەخۆی (ئەو) لە گێڕانەوەدا بەکاردێت، کە مانای ئەوە

(١٤) مقاربة الواقع في القصة القصيرة المغربية، المركز الثقافي العربي بيروت- لبنان - دار البيضاء المغربي، الطبعة الاولى، بيروت-١٩٨٧، ص٥٤٣-٥٥٤.

(١٥) ليون سرمليان، تقنية رواية تيار الفكر و الحديث الفردي الداخلي، ص٨٦.

(١٦) محمود فلكى، روايت داستان (تئورهاى پايەيى داستان نويسى)، ص٥٠.



دەگەیەنێت ناتوانرێ دەستبەرداری نووسەر یا حیکایەتخوان بین و حیکایەتخوان دەوری نێوەند لە نێوان پاڵەوان یا کارەکتەرەکان و خوێنەردا دەگێڕێت.

### ١- هونەری مۆنۆلۆگ لەداستاندا:

هونەری مۆنۆلۆگ زۆر کۆنە و لە داستانە بەراییەکانی گریکدا بەکارهاتووە و (هۆمیرۆس) لەهەردوو داستانەکەی خۆیدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە. (فاتح عبدالسلام) دەڵێت: ((ئێمە ناتوانین ئەوە دیاری بکەین ئایا هۆمیرۆس ئەو تەکنیکەی داهێناوە یا بەر لەو وەکو ئامرازێکی سەرزارەکی گێڕانەوە بەکارهاتووە))[١٧]. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە هۆمیرۆس داهێنەری ئەو هونەرە بێت یا نا ئەو لە بەرهەمەکەیدا بەکاریهێناوە و، بەکارهێنانیشی لەلایەن ئەوەوە بووە بە پاڵپشت بۆ کۆنی ئەم جۆرە هونەرە لە ناو جۆرەکانی ئەدەبدا.

لەداستاندا پاڵەوان گرنگترین توخمە و مۆنۆلۆگیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پاڵەوانەوە هەیەو لەناخی ئەودا دروست دەبێت. ئەو نزیکییەی لەنێوان ئەو توخم و هونەرەدا هەیە وا دەکات پەیوەندی بەهێز و سوودی زۆریان بۆ یەکتر هەبێت.

مۆنۆلۆگ دروست نابێت ئەگەر پاڵەوان نەبێت و لە هەمان کاتدا پاڵەوانیش ((مۆنۆلۆگ بەکاردێنێ بۆ لایەنە شاراوەکانی دڵی و قسەکردن لەسەریان بەشێوەیەکی ڕوون و مۆنۆلۆگ وەکو هۆکارێکی هونەری گرنگ دادەنرێت بۆ پیشاندانی پاڵەوان و حەقیقەتەکەی))[١٨] هەروەها ئەگەر دایەلۆگ ئەو هونەرە بێت کە بەباشترین شێوە پاڵەوانێك بە ئەوانی دیکە بناسێنێت، ئەوا مۆنۆلۆگ باشترین هونەرە بۆ ناساندنی پاڵەوان بە خوێنەر و تەواوی بۆچوون و تێڕوانینەکانی پاڵەوان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات.

لە داستاندا حیکایەتخوان لەجۆری (هەمووشتزان) ە ئەمەش مانای وایە ئەو ڕاناوەی بۆ گێڕانەوەی داستان بەکاردێت ڕاناوی سەربەخۆی (ئەو) ە، بۆیە لە داستاندا تەنیا دوو جۆری مۆنۆلۆگ بەدی دەکرێن کە یەکێکیان (مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ) یەو ئەوی دیکەشیان (خۆدواندن) ە. چونکە جۆرەکەی تری مۆنۆلۆگ بۆ دروستبوونی پێویستیی بە ڕاناوی سەربەخۆی (من) هەیە بۆ گێڕانەوە. لە داستانیشدا ئەو ڕاناوە بەکار ناهێنرێت، بۆیە

(١٧) الحوار القصصى تقنياته وعلاقاته السردية، ص١١٠.

(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

جۆرەکەی دیکەی مۆنۆلۆگ لەداستاندا دروست نابێت و پاڵەوان ناتوانێ بۆ دەرخستنی لایەنی ناوەوەی خۆی سوودی لێببینێت و بۆ دەرخستنی هزرەکانی ناخی و بۆ پیشاندانی هەست و سۆزی بەناچاری پەنا دەباتە بەر مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ.

گومانی تێدا نییە مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ لە دەربڕینی هەست و سۆز و هزرو بۆچوونەکان وەکو مۆنۆلۆگی راستەوخۆ نییە. (میخائیل باختین) دەڵێ: ((مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ مەیلێکی شیکاری هەیە و پێش هەموو شتێك بەر لە تۆخمەکانی هەڵچوون و سۆز دەگرێت و هەموویان ناگوازێتەوە))[١٩].

لە مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆدا جۆرێك لە ئاگایی هەیە و ئەویش ئاگایی نووسەرە و ئەو شتانە دەگوازێتەوە کە خۆی هەستدەکات خوێنەر پێویستی پێیان هەیە کە رەنگە هەندێ جار ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی ئەرکی مۆنۆلۆگ لەپیشاندانی شتە جەوهەرییەکانەوە بگۆڕێت بۆ دەرخستنی شتە دەرەکی و رووکارییەکان. لە ئەنجامدا مۆنۆلۆگ ناتوانێ ئەرکی خۆی بە تەواوی جێبەجێ بکات. لێرەدا لەسەر حیکایەتخوان یا شاعیر پێویستە نووسەری زەینی پاڵەوان بێت.[٢٠] و ئەو شتانە بگوازێتەوە کە راستەوخۆ لەزەین و ناخی پاڵەوان دەردەچن و رۆڵی نێوەندێك ببینێت لە بری ئەوەی ببێتە بەربەستێك لە گواستنەوەی ئەو زانیاریانەی پاڵەوان بەخوێنەری دەدات و خوێنەریش پێویستی پێیەتی بۆ ناسینی پتری پاڵەوان.

لە داستاندا (خۆ دواندن) یش هەیە، ئەم شێوە مۆنۆلۆگە کە پاڵەوان بە دەنگی بەرز ناخی خۆی لە رێی ئەوەوە دەردەبڕێ لەلایەن حیکایەتخوانی (هەمووشتزان) ەوە بە راناوی (ئەو) بۆ خوێنەر دەگوازرێتەوە. واتە پاڵەوان راستەوخۆ هزر و بۆچوون و خەیاڵاتەکانی ناو زەینی ناگاتە خوێنەر، بەڵکو حیکایەتخوان بەم کارە هەڵدەستێ.

### ٢- هونەری مۆنۆلۆگ لە رۆماندا:

لە رۆماندا سەرهەڵدانی هونەری مۆنۆلۆگ یا راستتر بڵێین زیاتر پەرەسەندنی هونەری مۆنۆلۆگ دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار کە یەکەمیان پەیدابوونی تیۆرەکانی (فرۆید) و (یۆنگ) ە لە رووی سایکۆلۆژییەوە کە دواتر کاریگەری دروستکرد لەسەر داهێنان و نوێکردنەوە لە

(١٩) شجاع مسلم دغيم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص٣٨٠.

(٢٠) محمود فلكى، روايت داستان (تئورهاى پايەيى داستان نويسى)، ص٤٣.



ئەدەبدا. دووەمیشیان کاریگەری رەمزییەکان بوو کە تێڕوانینێکی ورد و قوڵیان بەرانبەر بە ناخی کەسەکان و کۆمەڵگەش هەبوو.[٢١] لەرێی ئەم دوو بابەتەشەوە هونەری مۆنۆلۆگ زیاتر لایەنی تیۆری وەردەگرێت و رۆماننووس زیاتر شارەزای کەسەکانی دەرەوە و ناخی ئەوان دەبێت و بەسوود وەرگرتن لەو زانیاریانەش، بەهەمان شێوە دەڕوانێتە کارەکتەرەکانی خۆی. بەم شێوەیە گۆڕانێکی گەورە لە مێژووی رۆمان رووددەدات و رۆمان وای لێدێت هێندەی بایەخ بەناخ و زەین و هەستی کارەکتەرەکان دەدات هێندە گرنگی بەلایەنی دەرەوەیان نەدات، مەگەر لایەنە دەرەکییەکەیان یارمەتی دەربێت بۆ زیاتر دەرخستنی لایەنی زەینیان.

(ر. م. ئەلبێرس) دەڵێ: ((رۆمان لە خورافە و حیکایەت و شتی پڕو پووچی خەیاڵی بەشێوەیکی گشتی جیابووەوە، بۆ ئەوەی رووە و شیکردنەوە یا لەبەرگرتنەوەی پیسی (هەناوی مرۆڤ) و (ویژدان) و (ژیانی ناوخۆی) مرۆڤ بچێت))[٢٢]. ئەم قسەیەی (ئەلبێرس) تارادەیەکی زۆر دڵ رەقی بەرانبەر بە بەرهەمەکانی پێش رۆمان تێدایە و ئەو لەرێی ئەم گوتەیەوە تەواوی ئەو ئیستاتیکا و بەلاغەتگەری و توخم و هونەرانە رەتدەکاتەوە کە لەو بەرهەمانەدا بەکارهاتوون، لە کاتێکدا خودی رۆمان بەشێوەیەکی گشتی سوودی لەهەمان ئەو توخم و هونەرانە وەرگرتووە کە (ئەلبێرس) رەتیان دەکاتەوە و لە ناو ئەمانەشدا هونەری مۆنۆلۆگ هەیە، بەڵام ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کاتێ رۆماننووس لایەنی دەرەوەی کارەکتەر جێدەهێڵێت و دەچێتە ناخی کارەکتەرەوە بە پێچەوانەی داستان تەنیا لایەنی چاك یا خراپمان بۆ دیاری ناکات، بەڵکو لەتاکە کارەکتەرێکدا لایەنی چاك و خراپ دیاریدەکات و هەردووکیان بەیەکەوە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە و خوێنەر ئاشنای هەردوو لایەنی کارەکتەر دەبێت و زانیاری زۆر زیاتر دەبێت لەسەر کارەکتەر، چونکە سەرەڕای ئەو زانیاریانەی رۆماننووس یاخود کارەکتەر لەبارەی بۆچوون و هەست و خەسڵەتە چاك و خراپەکاندا بەخوێنەری دەڵێت، خوێنەر خۆشی بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێت بەراوردی تایبەتمەندییە چاك و خراپەکانی کارەکتەر بکات و لەو سۆنگەیەوە زانیاری پتر و ئاشنایەتی زیاتر لەگەڵ کارەکتەردا پەیدا بکات.

لە رۆماندا زۆربەی جۆرەکانی مۆنۆلۆگ دەبینرێن و هۆکاری ئەمەش بەکارهێنانی جۆراوجۆری راناوەکان و جۆراوجۆری حیکایەتخوانەکانە لە گێڕانەوەدا. هەروەها لە رۆماندا

(٢١) فاتح عبدالسلام، الحوارالقصصى تقنياته وعلاقاته السردية، ص١٠٤-١٠٥.

(٢٢) تاريخ الرواية الحديثة، ص٣٠.

دەکرێ بەتەنیا راناوی سەربەخۆی (ئەو) بەکاربێت و دەشکرێ بەتەنیا (من) بەکاربێت و بۆی هەیە رۆماننووس هەردوو راناوەکە لەناو دەقێکدا بەکاربێنێت.

لە رۆماندا ئەگەر تەنیا راناوی (ئەو) بەکاربێت ئەوا وەکو داستان زیاتر (مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ) دەبینرێت و لە مۆنۆلۆگەکەشدا هەست و هۆشی کارەکتەر لە لایەن خودی خۆیەوە پیشان نادرێت. لەم جۆرەی گێڕانەوەدا لایەنی سێیەم دەکەوێتە نێوان کارەکتەر و خوێنەر کە حیکایەتخوانەو کاتێك کارەکتەر بەناخی خۆیدا رۆدەچێت و بیر لەخۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا دەدوێ راستەوخۆ ئەو لەخۆدوانە بەخوێنەر ناگات و حیکایەتخوانی (هەموو شتزان) کە لەدەرەوەی دەق ئاگاداری هەموو شتەکانە ئەو مۆنۆلۆگەمان بۆ دەگوازێتەوە کە کارەکتەر لەگەڵ خۆی دەیکات و لەبەرئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بەهەست و سۆز و دەروون یا چاکتر بڵێین لایەنە واتاییەکانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە گواستنەوەی ئەم جۆرە بابەتانە کارێکی ئاسان نییە و ئەگەر خودی حیکایەتخوانیش مەبەستی بێت بەتەواوی وەکو خۆی بیانگوازێتەوە هەر ناتوانێت ئەم کارەبکات و هەندێ لەهەستەکان و لەئەنجامدا هەندێ لە زانیارییەکان ناگەنە خوێنەر.

کاتێکیش کە (من) بۆ گێڕانەوە بەکاردێت ئەوا ((زەینی کارەکتەری رۆمان لەشوێنی کەسی یەکەم (من- حیکایەتخوان) دەبێت و لەئەنجامدا راستەوخۆ شتەکانمان بۆ دەگوازێتەوە))[٢٣] و لە وێدا کارەکتەر و حیکایەتخوان دەبن بەیەك، بۆیە کاتێك کارەکتەر بەتەنیا لەگەڵ خۆی دەدوێت مانای وایە حیکایەتخوان لەگەڵ خۆی دەدوێت و لەئەنجامدا زانیارییەکان ((بەبێ هیچ بەربەستێکی دەرەکی بەئێمە دەگەن))[٢٤]. ئەم راستەوخۆ گواستنەوەیەش وادەکات ئەو جۆرانەی مۆنۆلۆگ کە بەهۆی راناوی (من) ەوە دروست دەبن قوڵتر و پڕ زانیاری تر بن لەو جۆرانەی بەهۆی (ئەو) ەوە دروست دەبن.

## ٣- بەراوردکردنی هونەری مۆنۆلۆگ لەداستان و رۆماندا:

مێژووی پەیدابوونی مۆنۆلۆگ ئەگەر بۆ پێش نووسینی هەردوو داستانی گریکی (ئەلیادە و ئۆدێسا) لەلایەن هۆمیرۆسەوە نەگەڕێتەوە ئەوا لە ناو ئەو دوو بەرهەمەی (هۆمیرۆس) دا کە

(٢٣) محمود فلکی، روایت داستان (تئورهای پایەیی داستان نویسی)، ص٤٣.

(٢٤) فاتح عبدالسلام، الحوار القصصی تقنیاته وعلاقاته السردیة، ص١١٩.



چەند سەدەیەك بەر لە زاین نووسراون بەکارهاتووە. لەناو رۆمانیشدا بەسوود وەرگرتن لەو مۆنۆلۆگەی لەداستان و بەرهەمەکانی دیکەی پێش رۆمان هەبوون و لەژێر کاریگەری تیۆرە سایکۆلۆژی و رەمزییەکاندا ئەم هونەرەی رۆمان زیاتر پەرەی سەند و جۆری دیکەی جیاوازی لێدروست بوون.

لەهەردوو رەگەزەکەدا مۆنۆلۆگ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە خودی پاڵەوانەوە هەیە و ئەو پەیوەندییەشیان دوو لایەنەیە بەدەر لەبوونی پاڵەوان یاکارەکتەر مۆنۆلۆگ دروست نابێت و پاڵەوان یا کارەکتەریش مۆنۆلۆگ بەکاردێنێ بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و ناخی خۆی، لەئەنجامدا مۆنۆلۆگ دەبێتە هۆی زیاتر بەرجەستەکردنی پاڵەوان یا کارەکتەر.

جگە لەو پەیوەندییەی کە لەنێوان مۆنۆلۆگ و پاڵەواندا هەیە، مۆنۆلۆگ پەیوەندییەکی پتەویشی بە شێوەی گێڕانەوەوە هەیە کە چ لەداستان و چ لە رۆماندا هەموو جۆرەکانی مۆنۆلۆگ و دروستبوونیان پەیوەستن بەو راناوەی بۆ گێڕانەوە بەکاردێت. لە بەکارهێنانی حیکایەتخوانی (هەموو شتزان) و راناوی (ئەو) لەداستان و لەرۆمانیشدا (مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ) دروست دەبێ. بەڵام کاتێك ئێمە باس لەحیکایەتخوانی (هەمان شتزان) و بەکارهێنانی راناوی (من) دەکەین بۆ گێڕانەوە ئەوا بەهیچ شێوەیەك باس لە داستان ناکەین، چونکە بۆ گێڕانەوەی داستان شاعیر تەنیا راناوی (ئەو) بەکاردێنێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی لەداستاندا (مۆنۆلۆگی راستەوخۆ) بەکارنەهێنرێت.

لە رۆماندا کە هەموو جۆرەکانی مۆنۆلۆگی تێدا هەن وەکو داستان دروستبوونی ئەو جۆرانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راناوەی کە بۆ گێڕانەوە بەکاردێت. پێشتر لەبەکارهێنانی راناوی (ئەو) دواین کە رۆماننووس دەتوانێ دووجۆری مۆنۆلۆگ بەکاربێنێت. لەبەکارهێنانی راناوی (من) یشدا بۆ گێڕانەوە رۆماننووس دەتوانێ (مۆنۆلۆگی راستەوخۆ) بەکاربێنێت. ئەگەریش گێڕانەوەکەی لەرێی شێوەی (ئەو / من) بوو ئەوا دەتوانێ هەموو جۆرەکانی مۆنۆلۆگ بەکاربێنێت. بەم پێیە دەتوانین بڵێین جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لەرۆماندا زیاترن لەجۆرەکانی مۆنۆلۆگی ناو داستان، هەروەها مۆنۆلۆگەکانی رۆمان قوڵتر و زانیاری بەخشترن لەمۆنۆلۆگەکانی داستان، چونکە لەرۆماندا مۆنۆلۆگی راستەوخۆ هەیە، بەڵام لەداستاندا هەموو مۆنۆلۆگەکان ناراستەوخۆن.

له داستاندا (خۆدواندن) هەیە و پاڵەوانی داستان لە کاتی خۆدواندندا دەنگ هەڵدەبڕێت، لە خۆدواندنی کارەکتەرەکانی ڕۆمانیش دا هەمان دیاردە بەدی دەکەین کە بنچینەی دروستبوونی خۆدواندنە.

ئەو مۆنۆلۆگانەی لەداستاندا هەن یا لایەنی چاکی پاڵەوانەکان دیاردەکەن یا لایەنی خراپییان، چونکە پاڵەوانەکانی داستان یا چاکن یا خراپ، بەڵام ئەو مۆنۆلۆگانەی لەرۆماندا هەن لەیەککاتدا زانیاری لەبارەی چاکی و خراپی کارەکتەرەکان بەخوێنەر دەبەخشن.

## ب- هونەری مۆنۆلۆگ لە رووی پراکتیکەوە:

### ١- هونەری مۆنۆلۆگ لەداستانی (مەم و زین) دا:

هەرچەندە زیاتر لەچوار سەدە بەسەر (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی دا تێپەڕیوە، بەڵام لەناو ئەم داستانەدا سوود لەهونەری مۆنۆلۆگ وەرگیراوە و (خانی) توانیویەتی جۆر و شێوازی بیرکردنەوەی پاڵەوانەکانی لەرێی ئەم هونەرەوە بگەیەنێتە خوێنەرانی کە ئەمە مانای وایە لەئەدەبیاتی کوردی بەگشتی و لەداستانی کوردیدا بەتایبەتی ئەم هونەرە هونەرێکی کۆنە و لەزووەوە بەکارهاتووە و داستانی کوردیش بەهەمان شێوەی داستانە جیهانییەکانی دیکە سوودی لەم هونەرە وەرگرتووە.

تەواوی داستانی (مەم و زین) لەرێی حیکایەتخوانی (هەموو شتزان) ەوە دەگێڕدرێتەوە کە بۆ گێڕانەوە راناوی سەربەخۆی (ئەو) بەکارهاتووە. (خانی) دەڵێت:

((زانی کو زەمانە بێ ئەمانە
گۆ: رابە دلۆ! عەجەب زەمانە:
فورصەت خوەشە دا بچینە سەیران
داسەیر بکەین ل وەحش و طە یران
کانێ ڤە هەین ژ وان مە هەم دەرد
لەوا کو ئەڤ ئادەمینە بێ دەرد))[٢٥]

ئەمە ئەو مۆنۆلۆگە ناراستەوخۆیەیە کە (زین) لەگەڵ دڵی خۆی دا دەیکات و بۆ ئێمەش لەرێی وشەی (گۆ) وە روون دەبێتەوە کە بۆ گێڕانەوەی ئەم مۆنۆلۆگە راناوی سەربەخۆی (ئەو)

(٢٥) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل٢١٣-٢١٤.



بەکارهاتووە و شاعیر یا حیکایەتخوان دەبێتە نێوەندی گواستنەوەی زانیاری لەنێوان (زین) و خوێنەردا. لەو مۆنۆلۆگەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە (زین) دڵ پڕغەمە لەدووری خۆشەویستەکەی و بەهۆی کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە ناتوانێ بیبینێت و دووچاری دڵە راوکێ و ناسەقامگیری کەسێتی بووە، بەو هۆیەی مرۆڤ کاتێك تووشی ئەم جۆرە کێشانە دەبێت هەرگیز ئارەزووی ئەوە ناکات تەنیا لەشوێنێك دا بمێنێتەوە و ئارەزووی گەڕان دەکات بۆ ئەوەی لایەنی کەم بتوانێ کەمێك لەخەمەکانی بەبا بدات، بۆیە کاتێك ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێت بچێتە ناو باغی (میر) ئەو کارە دەکات.

(خانی) لەبەکارهێنانی ئەم مۆنۆلۆگە لەم شوێنەدا سەرکەوتوو بووە. ئەو لەسەرەتاوە و لەرێی ئەم مۆنۆلۆگەوە ئەوە لەخوێنەر دەگەیەنێ کە (زین) دڵی پڕبووە لە غەم و دەردی دووری و تامەزرۆی دیتنی یارەکەیەتی، کاتێکیش (مەم) دەچێتە هەمان باغ و (زین) (مەم) دەبینێت لەهۆش خۆی دەچێت. کەواتە (خانی) توانیویەتی لەرێی ئەم مۆنۆلۆگەوە زەمینەسازی بکات بۆ ئەوەی لەهۆش خۆچوونی (زین) لەکاتی بینینی خۆشەویستەکەی نەبێتە کارێکی لەپڕ و خوێنەر تارادەیەك ئەو بیرەی لادروست ببێ کە ئەگەر کارێکی لەم جۆرە روویدا توانای قەبوڵکردنی هەبێت.

لەداستانی (مەم و زین) دا هەر بەتەنیا (زین) نییە کە لەرێی (مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ) وە لەگەڵ خۆی دەدوێ، بەڵکو (مەم) یش کەلەگەڵ (زین) دا دڵدار و دولبەری یەکترین لەگەڵ خۆی دەدوێ و چەندین راز و گلەیی لەرێی ئەو مۆنۆلۆگەوە دەردەبڕێت. (خانی) دەڵێت:

((گەه جەنگ دکر دگەل دلێ ژار
کای خائینێ شەرمسار و غەددار
کان قەول و قەرار و عەهد و پەیوەند
پەیمان و قەسەم یەمین و سۆگەند
تە دگۆ کو دگەل تە صادقم ئەز
تە دگۆ ب تە را موافقم ئەز
تە دگۆ کو خودان تەحەممولم ئەز
حەیفا کو زیادە بێ وەفایی
وەیلا کو نەقابلێ جەفایی))[٢٦]

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

لـە رووە خۆشەویـستییەکەیەوە بێـت یـا لـە رووە سـۆفیگەرییەکەیەوە (مـەم و زیـن) هەردووکیان ئەهلی دڵن و هەرگلەیی و ناخۆشیەکیان هەبێت کێشەکانیان لەگەڵ دڵیان تـاوتوێ دەکەن نەك لەرێی عـەقڵیان و ئەوان وەکو عاشقێك لەوە گەیشتوون عـەقڵ هیچیان بـۆ ناکـات. (مەم) گلەیی لەدڵی دەکات وپێی دەڵێ کە ئـەو هـەموو سـوێند و پەیمانـەکانی شـکاندووە و دەیەوێ ببێ بەدڵی یەکێکی دیکە یاخۆی بەخشیوەتە یەکێکی دیکە کە لەئەنجامدا (مەم) ئەو قسانە بەخۆی دەڵێت و پێی وایە ئەو دوای بینینی (زین) و دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەسـەر دووری و یەکتر نەبینینیان تێدەپەڕێت ئەو تووشی شکست بووە و ئیدی خۆی پێناگیرێت و چیتر بەرگەی ئەوە ناگرێت لەخۆشەویستەکەی دوور بێت.

کاتێ دایـەنی (سـتی و زیـن) دەچێتە لای (تاجدین و مـەم) و ئەنگوسـتیلەکانیان لـێ وەردەگرێت، (مەم) بیردەکاتەوە و (خـانی) یـش ئـەو بیرکردنەوەیـە بـۆ ئێمـە دەگوازێتـەوە و دەڵێت:

((مەم تێفکری کو بێ نگینی
کەنگی دکەتن مەدار و ژینێ!؟))[٢٧]

(مەم) لەرۆژی نـەورۆزدا عاشـقی کەسـێك دەبێـت و چـەندین رۆژ دەکەوێتـە نـاو جێگـا کاتێکیش (حەیزەبوون) دێت و ئەنگوستیلەکەی لێ وەردەگرێت ئەو بیر لـەوە دەکاتـەوە ئـاخۆ بەبێ بوونی ئەو ئەنگوستیلەیە ژیانی ئەو چۆن دەبێت، چونکە تاکە شتێك ئەم و ئـەو کەسـەی بۆی نەخۆش کەوتووە بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە ئـەو ئەنگوسـتیلەیەیە، بۆیـە غـەم خـواردن و تێفکرینی لە ئەنگوستیلەکە کارێکی ئاساییە.

ئەوەی لەم چەند مۆنۆلۆگەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە بەشێکی ئەو مۆنۆلۆگانەی لە (مەم و زین) دا بەکارهاتوون (مۆنۆلۆگی ناراسـتەوخۆ) ن و شـاعیر وەکـو نێوەنـدێك ئـەو هەست و بۆچوونانەی ناخی پاڵەوانمان بۆ دەگوازێتـەوە. ئـەو لـە دروسـتکردن و بـەکارهێنانی مۆنۆلۆگەکانـدا سـەرکەوتوو بـووە، بـەڵام زۆر قـوڵ نەبۆتـەوە لـەناخی پاڵەوانـەکانی و مۆنۆلۆگەکانی زۆر قوڵ نین، کەئەمەش بێگومان بێ توانایی یا دەست نەرۆیـشتوویی (خـانی) ناگەیێنێ، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە ئاستی رۆشنبیری ئەدەبی ئەو سەردەمەی کە شاعیر تێیدا ژیاوە.

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.



لە (مەم و زین) دا (خۆدواندن) یش هەیەو ((خـانی بـەناوی زیـن موناجاتێـك دادەهێنـێ گوایە لەگەڵ مۆم قسە دەکا. بەراورد لەنێوان ئەوەی لەناو دڵی خۆیدا هەیە لەگەڵ چارەنووسی مۆم لەکاتی سووتان و پڕاندنی رووناکی و تیشکی ناو دەروونی))[٢٨] دەکات. (خانی) دەڵێت:

((دەم شەمع دکر ژ بۆ خوە دەمساز
کای هەمسەر و هەمنشین و هەمراز
هەرچەند ب سوهتنی وەکی من
ئەمما نە ب گوهتنی وەکی من
گەر شوبهەتی من تە ژی بگوهتا
دێ من بخوە دل قەوی نە سوهتا))[٢٩]

(زین) لێرەدا مۆمی کردووە بە هاوڕازی خۆی و قسە بۆ ئەو دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی مـۆم شتێکی بێ گیانە و دەکەوێتە دەرەوەی جەستەی پاڵەوانیشەوە، هەروەها لـەکاتی مۆنۆلۆگەکـەدا (زین) بەدەنگی بەرز قسە دەکات، بۆیە جۆری ئەم مۆنۆلۆگە بە خۆدواندن دادەنرێت.

(مەم) یش بەهەمان شێوەی زین (خۆدواندن) دەکـات، بـەڵام خۆدواندنەکـەی ئـەو لەگـەڵ (شەمع) نییە و لەگەڵ (سەبایە). (خانی) دەڵێت:

((گەه بەحث دکر دگەل صەبایێ
شەرحا غەمێ دل دگۆتە بایێ
کای جسمێ لەگیفێ شوبهەتی رووح
دەرگاهێ بەدەن ل بەر تە مەفتووح
ئەز هێڤی دکەم کو بێ تەوەققوف
رەنجیدە قەدەم ب بێ تەکەللوف
جارەك هەرە (سدرة السعادة)
گاڤەك هەرە (سدرة النهایة)
ئەووەل تو ببۆسە ئاستانێ
پاشی هەرە پێشی دلستانێ))[٣٠]

(٢٨) دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل٣٥٩.

(٢٩) ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، ل١٨٧.

(مەم) لە نێوان خۆشەویستی و دووری لە (زین) و هەڵڕشتنی خەمەکانی، (سەبا) هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لەلایەك کۆمەڵێ لەخەمەکانی بەهۆی سەباوە بداتە دەم باوە و لە هەمان کاتیشدا دەیەوێ کەمێك لەو دوورییە کەم بکاتەوە کە لەنێوان ئەو و زیندا هەیە و لەرێی سەباوە هەواڵێکی لەبارەی ئەوەوە پێ بگات.

**٢- هونەری مۆنۆلۆگ لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا:**

رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) رۆمانێکە بابەتی هزری و فەلسەفی زۆری تێدا خراونەتە روو، و تارادەیەکیش رۆماننووس لەرێی کارەکتەرەکانەوە باوەڕی خۆی بەرانبەر ئەو بابەتە هزری و فەلسەفیانە دەربڕیوە، بەهەمان شێوە زۆرینەی کارەکتەرەکانیش توانای قسەکردن و گفت و گۆ کردن و بیرکردنەوەیان لەم بابەتانە هەیە بەو هۆیەی زۆربەی کارەکتەرەکان خەڵکی شارن و زۆرینەشیان یا مۆسیقارن یا خوێنەری زۆرچاکن کە ئەمە یارمەتی دەریان دەبێت بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی قوڵیان بەرانبەر بەژیان هەبێت. لەبەر ئەوەی مۆنۆلۆگیش پەیوەندی راستەوخۆی بەکارەکتەر و هزر و ناخی کارەکتەرەوە هەیە، بۆیە مۆنۆلۆگەکانی ناو رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) مۆنۆلۆگی قوڵن و کارەکتەرەکان زۆر بەقوڵی ناخی خۆیان دەردەبڕن.

لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا ئەو گۆشە نیگایەی بۆ گێڕانەوە بەکاردێت بریتییە لە (حیکایەتخوان / کارەکتەر) کە مانای وایە بۆ گێڕانەوە (ئەو+من) بەکارهاتووە و ئەو شێوە گێڕانەوەش زەمینەی ئەوەی بۆ رۆمانەکە رەخساندووە کە هەموو جۆرەکانی مۆنۆلۆگی تێدابێت.

(جەلادەتی کۆتر) کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە و هەروەها بەشێکی رۆمانەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەو شوێنانەی کە (جەلادەت) یا هەر کارەکتەرێکی دیکە حیکایەتخوانە (مۆنۆلۆگی راستەوخۆ) بەکارهاتوون و سوودیان لێوەرگیراوە. (جەلادەت) دەڵێ: ((کە بیرم لەوە دەکردەوە سامیری بابلی دەکوژرێت تووشی ترسێکی گەورە دەهاتم. . . لەناکاو پەشیمانییەکی قوڵ پەڕییە رۆحمەوە، لەناکاو لەهەموو شتێك دوودڵ و پەشیمانبووم، لەخۆم، لەهەڵهاتنم

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.



لەشاری سۆزانییەکان، لەگەڕانەوەم، لەئەسیرکردنی سامیری بابلی، لەعەدالەت، لەهەموو شتێك))[٣١].

(جەلادەت) لەسەردەمێکدا نەخۆی و نەهیچ کەسی دیکە نازانن چی دەکەن و هەرکارێك کە ئەنجامی دەدەن لێی پەشیمانن، پەشیمانیشیان یا لەبەر ئەوەیە پێیان وایە شتی زۆرچاکتر هەیە لەوەی کە ئەوان ئەنجامیان داوە، یا لەبەر ئەوەیە ئایا ئەوەی ئەوان پێی هەڵساون کارێکی چاك بووە یا خراپ؟ ئایا توانیویانە مەبەست بپێکن؟ (جەلادەت) خۆی دەڵێت: ((تاکە پرسیارێك لەو ساتەدا لەدڵمدا بوو ئەوەبوو: ئاخۆ ئێستا رۆحی ئیسحاقی لێوزێڕین و سەرهەنگ قاسم ئاسوودەن؟ ئاخۆ کوشتنی سامیری بابلی زەمینی جوانتر کردووە یاخود نا؟))[٣٢].

کێشەی جەلادەت ئەوەیە ئاخۆ ئەو بەئەنجامدانی دادگا و کوژرانی (سامیری بابلی) لەلایەن قوربانیانی دەستی خۆی کارێکی چاك بووە یا خراپ. ئایا کە مرۆڤ تاوانێك دەکات شایەنی بەخشین و لێبوردنە یا سزادان، ئایا کاتێك تاوانبار هەریەکێك لەو دوو حوکمەی بەسەردا دەدرێت ژیان چی بەسەردێت و چۆن دەبێت؟

(جەلادەتی کۆتر) کاتێ سەیری شارەکەی دەکات کە هەمووی کۆنکریتە و مسقاڵێك شاعیریەتی تێدا نییە دەڵێت: ((من بەخۆمم دەگووت من پیاوێکم لەتاریکیدا، بەڵام بیر لە روناکی دەکەمەوە))[٣٣]. (جەلادەت) خۆی دەڵێ دەزانم قسەیەکی بێ مانا دەکەم، بەڵام من پێموایە ئەوە واتادارترین قسەییەکە کەسێك بیکات کە هەوڵی گۆڕان دەدات، چونکە کەسێك ناتوانێ گۆڕان بکات ئەگەر هێندەی باوەڕ بەخۆ نەبێ کە ئەو دەتوانێ شتێ بکات کە ئەوانی دیکە ناتوانن ئەو شتە بکەن یا ئەو رێگایەکی دۆزیوەتەوە کەئەوانی تر ئەو رێگایەیان لێ ونە.

یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی مۆنۆلۆگ لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا ئەوەیە کە مۆنۆلۆگەکان زۆربەیان لەرێی پرسیارەوە دەربڕاون، مۆنۆلۆگی راستەوخۆش وەك بەشێکی مۆنۆلۆگ لەم مەسەلەیە بەدەر نییە. (جەلادەت) دەڵێ: ((لەخۆمم دەپرسی مۆسیقا چییە؟ ژیان چییە؟ رۆح چییە؟ خۆشەویستی چییە؟ بۆ هیچ یەك لەم وشانە مانایەکیان نییە مرۆڤ

(٣١) بەختیار عەلی، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٢.

(٣٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣١.

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧١.

ئاسوودە بکات))[٣٤]. هەروەها دەڵێت: ((من هەمیشە لەخۆمم پرسیوە کە پایز دادێت بەهاردەچێت بۆ کوێ؟ لەخۆمم پرسیوە کە مردن دێت ژیان دەچێت بۆ کوێ، کە ئەم شارە ئاسنین و دڵتەنگانە دێن، شارە جوان و ئەفسانەییەکان دەچن بۆ کوێ. ؟))[٣٥]. ئەمانە تەنیا کۆمەڵێ پرسیارنین کە لەبیری جەلادەت دا هەن، بەڵکو کۆمەڵە پرسیارێکن لەهزری هەر کەسێکدا هەن کە خەمی ژیانی لەبەر بێت و توانای بیرکردنەوەی هەبێت. هەروەها هەر لەرێی ئەو مۆنۆلۆگەوە ئێمە کەسایەتی (جەلادەت) باشتر دەناسین، تێدەگەین کە تا چ رادەیەك لەژیان و دیاردەکانی ژیان قوڵ بۆتەوە.

لەرۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا (مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ) ش هەن کە (عەلی شەرەفیار)ی حیکایەتخوانی بەشێکی رۆمانەکە لەرێی راناوی سەربەخۆی (ئەو) ەوە پێشکەشمانی دەکات. (شەرەفیار) دەڵێت: ((لەناو ئەو ئاوەدا یەکەمجار جەلادەت ئەو پرسیارە گرنگەی لا دروست دەبوو: ((ئایا ئەوە مۆسیقایە ئەمجۆرە سیحرە دروستدەکات، یان ئێمەین دروستی دەکەین، ئەوە مۆسیقایە بەرەو زەمینێکی وا دولبەر و پڕ تەفرەمان دەبات یا ئێمەین دەکەوینە ژێر کاریگەری فریوەکانی خۆمانەوە، ئێمەین دونیایەکی پڕ درۆ سازدەدەین و لێمان دەبێتە حەقیقەت؟ یاخود هەر بەڕاست زەمینێکی راستەقینە هەیە کەسەرزەمینی مۆسیقایە؟ سەرزەمینی جوانییە؟ ئەوە ئێمەین کە دەمانەوێت لەناو شار و شوێن و دورگەکاندا جوگرافیایەك دروستبکەین، کە تەواو کەرێکی خەیاڵی جوگرافیا راستەقینە و غەمگینەکانە، یاخود لە راستیدا جوانی و مۆسیقا و نەمری هەرێمێکن نزیك لێمانەوە، جوگرافیایەکن لەناو جوگرافیای شتەکانی تردا شاردراونەتەوە، لە شارێکدا نزیك نزیك لێمانەوە، هێند هەیە دەبێت بی بینین و دەست بۆ میوەکان و درەختەکانی درێژبکەین؟))))[٣٦].

مۆسیقا و جوانی دوو چەمکن رۆماننووس بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات زەقیان بکاتەوە و سیحری ئەم دوو چەمکە بە خوێنەر بڵێت و گەورەیی و مەزنی و توانای گۆڕینی ژیان بەهۆی ئەم دوو چەمکە روون بکاتەوە. هەروەها لەم دوو چەمکەدا هەوڵی ئەوە دەدات چەمکێکی نوێ دروست بکات کە چەمکی (جوانی مۆسیقا) یەو ئەو دەیەوێ جوانی و

---

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٣.

(٣٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.



گەورەیی مۆسیقا لە خوێنەرەکەی بگەیەنێ و لەرێی ئەو جوانی و نەرم و نیانی و بەخشندەییەی لە مۆسیقادا هەیە کەمێك لەو رك و کینە و گرژی و توند و تیژییەی مرۆڤەکان کەم بکاتەوە و لەئەنجامدا نەمرییان پێ ببەخشێت. ئەو پێیوایە مرۆڤ دۆستی و خۆشبەختی و جوانی و بگرە نەمریش لە مۆسیقادا هەن و مۆسیقاش لێمانەوە نزیکە، بۆیە ئەگەر بمانەوێ بگەینە ئەو شتانە ئەوا دەبێ مۆسیقا و گوێگرتن لە مۆسیقا بکەین بەو خاڵ و دەروازەیە بۆ ئەوەی رووە و جیهانێکی جاوید و مرۆڤانە هەنگاو بنێین.

هەر لەبارەی مۆسیقاوە (عەلی شەرەفیار) مۆنۆلۆگێکی دیکەی ناراستەوخۆمان دەخاتە بەرچاو کە تێیدا دەڵێت: ((جەلادەت بیری دەکردەوە، لەهەموو ساتە گرنگەکانی مێژوودا مۆسیقارەکان مەخلوقاتی بێسوودن. نەیدەزانی ئاخۆ ئەوە مردنە کە گوێ ناگرێت، یاخود مۆسیقایە نایەوێت لەگەڵ مردندا دیالۆگی هەبێت؟ ئەوە مردنە کە وەك رەشەبایەکی گەوج دێت و ناوەستێت تا مرۆڤ بەعەقڵ، بە ئاواز، بە مۆسیقا قسەی لەگەڵ دا بکات، یاخود مۆسیقایە بێباکانە شان هەڵدەتەکێنێت و بەرەو ئەبەدییەت دەڕوات و ئێستای بەلاوە گرنگ نییە. ئەو چ نهێنییەکە مۆسیقارەکان دەگۆڕێت بۆ بوونەوەری بێسوود؟))[٣٧]. کێشەی گەورەی (جەلادەت) ئەوەیە ئاخۆ مۆسیقا دەتوانێت مرۆڤایەتی لە هەموو ئەو کێشانەی تێی کەوتووە رزگار بکات یا نا؟ (جەلادەت) دوای ئەوەی سەفەری (ئۆقیانووسی هاوارەکان) دەکات ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە کە بەڵێ مۆسیقا دەتوانێ ئەم کارە بکات.

(جەلادەت) پێیوایە مۆسیقا سەرەڕای ئەوەی هونەرێکی نەمرە هونەرێکە پەیوەندی بەتاکەوە هەیە، بەو واتایەی دەبێ تاك خۆی هەوڵ بدات ئەو زەمینەیە لەخۆی دروست بکات تا بتوانێ گوێ لە مۆسیقا بگرێ و ئەمە کاری مۆسیقا نییە تاکەکان ناچار بکات تا گوێی لێبگرن.

گوتمان (خۆدواندن) بەهۆی هەردوو راناوی (ئەو) یا (من) دروست دەبێت و هەرکامیان بۆ گێڕانەوە بەکارهاتبن ئەگەر نووسەر مەبەستی بێت دەتوانێ سوود لەبەکارهێنانی خۆ دواندن وەربگرێت. لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا هەردوو راناو بەکارهاتوون، بۆیە ئاساییە ئەگەر خۆدواندن لەرێی هەردوو راناوەکەوە بەکارهاتبێت. (عەلی شەرەفیار) دەڵێ:

---

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٠.

((لەدڵەوە هاواری دەکرد ئیلاهی. . . ئیلاهی ئەم منداڵە هەموو ئەم بەحرەی کردووە بەعەشق))[٣٨].

(ئیسحاقی لێو زێڕین و سەرهەنگ قاسم و جەلادەتی کۆتر) بەیەکەوەن و هەرسێکیان لەناو ئاودا مەلە دەکەن و مۆسیقا دەژەنن. (سەرهەنگ قاسم و جەلادەت) وا کەوتونەتە ناو مۆسیقاوە ئاگایان لە دونیا نییە و مامۆستاکەیان ئاگاداری ئەوانە، بۆیە کاتێك ئەو هاوار دەکات هیچ کەس گوێی لەدەنگی نییە. لەم (خۆدواندنە) دا ئێمە هەست بە توانای جەلادەت دەکەین کە هێشتا منداڵە و دەتوانێ بەو شێوە سەیرە مۆسیقا بژەنێ. هەروەها لە دەروونی (ئیسحاقی لێوزێڕین) یش تێدەگەین کە ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان ئەویش توانیبێتی کارێکی لەم جۆرەی (جەلادەت) لەرێی مۆسیقاوە ئەنجامبدات ئەوا ئێستا پیربووە و ناتوانێ ئەم کارەبکات و سەرسامی خۆی بەرانبەر جەلادەت دەردەبڕێ.

(جەلادەتی کۆتر) لەکاتێکدا کەوا هەست دەکات تارمایی (دالیا سیراجەددین) دەبینێ و چەند جارێك لەسەر پلیکانەکان هەستی پێدەکات کە لەوێیە، بەڵام دالیا نە بەتارمایی و نە بەجەستە ئامادە بوونی نییە. (جەلادەت) دەڵێ: ((زۆرجار لەسەر پلیکانەکان دەوەستام و دەگریام و دەمگووت: دالیا سیراجەدین بەجێم مەهێڵە. وەك باران فرمێسك لەچاوم دەهاتە خوارێ و دەمگووت دالیا، مەڕۆ))[٣٩]. ئەم خۆدواندنەی (جەلادەت) زیاتر حەزی بینین و تامەزرۆیی جەلادەت بۆ بینینی (دالیا) کە یەك لایەنە خۆشی دەوێت ئەگینا لەو کاتانەی جەلادەت ئەم قسانە دەکات ماوەیەکی زۆرە دالیای نەبینیوە و دواجاریش کە بینی بووی لەشاری تەپ و تۆزە زەردەکان بوو.

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٥.



**٣- بەراوردکردنی هونەری مۆنۆلۆگ لەداستانی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان):**

مۆنۆلۆگ هونەرێکی زۆر کۆنە و لە داستانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی بەکارهێنراوە. لە ڕۆمانی کوردیشدا لە ژێر کاریگەری ڕۆمان و تیۆرەکانی ڕۆمانی ئەوروپیدا بەکارهاتووە.

لە داستانی (مەم و زین) دا لەرێی راناوی ئەوەوە هەموو مۆنۆلۆگەکان لەلایەن حیکایەتخوانەوە پێشکەشکراون، کەچی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا لەرێی هەردوو راناوی (من، ئەو) ەوە مۆنۆلۆگەکان خراونەتە بەرچاو. ئەوەی بە راناوی (من) پێشکەشکراوە بووە بە مۆنۆلۆگی راستەوخۆ. ئەوەش بە راناوی (ئەو) پێشکەشکراوە دەچێتە خانەی مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆوە.

ئەو مۆنۆلۆگانەی لەرۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا بەکارهاتوون قوڵترن لەو مۆنۆلۆگانەی لەداستانی (مەم و زین) دا هەن کە ئەمە بۆ بێ توانایی شاعیری (مەم و زین) ناگەڕێتەوە، بەڵکو چەند هۆکارێك بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم دیاردەیە لەوانە کاریگەری زەمەن کە داستانی (مەم و زین) زیاتر لەچوار سەدەیە نووسراوە، هەروەها بەکارهێنانی راناوی (ئەو) بۆ گێڕانەوە وادەکات هەمو کات شاعیر نەتوانێ بە شێوەیەکی قوڵ بچێتە ناو هەست و هزری پاڵەوانەکانەوە. هەروەها هۆکارێکی دیکەش هەیە کە تایبەتە بە مۆنۆلۆگی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و ئەو مۆنۆلۆگانەی لەوێدا بەکارهاتوون بەهۆی ئەوەی کارەکتەرەکان کەسانی زیرەکن و توانای بیرکردنەوەیان هەیە و ئەو بابەتانەی لەگەڵ خۆیان قسەی لەسەردەکەن، بابەتی هزری ئاڵۆزن، بۆیە مۆنۆلۆگەکانیشیان مۆنۆلۆگی قوڵن.

یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا ئەوەیە مۆنۆلۆگەکان زیاتر بەشێوەی پرسیار دەربڕاون و کارەکتەرەکانی هەمیشە پرسیاری چی و بۆچیان لە مێشك دایە. بەڵام لە (مەم و زین) دا مۆنۆلۆگەکان ئاساین و مۆنۆلۆگی تێدایە بەشێوەی پرسیارن و هەندێکی دیکەش شێوەی ئاسایی مۆنۆلۆگن.

## ئەنجام

پاش وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن، گەیشتینە کۆمەڵێ ئەنجام لەم باسەدا. کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- داستان و رۆمان کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش و جیاوازییان لە نێواندا هەیە، گرنگترین خاڵە هاوبەشەکان ئەوانەن کە پەیوەندییان بە توخمەکانی گێڕانەوە و شێوازەکانی گێڕانەوە وە هەیە، بەڵام بەهۆی پەرەسەندنی رۆمانەوە، شێوازەکانی گێڕانەوەی ئەم ژانرە کۆمەڵێ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە لە داستان دووربکەوێتەوە و قاڵبێکی نوێ و جیاواز وەربگرێ.

٢- لە رۆمانی کوردیدا بیری تاکگەرایی نەبۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە وەك ئەوەی لەسەرهەڵدانی رۆمانی جیهانیدا دەبینرێت، تاکی کورد ئێستاشی لەگەڵ دابێت نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی وەکو خۆی بیر بکاتەوە و خۆی لە ئەوانی دیکە دابڕێت، بۆیە لەناو کورددا ئەگەر داستان ژانرێك بێ لەناو خودی میللەتدا سەری هەڵدابێ ئەوا رۆمان ژانرێکە بەهۆی لاسییکردنەوەی ئەدەبی میللەتانی دیکەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

٣- لە شێوازی گێڕانەوەی داستانی (مەم و زین) دا حیکایەتخوان لە جۆری (هەمووشتزان) ەو راناوی سەربەخۆی (ئەو) ی کەسی سێیەمی تاك بۆ گێڕانەوە بەکارهاتووە. بەڵام لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا هەم حیکایەتخوانی (هەموو شتزان) بەکارهاتووە و هەمیش سوود لە حیکایەتخوانی (هەمان شتزان) وەرگیراوە و بۆ گێڕانەوە هەردوو راناوی (من) و (ئەو) بەکارهاتوون.

٤- لە (مەم و زین) دا بەهۆی جۆری ئەو راناوەی کە بۆ گێڕانەوە بەکارهاتووە داستانەکە بووە بە داستانێکی تاك دەنگ و جگە لە دەنگی حیکایەتخوان کە دەکاتە دەنگی شاعیر هیچ دەنگێکی دیکە نابیستین. بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا بەهۆی جۆراو جۆری راناوەکانی گێڕانەوە، رۆمانەکە بووە بە رۆمانێکی فرە دەنگ و چەند دەنگێکی جیاوازی تێدا هەست پێدەکرێت.

٥- لە هەردوو دەقەکەدا لادانی زمانی دەبینرێن کە لە (مەم و زین) دا پاساوی لادانەکان پێویستی شیعرییە و ناکرێ رەخنەی لێبگیرێ، لە هی دووەمیشیاندا رۆماننووس بەهۆی جیاوازی زمانی کارەکتەرەکان ئەو کارە دەکات و توانیویەتی لادانەکان بخاتە خزمەت پتر سەرکەوتوویی رۆمانەکەی.

٦- لە هەردوو دەقەکەدا چەند تەکنیکێکی پەیوەست بە کات دەبینرێن، بۆ نموونە هونەری پێشخراو و کورتکردنەوە کە ئەمەی دووەمیان لە (مەم و زین) دا هونەرێکی بەرزی تێدا نوێنراوە و لەبری ئەوەی تەنیا بۆ کورتکردنەوەی رووداوەکان و خێراترکردنی رەوتی گێڕانەوە سوودی لێوەربگیرێت،



بۆ گەورەتر پیشاندانی رووداوەکانیش سوودی لێوەرگیراوە کە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی داستان. بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بە شێوە تەقلیدییەکەی سوود لەم هونەرە وەرگیراوە. هەروەها لە هەردوو دەقەکەدا هەردوو جۆرەکانی لابردن دەبینرێن کە لەیەکەمیاندا لابردنەکان لەرێی هونەرەکانی رەوانبێژییەوە ئەنجامدراون و لە دووەمیاندا بە شێوەی پەخشانی ئاسایی.

٧- بناغەی داستانەکە لەسەر یەك شوێن دامەزراوە و تێیدا پەیڕەوەی یەکێتی شوێن کراوە، هەرچی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ە چەندین شوێنی جیاوازی تێدا دەبینرێ و یەکێتی شوێنی تێدا نییە. هەروەها لە هەردوو دەقەکەدا شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵی و فانتازی هەن کە لە یەکەمیاندا شاعیر باوەڕی بەم جۆرە شوێنە خەیاڵیانە هەیە و لە دووەمیشیاندا رۆماننووس خوازیاری دروستبوونی شوێنی لەم جۆرەیە.

٨- لە داستانی (مەم و زین) دا بەهۆی زاڵبوونی بیری گشتیەوە هەرکاتێك شوێنێك بۆ پاڵەوانێك ناهۆگر بێت بۆ تەواوی پاڵەوانەکانی دیکەش ناهۆگرە. بەڵام لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا بەهۆی جۆراو جۆری شوێنەکانەوە، هۆگری و ناهۆگری دەوەستێتە سەر کارەکتەرەکان و گونجان و نەگونجانی ئەوان لەگەڵ شوێنەکاندا.

٩- چیرۆکی داستانی (مەم و زین) ی خانی لەناو خەڵکی دا باوبووە و خەڵکی پێی ئاشنا بوونە و (خانی) لەوانی وەرگرتووە و بە شێوازی خۆی و شێوازی داستانی رۆژهەڵاتی دایڕشتۆتەوە. رووداوەکانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) یش رووداوی مێژوویین و رووداوەکان بەسەر میللەتی کورددا هاتوون وەکو ئەنفال، زیندەبەچاڵ، راپەڕین، کۆڕەو. . . هتد، کەچی (بەختیار عەلی) وەکو رووداوی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا نەکردوون.

١٠- لە داستانەکەدا یەکێتی رووداو پارێزراوە و لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا گرنگی بەم یەکێتییە نەدراوە. لە هەردوو دەقیشدا رووداوی لاوەکی دەبینرێن کە درێژی رووداوە لاوەکییەکانی (مەم و زین) زیاترە لە درێژی رووداوە لاوەکییەکانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی رووداوی سەرەکی زۆر لە رۆمانەکەدا و بوونی تاکە رووداوێکی سەرەکی لە داستانەکەدا.

١١- سەرجەم پاڵەوانەکانی داستانی (مەم و زین) لە جۆری پاڵەوانی نەگۆڕن و هەریەکەیان لەسەرەتای داستانەکەوە چۆن بووە تا کۆتایی داستانەکە بە هەمان شێوە دەمێننەوە وەك مەم، میر، بەکر. . .

هتد. له رۆمانی (شاری مۆسیقاره سپییەکان) دا زۆربەی کارەکتەرەکان، کارەکتەری گۆڕاون بەڵام هەندێك کارەکتەر هەن گۆڕانیان بەسەردا نایەت وەکو دالیا سیراجەددین و دکتۆر موسای بابەك.

١٢-ئەو زمانەی لە (مەم و زین) دا وەسفی پێ ئەنجام دراوە، زمانێکی سادەیە و دوورە لە ئالۆزی و وەسفیش زیاتر بەمەبەستی رازاندنەوە بەکارهاتووە، زمانی وەسفی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) یش ئالۆزی تێدا نییە، بەڵام لە هەندێ شوێندا بەهۆی سوود وەرگرتن لە وەسف بۆ دەربڕینی چەند رەمزێك زمانی وەسفکردنەکە ئالۆزی تێکەوتووە.

١٣-لە داستانی (مەم و زین) دا وەسفەکان زیاتر بابەتین و وەسفی خودی کەم دەبینرێن، هۆکاری ئەمەش ئەو گۆشە نیگایەیە کە شاعیر بە هۆیەوە وەسفەکان پێشکەش دەکات کە شاعیر ناچار دەبێت لە دەرەوەی دەقەکە بوەستێ. هەرچی رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ە بەهۆی بوونی هەردوو جۆری حیکایەتخوان (بابەتی - خودی) هەم وەسفی بابەتی و هەم وەسفی خودی دەبینرێن.

١٤-لە داستانی (مەم و زین) دا وەسفەکان کورت بن یا درێژ وردەکارییان تێدا نییە و شاعیر زیاتر پەیوەستە بە وەسفکردنی شتە گشتییەکانەوە، بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا پێچەوانەیە. هەروەها لە هەردوو دەقدا وەسفی زۆر دوور و درێژ دەبینرێن، بەڵام بەهۆی کارامەیی شاعیر و رۆماننووسەوە خوێنەر هەست بە هیچ جۆرە بێزارییەك ناکات.

١٥-لە داستانی (مەم و زین) دا جۆری دایەلۆگی راستەوخۆ نابینرێن و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی رێژەی دایەلۆگە ناراستەوخۆکان لەم دەقەدا زۆربن، بەڵام لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا هەردوو جۆرەکە بەکارهاتوون. هەروەها لە هەردوو دەقەکەدا هونەری دایەلۆگ سەرەڕای بینینی ئەرکی جۆراوجۆر، ئەرکی هاوسەنگ کردن و لەیەك نزیکردنەوەی نێوان کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوە دەگێڕێت.

١٦-تەواوی ئەو مۆنۆلۆگانەی لە داستانی (مەم و زین) دا بەکارهاتوون، ناراستەوخۆن و زۆریش قوڵ نین، بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا ئەو مۆنۆلۆگانەی لە رێی راناوی (ئەو) ەوە پێشکەشکراون دەچنە خانەی مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ و ئەوانەی کە لەرێی راناوی (من) ەوە پێشکەشکراون بەمۆنۆلۆگی راستەوخۆ دادەنرێن و مۆنۆلۆگە راستەوخۆکانیشی قوڵبوونەوەی زۆریان تێداهەیە.

١٧-یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی مۆنۆلۆگ لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا ئەوەیە کە زیاتر بەشێوەی پرسیار دەربڕاون. بەڵام لە (مەم و زین) دا هەندێ مۆنۆلۆگ هەن بە شێوەی پرسیارن و هەندێکی دیکەش بە شێوەی ئاسایی مۆنۆلۆگ پێشکەشکراون.



## سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**أ- داستان و رۆمان**


١- ئەحمەدێ خانی، داستانی مەم و زین، بەرهەڤکرن ئیبراهیم دوسکی، دەزگەها سپیریێ یا چاپ و وەشانێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ- هەولێر، ٢٠٠٥.

٢- بەختیار عەلی، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، لە بڵاو کراوەکانی نێوەندی رەهەند، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.


**ب- کتێبەکان**


١- ئەدوارد بلشن — دایاندوا بتفاید، رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی سامی محمد، ئەژی گۆران لە عەرەبییەوە کردویەتی بە کوردی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٢.

٢- ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی-٢٠٠٤.

٣- ئەنوەر حسێن، رۆمانێك لە گفتوگۆدا(گفتوگۆو بیروڕای نووسەران دەربارەی شاری مۆسیقارە سپییەکان)، وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی-٢٠٠٦.

٤- ئۆسکارمان، تحفه مظفریة بەزاری کوردی موکری، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر رێنووسی کوردی هێمن موکریانی، بەشی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا-1975.

٥- ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، بڵاوکردنەوە و پێشەکی د. کمال فواد، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی- 1973.

٦- حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی (علاء)، بەغدا-١٩٨٥.

٧- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ساڵانی١٩٥٥بۆ ١٩٨٨، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی- ٢٠٠٢.

٨- خالید جوتیار و ئەوانی تر، فۆلکلۆر، بەشی یەکەم، بێ دەزگای چاپ، چاپخانەی (الحوادث)، هەولێر — ١٩٨٤.

٩- رست هیلز، چیرۆك و تایبەتمەندییەکانی، وەرگێڕانی سەلاح عومەر، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر-٢٠٠٥.

١٠- رۆژەلیسکو فەرانسەوی، ئەفسانەی مەمی ئالان ئەمیری کوردان، جلد ٢، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ زاری موکریانی —محەمەد رەبانی، وەرگێرانی بادینی سەید جەلالی نیزامی، کتابخانەی ملی ایران، اینتشاراتی: آرویج، تاران ٢٧٠٣.

١١- رێنیه دیکارت، چەند وردبوونەوەیەك لەبارەی میتافیزیکا، وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی-٢٠٠٥.

١٢- سیامەند هادی، مێژووی سەرهەڵدانی رۆمان، بێ دەزگای چاپ، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ٢٠٠٤.

١٣- عەبدولرەحمان مونیف، تیشکێك بۆ سەر رۆمان، لە عەرەبییەوە شیرین. ك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان- سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٤- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی عوسمانی دا، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی-٢٠٠٤.

١٥- عەلی فەتاح دزەیی، مەم و زین (لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن)، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر- ١٩٩٧.

١٦- عیزەدین مصطفی رسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

١٧- کۆمەڵێك نووسەری بیانی، تیۆری رۆمان، وەرگێڕانی فارسی حسین پاینده — وەرگێڕی کوردی محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی — ٢٠٠٣.

١٩- مارف خەزنەدار مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر -٢٠٠٢.

٢٠- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر-٢٠٠٢.

٢١- محەمەد نوری ئەحمەد، بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی رۆماندا بە نموونەی (ژانی گەل) ی ئیبراهیم ئەحمەد، ناوەندی چاپەمەنی راگەیاندنی خاك، کوردستان-سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢٢- نەجم خالید ئەلوەنی، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، دەزگای رۆشنبیری شەفەق، کەرکوك-٢٠٠٦.

٢٣- نەجم ئەلوەنی، ئەفسانە وپەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی(لێکۆڵینەوە)، دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧ز.

**ج- گۆڤارەکان**

١- ئیڤور ئیڤانس، رۆمانی ئینگلیزی لەسەرەتاوە تازەمانی دانیال دیفۆ، وەرگێڕانی محمود رەمەزانی، گۆڤاری سەردەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە (٢)، ساڵی یەکەم، نیسانی ١٩٩٩.

٢- تەها ئەحمەد رەسووڵ، رۆمان هەڵوێستی مرۆڤایەتی و کێشەی سەردەم، گۆڤاری رامان، ژمارە (٥)، ١٢ ی تەمووزی -٢٠٠٧.





٣- جیرمی هوثرن، رۆمان و چەند پێناسەیەکی بەرایی، وەرگێڕانی ناسح حوسێن سلێمان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە(١٤) پوشپەڕی٢٧٠٠ك - حوزەیرانی٢٠٠٠.

٤- حسین عارف، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠ دا، گۆڤاری کاروان، ژ(٦٣)، تشرینی یەکەمی ١٩٧٧.

٥- سیروس پرهام ((دکتۆر میترا))، کارەکتەر سازی ریالیستی لە رۆمان و چیرۆکی کورتدا، لە فارسیەوە حەم کەریم عارف، گۆڤاری رامان، ژمارە (٤٤) ، ٥ ی شوباتی ٢٠٠٠.

مارتین ڤان برادنێن، مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دەوری لە دەرکەوتنی وشیاری نەتەوایەتی کورددا، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، گۆڤاری ئێستا، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٩٧.

٦- مالکم برادبری، رۆمان چییە؟، وەرگێڕانی لەفارسییەوە جەمال مستەفا ستۆپەی، گۆڤاری رامان، ژمارە(٤٨)، حوزەیرانی٢٠٠٠.

٧- موحسین ئەحمەد عومەر، شڤانێ کوردی وەك یەکەمین رۆمانی کوردی، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (٣٣) تەمووزی٢٠٠٦.

٨- موختار کەریم راسان، ستراتیجیەتی گەڕانەوە لای خانی، گۆڤاری رامان، ژمارە(١٤)، ٢٥ ئاب ١٩٩٧.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**ا- کتێبەکان**

١- إحسان سركيس، الآداب القديمة وعلاقتها بتطور المجتمعات، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، بيروت-١٩٨٨.

٢- احمد ابراهيم هوارى، البطل المعاصر في الرواية المصرية، منشورات وزارة الثقافة والإعلام، دار الحرية لطباعة، بغداد-١٩٧٦.

٣- احمد زياد محبك، متعة الرواية، دار المعرفة، الطبعة الأولى، دار القماطي للطباعة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٥.

٤- احمد كمال زكي، الأساطير، مكتبة الشباب، الطبعة الأولى، بدون مكان الطبع، ١٩٧٥.

٥- ارنولد كيتل، مدخل إلى الرواية الانكليزية، ترجمة هاني الراهب، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، المجلد الأول، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق- ١٩٧٧.

٦- اسكل بلوك-هيرمان سالنجر، الرؤية الإبداعية، ترجمة اسعد حليم راجعه د. محمد مندور، مكتبة نهضة مصر، دار نهضة مصر للطبع والنشر، مصر- ١٩٦٦.

٧- انطونيوس بطرس، الأدب (تعريفه، أنواعه، مذاهبه)، المؤسسة الحديثة للكتاب، دار التراث للتجليد والتجارة، طرابلس - لبنان، ٢٠٠٥.

٨- ايان وات، ظهور الرواية الانكليزية، ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز، منشورات دار الجاحظ للنشر، الجمهورية العراقية، بغداد-١٩٨٠.

٩- باقر جواد الزجاجي، الرواية العراقية وقضية الريف، دار الرشيد للنشر، دار الحرية للطباعة، الراق- بغداد، ١٩٨٠.

١٠- بول ويست، الرواية الحديثة الانكليزية والفرنسية — الجزء الأول -، ترجمة عبد الواحد محمد، وزارة الثقافة والإعلام، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق-بغداد، ١٩٨٦.

١١- جهاد عطا نعيسة، في مشكلات السرد الروائي قراءة خلافية في عدد من النصوص والتجارب الروائية العربية و العربية السورية المعاصرة، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢، www. awu-dam. org

١٢- جورج أزوط، سهيل إدريس في قصصه ومواقفه الأدبية، أطروحة الدكتوراه(حلقة ثالثة) (اشرف عليها الدكتور جبور عبد النور)، الطبعة الأولى، دار الآداب- بيروت، ١٩٨٩.

١٣- ديفيد لودج، الفن الروائي، ترجمة ماهر البطوطي، المجلس الأعلى للثقافة، الطبعة الأولى، القاهرة -٢٠٠٣.

١٤- ر. ا. سكوت جيمس، صناعة الأدب، ترجمة هاشم الهنداوي- مراجعة د. عزيز المطلبي، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق- بغداد، ١٩٨٦.

١٥- ر. م. البيريس، تاريخ الرواية الحديثة، ترجمة جورج سالم، منشورات بحر المتوسط و منشورات عويدات، الطبعة الثانية، بيروت- باريس -١٩٨٢.

١٦- روبرت همفري، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ترجمة د. محمود الربيعي، دار المعارف، مصر- ١٩٧٥.

١٧- رولان بارت، الكتابة في درجة الصفر، ترجمة د. محمد نديم خشفة، الطبعة الأولى، مركز الإنماء الحضاري، حلب - سورية، ٢٠٠٢.

١٨- رولان برنوف — ريال اوئيلية، عالم الرواية، ترجمة نهاد التكرلي، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة، طبع في الدار الشؤون الثقافية العامة، العراق- بغداد، ١٩٩١.

١٩- سامي سويدان، المتاهة والتمويه في الرواية العربية، دار الآداب، الطبعة الأولى، بيروت-٢٠٠٦.

٢٠- سعد عبد العزيز، الزمن التراجيدي في الرواية المعاصرة، مكتبة الانجلوالمصرية، المطبعة الفنية الحديثة، مصر- ١٩٧٠.

٢١- سليمان حسين، الطريق إلى النص، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٧، www. awu-dam. org

٢٢- سيزا احمد قاسم، بناء الرواية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر- ١٩٨٤.

٢٣- شكري محمد عياد، البطل في الأدب والأساطير، دار المعرفة، الطبعة الثانية، مطبعة المعرفة، القاهرة-١٩٧١.

٢٤- شوقي عبد الحكيم، دراسات في التراث الشعبي، جمعية الرعاية المتكاملة، مطابع هيئة مصرية عامة للكتاب، مصر- ٢٠٠٥.

٢٥- صالح إبراهيم، الفضاء و لغة السرد في روايات عبد الرحمن منيف، المركز الثقافي العربي، الطبعة الأولى، دار البيضاء- المغرب، ٢٠٠٣.

٢٦- عبد الرحمن باشا، الرواية الكردية، دار آراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، الطبعة الأولى، كوردستان العراق، ٢٠٠١.





٢٧- عبد الرضا على، عبد الرحمن مجيد الربيعي بين الرواية والقصة القصيرة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، بيروت- لبنان، ١٩٧٦.

٢٨- عبد الله مسلم الكساسبة، تجربة سليمان القوابعة الروائية، دارالیازوري العلمية للنشر والتوزيع، الطبعة العربية، عمان- الاردن- ٢٠٠٦.

٢٩- عدد من الباحثين السوفييت، نظرية الأدب، ترجمة د. جميل نصيف التكريتي، دار الرشيد للنشر- مركز العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الجمهورية العراقية، ١٩٨٠.

٣٠- عزا لدين إسماعيل، الأدب وفنونه، دار الفكر العربي، الطبعة السادسة، مطبعة السعادة، القاهرة- ١٩٧٦.

٣١- عزا لدين مصطفى رسول، احمدي خاني(١٦٥٠-١٧٠٧) شاعراومفكرا فيلسوفا و متصوفا، مطبعة الحوادث، بغداد- ١٩٧٩.

٣٢- على إبراهيم، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، سورية-دمشق، ٢٠٠٢م.

٣٣- على بو ملحم، في الأدب وفنونه، المطبعة العصرية للطباعة والنشر، صيدا — لبنان ١٩٧٠.

٣٤- فاتح عبد السلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، بيروت - ١٩٩٩.

٣٤- ف. تشيتشيرين، الأفكار والأسلوب، ترجمة د. حياة شرارة، دار الشؤون الثقافية عامة، العراق— بغداد، بدون سنة الطبع.

٣٥- ف. ف. كوزينوف، الرواية ملحمة عصر الحديث، ترجمة جميل نصيف التكريتي، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة - آفاق عربية، بغداد - ١٩٨٦.

٣٦- فراس السواح، الأسطورة و المعنى، دارعلاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، الطبعة الثانية، بدون مكان الطبع، ٢٠٠١.

٣٧- ف. م. جيرمونوفسكي، الدراسات الأدبية المقارنة، ترجمة د. عز الدين مصطفى رسول، الجزء الأول، السليمانية- ٢٠٠٠.

٣٨- كولن ولسن، فن الرواية، ترجمة محمد درويش، منشورات دار المأمون للترجمة والنشر، مطبعة دار الحرية، بغداد - ١٩٨٦.

٣٩- لطفي الخوري، في علم التراث الشعبي، الموسوعة الصغيرة، العدد (٤٠)، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية للطباعة، بغداد - ١٩٧٩.

٤٠- محمد توفيق الضوى، مفهوم المكان والزمن في فلسفة الظاهر والحقيقة، منشاة المعارف، الاسكندرية -٢٠٠٣.

٤١- محمد حسن عبد الله، فنون الأدب(أصول، نصوص، قراءات)، الطبعة الثانية، دار الكتب الثقافية، الكويت، ١٩٧٨م.

٤٢- محمد سويرتى، النقد البنيوي والنص الروائي، الطبع الثانية، أفريقيا الشرق- ١٩٩١.

٤٣- محمد صادق عفيفى، النقد التطبيقي والموازنات، مؤسسة الخانجي بمصر، مطابع الدجوى، القاهرة- ١٩٧٨.
٤٤- محمد طاهر درويش، في النقد الأدبي عند العرب، مكتبة الشباب، المنيرة- مصر، ١٩٧٨.
٤٥- محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، www. awu-dam. org
٤٦- محمد غنيمى هلال، النقد الأدبي الحديث، نهضة مصر للطباعة، طبع بمطابع شركة سادس من اكتوبر، مصر- ١٩٩٦.
٤٧- محمد كامل الخطيب، الرواية واليوتوبيا، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا — دمشق، ١٩٩٥.
٤٨- محمد مندور، الأدب وفنونه، دار نهضة مصر للطبع والنشر، مطبعة نهضة مصر، الفجالة — القاهرة، ١٩٧٤.
٤٩- مراد عبدا لرحمن مبروك، بناء الزمن في الرواية المعاصرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، المصر، ١٩٩٨.
٥٠- مكارم الغمرى، الرواية الروسية في القرن التاسع عشر، سلسلة كتب عالم المعرفة، مطابع الأنباء، الكويت، بدون سنة الطبع.
٥١- منذر عياشى، الأسلوبية والتحليل الخطاب، مركز الإنماء الحضاري، الطبعة الأولى، حلب- سورية، ٢٠٠٢.
٥٢- موريس أبو ناضر، الألسنية والنقد الأدبي، دار النهار للنشر، بيروت-١٩٧٩.
٥٣- ميخائيل باختين، الملحمة و الرواية، ترجمة د. جمال شحيد، الطبعة الأولى، معهد الإنماء العربي بيروت — الهيئة القومية للبحث العلمي الجماهيرية العربية الليبية الشعبية الاشتراكية- طرابلس، بيروت - ١٩٨٢.
٥٤- ميخائيل باختين، اشكال الزمان والمكان في الرواية، ترجمة يوسف حلاق، منشورات وزارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، دمشق-١٩٩٠.
٥٥- ميشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة فريد انطونيوس، منشورات عويدات، الطبعة الأولى، المطبعة التجارية، بيروت- لبنان، ١٩٧١.
٥٦- ميشال عاصى، الفن والأدب، مؤسسة نوفل، الطبعة الثالثة، بيروت- لبنان، ١٩٨٠.
٥٧- L. M ʿAbbèci. vincent، نظرية الأنواع الأدبية، ترجمة د. حسن عون، منشأة المعارف، مطبعة مصنع أسكندرية، الاسكندرية-١٩٧٨.
٥٨- نجيب العوفى، مقاربة الواقع في القصة القصيرة المغربية، المركز الثقافي العربي - دار البيضاء المغربي، الطبعة الأولى، بيروت- لبنان، ١٩٨٧.
٥٩- نورى ياسين هرزانى، مقدمة في الفلكلور الكردي دراسة انثروبولوجية اجتماعية، مطبعة شهيد ازاد هورامى، كركوك -٢٠٠٦.
٦٠- نهاد تكرلى، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الأول، الموسوعة الصغيرة(العدد١٦٦)، دار الحرية للطباعة، الجمهورية العراقية- بغداد، ١٩٨٥.
٦١- والتر الن، الرواية الانجليزية، ترجمة صفوت عزيز جرجيس، دار الشؤون الثقافية العامة، آفاق العربية(مشروع نشر مشترك)، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، بدون سنة الطبع.



٦٢- وليام فان اوكونور، اشكال الرواية الحديثة، ترجمة نجيب المانع، دار الرشيد للنشر-دار الحرية للنشر، بغداد-١٩٨٠.
٦٣- ياسين النصير، القاص والواقع، منشورات وزارة الإعلام، مطبعة دار الساعة، بغداد- ١٩٧٥.
٦٤- ياسين النصير، الرواية والمكان (الموسوعة الصغيرة١٩)، دار الشؤون الثقافية العامة، دار الحرية للطباعة، العراق- بغداد، ١٩٨٦.

**ب- گۆڤارەکان**

١- اليزابيث بويت، متابعات الروائي وشخصياته، ترجمة عبد الوهاب الوكيل، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد(٤) السنة الرابعة-١٩٨٤.
٢- اى. م. تليارد، روح الملحمة، فلاح رحيم، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد (٤) السنة الخامسة، ١٩٨٥.
٣- اينجل مدنيا، الملاحم والرواية، ترجمة عباس العوينى، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد(٤)، السنة الخامسة-١٩٨٥.
٤- جميل حمداوى، مدخل إلى نظرية الرواية، مجلة الأقلام الثقافية، www. aklaam. net
٥- جورج واتسن، الصيغة والزمن في الرواية، ترجمة عباس العوينى، مجلة الأقلام، العددان١١-١٢، تشرين٢-كانون ١، ١٩٨٦.
٦- جيفرى ليج- مايكل شورت، اللغة والعالم القصصي، ترجمة صبار سعدون السعدون، مجلة الثقافة الأجنبية، السنة الحادية عشرة، العدد الثاني، ١٩٩١.
٧- عبد الملك مرتاض، الرواية جنسا أدبيا، مجلة الأقلام، العددان ١١-١٢، تشرين ٢- كانون ١، ١٩٨٦.
٨- عقل عويط، في حوار غير منشور مع نجيب محفوظ ٢٥، ٩، ٢٠٠٦ www. kikah. com
٩- ليون سرمليان، تقنية رواية تيار الفكر و الحديث الفردي الداخلي، ترجمة د. عبد الرحمن محمد رضا، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد الثالث- السنة الثانية، خريف ١٩٨٢.
١٠- مايكل كرانت، الملحمة الرومانسية، ترجمة سعيد احمد حسن، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد (٤)، السنة الخامسة ١٩٨٥.

**کتێبە فارسییەکان**

١- ابراهيم يونسى، هنر داستان نويسى، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپخانه ايران يكتا، چاپ هفتم تهران- ١٣٨٢.
٢- ادوارد مورگان فورستر، جنبه‌هاى رمان، ترجمه ابراهيم يونسى، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٤.
٣- جمال مير صادقى، ادبياتى داستانى، انتشارات علمى، چاپ چهارم، چاپخانه بهمن، تهران -١٣٨٣.
٤- جمال مير صادقى، عناصر داستان، انتشارات سخن، چاپ پنجم، چاپخانه بهمن، تهران - ١٣٨٥.
٥- ديود ديچز، شيوه‌هاى نقد ادبى، دكتر غلامحسين يوسفى-محمد تقى صدقيانى، انتشارات محمد على علمى، چاپ اول، چاپخانه بهمن، تهران-١٣٦٦.

٦- ذبيح الله صفا، حماسه سرايى در ايران، انتشارات فردوس، چاپ هفتم، چاپخانه رامين، تهران -١٣٧٨.
٧- سيروس شميسا، نقد ادبى، انتشارات فردوس، چاپ اول، چاپخانه رامين، تهران-١٣٧٨.
٨- سيروس شميسا، انواع ادبى، نشر ميترا، ويرايش چهارم، تهران - ١٣٨٣.
٩- عبدالحسين فرزاد، درباره نقد ادبى، نشر قطره، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨١.
١٠- على محمد حق شناس، زبان و ادبى فارسى در گذرگاه سنت و مدرنيته، موسسه انتشارات آگاه، چاپ اول، تهران- ١٣٨٣.
١١- محمود فلكى، روايت داستان (تئورهاى پايه‌يى داستان نويسى)، نشر بازتاب نگار، چاپ اول، تهران- ١٣٨٢.
١٢- مصطفى مستور، مبانى داستان كوتاه، نشر مركز، چاپ دوم، تهران- ٢٠٠٥.
١٣- ميريام آلوت، رمان به روايت رمان نويسان، ترجمه على محمد حق شناس، نشر مركز، چاپ دوم، تهران-١٣٨٠.
١٤- نصر الله پور جوادى، بيست وپنج مقاله در نقد كتاب، انتشارات مركز نشر دانشگاهى، چاپ اول، چاپخانه نوبهار، تهران- ١٣٧٥.

**نامە زانكۆييەكان:**

**يەكەم: بەكوردی**

**أ- نامەی دكتۆرا:**

١- ابراهيم قادر محمد، لێكۆڵينەوەی كورتە چيرۆكی كوردی(١٩٧٠-١٩٨٠)، نامەی دكتۆرا، كۆليجی ئاداب، زانكۆیسەلاحەددين- هەولێر، ١٩٩٧.
٢- تانيا ئەسعەد محەمەد سالح، بينای شوێن لەدوونموونەی رۆمانی كورديدا، نامەی دكتۆرا، كۆليجی زمان، زانكۆی سەلاحەددين، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣- نەجم خاليد نەجمەددين ئەڵوەنی، بينای كات لەسێ نموونەی رۆمانی كوردی دا، نامەی دكتۆرا، كۆليجی ئاداب زانكۆی سەلاحەددين، ٢٠٠٣ز.
٤- نەوزەت ئەحمەد عوسمان زێباری، ڕەگەزەكانی چيرۆك لە داستانی (مەم وزين)ی خانی دا، نامەی دكتۆرا، بەسەرپەرشتی، كۆلێژی پەروەردە (ابن الرشد) ی زانكۆی بەغدا، ١٩٩٩ ز.

**ب- نامەی ماستەر:**

١- ئيبراهيم قادر محمد، رۆمانی كوردی لە عێراقدا، كۆليجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددين، ١٩٩٠ز.
٢- عادل مەجيد محەمەد گەرميانی، رياليزم لە رۆمانی كوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، نامەی ماجستێر، كۆليجی پەروەردە-ئيبن روشد، زانكۆی بەغدا، ١٩٩٦ز.
٣-محەمەد ئەمين عەبدوڵڵا، شاكەس لەرۆمانی كوردی كوردستانی عێراق دا، نامەی ماجستێر، ، كۆليژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددين، هەولێر، ٢٠٠٠ز.



**دووەم: بەعەرەبی**

**أ- رسالە دكتوراە:**

١- شجاع مسلم دغيم العانى، البناو الفنى فى الروايه العربيه فى العراق، رسالە دكتوراه ، كليه الاداب — جامعه بغداد، ١٩٨٧م.

**ب- رسالە ماجستير:**

١- خالد سهر محى الساعدى، بناء الفني في الرواية التاريخية العربية(١٨٧٠-١٩٣٩)، رسالة ماجستير، كلية الآداب- جامعة بغداد، ١٩٨٩م.
٢- مهدي جبر صبر، بناء الرواية العربية في الكويت(١٩٦٢-١٩٨٨)، رسالة ماجستير، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، ١٩٨٩م.
٣- نيان نوشيروان فؤاد، التكنيك والموضوعات الدالة بين القصة الإنكليزية والعربية والكردية المعاصرة، رسالة ماجستير، كلية الآداب — جامعة الصلاح الدين، ١٩٩٥م.

**- فەرهەنگەكان**

**ا- فەرهەنگە كوردييەكان**

١ - شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بڵاوكراوەی ئاراس، چاپی دووەم — چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر - ٢٠٠٥.
٢- عبدالرحمن شرفكندى (هەژار)، هنبانه بۆرينه فرهنگ كوردى فارسى، انتشارات سروش، چاپ دوم، جمهورى اسلامى ايران، ١٣٧٤.
٣- گيوی موكريانی، كوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی يەكەم، هەولێر- ١٩٩٩.

**ب- فەرهەنگە عەرەبييەكان**

١- مجد الدين يعقوب فيروزابادى، القاموس المحيط، رتبه و وثقه خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، الطبعة الاولى، لبنان- بيروت، ٢٠٠٥م.
٢- لويس معلوف، المنجد، كتابخانه ملى ايران، چاپخانه منفرد، تهران- ١٣٧٩.

**ج- فەرهەنگە فارسييەكان**

١- حسن عميد، فرهنگ فارسى عميد، موسسه انتشارات اميركبير، چاپ بيست و چهارم، تهران-١٣٨١.
٢- عربعلى رضايى، واژگان توصيفى ادبيات، انتشارات فرهنگ معاصر، چاپ اول، تهران - ١٣٨٣.

**چاوپێكەوتن:**

١- چاوپێكەوتن لەگەڵ (د. نەجم ئەڵوەنی) مامۆستای كۆلێژی زمان زانكۆی سەلاحەددين- هەولێر، ٢٠٠٧/٩/٨.

## کورتەی لێکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا) نووسراوە و لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکی بەراوردکارییە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە سێ بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە هەریەکەیان دابەشی سەر چەند تەوەرێك کراوە. لە بەشی یەکەمدا کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (بنیاتی گێڕانەوە لەداستان و ڕۆماندا) لەسێ تەوەری سەرەکی و جیاوازدا باسمان لە چەمك و پێناسەی داستان  ڕۆمان و مێژوو، و ژینگەی سەرهەڵدانی هەریەك لەم دوو ژانرە ئەدەبییە کردووە و دواتر شێوازی گێڕانەوەی هەریەکەیانمان خستۆتە ڕوو، و لە هەردوو دەقدا کە داستانی (مەم و زین) ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ن پراکتیزەمان کردووە و لایەنی لەیەکچوون و جیاوازی گێڕانەوەمان لە هەردوو دەقدا بەراورد کردوون.

لەبەشی دووەمدا کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (توخمەکانی گێڕانەوە لە داستان و ڕۆماندا) لە پێنج تەوەری جیاوازدا پێنج توخمی سەرەکی ڕۆمانمان شیکردونەتەوە و پراکتیزە و بەراوردمان کردوون کە بریتین لە توخمەکانی (زمان، کات، شوێن، ڕووداو، کارەکتەر).

لەتەوەری یەکەمدا زمان و گرنگی زمان و چۆنییەتی زمانی هەریەك لە داستان و ڕۆمانمان باسکردووە. لەتەوەری دووەمیشدا کات و ئەو هونەرانەی پەیوەندییان بەکاتەوە هەیە وەکو (پێشخراو، لابردن، کورتکردنەوە) لایەنە تیۆرییەکەیان باسکراوە و پاشان لەسەر هەردوو دەقی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) پراکتیزەمان کردوون. لەتەوەری سێیەمدا باسمان لە شەش جۆری شوێن کردووە کە بریتین لە (شوێنی واقیعی، شوێنی خەیاڵی، شوێنی هۆگر، شوێنی ناهۆگر، شوێنی کراوە، شوێنی داخراو) لەگەڵ دیاریکردنی ئەرك و تایبەتمەندی هەریەك لەم جۆرانەو نموونە بۆ هێنانەوەیان لە هەردوو دەقدا. لەتەوەری چوارەمیشدا کە (توخمی ڕووداو) لە خۆ دەگرێ لە هەردوو جۆری (ڕووداوی سەرەکی و ڕووداوی لاوەکی) دواوین و ئەو جیاوازی و لێکچوونانەمان خستۆتە ڕوو کە لە نێوان ڕووداوی هەریەك لە داستان و ڕۆماندا هەن و دواتر لە یەکچوون و جیاوازی نێوان ڕووداوەکانی داستانی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) مان بەراوردکردوون. باسکردنی توخمی کارەکتەر و جۆرەکانی کارەکتەر کە بریتین لە کارەکتەری (سەرەکی، لاوەکی، چەسپاو، پەرەسێن، سادە، بازنەیی) لەتەوەری پێنجەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدایە.

(هونەرەکانی گێڕانەوە لە داستان و ڕۆماندا) ناونیشانی بەشی سێیەمی ئەو لێکۆڵینەوەیەیە کە تێیدا باس لە سێ هونەری سەرەکی هەریەك لە داستان و ڕۆمان کراون و لایەنی تیۆریان خراوەتە ڕوو، و لە یەکچوون و جیاوازیەکانیان دیاریکراون و دواتر هونەرەکان لەسەر هەردوو دەقدا پراکتیزە و بەراوردکراون.



لەتەوەری یەکەمدا باسمان لە هونەری دایەلۆگ بە هەردوو جۆرەکەیەوە (دایەلۆگی ڕاستەوخۆ و دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ) کردووەو لەتەوەری دووەمیشدا لە وەسفی هەریەك لە کارەکتەر و شوێن دواوین. لەو دوو تەوەرە بە دوای یەکدا هاتووە دا ئەوەمان سەلماندووە کە هونەری دایەلۆگ و هونەری وەسف گرنگترین هونەری ناو داستانن و بناغەی داستان لەسەر ئەم دوو هونەرە دامەزراوە و کاتێکیش ئەم دوو هونەرە گواستراونەتەوە ناو ڕۆمان گرنگی خۆیان لەدەست نەداوە. لە دوایین تەوەری ئەم بەشەدا کە دەکاتە دوایین تەوەری باسەکەمان لە هونەری مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی ئەم هونەرە کە بریتین لە مۆنۆلۆگی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و خۆدواندن) کردووە و بەکارهاتن و بەکارنەهاتنی هەریەکێك لەم جۆرانەمان لەناو داستانی (مەم و زین) و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) خستۆتە ڕوو.

لە کۆتایی باسەکەشماندا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووین:

١- داستان و ڕۆمان کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش و جیاوازییان لە نێواندا هەیە، گرنگترین خاڵە هاوبەشەکان ئەوانەن کە پەیوەندییان بە توخمەکانی گێڕانەوە و شێوازەکانی گێڕانەوە وە هەیە، بەڵام بەهۆی پەرەسەندنی ڕۆمانەوە، شێوازەکانی گێڕانەوەی ئەم ژانرە کۆمەڵێ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە لە داستان دووربکەوێتەوە و قاڵبێکی نوێ و جیاواز وەربگرێ.

٢- لەبەر ئەوەی داستان بە شیعر و ڕۆمان بە پەخشان دەنووسرێ، ڕۆماننووس زیاتر دەتوانێ باسی ژیانی دەروونی کارەکتەرەکان بکات، کەچی داستاننووس تەنیا دەتوانێ وەسفی ژینگەو دیمەنی دەرەوەی پاڵەوانەکان بکات و لە ڕێی ئەوەشەوە هەوڵ دەدات وەسفی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەوان بخاتە بەرچاو.

٣- داستان لە ژینگەی کۆندا سەری هەڵداوە و لەسایەی سستەمی فیۆدالیزمی دا گەشەی کردووە و پاشان لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی ژیان و سەرهەڵدانی ژانری ئەدەبی دیکەدا دەوری نەماوە و لە سەدەی هەژدەهەم ڕۆمان شوێنی ئەوی گرتۆتەوە، کەچی ڕۆمانلەسایەی سەرکەوتنی چینی بۆرجوازی ئەوروپیدا وەکو هونەری سەردەمێکی نوێ هاتۆتە پێشەوە و گەشەی کردووە و چەندین جۆری لەخۆ گرتووە و شێوازەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و تا ئێستاش لە جیهاندا باوی ماوە.

٤- لە داستانی کوردیدا بە پێچەوانەی داستانە جیهانییەکان بیری نەتەوەیی هێنراوەتە ناو داستانەکە و (خانی) یش ئەو ئەرکەی خستۆتە سەر ئەرکەکانی دیکەی داستان کە وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی پێیان هەڵدەستێ.

٥- لە (مەم و زین) دا بەهۆی جۆری ئەو ڕاناوەی کە بۆ گێڕانەوە بەکارهاتووە داستانەکە بووە بە داستانێکی تاك دەنگ و جگە لە دەنگی حیکایەتخوان کە دەکاتە دەنگی شاعیر هیچ دەنگێکی دیکە نابیستین. بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا بەهۆی جۆراو جۆری ڕاناوەکانی گێڕانەوە، ڕۆمانەکە بووە بە ڕۆمانێکی فرە دەنگ و چەند دەنگێکی جیاوازی تێدا هەست پێدەکرێت.

٦- له هەردوو دەقەکەدا چەند تەکنیکێکی پەیوەست بە کات دەبینرێن، بۆ نموونە هونەری پێشخراو و کورتکردنەوە کە ئەوەی دووەمیان له (مەم و زین) دا هونەرێکی بەرزی تێدا نوێنراوە و لەبری ئەوەی تەنیا بۆ کورتکردنەوەی رووداوەکان و خێراترکردنی رەوتی گێڕانەوە سوودی لێوەربگیرێت بۆ گەورەتر پیشاندانی رووداوەکانیش سوودی لێوەرگیراوە کە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی داستان.بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بە شێوە تەقلیدییەکەی سوود لەم هونەرە وەرگیراوە. هەروەها لە هەردوو دەقەکەدا هەردوو جۆرەکانی لابردن دەبینرێن کە لەیەکەمیاندا لابردنەکان لەرێی هونەرەکانی رەوانبێژییەوە ئەنجامدراون و لە دووەمیاندا بە شێوەی پەخشانی ئاسایی.

٧- له داستانی (مەم و زین) دا شوێن توخمێکی پلە دووە و تاکە ئەرکێك کە ئەنجامی دەدات بوونیەتی بە زەمینەی رووداوەکان و جوڵانەوەی پاڵەوانەکان. بەڵام لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا شوێن یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی رۆمانەکە و ئەرکی جۆراو جۆر دەبینێ.

٨- له داستانەکەدا یەکێتی رووداو پارێزراوە و لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا گرنگی بەم یەکێتییە نەدراوە. لە هەردوو دەقیشدا رووداوی لاوەکی دەبینەدرێن کە درێژی رووداوە لاوەکییەکانی (مەم و زین) زیاترە لە درێژی رووداوە لاوەکییەکانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی رووداوی سەرەکی زۆر لە رۆمانەکەدا و بوونی تاکە رووداوێکی سەرەکی لە داستانەکەدا.

٩- سەرجەم پاڵەوانەکانی داستانی (مەم و زین) لە جۆری پاڵەوانی نەگۆڕن و هەریەکەیان لەسەرەتای داستانەکە چۆن بووە تا کۆتایی داستانەکە بە هەمان شێوە دەمێننەوە وەك مەم، میر، بەکر...هتد.لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا زۆربەی کارەکتەرەکان کارەکتەری گۆڕاون بەڵام هەندێك کارەکتەر هەن گۆڕانیان بەسەردا نایەت وەکو دالیا سیراجەددین و دکتۆر موسای بابەك.

١٠- ئەو زمانەی لە (مەم و زین) دا وەسفی پێ ئەنجام دراوە زمانێکی سادەیە و دوورە لە ئاڵۆزی و وەسفیش زیاتر بەمەبەستی رازاندنەوە بەکارهاتووە. زمانی وەسفی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) یش ئاڵۆزی تێدا نییە، بەڵام لە هەندێ شوێندا بەهۆی سوود وەرگرتن لە وەسف بۆ دەربڕینی چەند رەمزێك زمانی وەسفکردنەکە ئاڵۆزی تێکەوتووە.

١١- تەواوی ئەو مۆنۆلۆگانەی لە داستانی (مەم و زین) دا بەکارهاتوون ناراستەوخۆن و زۆریش قووڵ نین، بەڵام لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا ئەو مۆنۆلۆگانەی لە رێی راناوی (ئەو) ەوە پێشکەشکراون دەچنە خانەی مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ و ئەوانەی کە لەرێی راناوی (من) ەوە پێشکەشکراون بەمۆنۆلۆگی راستەوخۆ دادەنرێن و مۆنۆلۆگە راستەوخۆکانیشی قوڵبوونەوەی زۆریان تێدایە.



## ملخص البحث

هذا البحث بعنوان (بنية السرد في ملحمة مم و زين) لـ أحمد خاني و رواية (مدينة الموسيقيين البيض) لـ بختيارعلي، وهو بحث نقدي تطبيقي مقارن.

يشمل البحث ثلاثة فصول رئيسية، ينقسم كل منها على عدة محاور. الفصل الأول عنوانه (بنية السرد في الملحمة والرواية) وقد تحدثنا في ثلاثة محاور مختلفة من هذا الفصل عن مفهوم وتعريف الملحمة والرواية والتاريخ وبيئة ظهور كل من هذين الجنسين الأدبيين، ثم عرضنا أسلوب السرد لكل منهما، و حللنا هذا الأسلوب في كلا النصين (مم و زين) و (مدينة الموسيقيين البيض) و قارننا بين أوجه الشبه والاختلاف للسرد في كليهما.

في الفصل الثاني الذي يحمل عنوان (عناصر السرد في الملحمة والرواية) والذي يتألف من خمسة محاور مختلفة، شرحنا خمسة أنواع من العناصر الرئيسية للملحمة والرواية وحللناهما وقارننا بينهما وهم (اللغة، الزمن، المكان، الحدث، والأبطال). في المحور الأول تحدثنا عن اللغة و أهميتها ونوعيتها في كل من الملحمة والرواية. وفي المحور الثاني تحدثنا عن الزمن و تقنيات ذي صلة بالزمن مثل (استباق، الحذف، الاختصار) والجوانب النظرية لهما، ثم طبقنا هم على النصين (مم و زين) و (مدينة الموسيقيين البيض). وفي المحور الثالث بحثنا ستة أنواع من المكان والتي تتمثل في (المكان الواقعي، المكان الخيالي، المكان الملائم، المكان غير الملائم، المكان المفتوح، والمكان المغلق) مع تحديد واجبات وخصوصيات كل نوع وأوردنا أمثلة على كل نوع في النصين.

وفي المحور الرابع الذي يبحث (عنصر الحدث) تحدثنا عن كلا نوعي هذا العنصر (الحدث الرئيسي، و الحدث الجانبي) و عرضنا أوجه الاختلاف والشبه بين أحداث الملحمة والرواية، وقارننا بين أحداث ملحمة (مم و زين) و رواية (مدينة الموسيقيين البيض). والحديث عن عنصر البطل وأنواعها (الرئيسي، الجانبي، الثابت، المتطور، العادي، المتسلل) تم بحثها في المحور الخامس في الفصل الثاني من هذا البحث.

(فنون السرد في الملحمة والرواية) عنوان الفصل الثالث من هذا البحث، والذي يبحث ثلاثة فنون رئيسية للملحمة والرواية، وتم عرض الجانب النظري لهما، وحددنا أوجه الشبه والاختلاف بينهما، وتم تطبيق هذه الفنون على النصين وتمت المقارنة بينهما.

في المحور الأول بحثنا فن الحوار بنوعيه (الحوار المباشر، الحوار غير المباشر). وفي المحور الثاني تحدثنا عن فن الوصف لعنصري (البطل، والمكان). وفي المحورين التاليين أثبتنا بان فن الحوار وفن الوصف هما أهم الفنون في الملحمة ويعدّان أساسا لها، وعندما نقلا هذان الفنان إلى الرواية لم يفقدا أهميتهما.

في المحور الأخير من هذا الفصل الذي هو آخر محور في بحثنا تحدثنا عن فن المونولوج وأنواعه التي عبارة عن (المونولوج المباشر، المونولوج غير المباشر، ومخاطبة الذات) وعرضنا استخدام و عدم استخدام أنواعه في ملحمة (مم و زين) و رواية (مدينة الموسيقيين البيض).

وفي نهاية البحث توصلنا النتاج التالي:

١- هناك عدة نقاط من الشبه والاختلاف بين الملحمة والرواية، والتي لها علاقة بعنصر السرد وأنواعه، لكن بسبب تطور الرواية، فان أساليب السرد لهذا الجنس الأدبي قد مرت بتغيرات عديدة، كانت السبب في ابتعادها عن الملحمة وكونت لنفسها قالبا مميزا وجديدا.

٢- بسبب الضمير المستخدم للسرد في ملحمة (مم و زين) أصبحت الملحمة بصوت واحد، وعدا صوت الراوي الذي هو صوت الشاعر لا نسمع صوتا آخر، أما في رواية (مدينة موسيقيين البيض) وبسبب اختلاف الضمائر المستخدمة للسرد، أصبحت الرواية رواية متعددة الأصوات ويمكن استشعار أصوات مختلفة فيها.

٣- المكان في ملحمة (مم و زين) عنصر من الدرجة الثانية وواجبها الوحيد إنها أرضية للأحداث وحركات الأبطال، أما في رواية (مدينة الموسيقيين البيض) فان المكان من أهم مكوناتها ويؤدي واجبات عدة.

٤- وحدة الحدث في ملحمة (مم و زين) تمت المحافظة عليها، وفي رواية (مدينة الموسيقيين البيض) لم تلق هذه الوحدة أهمية تذكر. وتلاحظ الأحداث الجانبية في كلا النصين، علما أن طول الأحداث الجانبية في (مم و زين) أكثر منها في رواية (مدينة الموسيقيين البيض) والسبب يعود إلى كثرة الأحداث الرئيسية في الرواية و وجود حدث رئيسي واحد في الملحمة.

٥- اللغة التي استخدمت في الوصف في (مم و زين) لغة سهلة بعيدة عن التعقيد، واستخدم الوصف بهدف التزويق، وكذلك الوصف في (مدينة الموسيقيين البيض) أيضا خالية من التعقيد، عدا بعض المواقع للاستفادة من الوصف للتعبير عن بعض الرموز.



# Abstract

This research was written under title of (The Structure of Narration in Ahmadi khani's (Mam u Zin) and Bachtyar Alis Novel (The City of White Musicians)) it is critical, practical, and comparison study.

The research consists of three basic parts that each one was divided into several chapters. The first part is under the title (Structure Narration of Epic and Novel) in three different chapters we talked about notion, definition, and history, of epic and novel. Then we showed the style narration of each other, and we practiced on (Mam u Zin) and (The City of White Musicians), then we coppered the similar and different styles of narration between two texts.

In part two under the title of (Elements in Epic and Novel) we practiced, and compared the elements of (Language, Time, Place, Event, and (Hero, Character).

In the first chapter we discussed about language, importance of language, and the quality of language. In the second chapter time and those arts that related to time like (Deletion, Removing, Prolepsis), their theoretical side was discussed and then they where practiced on both texts. In the third chapter we have discussed six kinds of place (Real place, Imaginary place, Suitable place, Unsuitable place, Open place, and closed place) with selecting function, and characters of each one of these kinds, and giving example in both texts. In the fourth chapter, which contains the element of event we have spoken about both kinds of (major event, and minor event) and we showed the similarity and differences which exit between even of each epic (Mam u Zin) and the novel (The City of White Musicians). The element of (hero, character) and kinds of (hero, character) (major, minor, dynamic, static, flat, and round) was discussed in the fifth chapter of part two in this research.

(Arts of Narration in Epic and Novel) is the title of part three of this research that contains the discussion of three basic arts of each epic and novel, their theoretical side was shown, their similarities and differences were selected and then the arts were practiced and compared on both texts.

In the first chapter we have discussed both kinds of arts of dialogue (direct and indirect dialogue) and in the second one we have spoken about description of (character and place). In this two chapters we have proved that arts of dialogue and arts of description are the important arts in epic and the basis of epic was established on this two arts and when these two arts were transferred into novel, they did not lost their importance. In the last chapter of part which is the last chapter of our research we have argued

about monologue and they are (direct, indirect, and soliloquy) monologue, and disusing of each one these kinds in the epic (Mam u Zin) and the novel (The City of White Musicians).

In the end of our research we come to conclude:

1- There are some similar and different points in epic and novel, the most important similar points are those related to the element of narration and styles of narration; but because of improvements of novel, styles of narration of this genre change in some way and it caused to separate from epic and takes a new and different form.

2- In (Mam u Zin) because of that kinds of pronoun which how used for narration, the epic have become a Monodie epic and exact the sound of the story teller which is the voice of the poet we dos not hear any voice. But in (The City of White Musicians), because of different kinds of narration pronoun, the novel has become a monodie novel and several different voices are felt.

3- In the epic (Mam u Zin), place is a second level element and an only function that it done is, it is be coming to aground of happening of the event and movement of heroes. But in the novel of (The City of White Musicians), place is one of the important elements and has difference function.

4- In the epic, the unity of the event was kept and in the novel of (The City of White Musicians), it is not important. In both texts we see minor event that the length minor event of (Mam u Zin) is more that the epic; it goes back to existence of a lot number of major event in the novel and existence of a single major even in the epic.

5- The language of (Mam u Zin) which was used for description is a simple language, far from complication, and description used just for decoration. The description language of (The City of White Musicians) complicated, but in some places because of using description for expressing some sings, the description language has become complicated.